# مستەفا بارزانی

**لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا**

**١٩٥٨-١٩٤٥**

**تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورد**

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

س. پ. ژمارە: ١

www.araspublisher.com

# مستەفا بارزانی

## لە هەندێک بەڵگەنامە و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا

١٩٤٥-١٩٥٨

## تۆمارێکی زێڕین لە مێژووی گەلی کورد

د. ئەفراسیاو هەورامی

پێشکێشه بەو دایکانەی:

به نان و فرمێسک پێشوازییان له بارزانی و هەڤاڵانی دەکرد

ناوی کتێب: مستەفا بارزانی له هەندێک بەڵگەنامه و دۆکیومێنتی سۆڤیەتیدا «۱۹٤٥-۱۹٥۸» - یان - تۆمارێکی زێڕین له مێژووی گەلی کورد
دانانی: د. ئەفراسیاو هەورامی
بڵاوکراوەی ئاراس- ژماره: ۱۲٦
دەرهێنانی هونەری: بەدران ئەحمەد حەبیب
بەرگ: شکار عەفان نەقشبەندی
نووسینی سەر بەرگ: خۆشنووس محەمەد زاده
پیت لێدان: ئاراس ئەکرەم- نسار عەبدوڵڵا
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمان مەحمود
تیرێژ: ۲۰۰۰ دانه
چاپی یەکەم - چاپخانەی وەزارەتی پەروەرده، هەولێر- ۲۰۰۲
له کتێبخانەی بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی ڕۆشنبیری و هونەر له هەولێر ژماره (٤٦١)ی ساڵی ۲۰۰۱ی دراوەتێ

خوێنەری بەڕێز:

گەڕان و پشکنینی بەناو بەڵگەنامە و دەستهاوێژەکانی وڵاتانی دراوسێ، ئەوانەی پێوەندییان بەکێشەی کوردەوە هەبووە، گەلێک ڕاستیمان لە بارەی هەڵوویستی ئەو وڵاتانە لە ئاست دۆزی گەلی کورددا بۆ ڕوون دەکاتەوە. دەبێ بەردەوامیش ئەوەمان لەیاد و لەبەرچاو بێت کە نووسەر و چاودێر و ڕاپۆرتنووس و دەسکیزەکانی ئەو وڵاتانە، بەچاوی بێلایەن و خاوەن ویژدان لە کێشەی کوردیان نەڕوانیوە. بەپێچەوانەوە، هەندێک جار نەزانانە و زۆرجاریش ناحەزانە لە کورد و سەرکردەکانی و کێشە ڕەواکەی دواون و، تا بۆیان کرابێ شێواندوویانە. بەڵام وێڕای ئەمەش، ئەرشیفی ئەو وڵاتانە سەرچاوە و چاوکانییی گرینگن بۆ لێکۆڵەوانی مێژووی نەتەوەکەمان. ئەوەی لەبەردەستدایە، بەرهەمێکی ڕچەشکێنە بەم ڕێگەیەدا.

بارودۆخی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی و، هەردوو کوردستانی عێراق و ئێران بەتایبەتی لە سەروبەندی شەڕی دووەمی جیهان و، دواتریش ڕاپەڕینەکانی بارزان و کۆماری مەهاباد، سەردەمی هەڵسانەوەی کورد و دەسپێکی شۆڕشی نوێ لە کوردستان پێک دەهێنن. ئەم بابەتانە و هەروەها ڕێگەبڕینە سەختەکەی بارزانی و هەڤاڵانی بەرەو سۆڤیەت و، مانەوەیان بۆ نێزیکەی ١٢ ساڵ لەو وڵاتەدا، ژیان و گوزەرانیان، هەڵسوکەوت و سیاسەتی کاربەدەستانی سۆڤیەت لە ئاست ئەواندا، لەم بەرهەمەی بەردەستدا خراوەتەڕوو. هەڵبەتە بەشێکی ئەم ڕاپۆرت و بەڵگەنامانە کە پیاوانی سۆڤیەت نووسیویانە پڕن لە هەڵە و شێواندن و ئاوەژووکردنەوە.

د. ئەفراسیاو هەورامی ئەرکیکی بێ ڕادەی لە وەرگێڕان و لەسەرنووسینی ئەم بەڵگەنامانەدا نوواندووە، وەک مێژوونووسێکی ڕاستوێژ و نیشتمانپەروەر بەرەو ڕووی شێواندنەکان بووەتەوە و، پەردەی لە ڕوودا هەڵماڵیون. ئەم کارەی د. ئەفراسیاو مایەی ڕێزلێنان و دەستخۆشییە.

سەرکردەی مەزنی کورد و باوکی نەتەوەییمان – بارزانیی نەمر، بەدرێژاییی ئەم ڕاپۆرت و بەڵگەنامە و دەستهاوێژانە، پشکی سەرەکیی بەرکەوتووە. هەموو ڕووداوەکان بەوان بەستراونەتەوە و لە چوار دەوری بزووتنەوە و ڕاپەڕینەکانی ژێر سەرکردایەتیی ئەواندا دەخولێنەوە. بۆیەش زۆرتر کەوتووەتە بەر شێواندن. خوێنەری وشیار و ئاگەدار بەژیانی نەتەوەکەی و بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکەی، دەتوانێ بەئاسانی هەست بەشێواندنەکان بکات و هەر زووش بۆی دەردەکەوێ کەوا سیاسەتی ئەو وڵاتانە لە ئاست کورددا بەتایبەتیش سیاسەتی یەکەتیی سۆڤیەتی جاران (کە بەحیساب دەبوو پەنا و پشتیوانی گەلان بێ) چەندە بێ بەزەیی و دڵڕەقانە و هەروەهاش نەزانانەش بووە.

د. هەورامی تا بۆی لوابێ بەرەوڕووی بۆچوونی ڕاپۆرتنووسەکان بووەتەوە و نیازە چەپەڵ و گڵاوەکانی ئاشکرا کردوون. ئێمەش وەکو دەزگای ئاراس جاربەجارێ پەراوێزمان بۆ هەندێک جێگە داناوە کە بەپێویستمان زانیبێ. لە ڕاستیدا مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ کە ڕاپۆرتنووس و پیاوانی (کەی. گی. بی) و بەرپرسانی پارتی کۆمۆنیست و کاربەدەستانی دەوڵەتی سۆڤیەت چۆن هێندە هەقیقەتی گەلی کورد و سەرکردەکەی و دۆزە ڕەواکەیان شێواندووە و چۆنیش ئەم هەموو چەوتی و شێواندنەیان دەرخواردی

سەرکردایەتیی وڵاتی خۆیان داوە.

نیازمان وابوو ئەم کتێبە لە سەرەتای مانگی تشرینی یەکەم ۲۰۰۱دا بگەیەنین بەدەستی خوێنەران، واتە لە ساڵوەگەڕی گەڕانەوەی بارزانی لە سۆڤیەت. بەڵام دوای سەرنجدان و خوێندنەوەی دەستنووسەکە، بۆمان دەرکەوت کەوا داڕشتنەوەیەکی زمانەوانیی پێویستە، هەروەها زۆر وشە و ناو و مێژوو بەفارسی یان ڕووسی نووسرابوون کە دەبوو هەموویان بکرێنەوە بەکوردی و مێژووی زایینی. دەشمانویست دوای ئەم پێداچوونەوانە، کتێبەکە جارێکی تر بخەینەوە بەردەستی بەڕێز د. ئەفراسیاو هەورامی. بەداخەوە لە ماوەی ئەم چەند مانگەی ڕابردوودا ئەمەمان بۆ نەچووەسەر. ناردنی ڕاسپاردەیەک لە هەولێرەوە بۆ مۆسکۆ کارێکی زەحمەتە. ئەمانە بوون بەهۆی دواکەوتنی چاپی کتێبەکە، داوای لێبوردن لە نووسەری بەڕێز دەکەین و، ئەگەر هەڵە و کەموکورتییەک لە کارەکەماندا هەبێ، لە چاپێکی تردا دروستیان دەکەینەوە. ئامانجی هەمووشمان خزمەتکردنی میللەتەکەمانە.

دەمێنێتەوە کە خوێنەرانی بەڕێز بزانن د. ئەفراسیاو هەورامی کێیە. هەڵبەتە خوێنەری بەڕێز حەز دەکات بزانێ کە دانەر و ئامادەکاری ئەم بەرهەمە گرینگە کێیە؟ د. ئەفراسیاو لە دایکبووی هەورامانی کوردستانی ئێرانە.ساڵی ۱۹۹۰ ماستەری (یاسا)ی لە یەکەتیی سۆڤیەت وەرگرتووە. ساڵی ۱۹۹۵ لە ئەنستیتۆی ڕۆژهەڵاتناسیی ئەکادیمیای زانستیی ڕووسیای فیدراتیڤ بڕوانامەی (دوکتۆرای مێژوو)ی لە بارەی کۆماری کوردستان (مەهاباد)ەوە وەرگرتووە. بۆ یەکەم جاریش گەلێک بەڵگە و دۆکیومێنتی نهێنی و نەزانراوی لە بارەی کۆماری کوردستان ئاشکرا کردووە و لێکۆڵینەوەی لەسەر ئەنجام داون. هەروەها خاوەنی چەندان بەرهەم و لێکۆڵینەوەیە کە زۆربەیان هێشتا دەستنووسن و ئامادەی چاپ و بڵاوکردنەوەن. لە کۆڤاری (ڕابوون) لە سوید زنجیرەیەک وتاری لە بارەی کۆمەڵەی (ژێکاف - ژیانەوەی کورد) و ڕووداوەکانی پێش دامەزراندنی کۆماری مەهاباد بڵاوکردووەتەوە.

ئێمە کاتێک کە ئەم بەرهەمە بڵاو دەکەینەوە. داوای لێبوردن لە نووسەرە بەڕێزەکەی دەکەین ئەگەر کەموکورتییەک لە خوێندنەوەی دەستنووسەکەی یان سەرلەنوێ نووسینەوەیدا ڕووی دابێ؟ هەروەها داوای لێبوردن لە خوێنەرانی بەڕێز دەکەین کە ڕەنگە پەراوێز و شرۆڤەکانەکان زۆر و بەپێی پێویست نەبن. لەڕاستیدا دەیان جێی تر هەن کە پێویست بوو قسەیان لەسەر بکرایە. ئەوان ماونەتەوە بۆ زیرەکی و وشیاریی خوێنەری کورد و بەشداری کردنیان لە وەڵامدانەوەی ئەو شێواندنانەی کە لەم بەڵگەنامانەدا لە ئاست مێژووی نەتەوەکەمان و بەتایبەتیش لە ئاست هەردوو سەرکردەی نەمر شێخ ئەحمەدی بارزان و مستەفا بارزانیدا کراون.

دەزگای ئاراس - هەولێر، ۱۹ ئادار، ۲۰۰۲

# سەرەتا

مەبەستی من لێرە وەک لێکۆڵەوەیەک ئاشکراکردنی هەندێ بەڵگە و بۆچوونە لەمەڕ بارزانی کە لە ئەرشیفەکانی سۆڤیەتی پێشوو و هەندێ سەرچاوەی ترەوە دەستم کەوتوون و، بۆ شارەزا بوون لە ژیان و کردەوەکانی بارزانی و مێژووی کورد بەکەڵک دێن. هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی کورد بەسەرۆکایەتیی بارزانی کە بەشێکە لە مێژووی گەلەکەمان، هێشتا زووە بەتەواوی بنووسرێت. ڕاستە زۆر شت لەم بارەیەوە نووسراوە و بۆچوونی جیاجیا و تەنانەت دژیش هەیە، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێ زۆر شت هەیە تا ئێستە نەکەوتووەتە بەردەستی لێکۆڵەوان و مێژوونووسان چ لە ئاستی کوردستان و، چ لە ئەرشیفەکانی داگیرکەرانی کوردستان و وڵاتانی تر. ئەمەش پێویستی بەماوە و بەدواکەوتن هەیە. بێ لایەنی و پشت بەستن بەبەڵگە و سەرچاوە و، پسپۆربوون لە نووسینی مێژوو مەرجی گەورەن، هەروەها ڕەوتی ڕووداوەکان، فاکتەری ناوخۆ و دەرەوە، باری نێو نەتەوایەتی و ناوچەییی ئەو سەردەمە، چاوپۆشی نەکردن لە کردەوە و ڕۆڵی باش و خراپ، مەرجی ترن لە هەڵسەنگاندنی لێکۆڵینەوەی سیاسی و مێژوویی... هتد.

هۆشی مننەی سەرکردەی ڕزگاریخوازی گەلی ڤێتنام وتەیەکی بەنرخی هەیە دەڵێ: «تەنیا مردوو تووشی هەڵە نابێت» واتە زیندوو هەر تووشی هەڵە دەبێت.

گەلی کورد لە هەموو پارچەکانیدا هەر کاتێک ڕاپەڕیبێت، ئەوەی هەیبووە بەگیان و بەماڵ پێشکێشی کردووە بۆ ئەوەی بگات بە ئازادی. لە هەموو قۆناخێکیشدا دوودڵ نەبووە ئاخۆ ئەمجارەیان سەردەکەوێت یان نا، بەڵام کە سەریش نەکەوتووە ئاخۆ ئەمە بەهۆی هەڵە یان کەموکورتیی سەرکردەکانی بووە، ئەمەمان لێ ڕوون نییە. ئەمەش هەردەبێ مێژوو وەڵامی بداتەوە، مێژووش چاوپۆشی لە هیچ ناکات. بەڵێ زۆر شت دەبوو بکرایە، یان ئەو شتەی گەل چاوەڕێی دەکرد ئەوە نەبوو کە ڕووی دا.

ئەوەی لێرەدا من کردوومە و لەوانەیە نەشمتوانیبێ بەتەواوی دەسەڵاتم بەسەریدا بشکێ، لەبەرئەوەی بارزانی بەپێی ئەو بەڵگانەی نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٥٨ سەرکردەیەکی ئازا و بێ وێنە بووە، بەتایبەتی لەباری شەڕوانییەوە وەک قارەمانێکی نەتەوایەتیی گەلی کورد خۆی نواندووە، لەباری سیاسیشەوە، وەک ڕێبەرێکی زانا و کەم وێنە لای دۆست و دوژمنانی ناسراوە.

لەلایەکی ترەوە مەبەستم لە بڵاوکردنەوەی ئەم بەرهەمە بچووکە شارەزاکردنی خوێنەرانی بەڕێزە بە هەڵوێستی سۆڤیەت کە بەرامبەر کورد چی بووە. لەوێش ئاماژەم بۆ هەندێ شت کردووە و نەمتوانیوە لێی بێ دەنگ بم، دیارە خوێنەر بەخوێندنەوەیان هەست و هەڵوێستی خۆی دەردەبڕێ.

لەپێشدا پێویستە ئاماژە بۆ هەندێ شت لەبارەی پەرەسەندنی ڕووداوەکان و هاتنی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات تا ڕۆیشتنی بۆ سۆڤیەت و گەڕانەوەی بۆ وڵات بکەم، بۆ ئەوەی خوێنەران ئاگاداربن، یان بیریان بێتەوە، سەرەتا یان پێشەکییەکم بۆ ئەم بابەتە نووسیوە، بەڵام بەپێویستم نەزانی

زۆر شت، بەتایبەتی ئەو شەڕانەی بارزانییەکان لەگەڵ سوپای ئێراندا کردوویانە و لە نووسراوەکانی (پەسیان و مەسعود بارزانی)دا هاتوون دووبارە بکەمەوە. ئەم شەڕانە پڕن لە قارەمانیەتی و ئازایەتیی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان و جێی شانازین، ئەم شانازییانەش دەبێ لە مێژووی کورددا تۆمار بکرێن و زیاتر لێکۆڵینەوەیان لێ بکرێ.

هەروەها دیارە ئەو هەموو خەبات و خۆبەخت کردنە، تەنیا هی بارزانییەکان نەبووە، بگرە بەشداریی ژمارەیەکی زۆر لە کوردی کوردستانی باشوور و کوردستانی ڕۆژهەڵاتیشی تێدا بووە، بەڵام بارزانییەکان لەو دەمەدا زیاتر دیار و بەرچاو بوون و کردەوەکان بەسەرکردایەتیی مستەفا بارزانی بوون و، لە بەڵگە و سەرچاوەکاندا هەر بەناوی بارزانی و بارزانییەکانەوە باس دەکرێن. ئەمە ڕۆڵی ئەوانیتر کەم ناکاتەوە.

خاڵێکی تر کە پێویستە باس بکرێت ئەم نووسینەیە، وەرگێڕانی بەڵگە و دۆکیومێنتەکان لە کەموکوڕی بێبەش نین، نووسین یان وەرگێڕان بەتایبەتی بۆ کەسێکی زمانی کوردیی نەخوێندبێ کارێکی ئاسان نییە، هەرچۆن بێ هیوادارم ناوەرۆکی ئەم نووسینە خزمەتێک بەکتێبخانەی کوردی بکات کە لەم بارەیەوە پێویستی بەکار کردن و ماندوو بوون هەیە.

هەورامی

# پێشەکی

## هاتنی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات

ئەگەر بارودۆخ و پێداویستەکانی ئەو کاتە بێنینە بەرچاو دەزانین کەوا هاتنی کوردەکانی گەرمێن بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزانی و مستەفا بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەنگاوێکی ژیرانە و بەجێ بوو:

١- چەند ساڵ شەڕ و وتووێژی بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق و ئینگلیزدا، ئەنجامێکی ئەوتۆی بۆ کورد نەبوو، سەرەڕای ئەوەی کە زیانێکی گەورە بەرێژیم کەوت بەتایبەتی لەباری سوپاییەوە، زۆر شوێنی کوردستانیش کاول بوون. ئەوەبوو ڕێژیمی عێراق و کاربەدەستانی ئینگلیز ئامادەی وتووێژ لەگەڵ کورد بوون و ناچاربوون هەندێ داخوازیی گەلی کورد قەبووڵ بکەن، بەڵام پاشان لە بەڵێنی خۆیان پەشیمان بوونەوە و بەکاول کردنی ناوچە کوردنشینەکان و کوشتنی خەڵکی بێ تاوان درێژەیان بەسیاسەتی سەرکوتکەرانەی خۆیان دا. بۆمباران و سووتاندن و وێران کردنی گوندەکان نیشانەی ئەوە بوون کە ڕاستەوخۆ نەیاندەتوانی بەرەنگاری پێشمەرگەکانی کوردستان بن، شەڕەکانی ئەو سەردەمە یەک لە دوای یەک، جگە لە تێشکان هیچ شتێکی تریان بۆ دوژمن بەدەست نەهێنا.

٢- لەلایەکی ترەوە شەڕی دووەمی جیهان چارەنووسی تەواوی دنیای پێوە بەسترابوو. گەرچی لە سەردەمی هاتنی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات شەڕ تەواو ببوو، بەڵام هێشتا ئاڵۆزیی دنیا و ناوچەکە بەکۆتا نەهاتبوو. ئینگلیز و ئەمریکا و سۆڤیەت بەڕواڵەت هێشتا لەیەک بەرەدا بوون، ئینگلیز ڕاستەوخۆ لە کوردستانی باشوور دژی بزووتنەوەی کورد هاوکاریی ڕێژیمی عێراقی دەکرد و، لە ساڵانی شەڕی دووەمی جیهانیشدا بارزانی-یان بەهاریکاری لەگەڵ ئەڵمانیا تاوانبار دەکرد، گوایە ڕێژیمی عێراقیش ئەو دەمە لەژێر ڕکێفی ئینگلیز دژی ئەڵمانیا بوو، ئیتر هەر دژایەتییەک بەرامبەر بەو ڕێژیمە دەکەوتە بەرەی بەرژەوەندی ئەڵمانیاوە و دژی هاوپەیمانان بوو. ئەمە خاڵێکی گرینگ بوو.

٣- هاتنی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات نە بەهۆی شکان لە شەڕ یاخۆ هەڵهاتن و، نە لەبەر گیان پاراستنی خۆی بوو، هەروەها نە بەڕەزامەندیی فەرمانبەرانی سۆڤیەتیش بوو. هەروەک زۆر بەڵگە ئەو ڕاستییە دەردەخەن کە پێوەندیی نێوان کوردی باشوور و ڕۆژهەڵات چ پێش شەڕ و چ پاش شەڕ هەر هەبووە و هەردوولا ئامادەی هاوکاریی یەکتر بوون. پێوەندیی لیژنەی ئازادی و بارزانی، نامەی (ژێکاف) بۆ بارزانی، هاتنی میرحاج لەلایەن کۆمەڵەی هیواوە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەرکام لەمانە نموونەیەکی زیندوون. بۆ وێنە لە نامەیەکی بەناوبانگی کۆمەڵەی (ژێکاف)دا بۆ بارزانی کە لە زۆر جێگەدا بڵاوکراوەتەوە، زۆر بەڕێزەوە باسی بارزانی دەکەن و بەڕێبەری ئازادی ناوی دەبەن (ئەم نامەیە لەسەر بلانکی ڕەسمیی کۆمەڵە نووسراوە و دروشمی بژی کورد و کوردستانی گەورەی

پێوەیە)، لەم نامەیەدا پێش هەموو شتێک پیرۆزبایی لە ڕێبەر و سوپای ڕزگاریکەری کوردستان دەکرێ بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر دوژمندا و، داوای وەڵامدانەوەی نامە و پرسیارەکانیان لێ دەکەن. گەرچی بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە کە بارزانی چۆن وەڵامی داونەتەوە، بەڵام دەتوانین بڵێین کە هاتنی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر ئاوا نەبووە، بۆ وێنە لە خاڵی پێنجەمی نامەکەدا داوا دەکەن ئەو خەبات و هەڵوێستەی بارزانی بۆ هەموو کوردستان بێت و، داوای ئازادکردنی هەموو کوردستان بێت و، بەپێویستی دەزانن و دەڵێن دەبێ هەموو کوردان بەپرس و ڕاوێژ هاوکاریتان لەگەڵدا بکەن، تەنانەت دەڵێن بەپێویستی دەزانین لەژێر سەرکردایەتیی ئێوەدا لەشکرێکی کوردی لە هەموو پارچەکاندا دروست بکرێت، بۆ ئەمەش دەبێ کۆبوونەوەیەک لە نێوانی ئێوە و ئێمە و لایەنەکانی تردا ڕێک بخرێت و شوێن و ماوەی دیاری بکرێت، لەم کۆبوونەوەیەدا دەبێ خواست و داواکانی گەلی کورد دیاری بکرێن و، بۆ شۆڕشێکی نەتەوایەتی بێت و گرینگ نییە جێگەکەی لە کوردستانی باشوور بێت یان ڕۆژهەڵات.

لە خاڵی (٧)ەمدا دەڵێ: بۆ ئازادکردنی کوردستان تەبعەن دەبێ سیاسەتی یەکێک لە دەوڵەتە گەورەکان لەگەڵماندا بێت و، پێمان وایە ئەو دەوڵەتەش یەکەتیی سۆڤیەتە، پاشان دەپرسن "هەڵوێستی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟ چونکە نابێت بەرامبەر بەهەموو دەوڵەتان بێ لایەن بین".

لە خاڵی (٨)ەمدا دەڵێن لامان زۆر گرینگە بەزووترین کات بۆچوونی ئێوە سەبارەت بەهەڵوێستی ئینگلیز لەئاست شۆڕشەکەتان بۆ ئێمە بنووسن و، هەروەها وتووێژەکانی ئینگلیز لەگەڵ ئێوەدا چین. ئێمە لەم بارەیەوە ئاگادارنین، بەڵام بەئاشکرا دەزانین کە ماقوول نییە ئینگلیز بەرامبەر بەشۆڕشەکەتان بێ لایەن بێت.

لە خاڵی (٩)یەمدا دەڵێ: ئێمەی کوردی ئێران و کۆمەڵەی (ژێکاف) بەڕۆحی برایەتی و کوردایەتییەوە دەڕوانینە ئێوە و سەرکەوتنتان و، ئامادەشین بۆ ئەو یارمەتییەی لە دەستمان دێت، ئەم پرسیارانە کە دەکەین مەبەستمان ئەوەیە یارمەتییەکی زۆر گەورە بۆ ئێوە و بزووتنەوە پیرۆزەکەتان پێشکێش بکەین.

٤- ئەو هەلومەرجە لەبارەی کوردستانی ڕۆژهەڵات هۆیەکی تر بوو کە پاڵی بە بارزانی و هەڤاڵەکانیەوە نا ڕوو لەوێ بکەن، بوونیان لەوێ چ لەباری سیاسی و سوپایی و ڕێکخستن و چ بۆ بەهێزکردنی بزووتنەوەی کوردی ئەوێ، کاریگەرتر و پێویستتر بوو. گەرچی ئەو دەمەی ئەوان هاتن هێشتا کۆماری مەهاباد ڕانەگەیەنرابوو، بەڵام ڕووداوەکانی دواتر ئەو ڕاستییەیان پیشان دا کە بارزانییەکان چ ڕۆڵێکی بەرچاویان بینی.

٥- گەرچی بارزانی پێش ئەوەی بێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەنامە و ناردنی نوێنەری خۆی لەگەڵ فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ئێراندا پێوەندی هەبووە و، پاش هاتنەکەیش هەر هەبووە، بەڵام هیچ کاتێک سۆڤیەتییەکان نە ئامادە دەبن بەڵێنی ماددی و مەعنەوی بە بارزانی بدەن و، نە پێیان خۆش

دەبێت بێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەم کتێبەدا زۆر بەڵگە لەم بارەیەوە پێشکێش دەکرێت. بارزانیش بەنابەدڵی ئەوان هاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆیە داوای لێ دەکەن لەبەر ڕەخنەی ئینگلیز و ئێران و عێراق و تورکیا ماوەیەک دووربکەوێتەوە و لەبەرچاوان نەبێت، تەنانەت سۆڤیەتییەکان و ئێران پاڵەپەستۆی دەخەنە سەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، وەک قازی محەمەد کە بارزانییەکان دووربکەنەوە، یاخۆ بەرەو کوردستانی باشوور بیانگەڕێننەوە.

ئەمانەن هەمووی بوو بەهۆی ئەوەی کە بارزانییەکان بۆ شنۆ و میر ئاوی و گوندەکانی سەر سنوور دووربکەونەوە، بەڵام وەک لە دۆکیومێنتەکانی تردا دەردەکەوێ بارزانی پاش دوورکەوتنەوەکە، لەلایەن دوژمنانی کورد و سۆڤیەتییەکانەوە بەپیاوی ئینگلیز لەقەڵەم دەدرێت، گوایە بەڕاسپاردەی ئینگلیز هاتووە بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات. لەلایەکی تریشەوە دەسەڵاتدارانی عێراق داوا لە سۆڤیەت و ئێران دەکەن بۆ گەڕاندنەوەی بارزانی و هەڤاڵەکانی.

سەرکردەکانی بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هەستیان بەو هەڵوێستە ناڕەوایانە بەرامبەر بەبارزانی کردبوو، سەرەڕای پاڵەپەستۆی سۆڤیەت و ئێران، بەباوەشێکی ئاواڵەوە پێشوازییان لە بارزانی و بنەماڵەکانیان کرد و، پاشان قازی محەمەد بەنامە و بەدەستوور بەرپرسیارانی خۆجێیی ئاگادار کردەوە کە یارمەتیی پێویستیان پێ بدرێت و پاشانیش دەبینن بارزانی بۆ ڕاگەیاندنی کۆمار بانگ کرایە مەهاباد، دوای ئەمەش وەرگرتنی چەک و چەکدارکردنی بارزانییەکان و ناردنیان بۆ بەرەی شەڕ و ڕێکوپێک کردنیان دەست پێ دەکات و بەرپرسیاریەتییان دەدرێتی و، پلەی سوپایی زۆر دەدرێتە پێشمەرگەکانیان، یان هی زۆربەیان بەرز دەکرێتەوە و، بارزانیش وەک جەنەراڵێکی سوپای کوردستان، فەرماندەیی گشتیی سوپای کۆماری پێ دەدرێت... هتد.

بارزانی و بارزانییەکان ژمارەیان بەژن و منداڵەوە زیاتر لە ١٠ هەزار کەس بووە، سەرەڕایماڵوێرانی و کوشتن و برین و سەرما و برسیەتی کە لە ڕێگە تووشیان بوو، خۆیان گەیاندە کوردستانی ڕۆژهەڵات و، جگە لەو کۆسپ و تەگەرەیەی بۆیان دروست کردن، نەخۆشی و پەتا و تیفۆ و سیل لەناویاندا بڵاو ببووەوە و ڕۆژانە دەیان کەسیان لەناو دەچوون، بەپێی زۆر سەرچاوە لە هەر پێنج کەس یەک کەسیان لەناوچووە، وەک دەگێڕنەوە گوندێک نییە لە ناوچەکانی شنۆ و مەهاباد و بۆکان گۆڕی ئەوانی تێدانەبێت.

ئەوەی ڕاستی بێت لەو سەردەمەدا داوودەرمان و دوکتۆر زۆر کەم بوون، جگە لە سۆڤیەتەکان کە ئەوانیش لەگەڵ سوپای سوور و بۆ پاراستنی ئەوان هاتبوونە کوردستان، کەسێکی تر نەبوو. ژمارە و دەرمانی ئەوانیش کەم ببووەوە بەڵام توانیبووشیان هەندێ کەس لە بارزانییەکان و لە کوردی ڕۆژهەڵات لە مردن ڕزگار بکەن و، لە زۆر شوێن پەرەسەندنی ئەو نەخۆشییانە کەم بکەنەوە.

٦- هاتنی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات وەک لەنامەکانی بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەتدا دەردەکەوێت بۆ

ئەوە بووە کە لە نێزیکەوە پێوەندیی ڕاستەوخۆی لەگەڵیاندا هەبێت و، یارمەتیی ماددی و مەعنەوییان لێ وەربگرێت، یاخۆ سۆڤیەت وەک هاوپەیمانێکی ئینگلیز و ئەمریکا چارەسەرێکی ئاشتییانەی کێشەی کورد بکات، ئەگەر نەشیکەن ئەوا سۆڤیەت وەک وڵاتێکی سۆسیالیستی بەهۆی ئەو پرەنسیپانەی پاش شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە پشتیوانیی گەلانی چەوساوە و ژێردەست، مافی سەربەخۆیی و... هتد ڕاگەیاندبوو، ڕا و هەستی سۆڤیەتییەکان بۆ لای کورد ڕابکێشرێ، بەڵام تۆ بڵێی بەشداریی سۆڤیەت لە سەرکوتکردنی شۆڕشی شێخ سەعید و سمکۆ و ئارارات (ئاگری) و پاشانیش هەڵوەشانەوەی کوردستانی سوور لە ١٩٣٠دا لە کۆماری ئازەربایجانی سۆڤیەت و وەڵام نەدانەوەی شێخ مەحموود و، هەروەها ئەو هەڵوێستەی لەکاتی هاتنی بارزانی خۆیدا بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، بارزانیی نەخستبێتە گومان و دوودڵییەوە.

٧- دوور نییە بارزانی کە هاتبووە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەو نیازە بووبێ یارمەتی لە سۆڤیەتییەکان وەربگرێت و بۆ ڕاپەڕینێکی گشتی و ڕزگارکردنی پارچەیەکی تری کوردستان، بگەڕێتەوە کوردستانی باشوور. چونکە کوردی ڕۆژهەڵات ناوچەیەکی بەربڵاوی ئازادکراویان لەژێر دەستدا بوو و، هێز و چەک و تەقەمەنیشییان هەبوو کە بتوانن دەستکەوتەکانی خۆیان بپارێزن، دیارە ئەگەر مەبەستی گەڕانەوەیشی نەبووبێت یان دەرفەتی بۆ هەڵنەکەوتبێت و، سۆڤیەتییەکان ئامادەییی یارمەتیدانیان پێشان نەدابێت، خۆ دەتوانین بڵێین مانەوەی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ پاراستنی ئەو کۆمارە بوو کە پاڵپشت و پێگەیەکی گەورە بوو بۆ ڕزگارکردنی بەشەکانی تری کوردستان و قەڵایەکی گەورە بوو بۆ کورد.

٨- بواری چالاکیی سیاسی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبارزانی نەدراوە، بۆ وێنە دروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بەوێنەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەمەیش خۆی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەڵوێستە نالەبارەی کاربەدەستانی سۆڤیەت لەوێ و پاڵەپەستۆ خستنەسەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، ترساندنی ئینگلیز و عێراق و ئێران سەبارەت بەبارزانی لە پرسی دروستکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی سەربەخۆی کورد و، هێنانە کایەی ئۆتۆنۆمی بۆ کورد لە چوارچێوەی ئێران و... هتد. ئیتر زۆر تەگەرە خرایە بەردەمی کوردەکانی گەرمێن بۆ دروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ باشووری کوردستان.

٩- هاتنی بارزانی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر چەکدار و، هەروەها پێشوازیی گەرمی گەلی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات و، دواتر ئازایەتیی بارزانییەکان لەبەرەکانی شەڕدا بەتایبەتی لەشەڕەکانی (مل قەرەنی و قارئاوا و...)، سۆڤیەتییەکانی بەرە ڕووی ڕاستییەکی گەورە کردەوە کە نەیاندەتوانی حیسابی بۆ نەکەن.

١٠- هەروەک پاشتر دەرکەوت سۆڤیەت نەک تەنیا وازی لە پشتگیریی ئازەربایجان و کوردستان هێنا، بگرە داوای لە ڕێبەرانی هەردوولاش کرد بەرامبەر بەسوپای ئێران بەرگری نەکەن. کێشەی

ئازەربایجان و کوردستان بەیەکجاری بەرامبەر بەو بەڵێنانەی ئێران سەبارەت بەدەرهێنانی نەوتی باکوری ئێران بەسۆڤیەتی دابوو، پشت گوێ خرانەوە. تەنانەت پاش گرتن و خۆبەدەستەوەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان- قازی محەمەد، کارێکی وایان نەکرد پێشەوا لەدار نەدرێ، کە دەیانتوانی کارێکی وا بکەن. بارزانی-یان هەر لەبیر چووبووەوە و تەنانەت ئاگەداریشیان نەکردبوو بۆ ئەوەی پاشەکشە بکات، هەروەها دوو ئەفسەری ئازەربایجانیش (عەزیمی و کەبیری) کە لە بەرەی میاندواو و سەقز لای بارزانی بوون، بانگ کرانەوە بۆ تەورێز، بەڵام بە بارزانییان نەگوت تەورێز خۆی بەدەستەوە داوە، بارزانی کاتێ دەچێت بۆ مەهاباد لە خۆبەدەستەوەدانییان سەرسام دەبێ و باوەڕ ناکات.

بارزانی کاتێک لە ڕێگەی ڕادیۆوە ئاگەداری خۆبەدەستەوەدانی تەورێز و ڕاکردنی پیشەوەری و هەندێ لەسەرکردەکانی ئازەربایجانی دەبێ، بەپەلە خۆی دەگەینێتەوە مەهاباد، خۆ دەیانتوانی بارزانیش ئاگەداربکەن تا هیچ نەبێت ژن و منداڵی خۆی و هەڤاڵەکانی ڕزگار بکات، یان لەگەڵ پیشەوەرییەوە بەرەو سۆڤیەت بڕوات، یاخۆ لەگەڵ کاربەدەستانی ئینگلیز و عێراق سەبارەت بەگەڕانەوەیان و هەڵگرتنی فەرمانی هەڵواسینیان هەنگاو هەڵگرێت. بەڵام خوێن گەرمی و ئازایەتی و لێهاتوویی و بەرپرسیاریەتیی بارزانی لێرەدا خۆی دەنوێنێت، سەرەڕای هێرشی بەربڵاوی سوپای ئێران و خۆبەدەستەوەدان و ڕاکردنی سەرکردەکانی ئازەربایجان، هەروەها خۆبەدەستەوەدانی سەرۆک کۆماری کوردستان قازی محەمەد و بەتەنیا مانەوەی بارزانی، بەرەی شەڕ تا بەرێکردنی دوایین بنەماڵە بەرەو نەغەدە و شنۆ، چۆڵ ناکات و هەموان ڕزگار دەکات.

١١- سەبارەت بەوەی چۆن سۆڤیەت هێشتی بارزانی و هەڤاڵەکانی پەنابەری ئەوێ بن، لە بەڵگەنامەکاندا وا دەردەکەوێت دیارە بەنابەدڵی وەرگیراوە و ئەو ماوەیەش لەوێ بووە تووشی کوێرەوەری و ناخۆشی بووە و دەستبەسەر بووە. ڕێگەدان بەبارزانی پێش هەموو شتێک بۆ هەندێ شت دەگەڕێتەوە، یەکەم: ئێران بەیەکجاری کەوتە ژێر دەستی ئەمریکا و ئینگلیز، بەرژەوەندیی سۆڤیەت لە ئێراندا نەما، یان پێشێل کرا و، تەنانەت ئیمتیازی دەرهێنانی نەوتی باکوری ئێران کە قەوام بەڵێنی بەسۆڤیەت دابوو لەلایەن ئەنجوومەنی ئێرانەوە پەسەند نەکرا، پارتی تودە کە پارتێکی سەر بەسۆڤیەت بوو، کەوتە بەر پەلامار و لێدان. بەربەرەکانی و ململانێی نێوان ئینگلیز و ئەمریکا لە لایەک و، سۆڤیەت لەلایەکەی ترەوە لە ئاستی جیهاندا ڕۆژ بەڕۆژ توندتر دەبوو، بۆیە بارزانی نەدەکرا وەرنەگیرێت، چونکە قازی محەمەد و قازییەکانی تر لەگەڵ ژمارەیەک لە کوردە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدار درابوون، ژمارەیەکی یەکجار زۆر زیندانی کرابوون یان و دوورخرابوونەوە لە ئێران، هەروەها فەرمانی هەڵواسینی بارزانی و هاوەڵەکانی لە عێراق دەرچووبوو. ئیتر وەرنەگرتنی بارزانی پاشماوەیەکی خراپی بۆ سۆڤیەت لەلایەن گەلانی ناوچە بەتایبەتی کورد بەدواوە بوو. لەلایەکی ترەوە بارزانی بۆ سۆڤیەت لە داهاتوودا پێویست بوو تا بۆ بەرژەوەندیی خۆی، یاخۆ بۆ بەربەرەکانی ئینگلیز و ئەمریکا لەناوچەکەدا سوودی لێ وەربگرێ،

بەڵگەكانیش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن بەتایبەتی نووسینەكەی پاڤیل سودا پلاتۆڤ. لەلایەكی تر ئەگەر سۆڤیەت پەنابەریی بارزانی و هەڤاڵەكانی قەبووڵ نەكردایە ئەوا ڕەنگدانەوەیەكی خراپیشی لەناو كوردەكانی سۆڤیەتدا دەبوو، هەروەها بەدرۆدەرچوونی ئەو مافە بوو كە لە یاسای بنەڕەتی سۆڤیەت نووسرابوو لەبەرئەوەی ئەو ماددەیە ڕێگەی دەدا بەپەنابەری سیاسی و ئەوانەی گیانیان لەمەترسیدابوو و بۆ ئازادی و ئاشتی خەباتیان دەكرد ڕوو لە سۆڤیەت بكەن، ئەمانە هەمووی هەرایەكی گەورەی بەدواوە دەبوو. جگە لە هەڵواسینی قازی و دوورخستنەوە و زیندانی كردنی شێخ ئەحمەد و ئەوانەی لەگەڵیدا گەڕابوونەوە بۆ عێراق، هەروەها لەداردانی ئەو ئەفسەرە كوردانە(*) لەلایەن ڕێژیمی عێراقەوە، دەستی ئینگلیزیشی تێدابوو، گەڕانەوەی مەلا مستەفا و هەڤاڵەكانی بۆ عێراق یان خۆبەدەستەوەدانی بەڕێژیمی ئێران چارەنووسی ئەوتۆی لێ چاوەڕێ دەكرا.

خۆ ئەگەر ئێران نەوتەكەی بدایە بەسۆڤیەت دوورنەبوو ئەو كاتە سۆڤیەتەكان مافی پەنابەریشیان بەبارزانی نەدایە. ئەمریكا و ئینگلیزیش هیچ هەنگاوێكیان نەنا بۆ خۆ تێكەڵكردن لە پرسی وەرگرتنی بارزانی بە پەنابەر لە سۆڤیەت یاخۆ پاراستنی گیانی لەلایەن ڕێژیمەكانی عێراق و ئێرانەوە، لەبەرئەوەی بارزانییان بەپیاوی سۆڤیەت دەزانی و ناوی جەنەراڵی سووریان لێ نابوو و، بۆ لەناوبردنی بارزانی پشتیوانیی ڕێژیمی ئێرانیان دەكرد.

١٢- خاڵێكی تری گرینگ كە لە بەڵگەكاندا دەردەكەوێت ئەوەیە لەكاتی نێزیكبوونەوەی بارزانییەكان لە سنووری سۆڤیەت، ئاگەداری سنوورداڕانی سۆڤیەت ناكرێت كە بارزانی دێت و ئاگاداربن و پێشوازییان لێ بكەن، بەپێچەوانە دەستووریان پێ دەدرێت، زۆر بەتوندی سنوورەكان بپارێزرێن بەشێوەیەک كە هاتوچۆی ئەم دیو و ئەودیو نەكرێت. ئەمە لەكاتێكدا بوو كە دەیانزانی بارزانی تاكە ڕێگەیەكی لەبەردەمدا مابێت خۆی پێ ڕزگار بكات هاتنی بۆ سۆڤیەتە، لە ڕاپۆرتەكانی كۆنسوڵ و سنوورداڕانی سۆڤیەتدا دەردەكەوێت كە توركیا و ئێران بەسوپا و باڵەفڕەوە دوایان كەوتوون، بەڵام سۆڤیەتەكان زۆر بەشێوەیەكی ناشیرین بەرەوڕووی بارزانییەكان دەبنەوە. بارزانی دەبەنە شاری نەخچەوان و لە خانوویێک لەژێر چاودێریدا دەبێت و ئەوانیتر بەسەر مۆڵگە و پێگەكانی سوپاییدا دابەش دەكەن و وەک دیلی شەڕ هەڵسوكەوتیان لەگەڵدا دەكەن و دوای چل ڕۆژ بۆ ناوچەكانی (ئەقدەم و لاچین و ئیولاغ)یان دەبەن و، بارزانیش بۆ شاری شووش دەگوازنەوە.

لەباتیی ئەوەی ڕۆژی یەكەم پێشوازیی گەرمیان لێ بكەن و هەلیان پێ بدەن لەناو كوردەكانی سۆڤیەتدا بژین و پێوەندییان بەیەكەوە هەبێت و دەستوور بەكوردەكانی سۆڤیەت بدەن هاوكاری و یارمەتییان بدەن بۆ ئەوەی ماندووبوونی ڕێگەیان لەبیر بچێتەوە و، بەژیانی دەربەدەری سەغڵەت نەبن. بەپێچەوانەی ئەمە دووریان دەخەنەوە و لەیەكیشیان جیا دەكەنەوە. باقرۆڤی سەرۆكی ئازەربایجانی

(*) واتە عیزەت عەبدولعەزیز، مستەفا خۆشناو، خەیروڵڵا عەبدولكەریم و محەممەد قودسی، كە لەگەڵ بارزانی و هەڤاڵەكانی بەنهێنی كاریان دەكرد. د. هەورامی

سۆڤیەتی رۆڵێکی سەرەکی لەم سیاسەتە نالەبارەدا دەبینێت، تەنیا پاش مردنی ستالین لە ساڵی ١٩٥٦دا دەهێڵن بارزانی سەردانی ئەرمەنستان بکات و چاوی بەژمارەیەک کورد بکەوێت، ئەویش لەگەڵ ژمارەیەکی کەم و بەترس و لەرزەوە، جگە لەوە ژمارەیەکی کوردی سۆڤیەتیش دەکەن بەسیخوڕ بەسەر بارزانییەوە.

ئەمڕۆ کوردە بەساڵاچووەکانی سۆڤیەت دەگێڕنەوە چۆن بارزانی لەلایان خۆشەویست و بەڕێز بووە و ئارەزووی دیتنیان کردووە و ئامادەی هاوکاری و خزمەت کردنی بوون. زۆرکەس لەبەر خۆشەویستیی ئەو و هەڤاڵەکانی، ناوی ئەوانیان لە منداڵەکانی خۆیان ناوە، تا ئێستەش شانازیی پێوە دەکەن، هەروەها باسی ئەوەش دەکەن کە وێنەی بارزانییان لە زۆر ماڵدا هەڵواسیوە و ماویانە.

بارزانی دوای ئەوەی لەگەڵ خرۆشۆفدا پێوەندی دەگرێت، سانسۆریان لەسەر هەڵدەگرن و هەلی هاتوچۆیان بۆ ئەملا و ئەولا پێ دەدەن، هەروەها بڕیار دەدەن ژمارەیەک لەو کوردانە فێری زانست و پیشە بن لە فێرگەکانی سۆڤیەتدا.

لەسەرەتای هاتنی بارزانی بۆ سۆڤیەت، تەنانەت پێش هاتنەکەیش زۆرجار دەوڵەتانی ئێران و عێراق داوای گەڕاندنەوەی دەکەن و، بە(چەتە) و (ڕێگر)(*)ی لە قەڵەم دەدەن، ئەمە وێڕای پروپاگەندەیەکی زۆر لە ڕۆژنامە و ڕادیۆکاندا، هەروەها پروپاگەندەی ئینگلیز و ئەمریکاش گوایە پێشوازییەکی گەرم لە بارزانیەکان کراوە و، دەوری سیاسی و سوپاییان پێ دراوە و، بۆ ئاژاوە نانەوە لە ئێران و عێراق و تورکیایان ئامادە دەکەن.

هەرچەندە لای سۆڤیەتیش ئاشکرابوو ئەو ڕژێمانە سیاسەتێکی دژ بەسۆڤیەت و کۆمۆنیزمیان گرتووەتەبەر، بەڵام ئەمانە و زۆر هۆکاری زیندووی تریش ئاشکرا کاریان نەدەکردە سەر سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بە کورد، بەتایبەتی بەرامبەر بارزانی و هەڤاڵەکانی.

لەژێر پاڵەپەستۆی سۆڤیەت و ئێران و پروپاگەندەی ئینگلیز و عێراق لە دژی بارزانیدا، بۆ سەرکردەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەتایبەتی قازی محەمەد بێ کاریگەر نەبووە، بۆ وێنە دوورخستنەوەی بارزانی و بارزانییەکان و، پاشان گوایە نەیانهێشت لە کوردستانی ئێراندا چالاکیی سیاسییان هەبێت و لە کاروباری کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا تیکەڵ بن و، بەرپرسیاریەتیی ڕەسمی بەهیچ کامیان نەدرا گوایە بارزانییەکان خەڵکی عێراقن و نابێ بمێننەوە، ئەمانە وا لە هەندێ کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان دەکات داوای گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ کوردستانی باشوور بکەن و جۆرە دڵ ساردییەکی لە نێوان هەردوولا دروست کردبوو، دەوڵەتانی ناوبراو هیچ کامێکیان پێیان خۆش نەبوو بارزانییەکان لەوێ بمێننەوە و سەبارەت بەبارزانی گیروگرفت بۆ خۆیان دروست بکەن. پێوەندیی باشی ئینگلیز و سۆڤیەت، وتووێژی سەرکردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات لەگەڵ تاران، ئەمانە و زۆر شتی تر

(*) خوێنەری بەڕێز دەبێ ئاگەدار بێ کە ئەم جۆرە وشە و زاراوە نادروست و بێ شەرمانە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە لەئاست خەباتکارانی ڕێگەی ئازادیی کوردستاندا بەکارهاتوون. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

کە هیچ لایەنێک لەمانە ئامادە نەبوو بیانوو یان تەگەرە بۆ ئەوانیتر دروست بکات. چاودێریی ئینگلیز و عێراق و ئێران لەسەر بارزانی، بگرە سۆڤیەتییەکانیش لە زۆر لاوە زیاتر بووە لە لایەنەکانی تر کە بارزانییەکان برپرەی پشتی کۆماربوون. لەلایەکی ترەوە هێنانە گۆڕێی پرسی دروستکردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کورد کە هەموو پارچەکانی بگرێتەوە، ئەو داگیرکەرانەی ترساندبوو و، لە هەموو لایەکەوە بەگشت فرۆفێڵەوە دەیانویست بارزانی لەوێ نەمێنێتەوە، ئەوان دەیانزانی بارزانییەکان چ رۆڵێکیان هەیە. نەهێشتنی ئەوان واتە لاوازکردنی بزووتنەوەی کورد و، نەهێشتنی یەکگرتن و برایەتی و هاودەردی و هاوبەشیی کێشەی نێوان پارچەکانی تری کوردستان... هتد.

ڕۆژنامەی نیویۆرک تایمز لە ڕێکەوتی ٣ی نیسانی ١٩٥٠دا کورد بەستوونی پێنجەمی سۆڤیەت دادەنێت و، دەڵێ: مەلا مستەفا لە قوتابخانەیەکی سیاسیی حزبی لە شاری نەخچەوان لەگەڵ هاوڕێکانیدا فێری زانیاری دەبن و دژی وڵاتانی تورکیا و عێراق و ئێران خۆیان ئامادە دەکەن.

لە چەندین یادداشتی ڕەسمیی دەوڵەتی شاهەنشاهیی ئێران بۆ کاربەدەستانی سۆڤیەت لە ئێران نەک تەنیا داوای گەڕانەوەیان دەکەن، بگرە پێش هاتنیشیان بۆ سۆڤیەت کاربەدەستانی سۆڤیەت ئاگادار دەکەنەوە و داوایان لێ دەکەن ڕێی هاتنی بارزانی و هەڤاڵەکانی بگرن و، داوای دەستگیرکردن یان لەناوبردنی ئەو تاخمە (دز و تالانکەر و پیاوکوژە)(*) بۆ سۆڤیەت پێشنیاز دەکەن. تەنانەت لە زۆر یاداشتدا ئاماژە بۆ پەیمانی ٢١ شوباتی ١٩٢١ دەکەن و دەڵێن هێشتنەوەی بارزانی لە وڵاتی ئێوەدا بەپێچەوانەی ئەو پەیمانە دووقۆڵییەیە.

سۆڤیەتییەکانیش بەڵگەی زۆریان لەسەر ئێران دەبێت، بۆ وێنە نەدانی نەوت و پروپاگەندە دژی سۆڤیەت و گرتن و لێدانی تودەییەکان، هەروەها باسی هەبوونی ئەفسەرانی ئەمریکایی لەناو سوپای ئێراندا دەکەن و، دەڵێن ئێوەش بەپێچەوانەی ئەو پەیمانە ڕەفتار دەکەن، لە وەڵامدا ئێران دەڵێ: هەبوونی چەند ئەفسەرێکی ئەمریکایی ئەویش بۆ بەرێوەبردنی سوپا و جەندرمەی ئێران کە لەکاتی شەڕی جیهانیدا هاتوونەتە ئێران کردەوەیەکی دژی سۆڤیەت نییە، هەروەها نکووڵی لەیارمەتیی ئەمریکا و ئینگلیز بۆ ئێران دەکەن و دەڵێن: نابێ هەبوونی ئەو ئەفسەرە ئەمریکاییانە لە ئێران ببەسترێ بەبارزانییەکانەوە، ئەمە کردەوەیەکی ناوخۆی ئێرانە (هەر دەڵێی بارزانی لە تاران و ئەسفەهان لەدایک بووە و پەساپۆرتی ئێرانی لە گیرفاندایە وا داوای گەڕاندنەوەی دەکەن).

لەسەفەری دووەمی قازی محەمەد بۆ باکۆ کە هاوکات لەگەڵ هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات بووە، گوایە باقرۆڤ داوای لێ دەکات بەپەلە بگەڕێتەوە کوردستان، لەبەرئەوەی بارزانی بەتەمایە بێتە کوردستانی ڕۆژهەلات و، دەبێ پێشگیری لێ بکرێت، زۆر پێ دەچێ ئەم وتەیە ڕاست بێت بەپێی ئەو هەڵوێستانەی فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ئێران و، هەروەها هەڵوێستی باقرۆڤ بەرامبەر بەبارزانی لەیەکەتیی سۆڤیەتدا.

(*) لەلای داگیرکەرانی کوردستاندا خەبات بۆ ڕزگاریی نیشتمان لەلایەن سەرکردە و ڕۆڵەکانی کوردەوە وا وەسف کراوە. بلاوکەرەوە: ئاراس.

هەندێ سەرچاوە دەڵێن؛ بارزانی پێش هاتنی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات ئاگەداری قازی محەمەد دەکاتەوە کە بەتەمایە لەگەڵ ژن و منداڵدا بێتە ئەودیو، گوایە بارزانی چاوەڕوانی وەڵامەکەی نەکردووە و، قازیش بەڵێنی نەداوە. بارزانی دەکەوێتە ڕێ و دێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بەڵام هاتنی کوردی لێقەوماو لە کاتی تەنگوچەڵەمەدا بەدرێژایی مێژوو بۆ ئەم دیو و ئەودیوی سنوورە دەستکردەکانی کوردستان هەر هەبووە و، تەنانەت دەوڵەتانیش نەیانتوانیوە پێش لە هەستی برایەتی و بەتەنگەوە هاتنی گەلی کورد بگرن.

لەلایەکی ترەوە هەندێک دەڵێن؛ قازی بەبارزانیی گوتووە کەوا بەهۆی برسیەتی و قات و قڕی و نەخۆشییەوە، هاتنی ئەوان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات لەو کاتەدا پڕ لە مەترسییەدا، زەرەر و زیانێکی زۆری بۆ ئەو مەڵبەندە هەیە(*)، بەڵام ئەم وتانە تا ئێستە روون نین و پێ ناچێت ڕاست بن. قات و قڕی لە ناوچەی کوردستاندا نەبووە، بەپێچەوانە لە کوردستاندا گەنم و خواردەمەنی زیادە بەتاران و تەورێز فرۆشراون و بۆ عێراق و تورکیاش چووە (لەم بارەیەوە هەندێ ڕاپۆرتی کۆنسوڵەکانی سۆڤیەت هەن، هیوادارم بکەونە بەردەستی خوێنەران). لەلایەکی ترەوە قازی دەستوور دەدات یارمەتییان بدەن و، کۆمیتەیەکی هاوبەش لە کوردەکانی بارزانی و ڕۆژهەڵات بۆ چارەسەری پرسی حەوانەوەی ئەوان پێک دێنن. خۆ هیچ بەڵگەیەکیش نییە باسی پێشگرتن یان گەڕاندنەوەی ئەوان بۆ ئەودیو بکات، هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد.

پاڵەپەستۆی سۆڤیەت و ئێران و، پروپاگەندەی ئینگلیز و عێراق بۆ سەر ڕێبەرانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە ئاوڕ لە بارزانی نەدەنەوە، بەبانگکردنی مەلا مستەفا لە ڕێکەوتی ۱۳۲۵/۱۲/۹ پووچەڵ کرایەوە و، پێشوازیی ڕەسمی لەلایەن ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیی (حدک) وەک سەرکردە و سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە باشووری کوردستان و چاوپێکەوتنی دوو سەرکردەی کورد قازی محەمەد و مستەفا بارزانی کە بەڕێز و شکۆیەکی تایبەتییەوە ئەنجام درا، ئەو تەمومژەی دروست ببوو، ڕاماڵی - وەک چۆن شێخ مەحموود پێشوازیی لە سمایل خانی شکاک- سمکۆ لە سلێمانی دەکات، - لەلایەن کۆمەڵانی خەڵکەوە وێڕای پێشوازیی گەرم دەبێتە جێژن و شادی، مەلا مستەفا چەند ڕۆژێک لە مەهاباد دەمێنێتەوە و پۆڵ پۆڵ پیاوە ناودار و دەستڕۆیەکانی مەهاباد سەردانی دەکەن، بارزانی سەردانی زۆر جێگە و بارەگا دەکات وەک بارەگای هێزی کوردستان، سەردانی چەند قوتابخانە و فێرگە و شارەوانی و چاپخانە دەکات و بەئامۆژگاری و بزواندنی هەستی نەتەوایەتی و نیشتمانپەروەری لە دیدارەکانیدا ورەی خەڵک بەرز دەکات و دڵگەرمتریان دەکات بۆ پاراستن و خەبات لەڕێگەی ئازادیی گەلی کورددا و، ئامادەییی خۆی و هاوڕێکانی کە هاتوونەتە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ خزمەت و گیان لەسەردەستی و پاراستنی کۆمار دەردەبڕێت. ڕۆژنامەی کوردستان لە چەند ژمارەدا باسی ئەو دیدارە

(*) جگە لەوەی د، ئەفراسیاو روونی نەکردووەتەوە کەوا ئەم قسانەی لە چ سەرچاوەیەک وەرگرتووە، بەپێی ڕاستییە باوەڕپێکراوەکان چوونی بارزانی بۆ مەهاباد بەپێی ڕێککەوتنێک بووە و بارزانییەکان لەلایەن خەڵکی کوردستانی ئێران و سەرکردایەتیی حزبی دێموکراتەوە پێشوازی لێکراو بوون. بلاوکەرەوە: ئاراس.

مێژوویییە دەکات و، لە ژمارەی ٢٣ی ڕێکەوتی ١٣٢٤/١٢/١٥دا وتاری محەمەد مەحموود (قودسی) کە بەنوێنەرایەتیی بارزانی لە پێش پێشەوا و بەرپرسانی تری کۆماردا خوێندوویەتییەوە، بڵاو دەکاتەوە، لێرەدا چەند خاڵێکی گرینگی لێ هەڵدەبژێرین:

«پێشەوای موعەزەم... گەورە بەڕێزەکانم

بەناوی سەرکردەی شۆڕشی گەل لە بارزان، ڕۆژباشی پێشکێش ئێوە دەکەم کە ئاڵای پیرۆزتان لە بەشێکی نیشتمانی گەورەدا بڵند کردووە. ئەو بەشانەی تری نیشتمانی مەزنمان کە لەژێر دەستی بێگانەدان و گەلی کوردستانی مەزن چاوی بڕیوەتە ئەو ئاڵایەی لەسەری ئەم حکوومەتەدا دەشەکێتەوە».

قازی محەمەد لەیەکێک لە وتارە ناودارەکانی خۆی پاش دەرچوونی سوپای سوور لە ئێران، سوپاسی خێڵ و هۆزەکانی کورد دەکات کە پشتگیری و گیان لەسەردەستیی خۆیان بۆ کۆمار دەربڕیوە و جارێکی تر سەلماندوویانە ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ هەیە بەهەوڵ و خەباتی بێ وچانی ئەوان پێک هاتووە و، ئامادەی پاراستنیشین. سەبارەت بەبارزانییەکان ڕۆژنامەی کوردستان ڕێکەوتی ١٣٢٥/٢/٢٥ بەشێکی وتارەکەی قازی کە تایبەتی ئەوانە بڵاودەکاتەوە:

«... برایانی خۆشەویستی بارزانی لە پێناو وەدەست خستنی ئازادیی کوردستانی مەزن و وڵاتدا، ماڵ و منداڵیان لە پێش چاو نییە، هەموویان لەپێناو ئەو مەبەستە ناوە و پیاوانە لەهەوڵدان، جێگەی شانازییە کە ئازادیخوازیی گەلی کورد نیشان دەدەن و، پسپۆڕیی ئەوان لە چالاکیی جەنگی و ئازادی و ڕەشیدییان کە سیفاتی مومەیەزی کوردانە لەشەڕی سالح ئاوایەدا مەعلووم بوو، کە عیدەیەکی ٧٠٠ کەسیی ئۆردووی فارسەکان دەیانەویست بۆ لای سەرایان بێت، ئەوان ١٧٥ کەس پێشیان پێ گرتن ١١٠ کەسیان لێ کوشتن ٤٠ ئەسیریان لێ گرتن و تەلەفاتێکی زۆریان لێ دان بێ ئەوەی یەک کەسیان خوێن لە کەپووی بێت...».

## بارزانی پاش خۆ بەدەستەوەدانی ڕێبەرانی کۆماری کوردستان

بارزانی زۆر هەوڵ دەدات قازی محەمەد خۆی بەدەست کاربەدەستانی ئێران نەدات و باسی بێ وەفایی دەسەڵاتدارانی ئێرانی بۆ دەکات و، پێشنیاز بە قازی محەمەد دەکات لەگەڵی بکەوێت، بەڵام دیارە قازی پاش خۆبەدەستەوەدانی تەوریز و خۆتێ نەگەیاندنی سۆڤیەتییەکان لە کێشەی کورد، بەیەکجاری بڕیاری دابوو نەک هەر بەرامبەر بەسوپای سەرکوتکاری ئێران بەربەرەکانی نەکات، بگرە خۆی و سەرکردەکانی تری خۆیان بەدەستەوە بدەن.

کاربەدەستانی ئێرانی کە زانییان ئازەربایجان و کوردستان بەبێ مەرج و شەرت خۆیان بەدەستەوە دابوو و، ئیتر کۆسپێکی ئەوتۆ لەسەر ڕێگەیاندا نییە، پارتی تودە و ئەو بەرە یەکگرتووەش کە لە ئێران دامەزرابوو هیچ هەنگاوێکی بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو سیاسەتە سەرکوتکارانەی ڕێژیم هەڵنەگرت. لەلایەکی ترەوە بێدەنگیی سۆڤیەتییەکان و ڕازی بوونیان بەبەستنی پەیمانی نەوت لە نێوان ئێران و

سۆڤیەت و، پشتیوانیی ڕێژیمی ئێران لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیزەوە، ئەمانە هەمووی دەستی ئێرانیان بۆ هێرش کردنە سەر کوردستان و ئازەربایجان ئاوالەکرد. تاقە هێزێک کە مابوو بەرەنگاری ببنەوە بارزانییەکان بوو، هەر لەسەرەتای مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٤٦دا پێش خۆبەدەستەوەدانی تەورێز و مەهاباد کاربەدەستانی ئێران و ئینگلیز چەندجار داوایان لە سۆڤیەت کرد کە دەیانەوێ بۆ سەرکوتکردنی بارزانی (کە کابرایەکی عێراقییە و خەریکی تالآن کردن و ئاژاوە نانەوەیە)، سوپای ئێران بنێرنە کوردستان و بارزانی-یان بەهۆی سەرکێیی ناهێمنایەتی و تێکدانی باری ناوچەکە ناو دەبرد، بەڵام پاشانیش کە هیچ هێزێک پێش سوپای ئێرانی بۆ کوردستان نەگرتبوو، ئیتر وەک جاران دەسەڵاتدارانی تاران ترسیان نەمابوو کەوا لەبەر سۆڤیەت یان سوپای تەورێز و مەهاباد، بۆ وەدەرنانی بارزانی تەگەرە دێتە سەر ڕێگەیان، ئەوەبوو کاتێک سوپای ئێران گەیشتە شارەکانی کوردستان و بارزانییەکانیش لەدەوروبەری نەغەدە و شنۆ پاشەکشەیان کردبوو، سوپای ئێران دەیتوانی لە سێ لاوە هێرش بکاتە سەریان، لەلای ورمێ و مەهاباد - نەغەدە و، لەلای خانێ و سەردەشتەوە. بەڵام نەوێران، لەبەرئەوەی بارزانییەکان لەشەڕەکانی پێشوودا زەرەر و زیانێکی وا گەورەیان لەسوپای ئێران دابوو، دەیانزانی شەڕ لەگەڵ بارزانییدا جگە لە تێکشکان و قوربانییەکی زۆر، ئەنجامێکی تری بەدواوە نابێت، شەڕەکانی دواییش ئەم ڕاستییەی بۆچوونی فەرماندەکانی سوپای ئێرانیان بەڕاست سەلماند.

لەلایەکی ترەوە بەبۆچوونی دەسەڵاتدارانی تاران بەربەرەکانێ لەگەڵ بارزانییدا لەوانەیە ببێتە هۆی ژیانەوەی بزووتنەوەی کورد و تەنانەت ئازەربایجانیش، لەبەرئەوە گەلی کورد بەخۆبەدەستەوەدانی سەرکردەکانی، جگە لە لەدەستدانی دەستکەوتەکانی ئەو چەند ساڵە و، جگە لەسەرکوتکران و تالآن کرانی گەلی کورد وەک جاران لەلایەن مووچەخۆرانی تارانەوە هیچی تری بۆ نامێنێتەوە. پاش داگیرکردنی مەهابادیش لەلایەن سوپای ئێرانەوە هێشتا زۆربەی سەرۆک هۆز و خێڵی کورد و پێشمەرگەی کورد چەکی خۆیان نەدابووەوە ئێران. واتە شەڕکردن لەگەڵ بارزانی تا بەدەستەوەدانی ئەوانەی چەکی خۆیان نەدابووەوە بێ ئەنجام بوو، ئیتر ئەمانەش دەچوونە ڕیزی بارزانییەکان و، ئەوکاتە شەڕ لەگەڵ ئەوانە کە زۆربەی خەڵک پشتیوانییان دەکردن، بەسەرکوت یان کوشتن یان گرتن یان ڕاونانیان بۆ ئەودیوی سنوور بەکۆتا نەدەهات، بگرە دەبوو بەشەڕێکی درێژخایەن و زیانێکی زۆری بۆ ڕێژیمی تاران دەبوو. ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی کوردیش دەکەوتە دەست بارزانیی کۆڵنەدەر کە مەترسی زیاتری بۆ ئەوان بەدواوە بوو، بۆ دەسەڵاتدارانی تارانیش پێویست بوو لەگەڵ ڕێژیمی عێراق و تورکیادا بۆ لێدانی بارزانییەکان سوپای هەر سێ دەوڵەت پێکەوە و هاوکات دەستبەکار بن و، ئەمەیش پێویستی بەماوە و توانەوەی بەفر و نەمانی سەرما و سۆڵە و چاککردنی ڕێگەوبان و کۆکردنەوەی هێز بوو.

کاربەدەستانی ئێرانیش دەیانزانی بارزانی لەگەڵ سۆڤیەتییەکاندا نێوانی باش نەبووە، بەتایبەتی پاش ئەوەی پشتی کۆماری کوردستانیان بەردا، دیارە بارزانیش هیوای بەوانە نەمابوو، واتە نەیدەویست پەنابەری سۆڤیەت بێت، ئەگینا هەر چۆنێک بێت پاش خۆبەدەستەوەدانی قازی و ڕۆیشتنی پیشەوەری بۆ سۆڤیەت، ئەویش بەرێ دەکەوت. وەک باس کرا، لەبەرچەند هۆیەک شەڕ لەگەڵ بارزانییەکاندا

پاشماوەی باشی بۆ سوپای ئێران بەدواوە نەبوو، ئیتر لەباتی زەرەر و زیانی گیانی و مادی بڕیار درا لەگەڵ بارزانی بکەونە وتووێژەوە، بەڵکو بەبێ شەڕ خۆی بەدەستەوە بدات یان لەناوی ببەن. هەرچەندە مانەوەی بارزانیش لە ئێران بۆ کاربەدەستانی ئێران لەبەر ئەو پێوەندییانەی لەگەڵ عێراقدا هەیانبوو، بەتایبەت لەسەر کێشەی کورد و، لەلایەکی تریشەوە پێوەندیی ئینگلیز و ئێران، جگە لە ژانەسەر و ئاڵۆزی لە نێوان ئەو دەوڵەتانەدا هیچی تری تێدانەبوو، بەڵام وتوویژ لەگەڵ کردن و خستنە داوی بارزانی باشترە لە شەڕکردن لەگەڵیدا یان مانەوەی و یاخی بوونی لەسەر سنوورەکان، لەوانەیشە مەزەندەی ئەوان خۆی بەدەستەوە بدات و شەڕ نەکات.

کۆبوونەوەی دەربار و ئەفسەرانی پایەبەرزی سوپای ئێران و قەوامولسەلتەنە بەسەرۆکایەتیی شا بەپێی ئەو هەواڵانەی لە کوردستانەوە گەیشتبوو، هەروەها بە لەبەرچاوگرتنی ئەو چەند شەڕانەی لەڕابردوو لەگەڵ بارزانیدا کرابوو، بەپەسندکردنی شا بڕیار دەدرێت وتوویژ لەگەڵ بارزانیدا بکرێت و بانگیش بکرێت بۆ تاران، ئەگەر بێتو ئامادەی جێبەجێ کردنی مەرجەکانی دەوڵەتی ئێران نەبێت، لەوێ بگیرێت، یان بەتاوانی ناپاکی و ئاژاوەنانەوە هەڵبواسرێت، یان بدرێتەوە بە عێراق، گرینگ ئەوەیە بەقەولی خۆیان (سەری مارەکە پان بکرێتەوە)، ئەزموونی ڕابردووی کاربەدەستانی ئێران و تورکیا لە کوشتنی سەرکردەکانی کورددا، کە بەکوشتنیان، بزووتنەوەی کوردیان لەسەرکردەی بلیمەت و ئازا بێ بەش کردووە، بۆ وێنە کوشتنی نامەردانەی سمکۆ لە ١٩٣٠ لە شاری شنۆ کە بۆ وتوویژ بانگ کرابوو، یان بانگێشتنی جەعفەر ئاغای شکاک لە زەمانی قاجارەکاندا بۆ تەورێز و، کوشتنی دەیان پیاوچاک و سەرۆک هۆز و ناوداری کورد لە تاران بەدەستی ڕەزا شا و... هتد، نموونەی زیندوو بوون.

وتوویژ لە کوردستان لەگەڵ بارزانیدا ئەنجامێکی بۆ کاربەدەستان نەبوو، زانییان کە بارزانی ناچێتە ژێر شەرت و مەرج و فڕوفێڵەکانی ئەفسەرانی ڕاسپاردەی ڕێژیم، بەکورتی بارزانییان بۆ هەڵنەخەڵەتا، بارزانیش هەم لەنیازی ئەوان ئاگەداربوو، هەم لەڕووی هێزیشەوە لەگەڵیاندا وتوویژی دەکرد و، هەمیش ڕۆحییەتی تێکشکاو و شڵەژاوی سوپای ئێرانی دەزانی و، دەیزانی لە ڕووی لاوازییەوە ئامادەی وتوویژ بوون، ئەگینا هەر بەهێرش کردن و بەزۆری چەک و سوپا ئەوانیان لەنێو دەبرد.

ئەفسەرانی سوپای ئێران لە چۆنیەتیی وتوویژەکانی خۆیان لەگەڵ بارزانیدا تاران ئاگادار دەکەنەوە و، بەدەستووری تاران بارزانی بانگ دەکرێت بۆ ئەوێ. پێویستە بگوترێت، کە وتوویژی ئەفسەرانی ئێران لەگەڵ بارزانی لە کوردستاندا زۆرتر لایەنی گەف و هەڕەشە بووە، بەپێی بۆچوونی ئەوان بارزانی ناچارە خۆی بەدەستەوە بدات و ڕێگەیەکی تری نەماوە، لەبەرئەوەی ئازەربایجان و کوردستان تەواو بوون، بەگەڕانەوەشیی بۆ عێراق مردن چاوەڕێی دەکات، ناشیەوێ بۆ سۆڤیەت بچێت و، کەوتووەتە ئابڵووقەوە و ژن و منداڵی پێیە و شەڕی پێ ناکرێت، بەڵام مخابن هەرچەندە بارزانی دەیەوێ بڕوا بەکاربەدەستانی ئێرانی بکات کە نایەوێ لەگەڵ سوپای ئێراندا ڕووبەڕوو ببێتەوە یان دژی دەوڵەتی ئێران بجووڵێتەوە و، داوا لە کاربەدەستانی ئێران دەکات تا توانەوەی بەفر و هاتنی بەهار دەرفەتیان بدەن لەناوچەی شنۆ بمێننەوە و، پاشان بەتەمانە بگەڕێنەوە کوردستانی باشوور. بەڵێنیشیان پێ دەدات کە چەکە قورسەکانیان

بداتەوە و، تا مانەوەیشی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا پێوەندیی هەبێت و کاربەدەستانی ئێرانی دەتوانن چاودێریی بارزانییەکان بکەن و بەڵێن دەدات، لە کاروباری کوردستانی ئێراندا دەست تێوەردان نەکات، تەنانەت داوای خواردەمەنی و یارمەتیش لە دەوڵەتی ئێران دەکات، بەڵام دەسەڵاتدارانی تاران ئامادە نابن و دەستوور بەئەفسەرانی ئێرانی لە کوردستان دەدەن کە بەبارزانی بڵێن ئێمە دەسەڵاتی ئەوەمان نییە لەسەر ئەم پێشنیازانەدا وتووێژی لەگەڵدا بکەین و باشتر وایە بارزانی بەبانگهێشتنی کاربەدەستانی ئێران سەردانی تاران بکات و لەوێ لەگەڵ کاربەدەستانی بەرزی ئێراندا وتووێژ بکات. بارزانی پاش کۆبوونەوە لەگەڵ شێخ ئەحمەدی برای و ئەفسەرە کوردەکاندا بڕیار دەدەن بچێت بۆ تاران. بڕیاری ئەم سەردانە هەنگاوێکی پڕ لەمەترسی بوو، بەڵام هەرچۆنێک بێ نابێ بیانوو بدرێتە دەستی ئەفسەرانی سوپای ئێران بۆ ئەوەی دەست بەشەڕ بکەن. زۆرتریش لەبەر ئەو ژن و منداڵە کە ژمارەیان لە ١٠ هەزار کەس زیاتر بوو، حەوانەوەیان لەو سەرمایە و دابین کردنی خواردن بۆیان و... هتد، کارێکی ئاسان نەبوو، بگرە هەرچۆنێک بێت ئەگەر بەرێگەی وتووێژیش بێت تا بەهار کات بەرنەسەر باشە. بەڵام ئێرانییەکان ڕازی نابن، لەبەرئەوەی نەڕابردووی بارزانی-یان لە بیرچووەتەوە و، نەمانەوەی بەچەک و بەبێ چەک لە کوردستاندا قەبووڵ دەکرێت و، نەدەرچوون و گەڕانەوەیشی بۆ کوردستانی باشوور بێ تۆڵەساندنەوە بۆ کاربەدەستانی ئێران شیاو بوو. بارزانیش کە داوای مانەوەی خۆی و هەڤاڵەکانی و بنەماڵەکانیان لە ناوچەی شنۆ دەکات وەنەبێت بەدڵی بووبێت و جێی مەترسی نەبووبێت، بەڵام تاقە ڕێگەیەک بوو کە مەترسییەکەی کەمتر بوو. دانەوەی چەکیش تەنانەت ئەگەر لە کوردستانیش بێ واتە ئیتر هیچ شتێک نەما بتوانن بەرگریی پێ لە خۆیان بکەن.

بارزانی ڕێگەی سەردانی تارانی هەڵبژاردبوو، وەک باس کرا ئەمەش پڕ لە مەترسی بوو، بەڵام پێشبینیی ئەوەیش کرابوو، واتە شیمانەی ئەوەش وەرگیرابوو ئەگەر بارزانی لەناوچوو ئەوا شێخ ئەحمەد و ئەفسەرانی تر هەبوون سەرکردایەتیی بارزانییەکان بکەن، بەڵام بارزانی ئەم هەنگاوە پڕ لە مەترسییەی هەڵبژارد و ئامادەی خۆبەخت کردن بوو، بۆ تاران چوو (هەرچەندە زەحمەت بوو کەسێکی تر جێگەی ئەو بگرێتەوە). لە تاران ٣ پێشنیاز بۆ بارزانی کرا تا یەکێکیان هەڵبژێرێت:

١- ئەگەر بارزانییەکان دەیانەوێ لە ئێران بمێننەوە، دەبێ تەواوی چەک و تەقەمەنییەکانی خۆیان بە ئێران بدەنەوە و لە ناوچەیەکی ئێران-تەنانەت ئەگەر لەناوچەیەکی کوردستانیش بێ- کە دەوڵەت دیاری دەکات جێگر بن و، ئێران هەندێ گوند و زەویوزاریان پێ دەدات تا خەریکی کاروکاری شوانکارەییی خۆیان بن و دەوڵەتی ئێرانیش تا ماوەی شەش مانگ یارمەتییان دەدات و، لە بەزەیی و دەستندەی دەوڵەت بەشداردەبن.

٢- دەوڵەتی ئێران لەو کەسانەی تاوانبارکراون پشتیوانی دەکات و هەلیان پێ دەدات لە ئێران بمێننەوە و، ئەوانی تر دەبێ دەستبەجێ خاکی ئێران جێ بهێڵن (لێرەدا دیار نییە ئەمانە لەلایەن ڕژێمی بەغداوە تاوانبارکراون، یان ئێران، یان هەردووکیان. لەلایەکی ترەوە ئەگەر وابێت دەبێ زۆربەی چەکدارەکانی بارزانی لەگەڵ ژن و منداڵیان خاکی ئێران جێ بهێڵن کە ئەویش نەدەکرا و مانای

نەبوو، ئەگەر ئەوانیش گەڕابانەوە هەر تاوانبار دەکران، وەک پاشان دەرکەوت هەموویانی زیندانی کردن و دووری خستنەوە، تەنانەت ئەگەر ئەوانەیش کە لەلایەن ڕێژیمی عێراقەوە تاوانبار کرابن لە ئێران مابوونایەوە، خۆ ئێران بەئاسانی دەیدانەوە بە ڕێژیمی عێراق، کەواتە ئەم پێشنیازە هێندە ڕوون نەبوو، دەتوانرا بەشێوە و ناوەڕۆکی جۆراوجۆر وەربگیرێت).

٣- ئەگەر ئەو دوو مەرجەی سەرەوە پەسند نەکرێن، ئەوا دەبێ بارزانییەکان دەستبەجێ لەگەڵماڵەکانیاندا خاکی ئێران جێ بهێڵن و، لەو ڕێگەی هاتوون بگەڕێنەوە.

ئاشکرایە دوو مەرجی یەکەم و دووەم بارزانییەکان پەسندیان نەدەکرد و، تەنیا پێشنیازێ دەمایەوە، خۆ پێشنیازی بارزانییەکانیش کە بەچەکەوە لە ئێراندا لە ناوچەیەکدا بمێننەوە پەسند نەدەکرا.

بارزانی وەک سیاسەتمەدارێکی لێهاتوو بەدەسەڵاتدارانی تاران دەڵێت کەوا ئەو ناتوانێت وەڵامی دەوڵەتی ئێران بداتەوە. دەبێ پرس بە براگەورەی خۆی کە سەرۆکی خێڵی بارزانە و ئەوانی تر بکات. ئەوانن کە دەبێ لەسەر ئەم پێشنیازانەی ئێران بڕیار بدەن، یان وەڵام بدەنەوە و لەگەڵ پێشنیازەکانی دەوڵەتی ئێران ئاشنابن و، دەبێ بۆ وەرگرتنی وەڵام بۆ کوردستان بگەڕێتەوە.

مەلا مستەفا لە تاران بەرەو کوردستان دەگەڕێتەوە کە کەس چاوەڕێی نەدەکرد بەسەلامەتی بگەڕێتەوە و، دەنگوباسی وا هەبوو گرتوویانە و ناتوانێ بگەڕێتەوە و لەدار دەدرێت و... هتد.

بارزانی کاتێ لە تاران دەبێت، کاربەدەستانی ئێران دەیانەوێ لەلایەکی ترەوە بارزانی وەک بارمتەیەک لە تاران بهێڵنەوە و لەدەستیاندا بێت بۆ پاڵەپەستۆ خستنە سەر شێخ ئەحمەد و خۆ بەدەستەوەدانیان، شێخ ئەحمەدیش کاتێ مەترسیی نەگەڕانەوەی بارزانی و واتەواتی جۆراوجۆری لەمبارەیەوە گوێ لێ دەبێت، نیگەران دەبێت و دەڵێن گوتوویەتی؛ ئەگەر مەلا مستەفایش نەگەڕێتەوە هەر بارزانییەک بۆ خۆی مەلا مستەفایەکە. لەناوبردنی مستەفا بارزانیش هەر چۆنێک بووبێت لەلای کاربەدەستانی ئێرانەوە پاشماوەی باشی بەدواوە نەبووە و، دیارە کاربەدەستانی ئێران بەباشی لە باری ئەم کردەوەیە لێکۆڵینەوە دەکەن. کوشتنی ئەو زۆرتر هانی بارزانییەکان دەدات، ئیتر ئەمە ڕێگەی وتوویژ یان خۆبەدەستەوەدانی بارزانییەکانی دەبەست و تۆڵەی بەزەبری بەدواوە بوو. خێڵانی چەکدار و پێشمەرگەکانی کۆمار هێشتا خۆیان بەدەستەوە نەدابوو و، چەک کۆنەکرابووەوە، ڕێژیم هێشتا خۆی لە کوردستاندا جێگیر نەکردبوو. شێخ ئەحمەد و کەسوکاری بەگشتی و، تەواوی بارزانییەکان بەهاتنەوەی بارزانی زۆر خۆشحاڵ دەبن و، پاش گێڕانەوەی ئەنجامی سەردانەکەی و پێشنیازەکان و چۆنێتیی هاتنەوەکەی، بڕیار دەدرێت کە چیتر بارزانی بۆ تاران نەگەڕێتەوە و ڕاستەوخۆیش لەگەڵ ئەفسەرانی ئێراندا وتوویژ نەکرێت، بگرە لە ڕێگەی نامە و بەناردنی نوێنەر پێوەندی و وتوویژ لەگەڵ ئەفسەرانی ئێراندا بکرێت. نەگەڕانەوەی بارزانی بۆ لای دەسەڵاتدارانی تاران دیاربوو کە چ بڕیارێک دراوە و وەڵامی بارزانییەکان بۆ دەوڵەتی ئێران چییە. ئینجا دەستوور درابوو ئەمجارە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانیدا دەرفەتی دەرچوونی نەدرێتێ و دەستبەجێ دەستگیر بکرێت و تۆڵەی ڕابردوو و (ئەو فێڵەی) لە

کاربەدەستانی ئێران لە تاراندا کردبووی بسێنرێتەوە. هەر بۆیەش چەند جار بارزانی بۆ وتووێژ بانگهێشتن دەکرێت، بەڵام ناچێت.

ستاد (ئەرکان)ی سوپای ئێران لە ڕێکەوتی ١١ی ڕەشەمەی ١٣٢٥ (١٩٤٧/٣/٢) بەفەرماندەی لەشکری سوپای ئێران لە کوردستان ڕادەگەیەنێت کە دەستوورێک بەم شێوەی خوارەوە بدرێت بە مستەفا بارزانی:

«مەلا مستەفا بارزانی، ئێوە بەپێچەوانەی ئەو بەڵێنەی لە تاران دابووتان دەجووڵێنەوە، جگە لەوەی لە خاکی ئێران نەچوونەتە دەر و ئەفسەرە هەڵهاتووەکان و تۆپەکانی ئێرانتان نەداوەتەوە، بەرەو ناوچە پڕ پیت و بەرەکەتەکانی باکوری تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ و دەشتەبێل بەڕێ کەوتوون، پێویستە دەستبەجێ بەڵێنی خۆت بەریتە سەر و خاکی ئێران جێ بێڵی» (*).

یەکێکی تر لە شاکارە تاکتیکەکانی بارزانی وەک (پەسیان) دەنووسێت ئەوەبووە کاتێک لەگەڵ فەرماندەکانی سوپای ئێران، واتە لەشکری چوار وتووێژ دەکات، ئەوە دەبێت کە بارزانی لەلایەکەوە باسی ڕۆیشتنی خۆیان بەرەو عێراق دەکات و داوای تفاق و خواردەمەنی دەکات و، بۆ ئیسپات کردنی ئەوەیش کە دەیەوێ خاکی ئێران جێ بهێڵێت بنەماڵەکانی دەنارده ئەملا و ئەولا، لەکاتێکدا مەبەستی ئەوەبوو لەگەڵ خێڵەکانی مەرگەوەڕ و تەرگەوەڕ و دەشتەبێل پێوەندی بگرێت و بەرەو لای خۆیان ڕاکێشێ تاکو پێکەوە لەگەڵ ئەو هۆز و خێڵانە دژی هێزەکانی ئێران ڕاپەڕن (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٥٨).

بەوتەی (پەسیان) بارزانییەکان وەک نەریتی کۆنی خۆیان کە هەمیشە هەوڵ دەدەن خاڵی لاواز بدۆزنەوە و بەهێرشێکی توند ئەو خاڵە لەناوبەرن و سەرکەوتوویش دەبوون، واتە پاش زەبر لێدان شوێنەکە بەجێ دێڵن و دوژمن سەرگەردان دەکەن و دەچوونە شوێنێکی تر، کە هێزەکانی دەوڵەتیش دەنێردران بۆ شوێنی نوێ بارزانییەکان ئەوێیان بەجێ دەهێشت یان کەمینیان لەسەر ڕێگە بۆ دەنانەوە و زەبریان لێ دەدان و بەو شێوەیە دوژمنیان پەراگەندە دەکرد (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٧٤).

پەسیان لە زۆر جێگەی نووسینەکەی خۆیدا باسی هاوکاریی هۆز و خێڵ و خەڵکی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەبارزانییەکان دەکات، ئاخۆ بەبێ پشتیوانیی ئەوان بارزانی دەیتوانی ئەو هەموو حەماسەتە بخولقێنێت و سەرکەوتووانە دەرباز بێت، بێ گومان زەحمەت بوو.

پاش خۆبەدەستەوەدانی تەوریز و مەهاباد، تەواوی سوپای ئێران ماشێنی جەنگییان بۆ سەرکوتکردنی بارزانی و شەڕوانەکانی تەرخان کردبوو، لە تەواوی شەڕەکان و پیلانەکانی دوژمندا پێش ئەوەی جێبەجێ بکرێن لەلایەن بارزانییەوە ئاشکرا دەکرا و، پێش هێرشی دوژمن بۆ سەریان پێشدەستییان دەکرد، تەنانەت دەڵێن هەندێ چەکداری کوردستانی ڕۆژهەڵات بەدەستووری بارزانی دەچنە ڕیزی دوژمنەوە، یان بۆ وەرگرتنی زانیاری خۆیان تەسلیمی دوژمن دەکەن. ژمارەیەکی زۆر لە هۆز و خێڵەکانی کورد لە

(*) نەجەف قولی پەسیان، از مهاباد خونین، تا کرانهای اراس- تهران ١٣٢٤ ل٥٨ . د. هەورامی

ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پاش ئەوەی کە بارزانی بەرەو سنووری سۆڤیەت دەکەوێتە ڕێ، چەکەکانی خۆیان تەسلیمی ڕێژیمی تاران دەکەنەوە و چەکێکی زۆریش دەشاردرێتەوە. ڕێژیم پارەیەکی زۆری بۆ کڕینی هەندێ سەرۆک هۆز و خێڵ دەنێرێتە کوردستان بۆ لێدانی بارزانییەکان تا سوودیان لێ وەربگرێت، یان چەکیان لێ ناسێنێتەوە. جگە لە پارە چەکیش لەناو خەڵکدا بڵاو دەکاتەوە، بەڵام ئەم پیلانەیش ئەنجامێکی بۆ ڕێژیم نابێت. تەنانەت ژمارەیەکی کەمیش کە ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ڕێژیم بوون، ئاخۆ لەبەر ترس، یان لەبەر پارە و تەحویل نەدانەوەی چەکەکانیان بوو. ژمارەیەکی زۆر کەم لە جاشی کورد لەگەڵ سوپای ئێران کەوتبوون، تەنانەت ڕێژیم باوەڕیشی بەوانە نەبوو، کە وەپێش سوپای ئێرانیان بخەن، یان پێکەوە لەیەک بەرەدا شەڕ بکەن.

(پەسیان) چۆنیەتیی هەندێ شەڕ لە کتێبەکەیدا باس دەکات کە پێویست نییە دووپاتیان بکەینەوە، دوای شکانی سوپای ئێران یەک لە دوای یەک وەزارەتی شەڕی ئێران دەستوور بەکەرتەکانی سوپای ئێران لە کوردستان دەدات، بۆ پێشگیری لە ڕووداوی ئەوتۆ (واتە تێشکان) دەبێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی کەرتە بچووکەکانی سوپایی لەگەڵ بارزانییەکاندا دوورەپەرێزی بکرێت، لەبەرئەوەی ئەزموون نیشانی داوە کە بارزانییەکان لەبەر ئەو ئازایەتی و مێرخاسی و لەخۆبوردوویییەی هەیانە بێ باکانە دێنە مەیدانی شەڕەوە و، خاڵی لاواز دەخەنە بەر هێرش (هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل٨١).

سەرلەشکر (لیوا) هومایۆنی دەستوور بەتەواوی هێزەکانی جێگر لەناوچەکەدا دەدات کە شوێنەکانی خۆیان بپارێزن و پێشڕەوی نەکەن و حاڵەتی بەرگرییان هەبێت و، بەقایمکردنی شوێن و سەنگەر و قەڵاکانی خۆیان خەریک بن (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٩٤)، واتە هێرش نەکەنە سەر بارزانییەکان، کە ئەم دەستوورە دیارە تاکتیک نییە بگرە ئەنجامی شکان و لاوازییە.

ڕێژیمی ئێران لە تەواوی عەمەلیاتەکانیدا دژی بارزانی شکستی هێنابوو و، جگە لەو پێوەندییانەی لە تاران و ئەنقەرە و بەغدا بۆ چالاکیی هاوبەشی ئەو سێ دەوڵەتە خەریک بوو، پەنا دەباتە بەر دەسەڵاتدارانی عێراق و بە وتەی پەسیان بارزانییەکان کە ساڵان خەویان لەکاربەدەستانی عێراق حەرام کردبوو و، داوای چالاکیی سوپای هاوبەشیان لەگەڵ ئێران لەدژی بارزانی دەکرد، لە حاجی ئۆمەران لەگەڵ ئامیر هێزی عێراق سەرتیپ سەید عەلی حیجازی چاوپێکەوتنیان دەبێت و، لە ئەنجامی ئەو چاوپێکەوتنەدا پیلانی هاوبەش دژی بارزانییەکان دادەڕێژن و شەپۆلی بێ سیمەکانیان و سەعاتی کاریان لەکاتی دیاریکراودا دیاری دەکرێت و بڕیار دەدرێت (١٥) گوردان (سریە) بەهەمووی (٦) هەنگ (فەوج) و (١٢) باڵەفڕە لەماوەی (٢٤) سەعاتدا لەسەر سنووری خانە (پیرانشار) ئامادەبن، (هەمان سەرچاوەی پێشوو. ل-٩٨).

هەروەها لەبەرئەوەی لەوانەبوو چەکدارانی بارزانی لە ڕێگەی چۆمی (بنارەوە) بچنە ناو خاکی تورکیاوە، کاربەدەستانی سوپای تورکیا لە تاران لە ڕێگەی وەزارەتی دەرەوە لەگەڵ ئەرکانی سوپای ئێران پێوەندی دەگرن تا لەسەر سنوور پۆستی سوپایی (پاسگاه) ڕێک بخەن و نوێنەری سوپای تورکیا لە

تاران ئەرکانی سوپای ئێران ئاگادار دەکاتەوە کە سوپای تورکیا بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان ئامادەی هاوکارییە لەگەڵ سوپای ئێراندا، (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٩٩).

ئەگەرچی نووسەر لە زۆر جێگەدا دەنووسێت کە تەواوی ڕێگەکان بۆ چوونە ناو خاکی تورکیا و عێراق لەبەر بەفر بەسترابوون، بەڵام بارزانییەکان هەر دەستیان لەبەربەرەکانی و شەڕی مان و نەمان هەڵنەدەگرت، شای ئێران لە گەرما و گەرمی شەڕی سوپای ئێران لەگەڵ بارزانییەکاندا لە ئەردەبیل و ئازەربایجان دەبێت و دەیەوێ نیشان بدات کە خۆی سەرکردەی چالاکییەکانی سوپایی دەکات و، وڵات ئارامە و، هەروەها بۆ پشتگیری لە سوپای ئێران هاتووەتە ئازەربایجان و دەیەوێت بێتە کوردستانیش، بەڵام لەترسانە نەیوێرا. لە ئەردەبیل ڕاپۆرتی بەرەکانی شەڕی پێ دەگات و هەڕەشە لە ئەفسەرەکان دەکات کە بەکوژراوی یان زیندوویی بێت دەبێ کاری بارزانی کۆتایی پێ بێت و، ئاماژە بۆ چالاکیی هاوبەشی سوپای ئێران لەگەڵ تورکیا و عێراق بۆ ئەم مەبەستە دەکات و دەڵێ: ئەوانە (واتە بارزانییەکان) لە قازی محەمەد و سەرۆکەکانی کوردستان زیاتر و بەهێزتر نین کە خۆیان تەسلیم کرد. هەروەها ئاماژە بۆ ڕوحیەتی لاوازی بارزانییەکان دەکات و دەڵێ ئەگەر بێتو پلانی سەرکوتکردنی بارزانییەکان جێبەجێ نەکەن لە دادگە دەدرێن.

پەسیان دەستوورێکی تری شای ئێران وەک سەرۆکی گشتیی هێزەکانی ئێران، کە بۆ خۆی سەرۆکایەتیی ئەو کردەوانە دژی بارزانییەکان دەکات، لە کتێبەکەیدا بەم شێوەی خوارەوە دەنووسێت:

سەرەڕای ئەوەی کە ئێوە هێزی تەواوتان هەیە، بەڵام لە کردەوەدا تووشی دوودڵی بوون و بەو شێوەی چاوەڕوان دەکرا لەلایەن ئێوەوە هەنگاوی جیدی بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان هەڵنەگیراوە، ئاگەداری و چاودێری بارزانییەکان لەسەر ئێوە زۆر باش بووە و لە هەر شوێنێک لاوازیی کەرتەکانی ئێوەیان زانیبێت هێرشیان کردووەتە سەرتان و سەرکەوتووش بوون و، لەو شوێنانەیش کە زانیبێتیان ئێوە بەهێزن پاشەکشەیان کردووە، بارزانییەکان بەدوو تۆپەوە توانیویانە جارێک لە نەڵۆس و جارێکی تر لە دەوروبەری نەغەدە کەرتەکانی ئێوە تۆپباران بکەن و، تەنانەت یەک تۆپی ئێوەش لەناوبەرن، بۆیە دەبێ بۆ ڕێگەگری لە دووپاتبوونەوەی ئەم جۆرە کارەساتانەدا دەستووراتی خوارەوە جێبەجێ بکەین.

١- لە هیچ مۆڵگەیەکدا نابێت کەمتر لە سریەیەک سوپا جێگیر بکرێت.

٢- بەباڵەفڕە، تەواوی ناوەند و شوێنی کۆچکردنی بنەماڵە بارزانییەکان و، هەروەها شوێنی تۆپەکانیان بۆردمان بکرێت.

٣- لە ڕێگەی عەشایری باوەڕپێکراوەوە هەموو ڕۆژێک لە بارودۆخ و وەزعی بارزانییەکان، هەواڵ و زانیاری کۆبکرێتەوە و ئاگادارین.

٤- چالاکیی دژی بارزانییەکان دەبێ تا ١٥ی ئاخەلێوەی ١٣٢٦ (١٩٤٧/٤/٤) کۆتایی پێ بێت و دەبێ بەشێوەیەک کۆتایی پێ بێت کە بارزانییەکان نەتوانن ڕابکەن و خۆیان ڕزگار بکەن، نابێ بەم کردەوە سووک و سەرشۆڕانەیە بۆ سوپای ئێران کۆتایی پێ بێت (هەمان سەرچاوەی پێشوو-

ل١٠٢).

له دەستوورێکی تری ئەرکانی سوپای ئێران بۆ فەرماندەکانی لەشکری جێگیر له کوردستاندا هاتووه: لەبەرئەوەی بۆمبارانی هەوایی بۆ بارزانییەکان دەبێتە هۆی سەختڵەتی و زەحمەتیی ئەوان و، لەوانەیە ئەوانە بەشەو هێرش بکەن، دەبێ لەم وەزعە سوود وەربگیردرێت و گەلاڵەی ئاگرێکی باش (واته: هێرش) بۆ بەرەو رووبەڕووبوونەوەی بەرامبەر بەهێرشی بارزانییەکان دابڕێژرێت. (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل١١٥).

نەبوونی باڵەفڕگە لەناوچەکەدا و له نێزیکەوه، بوو بەهۆی کۆسپێک که باڵەفڕە سوپاییەکان دووره دەست بن و، نەتوانن لەگەڵ هێزەکانی پیادەدا هاوکاری بکەن، بۆیە بیری دروستکردنی باڵەفڕگەیەک که بتوانێت سوودی لێ وەربگیردرێت بەهێزتر بوو (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٥٩)، واته له ورمێ و مەهاباد یان شوێنێکی تری نێزیک، باڵەفڕگە دروست بکرێت، بەوتەی پەسیان تەواوی ئەو باڵەفڕانەی له تەورێز بوون (٧) هانیە و (٢) تایگرموس، خرابوونە ژێردەستی لەشکری (٤) (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل٦٤). لەلایەکی ترەوە نووسەر باسی زیان لێکەوتنی سێ باڵەفڕە لەلایەن بارزانییەکانەوە دەکات (هەمان سەرچاوەی پێشوو-ل١٠٩).

بارزانییەکان ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی و بێ سیم و خواردنیان لەو شەڕانە دەست دەکەوێت و ژمارەیەکیش بەدیل دەگرن و هەموو جارێ دیلەکان جگە له ئەفسەرەکان بەرەڵڵا دەکەن چونکە ئیمکانی حەواندنەوەیان نابێت، بەتایبەت بۆ بارزانییەکان که هەر رۆژ له جێگەیەکدا بوون، کوشتنیشیان کارێکی ناڕەوا بوو، پێویستە بگوترێت که ژمارەیەک ئاسووری و ئەرمەنی و ئازەری و ئەفسەری شۆڕشگێڕ و ڕاکردووی سوپای ئێرانیش لەگەڵ بارزانییەکاندا دەبن و هەندێکیان چالاکانە بەشداریی ئەو شەڕە قارەمانانە دەکەن بەتایبەتی ئەفسەرەکان، ژمارەیەک لەوانە که پاشان چوون بۆ عێراق یان هاتن بۆ سۆڤیەت یان بەنهێنی بەهۆی بارزانییەوە خۆیان گەیاندە تورکیا، توانییان خۆیان له لەناوچوون ڕزگار بکەن، هەروەها بەربەرەکانیی سوپای ئێران لەگەڵ بارزانییەکان و شەڕی قورس له کوردستان سەرنج و هێزی ئێران بۆ سەر کوردستان ڕادەکێشێت و سوپای ئێران له ڕاونان و ڕێگەبەستن له ڕێبەرانی ئازەربایجانی که بەرەو سۆڤیەت هەڵدێن خەریک بکەن.

بەرەبەرەکانیی بارزانییەکان نه تەنیا هەر ئەوەبوو، بگره پێشی شالاوی ڕق و قینی تۆڵەسەندنەوەی سەرکوتکەرانی ئێرانی له کوردستان بەشێوەی ئازەربایجان گرت، تا بارزانییەکان له کوردستان بوون نەیانتوانی و نەوێران ئەو پیلانه پیسە جێبەجێ بکەن و بەم شێوە بەتایبەتی له کوردستان ژمارەیەکی زۆر خەڵک له گرتن و کوشتن ڕزگاریان بوو.

«ئامادەکردنی سێ سەد دانە زێڕی نیو پەهلەوی لەلایەن خاوەن شکۆ شای ئێرانەوە بۆ دیاریی ئەفسەران و، ١٩٨ دانە نیشانەی ئازەرئابادەگان و ٢٠٠ دانە میداڵی نیشانەی ئازایەتی بەباڵەفڕە دەنێردرێتە ڕەزائییە و نوێنەری شا دەیانبات بۆ بەشدارانی شەڕ له دژی بارزانی و، ژمارەیەک لەوان

دەدرێتە خێڵەکییەکان» (هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل١١٤ و ١١٥)، کە هەمووی بۆ بەرزکردنەوەی رۆحییەتی تێکشکاوی سوپای ئێران و هەڵخەڵەتاندنی خیلاتی ناوچەکە و، بەمەبەستی پروپاگەندەش بوو.

نوێنەری شا باسی تەسلیم بوون، یان لەناوبردنی بەو زووانەی بارزانییەکان دەکات و دەڵێ: دووبەرەکی لەنێوانیاندا هەیە و خواردەمەنیان نییە و، رووحییەتیان زۆر لاواز بووە، هەروەها باسی هاوکاریی نێوان تورکیا و عێراق و خیلاتی ناوچەکە و، هاتنی هێزی نوێ لە شوێنەکانی تری ئێرانەوە بۆ سەرکوتکردنی بارزانییەکان دەکات.

«تاکتیکێکی تری بارزانی کە لێهاتووانە بوو، ئەوەبوو دوای هەر زەبرێک لە سوپای ئێران نامەی دەنووسی و داوای وتووێژی دەکرد» (هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل١٩٩).

باڵەفڕەکانی سوپای ئێران کوێرانە گوندەکانی ناوچەکە بۆمباران دەکەن و بەم شێوەیە دەیەوێ خەڵکی ناوچەکە دژی بارزانی هان بدەن و بارزانی ناچار بکەن ناوچەکە بەجێ بێڵێت، بەڵام گەلی کورد لەو فڕوفێڵ و تاوانانەی دوژمن ئاگاداربوون و، بەگیان و بەماڵەوە پشتیوانی و تەنانەت بەشداریی شەڕیان لەگەڵدا دەکردن، زۆربەی هێرشەکانی بارزانی یان لە شەودا بوون، یان کەمین دانان بوون ئەویش نەک لە شوێنێک و ناوچەیەک، جاری وا هەبووە لە پشتەوەی بەرەی شەڕ هێرش دەکەنە سەر دوژمن.

دەگێڕنەوە کە بارزانی بەخەڵکی ناوچەکە، ئەوانەی دەیانەوێ بەشداریی شەڕ بکەن دەڵێ: «بەرۆژ لەگەڵ سوپای ئێراندا پێوەندی بگرن و بەشەو دەتوانن لەگەڵ ئێمە لە چالاکییەکاندا بەشداری بکەن».

فەرماندەکانی سوپای ئێران دیسانەوە داوای ئەو تۆپانە و ئەو ئەفسەرە دیل و هەڵهاتووانە دەکەن کە لای بارزانییەکان دەبن، بارزانییەکانیش لە وەڵامدا دەڵێن: «ئێمە ئامادەین تۆپ و ئەفسەرە دیلەکانی سوپای ئێران تەسلیم بکەینەوە بەمەرجێک واز لە بۆمبارانی هەوایی و پێشڕەوی بێنن». (هەمان سەرچاوەی پێشوو: ل١٢٢).

شێخ ئەحمەدی بارزانی ئەفسەرە دیلەکان ئازاد دەکات، بارزانییەکان شنۆ بەجێ دێڵن و دوژمن سەرەڕای ئەوەی هێزێکی زۆر لەگەڵ چەکدارکردنی ژمارەیەک لە خێڵی قەرەپەپاخ بۆ گرتنەوەی شنۆ ئامادە دەکات، کەچی ناوێرن پاش چۆڵ بوونیش بچنە ناو شنۆوە. «بارزانی شنۆ چۆڵ دەکات، بەڵام دوژمن دەترسێت بچێتە ناو گوندی شنۆوە و لەسەرەوە دەستووریان پێ دەدرێت کە نەڕۆن نەوەکو رووداوەکانی پێشوو دووپات ببنەوە و داویان بۆ ئێوە دانابێتەوە».

رێژیمی تاران لەنێوان عەشایری ناوچەکەدا بەباڵەفڕە ئاگەداری بڵاودەکاتەوە و ناوەرۆکی بەیانەکە دەڵێت: شێخەکانی ئێوە خیانەت بەئێوە دەکەن لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراق بۆ گەڕانەوەی خێڵی بارزانی بچووکترین دژایەتی نەکردووە و تەنیا شێخەکانی ئێوە بەهۆی تاوانباری و مەحکومیەتی خۆیان ئەم بەدبەختیەیان تووشی ئێوە کردووە و، بەرشتنی خوێنی ئێوە و ژن و منداڵی ئێوە دەیانەوێ لەو سزایەی لە عێراق چاوەڕێیان دەکات رزگاربن». (هەمان سەرچاوەی پێشوو- ل١٢٩).

«هەواڵ بەئەرکانی سوپای ئێران دەگات کەوا بارزانی و چەکدارەکانی، کاروانی بنەماڵەکانیان بەرەو عێراق بەڕێ دەکەن». (هـ. س. ل١٣٧).

سەرەڕای ئەم هەموو شەڕ و پێکدادانانەی بارزانییەکان لەگەڵ سوپای ئێران و ئەو وەزعە نالەبارە و مەترسییە گەورەیەی لەناوچوونی ئەو بنەماڵانە، لەلایەن سۆڤیەتییەکانەوە هەنگاوێک نەنرا بۆ ناوبژیوانی لەنێوان ئەوان و کاربەدەستانی ئێراندا، یاخۆ ئاگربەستێک تاتوانەوەی بەفر و گەڕانەوەیان بۆ عێراق.

خۆ باسی یارمەتی و پێوەندی بەبارزانییەکانەوە ناکرێت، بێ دەنگی و بێ پرسیارێتیی سۆڤیەتییەکان کە خواخوایان بوو لەبەرخاتری نەوتەکە بیانوویێک بەدەستی کاربەدەستانی ئێرانەوە نەدەن، ئەمە دوور لە مرۆڤایەتی و ئەو پرەنسیپانە بوو کە سۆڤیەت ڕای گەیاندبوو. هەڵوێستیشیان سەبارەت بە قازی و ئیعدام کردنی، جگە لە بێ وەفایی و بێ شەرمی شتێکی تر نەبوو. کاتی خۆیشی شێخ مەحموود لەگەڵ کونسوولی سۆڤیەت لە ڕەزائییە پێوەندی دەگرێت و نامەیەک دەنووسێت کە دەقی نامەکە لەیەکێک لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە و پێویست بە شیکردنەوە ناکات.

لە نامەیەکی تری شێخ ئەحمەد بۆ هومایۆنی- فەرماندەی هێزەکانی ئێراندا هاتووە:

«ئەوە هەر هێزەکانی ئێوە بوون کە هەمیشە هێرشیان کردووەتە سەر ئێمە و لەلایەن ئێمەوە هیچ دەستدرێژییەک نەکراوە، سەبارەت بەتۆپەکان ئێوە تۆپێکتان بەتەواوی کەلوپەلەوە لە شنۆ دەست کەوتەوە و تۆپێکی تر لە خاکی ئێران ماوەتەوە، دەتوانن لەڕێگەی شێخ عەبدوڵڵا سۆراخی بکەن و جێگەکەی بدۆزنەوە و بیبەنەوە، لەبەرئەوەی ئێمە ولاخمان پێ نەبوو ئەو تۆپە ڕاکێشێت بۆیە لەگەڵ خۆمانمان نەبرد، باڵەفڕەکانی ئێوە هەموو ڕۆژێک نێزیکەی بیست کەس لەژن و منداڵی ئێمە دەکوژن، سەبارەت بەئەسیرەکان ئێمە تەواوی ئەفسەرەکان و ئەوانی ترمان هەمووی تەسلیمی شێخ عەبدوڵڵا کردەوە و، جەهانبانی-شمان تەحویلی سەید کەمال داوە».

شێخ ئەحمەد لەنامەکەدا هەروەها داوا لە ئێرانییەکان دەکات تا: «باڵەفڕەکانیان با چیدی تەقە لەژن و منداڵ نەکەن کە کردەوەیەکی نامرۆڤانەیە و پێچەوانەی تەواوی یاسای نێونەتەوایەتییە، با خۆیان لابدەن» (هـ.س. ل١٣٩).

شێخ ئەحمەد لەگەڵ ژن و منداڵەکاندا بەرەو عێراق دەکەوێتە ڕێ و، لەگەڵ کاربەدەستانی عێراق لەسەر خۆتەسلیم کردنەوەیان ڕێک دەکەون، بەڵام پاشان وەک ئاشکرابوو دوور خرانەوە و زیندانی کران. مستەفا بارزانیش لەگەڵ ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان بۆ سەرلێشێواندنی هەم ئێرانییەکان و، هەم عێراقییەکان بەرەو ناوچەی بارزان دەکەوێتە ڕێ. لەلایەکەوە بەخۆبەدەستەوەدانی شێخ ئەحمەد دەیەویست وا نیشان بدات کە ئەوانیش ئامادەن و لەم بارەیشەوە بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەردوو ڕژێمی داگیرکەر هەندێ قسە دەکەن سەبارەت بەتەسلیم بوونەوەی بارزانی و چەکدارەکانی. دەسەڵاتدارانی ئێرانیش وەکو عێراق لایان وابوو کە کۆتایی بە شتەکە هاتووە و، بەتایبەتی ئێرانییەکان لایان وابوو کە بۆ هەمیشە بارزانی خاکی ئێرانی بەجێ هێشتووە، تەنانەت لە تیلگرام بۆ شا و تاران و، لە ڕۆژنامەکانی

ئێراندا ڕادەگەیەنن کە بارزانی سەرکوت کراوە و بەرەو عێراق هەڵهاتووە. (وەک چۆن لەکاتی وتووێژدا تیلگرام بۆ شا لێ دەدەن کە بارزانی هاتووە خۆی تەسلیم بکات)، بەڵام نەیانزانی بارزانی دەگەڕێتەوە و ئەمجارە بێ ژن و منداڵ زەبری کوشندەتریان لێ دەوەشێنێت. هەرچەندە ئێران و عێراق بەپێی ئەو ڕێککەوتننامەی پێشوو و ئاڵوگۆڕی زانیاری کە بۆ لێدانی بارزانی بەیەکەوە هەیانبوو، پاش گەڕانەوەی بارزانی بۆ ناو خاکی عێراق و خۆ تەسلیم کردنەوەی شێخ ئەحمەد و ژن و منداڵەکانیان، عێراقییەکان دەیانەویست بۆ خۆیان کۆتایی بەکێشەی بارزانییەکان بێنن و مستەفا بارزانی بگرن و شانازییەکە بۆ خۆیان بهێڵنەوە، بەڵام خەیاڵیان خاو بوو.

ئەرکانی سوپای عێراق داوای ڕوونکردنەوە لە فەرماندەکانی سوپای ئێران دەکەن کەوا چۆن بارزانی دەرچووە و ئێوە بەرەو سنووری عێراق پێشڕەویتان نەکردووە، بۆ دوایان نەکەوتوون و سەرکوتتان نەکردوون. (هـ.س. ل۱٤۲).

بەڵام ئاخۆ وەڵام و ڕوونکردنەوەی فەرماندەکانی سوپای ئێران چی بووبێت. ئەم جارە هێزێکی زۆر بۆ سەرکوت کردنی بارزانی و دواکەوتنیان بەرەو سنوور بەڕێ دەکەن (هـ.س. ل ۱٤٤).

ڕادیۆی تورکیاش ڕادەگەیەنێت کە بارزانی بریندار بووە، لەو کاتەدا بارزانی لەگەڵ تەها و زێرۆ بەگی هەرکی لە کێلەشین دەبن.

جەلال ئەفەندی کە ئەفسەری سوپای عێراق بوو لەگەڵ عەبدوڵڵا ئەفەندی کە لە ناوچەی هەولێر مامۆستا بووە، لەلایەن عەقید غەفارییەوە دەستگیر دەکرێن و، سەبارەت بەبارزانی پرسیاریان لێ دەکەن، بەڵام وەڵامی ئەوان سەرەڕای ئەو مەترسییە زۆرەی لەسەریان دەبێت بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ لە زمانی پەسیانەوە:

«تەواوی بنەماڵە بارزانییەکان گەڕاونەتەوە عێراق و تۆپ و ڕەشاش و چەکەکانی خۆیان تەسلیمی دەوڵەتی عێراق کردووەتەوە، بەڵام مستەفا بارزانی ئامادە نەبووە بچێتە ناو خاکی عێراقەوە و، لەگەڵ ژمارەیەک کە نێزیکەی چوار سەد چەکداری لێهاتوون دەیەوێ بچێتە بارزان، تا لەوێوە بتوانێت برادەرەکانی خۆی لەدەستی عێراقییەکان ڕزگار بکات، دەڵێن شەست کەس لە ئەفسەرانی سوپای ئێران لەگەڵ مەلا مستەفادان» (هـ.س. ل۱٤۷).

چۆنیەتیی گەڕانەوەی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و چوونە ناو خاکی کوردستانی باکورەوە و، شەڕ و پێکدادانیان لەگەڵ سوپای ئێران و، هەروەها دەربازبوونیان بۆ ناو خاکی یەکەتی سۆڤیەت، لە دۆکیومێنتەکان و هەروەها نووسراوەکانی پەسیان و مەسعود بارزانیدا هاتووە.

شا کە لە تەورێزەوە بەرەو خوی و ورمێ و مەهاباد بەڕێ دەکەوێت بەهێزێکی یەکجار زۆر و ئیحتیاتێکی زۆرەوە دێتە ناوچەکە و، هاتنەکەیش هەر بۆ پروپاگەندە و سیمبۆلی بووە، گوایە وڵات ئارامە و شوێنەواری دژی شۆڕش و خراپکاران –واتە بارزانییەکان– نەماوە، بەڵام لەناکاودا بارزانی دێتەوە ناوچەکە و ترس و لەرز لە پێشەوەی هەموویان شا و دەسەڵاتدارانی ئێران دادەگرێت، شا بەپەلە

بەرەو تاران دەکەوێتەڕێ، پەسیان لەم بارەیەوە دەنووسێت:

«سەیر لەوەدابوو کە هاتنی شا لە تەورێزەوە بەرەو خوی و ڕەزائییە لەگەڵ هاتنی مستەفا بارزانی و تفەنگدارانی ئەو بۆ ناو خاکی ئێران هاوکات بوو، ئاخۆ چ دەستێک لەهاتنی بارزانیدا بۆ ناو خاکی ئێران هەبوو و چۆن لەو کاتەدا بارزانی هێرشی بۆ ناو خاکی ئێران هێنا» (هـ.س. ل١٨١).

ئاخۆ هاتنی بارزانی لەو کاتەدا بە چ نیازێک بووە، تۆ بڵێی وا بیری نەکردبێتەوە کە بۆ کوشتنی ئەو هاتبێت، یان گاڵتەکردن بە شا و سوپاکەی، یان بارزانی دەیەوێ جارێکی تر نیشانی بدات ناترسێت و، گەر بیەوێت دەستی دەگاتە هەموو شوێنێک و، ئەو هەموو لەشکرە کە بۆ سەرکوتکردنی ئەو ناردراوە نەیتوانیوە بەئامانجی خۆی بگات. شا و ئەفسەرەکانی وایان دەزانی کە بارزانی هەر لە ڕاکردن و خۆشاردنەوەیە و لە ناوچەکەدا نەماوە و بەرەو سنووری سۆڤیەت کەوتووەتە ڕێ. گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات تا ئاودیوبوونی بۆ ناو خاکی سۆڤیەت کە بەشەڕی دووهەمی هێزەکانی دەوڵەتی ئێران لەگەڵ بارزانییەکاندا ناوبراوە، لەم بارەیەوە پەسیان دەنووسێت: «بارزانییەکان نێزیکەی بیست ڕۆژی تەواو لەناو چیای گەورەی ئاگری (ئارارات) و دۆڵ و چۆمە قووڵەکانی چیاکانی سەر سنوور خۆیان شاردبووەوە و پاش ئەوەی لە هەموو لایەکەوە هێزەکانی ئێران کەوتبوونە دوای، ڕایان کردە ناو خاکی سۆڤیەتەوە و دوور نییە کە -بەبۆچوونی نووسەر- پیلانێک بووبێت و دەستی هەندێ بێگانەی تێدا بووبێت لە دژی سەڵتەنەتی ئێران و، دەیانەویست بەپیلانێکی پیس و پڕ لە مەترسی کە پاشماوەیەکی تاڵی بۆ ئێران بەدواوە بێ هەنگاو هەڵگرن، بەڵام ئاخۆ سەرکەوتن یان سەرنەکەوتن، سوپای ئێران سەرەڕای ئەوەی لەبارەی ژمارەی چەکەوە زیاتربوون نەیانتوانی زیانێکی کاریگەریان لێ بدەن» (هـ.س. ل١٨١).

دیسانەوە دەڵێ: « تێپەڕبوونی بارزانی لە خاکی ئێرانەوە بۆ سۆڤیەت سەرەڕای هەبوونی سوپایەکی زۆر لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، کە لەوکاتەدا زیاتر لە پازدە سریەی پیادە و دوو فەوجی سوار و چەند هاوەن و دوو گرووپی هێزی ئاسمانی، بۆ سوپای ئێران مایەی شەرمەزاری بوو» (هـ.س. ل١٨٠).

«بارزانییەکان لەم بەری سنوورەوە ٢٠٤ دانە تفەنگی برنەو و ١٥ تفەنگی سیستمی و ١٦ دەمانچە و نێزیکەی ٦٠ نارنجۆک و ٢٥٠٠ فیشەک و ژمارەیەک ئەسپ و هێستر و وڵاخ و چەند گونیە جلوبەرگ لەسەر ڕۆخی ڕوباری ئاراس بەجێ دەهێڵن» (هـ.س.: ل١٧٨).

«کۆمیسیۆنێکی تایبەتی سوپایی کە لەم بارەیەوە ( واتە لە بارەی: چۆنیەتیی دەرچوونی بارزانی و ڕاپۆرتی درۆ و دەلەسەی ئەفسەرانی سوپای ئێران) لێکۆڵینەوەی کردبوو کەوا چۆن بارزانی (ڕای کرد) پلەی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی ئێران دادەگرێت و ژمارەیەکیش لەوان زیندانی دەکات» ( هـ.س. ل١٨١).

لەکاتی چوونی شا بۆ ورمێ و خوی و مەهاباد و هاتنی کتوپڕی بارزانی بۆ ناوچەکە دەردەکەوێ کە سەرەڕای ئەوەی سوپای ئێران بۆ لەناوبردنی بارزانی تەواوی ناوچەکە دەگرن و ژمارەیەکیشیان تەنانەت دەگەنە ناو خاکی تورکیا و لەگەڵ سوپاییبیانی سەر سنووری تورکیا پێوەندی دەگرن، بارزانی خۆی لە

سنوور دەرباز دەکات و دێتە پشتیانەوە و، کۆمیسیۆنی تایبەتی سوپایی ژمارەیەکیش لەو ئەفسەرانەی سوپای ئێران سزا دەدات و، بۆیان دەردەکەوێت کە ئەو کەرتانە هەوڵیان داوە لە ڕووبەڕووبوونەوەی بارزانییەکان خۆیان بپارێزن.

شێخ ئەحمەد بەکاربەدەستانی ئێرانی دەڵێت: «ئێمە تۆپەکان تەحویل دەدەینەوە و ئێرانیش بەجێ دێڵین، بەڵام ئیمکان نییە نەغەدە چۆڵ بکەین، لەبەرئەوەی ناکرێت پازدە هەزار کەس ژن و منداڵ و پیر و گەورە لە شنۆ کۆبکرێتەوە و، ژیانی ئەوان لەوێدا دابین بکرێت». (هـ.س. ل٢٥)

ڕووسەکان جگە لە مستەفا بارزانی و ئەفسەرە کوردەکان کە بەدەستەمۆی ئینگلیز و، شێخ ئەحمەدی برا گەورەی بارزانیش بەهەبوونی پێوەندی لەگەڵ ئینگلیز تاوانبار دەکەن و، ناهێڵن بێتە ناوچەی مەهاباد و بۆکان و، لەشنۆ دەبێت و چاودێریشی لەسەر دەکەن و بەکابرایەکی کۆنەپەرست و گومان لێکراوی(*) دادەنێن و هەتا ئاخریش هەرناهێڵن لەناوچەی شنۆ دەربچێت.

«بابەتێک کە لەم بارەیەوە سەرنج ڕادەکێشێت ئەوەیە بۆچی دەوڵەت پاش ئەوەی لەپەیمان شکێنیی بارزانییەکان تێ گەیشت هەلی بەمەلا مستەفا دا لە تارانەوە بگەڕێتەوە ناو هۆز و خێڵەکەی خۆی و (بەقەولی خۆیان) ئاژاوە دروست بکات». هـ.س. ل٤

لەپێنج لاوە بارزانییەکان گەمارۆ دران، لەلای ورمێ لە ڕێگەی دەرەی قاسملووەوە، لەلای مەهاباد و لەرێگای نەغەدە و پەسوە و خانێ و هێزێک لە جاشەکانی مەنگوڕ و مامەش و گرووپێکی هێزی هەوایی (٧) باڵەفڕەی هانیە و (٢) تایگرمۆس، نەکا ڕێگەی دەرچوونی هەبێت و یارمەتیی پێ بگات، ئەویش لەناوچەیەکی بچووکدا.

بارزانی گەشتێک بۆ ناو خێڵ و هۆزەکانی مامەش و مەنگوڕدا دەکات و دەزانێ دەوڵەت دەیەوێ لەدژی بارزانییان هان بدات، چەند جار پیاو دەنێرێتە لایان و پێیان دەڵێ:" ئێمە نامانەوێ شەڕی براکوژی بکەین و ئێوەش نابێ فریوی دوژمن بخۆن و ئێمە لە پێناوی کورد و کوردستان دەربەدەر بووین و زۆری پێ ناچێت ئێمە ئێرە بەجێ دێڵین". دوو کەس لەسەرۆک عەشایری مامەش دەگرن و ئێران هەوڵ دەدات بۆ ئازادکردنیان، بارزانی ئازادیان دەکات بۆ ئەوەی نیشان بدات کە توانای بەربەرەکانی و سزادانی ئەوانی هەیە و نایەوێ شەڕی براکوژی ببێت و گرتنی ئەو دوو کەسە ئاگادارکردنەوەی ئەوانی تر بوو کە نابێ بەکردەوەی وا هەستن، دوژمن دەیەوێ کورد بەدەستی کورد بکوژرێت. بارزانی زۆرتر پەرۆشی ئەو شتە بوو. هەر بۆ یەکەم جار پێش هێرشی هێزەکانی دوژمن سەردانی ناوچەکە دەکات و، سەرەڕای چەکدارکردنیان لەلایەن ڕێژیمەوە جەولەیەکیان بەناودا دەکات و سەرکەوتوویش دەبێت، شتێکی ئاشکرایشە ئەوانەیش کە چەکدار دەکرێن نایانەوێ بەرەو ڕووی بارزانییەکان ببنەوە، ئەگینا خۆ لەگەڵ

(*) هەڵبەتە هەرکێ بەفەرمانی ڕووسەکان و باقرۆفی کۆنەپەرست نەجووڵابێتەوە نازناوی (کۆنەپەرست) و (گومان لێکراو)ی لەم بەڵگەنامانەدا پێ دراوە. بلاوکەرەوە: ئاراس.

سوپای ئێران دەیانتوانی زیانێکی گەورە و چاوەڕوان نەکراو لە بارزانییەکان بدەن(*)، پەسیان دەڵێ: پاش وتووێژی غەفاری لەگەڵ بارزانی لەسەر بەردانی ئەو دوو سەرۆک خێڵە، بارزانی ئامادەبووە ئەوانە بەربدات بەمەرجێک دەوڵەتی ئێران تفاق و خواردەمەنییان بداتێ، بەڵام ئەو کاتە سوپای ئێران بۆ خۆی وەک پەسیان دەنووسێت: بەبێ خواردەمەنی مابوونەوە و لەخەڵکی ناوچەکە خواردەمەنییان وەردەگرت، سەرەڕای ئەوە بارزانییەکان لەلایەن خەڵکەوە هەر لە ڕۆژی یەکەمەوە جێگە و خواردەمەنی و پێداویستییان دراوەتێ و بۆ هەر شوێنێک چووبان خەڵک بەباوەشێکی ئاواڵەوە تا ئەوکاتەی ئاودیوی عێراق بوون پێشوازییان دەکردن و خواردن و جێگەیان دەدانێ. دابنێین وتەکەی پەسیانیش ڕاست بێت خۆ ئەوا بارزانی بەتیرێک دوو نیشانەی پێکاوە، بەڵام هەر دوورە لە ڕاستییەوە، جارێکیان لەناوچەی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ فەرماندەکانی سوپای ئێران دیسان داوای تەحویل دانەوەی ئەو تۆپانەی لەلای بارزانییەکان دەبێت، دەکەن و دەڵێن: چیتان دەوێ پێتان دەدەین، بارزانییەکانیش داوای خواردەمەنی دەکەن. بەهەرحاڵ هەرچەند پاشانیش ژمارەیەک لەگەڵ سوپای ئێران دژی بارزانییەکان جووڵاونەتەوە و شەڕیان کردووە، ئەوە جگە لە کارەسات بۆ گەلی کورد و سەرشۆڕی بۆ خۆیان هیچ شانازییەکیان دەست نەکەوت و، دیارە لە هەموو شۆڕشێکدا، لەناو هەموو گەلانێکدا پیاو خراپ و جاش هەر بووە و دەبێت، بەڵام ئەوانە بەنوێنەری خێڵ یان هۆزێک دەژمێردرێن، نەزۆربەیان بەو کردەوە بێ شەرمە هەستاون و، بگرە ژمارەی ئەوانە لەچاو ئەو خێڵ و هۆز و چەکدارەی، کە ٧ مانگی ڕەبەق پاش کۆماری کوردستان پشتیوانییان لە بارزانی کرد بەراورد ناکرێت. خۆ لەلایەکی تریشەوە ئەوەی ئامادەیی خۆی بۆ هاوکاری لەگەڵ ڕێژیم دەربڕیبوو، یان چەک و پارەی پێ درابوو، یان چەکیان لێ وەرنەگیرابووەوە، یان بەڵێنی عەفویان پێ درابوو مانای ئەوە نییە کە کابرا ئیتر چووەتە بەرەی شەڕەوە و بەدڵ و بەگیان شەڕی بۆ دوژمن کردووە و، بۆ دوژمن وەفادار بووە و گیان و ماڵی خۆی خستووەتە مەترسییەوە. خۆ ئەگەر ئاگەداری لاوازیی دوژمن لەو وەختەدا بوایەن، یان زانیبایان دوژمن هەم مەبەستی بەکوشتدانی ئەوان و هەم دوژمنایەتیی نێوان کوردە و، لەلایەکی ترەوە ئەگەر زانیبایان دوژمن هێندەی هێز هەیە، هەر پێویستی بەجاشیەتیی ئەوان نەدەکرد و قەت باوەڕی پێ نەدەکردن.

نووسراوەکەی پەسیان ئەم ڕاستییە لە چەند لاوە ئاشکرا دەکات و، پارت و ڕێکخراو و نووسەرەکانی کوردیش دەبێ زۆر ژیرانە ئەم دیاردە ناحەزە لەناو کۆمەڵگەکەمان باس بکەن و ژیرانە بجووڵێنەوە و ئاماژەی بۆ بکەن. ڕێژیمی ئێران لەو سەردەمەدا هەر لە کرماشانەوە بگرە تا ورمێ لە سنە و سەقز و بۆکان و مەهاباد ئەوەی دەستی کەوتبوو کۆی کردبووەوە و، لەگەڵ ژمارەیەک لە عەشایری قەشقایی و شاهسوون و قەرەپەپاخ ڕێکی خستبوون و هێزێکی لێ دروست کردبوون بەناوی هێزی عەشایر و لەگەڵ سوپای ئێراندا وەڕێی خستبوون، ڕێژیم هەم مانۆڕ و پروپاگەندەی پێ دەکردن و، هەم سیاسەتی (ئەگەر بکوژن

(*) لەناو خێڵانی کورددا هەم پشتیوان و لایەنگری بارزانی هەبووە و، هەمیش خائین و دەسکیزی دوژمن. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

هەر بەقازانجمانە، ئەگەر بشکوژرێن هەر بەقازانجمانە)ی پەیرەو دەکرد. تاوانبار کردنی ئەو خێڵ و هۆزە کوردانە کە بەدڵ و بەگیان و بەماڵ پشتیوانی کۆمار بوون و، بەبێ ئەوەی ناوی ژمارەیەک، یان ناوی هەندێ کەس بهێنرێت و وا لەقەڵەم بدرێت فلان و فیسار هۆز و خێڵ جاش بوون، چونکە ئەوانە لەکاتی کۆماری کوردستاندا باش بوون و، پاش خۆبەدەستەوەدانی ڕێبەرایەتی کۆمار هەموویان بوون بەجاش، بیر لەوە دەکرێتەوە کە ڕێکخراو و پارت و نووسەرە کوردەکان بەو شێوە ئیهانە و سووکایەتی بەزۆربەی عەشایر و هۆز و بنەماڵەکان دەکەن، بۆ نەوەکانیان چ دڵتەزێن دەبێت مۆرکی جاشەتییان پێوە بنووسێت و نووسینەکان دەکەن بەبەڵگە بۆیان و، زۆرکەس بەم شێوەیەوە بەنابەدڵی دەخەنە ڕیز و باوەشی دوژمنەوە، یان ڕێگەی بەشداری و چالاکییان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا لێ دەگرن.

کۆنەدوژمنی لەسەر زەوی و زار، یان لەسەر ژن و نامووس، یان لەسەر کوشتن، جاری وا هەبوو دوو هێزی کوردیان داوە بەگژ یەکتردا، ئەمەش بەهۆی بەرچاوتەنگی و نزمیی ئاستی بیرکردنەوە و نەزانین، یان ڕکابەرایەتیی نێوانیان بووەتە هۆی ئەوەی کە یەکێک یان پاڵ بەدوژمنەوە بدات و ناوی جاشییەتیی لەسەر دادەنرێت و، بۆ تۆڵەسەندنەوەی یەکتر تراژیدیا بۆ گەل و لە پێشەوەی هەموویان بنەماڵەکەیان پێک بێنن و نەوەکانیشیان هەر دەبێ ڕێوڕەسمی پێشینانی خۆیان بگرنەبەر و، ئەگەریش نەیگرنە بەر ئەوە دەبێ تاوانی باب و باپیرانیان بدەنەوە.

هەڵبەتە خەڵکی واش کەم نەبوون و نین کە دێنە ڕیزی پێشمەرگەوە. نە بۆ خەبات و کوردایەتی بووە، بگرە بەمەبەستی زاڵبوون بەسەر ناحەز یان دوژمنەکەیدا بووە، یان پەناگەیەکی بۆ خۆی دۆزیوەتەوە، ئینسانی هەلپەرست و ماددیش لە هەموو شۆڕشێکدا کەم نین، ئەگەر بەرژەوەندیی لە شۆڕشدا بوو، یان ئەگەر شۆڕش لە ناوچەکەدا بوو، دەسەڵاتی هەبێت ئەوا شۆڕشگێڕە، کە شۆڕشیش نەما و دوژمن (دەوڵەتی داگیرکەر) گەڕایەوە ئەوا دەبێتە جاش و، بۆی شەرم نییە چەک هەڵبگرێت، یان پاکانە و پەشیمانیی خۆی دەرببڕێت.

شکانی شۆڕشەکانی کورد یەک لەدوای یەک، ڕاونان و گرتن و کوشتنی خەڵک بەتایبەت ئەوانەی چەکداربووبن، یان چالاکییان نواندبێت، یان نانیان بەپێشمەرگە دابێت، یان یارمەتییەکی تر، بێ ڕەحمی و زۆرداریی داگیرکەرەکانی کوردستان بەبڵاوکردنەوەی پارە و چەک و پلە و پایەیە، کە دەیان ساڵە تەجروبە و ئەزموونی سەرکەوتنیان لەم بوارەدا هەیە، ئەمانە و زۆر هۆی تر کە پێشتر ئاماژەی پێ کرا، وەک ترساندن و بەزۆر چەکدارکردنیان و بێ دەرەتانی و بێ پەناگەیی و بێ پشتیوانی وا بزانم ئەگەر پاڵی بۆ کردەوەیەکی ناشایان بەهەندێ کەسەوە نابێت، ئەوە نابێ بەجیدەی وەربگیردرێت. زۆرجار خەڵک لەبەر ژیانی ناخۆش بۆ پەیداکردنی کار و پارووی نان دەچوونە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەت، یان بۆ دەرەوەی کوردستان، ئەگەر بەجاش لە قەڵەم نەدرابێت ئەوا بەچاوێکی خراپەوە سەیرکراوە.

زۆر ڕێکخراو و هێزی سیاسی، هەروەها کردەوەی زۆر کەس وایان لە خەڵک کردووە کە جێ و شوێنی خۆیان جێ بهێڵن، یان ئامادەی هاوکاری نەبن لەگەڵیاندا. زۆرجار هەڕەشە لە ئاغا و شێخ و مەلا و

مالیک کراوە، سووکایەتیان پێ کراوە، بەکۆنەپەست و چەوسێنەر و بێ وەفا لە قەڵەم دراون. یان دەستیان کردووە بەبەشکردنی زەویوزار و سامانی هەندێ لەوانە، بەبێ ئەوەی زەمینەی ئەو شتە ئامادە بووبێت. بۆ ئەوەی زۆر لە ڕووداوەکان دور نەکەوینەوە، باسی ئەو پێشنیازە نوێیانەی دەوڵەتی ئێران دەکەین کە لە ڕێگەی هومایۆنی و غەففاری دوو ئەفسەری پایەبەرزی سوپای ئێران پاش گەڕانەوەی بارزانی لە تاران دەکەین، ئەمانە لەگەڵ پێشنیازەکانی تاران جیاوازبوون و لەنەغەدە دەدرێنە شێخ ئەحمەدی بارزانی کە ئەمجارە ئەو پێشنیازانە دەدرێنە بارزانییەکان:

١- بارزانییەکان دەستبەجێ ئێران جێ بهێڵن.
٢- چەکەکانی خۆیان تەسلیم بکەنەوە و بەرەو هەمەدان بکەونە ڕێ.
٣- ئەگەر نا ئامادەی بەرەو ڕووبوونەوەی سوپای ئێران بن.

شێخ ئەحمەد هەروەک لە زۆر وتووێژ و جێگەدا دەری بڕیبوو دەڵێ: پێشنیازی یەکەممان پەسندە، بەڵام دەڵێ؛ پاش توانەوەی بەفر لەبەرئەوەی تەواوی ڕێگەکان بەستراون.

لەسەر پێشنیازی دووەم و سێیەم دەڵێ: ئێمە چەک تەسلیم ناکەینەوە و، نامانەوێ لەگەڵ سوپای ئێراندا شەڕ بکەین و، لەم بارەیشەوە ئێمە دەستپێشخەر نابین، بەڵام ئەگەر هێرشمان بکەنە سەر، ئەوا بەرگری لە خۆمان دەکەین.

بارزانی پاش چاوپێکەوتن لەگەڵ خێڵ و هۆزانی کورد پێیان ڕادەگەیەنێت کە ئێمە نامانەوێ لەگەڵ سوپای ئێران شەڕ بکەین و، کاتێ بەفر توایەوە دەگەڕێینەوە بۆ ئەودیو. بارزانی تەنانەت داوایان لێ دەکات چەکەکانیان تەسلیمی ڕێژیم نەکەنەوە و یارمەتیی ڕێژیم نەدەن. بۆ ماوەیەک بارزانی بەم شێوەیە ڕایان دەگرێت، بەڵام پاشان چەکی خۆیان تەسلیمی ڕێژیم دەکەنەوە و تەنانەت هاوکاریی ڕێژیمیش دەکەن.

لەلایەکی ترەوە دوور نییە هەڵەی هەندێ لە بارزانییەکان لەو دۆخەی هاتبووە پێش و، لەملاو لەولاوە دەنگوباسی جۆراوجۆریان پێ دەگەیشت و ساغکردنەوەیشیان ئاسان نەبووە و بووبێتە مایەی کارەساتی گەورە و، ئەگەر پێشیان نەگرتنایە گەورەتر دەبوون و بۆ هەردوولا پاشماوەیەکی خوێناوی تری بەدواوە دەبوو. بۆ وێنە بەڕێز مەسعود بارزانی لە نووسراوەکەی خۆیدا کە لە زمانی باوکییەوە یان بارزانییەکانی ترە بەناوی ڕووداوی سێڵوە باسی دەکات دەڵێ: بەپێی هەواڵی باوەڕپێکراو کە گەیشتبووە بارزانییەکان ژمارەیەک لە عەشایری مامەش لە دەوڵەتی ئێران چەکیان وەرگرتبوو و بەڵێن بەدەوڵەتی ئێران دەدەن کە شوێنە ستراتیجییەکانی کێوی سپیرێز و چۆمی گادەر داگیر بکەن، کە ئەو شوێنانە مەترسییەک بوون لەسەر بارزانییەکان، ئەوەبوو هێزێک لە بارزانییەکان لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٢/٢٣ بۆ پێشگیری لەم پیلانە دەچنە گوندی سێڵوە، سەرۆکەکانی مامەش لە تایفەی قەرەنی ئاغا لەوێ کۆبوونەوەیەکی گرینگیان دەبێت. دەستوور بەبارزانییەکان دەدرێت ئەوانە بگرن و بیانهێننە شنۆ و وەک بارمتە لەوێ بن تا بەم شێوەیە پێش لەو پیلانە بگرن، بەڵام لەبەر هەڵەیەک کە فەرماندەی بارزانییەکان داوای لێ کردبوون بەخۆیان و چەکەکانیانەوە تەسلیم بن، یەکێک لەوانە دەمانچەکەی خۆی دەردێنێت و کەس

نازانێت دەیەوێ تەسلیمی بارزانییەکانی بکات، یاخۆ خۆی پێ بپارێزێت، لەم کاتەدا لە دەرەوەی دیوەخانەکەدا لە هەموو لایەکەوە دەنگی تەقە دێت، ئەنجامەکەی ۱۲ کەس لە ئاغاکان دەکوژرێن لەگەڵ شەهیدبوونی دوو کەسی بارزانی و دوانی تریش بریندار دەبن و، ئەوانی تریش دەستگیر دەکرێن و لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە ئاغاکان لە گوندی شاولە و نەلۆس و پەسوە دەبەنە شنۆ، شێخ ئەحمەد لەم ڕووداوە زۆر نیگەران دەبێت و گیراوەکان ئازاد دەکات. ئەم کردەوەیە کاریگەرییەکی باشی لەسەر ئاغاکانی تر دەبێت.

لەناوچەی سۆما و برادۆست بارزانییەکان چەند جار لەگەڵ سەرۆک هۆز و خێڵی کورد کۆبوونەوەیان دەبێت، ئەوانە نەک تەنیا ئامادە نابن خۆیان تەسلیمی ڕێژیم بکەنەوە، بگرە لەگەڵ بارزانییەکاندا شان بەشانی یەکتر دژی سوپای ئێران شەڕ دەکەن و تەنانەت پێشنیاز و باسی بەردەوامیی شۆڕشیش دەکەن، یەکێک لەوانە تاهیر خانی سمکۆ دەبێت.

سەرکردەکانی کۆمار، داوایان لە خەڵک نەکردووە بەرگری بکەن، لەپێش هەموو هۆز و خێڵ و چەکدارێکی کورد ئەوان خۆیان تەسلیمی ئێران کردەوە و، بەربەرەکانی نەبوو تاکو جاش و باش دیاری بکرێت، بارزانیش پاشان هەر ئەوەندەی دەوێت کە چەکدار و خێڵ و هۆزەکانی کورد دژیان ڕانەوەستن و، مەبەستیش هەر ئەوەبوو ڕێگەیەک بدۆزێتەوە و بنەماڵەکان دەرباز بکەن و، نەیدەویست لەگەڵ سوپای ئێراندا بەرەوڕوو بێتەوە، نەیدەویست هەم خۆیان و هەم خەڵکی ناوچەکەیش تووشی زەرەر و زیان بێن.

پەسیان لەلاپەڕە ۹۲ی کتێبەکەیدا باسی هەندێ شت دەکات کە ژمارەیەک لە نووسەرانی کوردیش کردوویانەتە بەڵگە بەبێ لێکۆڵینەوەیەکی قووڵ، ئەویش پێوەندی بەعومەر ئاغای شکاک و کوڕی سمایل خانی سمکۆوە هەیە و، دەنووسێ: «کوڕی سمایل ئاغای سمکۆ قوباد لە ڕێگەی عومەر خانی شکاکەوە داوا لە کاربەدەستانی سوپای ئێران دەکات کە ئیزنی بدەن هۆزی شکاک دژی بارزانییەکان بکەونە شەڕەوە، ئەم پێشنیازە لەلایەن فەرماندەکانی سوپای ئێران لەناوچەکەدا دەدرێتە تاران تاکو لەم بارەیەوە دەستووری پێویستیان پێ بدرێت. ئەرکانی سوپای ئێرانیش دەستوورێک بۆ لیوا هومایۆنی وەک فەرماندەی لەشکری چوار بەم شێوەیەی خوارەوە دەدات: «لەوانەیە لەلایەن شکاکەکانەوە ڕووداوێکی چاوەڕوان نەکراو ڕووبدات، نەوەکو داوێکیان ئامادە کردبێت، دەبێ زۆر وریابن لە هێنانی هۆزی شکاک بۆ ناو کەرتەکانی سوپایی، دەبێ خۆتان بپارێزن، لەبەرئەوەی ئەفرادی ئەم خێڵە ماوەیەک لەگەڵ مەلا مستەفادا بوون و، بەهیچ شێوەیەک جێی خۆی نییە ئەوانە بێنە ناو ڕیزی هێزەکانەوە، لەوانەیە فڕوفێڵێکیان لەژێر سەردا بێت و گیروگرفتێکی نوێ بۆ هێزەکان دروست بکەن. بەتایبەتی پێویستە سەرۆکەکانیان لە ڕەزائییە بەنهێنی بخرێنە ژێر چاودێری و بەدەوروبەریاندا بێن و خزمەتیان بکەن. لەخانەکان (ئاغا و سەرۆک)ی تەرگەوەڕ و مەرگەوەڕ سوود وەربگیرێت، بەڵام نابێ ئەوانە لەگەڵاڵەکردنی گشتیی عەمەلیات، یان لە عەمەلیاتی کەرتەکاندا بەشداربن و سوودیان لێ وەربگیرێت». (هـ.س. ل۹۲).

زۆر زەحمەتە کەسێک بەوە باوەڕ بکات کوڕی سمکۆ کە لە چالاکییەکانی بزووتنەوەی کورد لە نێوان ساڵەکانی ١٩٤١-١٩٤٧ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا پشکداربووە و، باوکیشی هەر بەدەستی ئەو ڕێژیمە لەناوچووە، هەروەها یەکێکی وەک عومەر خان کە پاش گەلاوێژی ١٣٢٠ (هاوینی ١٩٤٠) و ڕاکردنی ڕەزا شا، لە دەربەدەری و زیندان گەڕابووەوە و چەند جار بەشداریی بزووتنەوەی کوردی کردبوو، هەروەها لە بزووتنەوەی ١٩٤١-١٩٤٦دا بەخێڵ و هۆز و پارەوە خزمەتی کردبێت، ئەم کارە بکات. گەرچی پەسیان خۆی دەڵێ: ئەمانە ماوەیەک هاوکاریی بارزانییەکانیان کردووە و بگرە پاش هەڵوەشاندنەوەی کۆماری مەهاباد و ئەو هەرەسە گەورە و، ئەو تراژیدیا مەزنەی کە بەسەر کورددا هات، تا بارزانی ئاودیوی سۆڤیەت نەبوو خۆیان تەسلیمی دەسەڵاتدارانی ئێران نەکردەوە.

عومەرخان وەزیری بەرگری، یان وەزیری شەڕی سمکۆ بووە، هەر ئەو شۆڕشەی کە بنەماڵەی پەهلەوی بەکوشتنی سمکۆ کۆتاییان پێ هێنا. قوباد ئەگەر بیەوێ هاوکاریی سوپای ئێران بکات بۆچی بۆ خۆی ناچێت و پێویستی بەوە نەدەکرد بچێتە لای عومەرخان و لە ڕێگەی ئەوەوە ئامادەیی هاوکاریی خۆی لەگەڵ سوپای ئێراندا دەربڕێت.

کاتێک کۆماری مەهاباد هەڵوەشایەوە و ئەو هەموو هێز و ئیمکاناتە بەفیڕۆچوون، خۆ ئەگەر سەرۆک هۆز و خێڵی کوردیش بەناچاری چەکیان تەحویل دابێتەوە، ئەوەیە کە جگە لەوە ڕێگەی تریان بۆ نەمابووەوە. کاربەدەستانی فێڵبازی تارانیش بانگیان دەکەن بۆ ورمێ و تەورێز و تاران و، میداڵ و پارە و دیارییان پێ پێشنیاز دەکەن و لەڕێگەی چاپەمەنی و ڕادیۆوە ڕادەگەیەنن کە ئەوانە هاتوون تەسلیم بن و هاوکاریی سوپای ئێران دەکەن، دیارە مەبەستی گڵاوی ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆرە جگە لە پروپاگەندە و دووبەرەکی خستنە ناو ڕیزی گەل هیچ شتێکی تر نەبووە، گریمان تەسلیم بوون و ئامادەیی خۆیان لەشەڕ دژی بارزانی دەربڕی، ئەی بۆ باوەڕ و متمانەیان پێ ناکەن بەتەنیاش دژی بارزانی شەڕ بکەن، ئەی بۆ بانگ دەکرێنە ورمێ و تاران و تەورێز و، ناهێڵن تەنانەت بشگەڕێنەوە ناو خێڵ و هۆزی خۆیان، بۆ نەیان ناردوون بۆ بەرەکانی شەڕ، بۆ دەخرێنە ژێر چاودێری و لە هەمان کاتیشدا دەخرێنە ژێر نەوازی و پاڕانەوە و بەسەر و باڵایاندا هەڵدەڵێن!

دەبێ بزانین تا کۆماری کوردستان هەڵنەوەشایەوە کەس تەسلیم نەبوو، نووسەری وا هەن ڕووداوی پاش نەمانی کۆماری کوردستان لەگەڵ کاتی کۆماری مەهاباد تێکەڵ دەکەن و دەرخواردی خوێنەرانی ساکاری دەدەن، کارێکی ناڕەوایە بڵێی خیانەتی هۆز و عەشایر لە کۆماری کوردستان، یان پاشان لە بارزانی بوو بەهۆیەکی گەورەی تێکشکانی هەردوو لا.

خۆ بەدەستەوەدانی سەرکردەکانی کۆمار شتێکی کتوپڕ و لەناکاو و چاوەڕوان نەکراو بوو، ئەو هەموو چەکدار و سەرۆک هۆز و نیشتمانپەروەرە کە درابوونە دەستی قەزا و قەدەر، خۆ ڕێگەیان بۆ سۆڤیەت نەبوو، بانگیش نەکرابوون، یان دەبوایە تەسلیمی ئێران، عێراق، یان تورکیا بن، یان شەڕی مان و نەمان بەبێ ڕێکخستن و مەبەست بکەن، بۆ دەبێ ناوی جاش و خیانەتکاریان لێ بنرێت (ئەم باسە

هەڵدەگرین بۆ بڵاوکردنەوەیەکی تایبەتی کە نووسیومە).

لە گەرما و گەرمی شەڕی بارزانییەکان چەند ڕاپۆرتێک لەلایەن فەرماندەکانی سوپای ئێران لەناوچەکەدا دەدرێتە ئەرکانی سوپای ئێران گوایە بارزانی دەست لەشەڕ و بەربەرەکانی هەڵناگرێت و، چوونی ئەو بۆ ناوچەی ماکۆ و خوی و شاپوور (سەلماس) بۆ ئەوەیە خێڵە چەکدارەکانی کورد کە هێشتا خۆیان تەسلیم نەکردووە کۆبکاتەوە، چوونی بارزانی بۆ ئەوێ ڕۆیشتن بۆ سۆڤیەت نییە، ژمارەی چەکداری خێڵی جەلالی بەسەرۆکایەتیی عومەر ئاغای جەلالی و عەشایری مامەش و زەرزا و شکاک زیاتر بە پێنج هەزار کەس لەلایەن ئەفسەرانی ئێرانەوە بەراورد دەکرێن، ئەویش پاش کۆماری مەهاباد.

شتێکی تر پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، ئەوەیە کە بارزانی و بارزانییەکان نە تەنیا لەلایەنی ئێران و عێراق و ئینگلیز و سۆڤیەتەوە خرابووە ژێر پاڵەپەستۆ و بەنابەدڵی سەیریان دەکردن و نەیاندەویست لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بمێنێتەوە، بگرە حەمە ڕەشید خانی بانەیش کە لە ناوچەکەدا دەسەڵاتی هەبووە، بەدڵی نەبووە نەک تەنیا بارزانی بگرە کەسێکی تر لە ناوچەکەدا ڕۆڵی هەبێت.

کاتی خۆیشی بەهۆی ئەو پێوەندییەی حەمە ڕەشید خان بە ئینگلیزەوە هەیبووە، ئینگلیزەکانیش زۆر هەوڵیان داوە لە ڕێگەی ئەوەوە تەنگ بە بارزانییەکان هەڵچنن، هەروەها زۆر هەوڵیان دا لە نێوان حەمە ڕەشید خان و ئێراندا ناوبژی بکەن و، دەسەڵات یان پۆستێکی پێ بدەن بۆ ئەوەی نەکەوێتە ژێر کاریگەریی مەهاباد، بەڵام هەستی نەتەوایەتیی حەمە ڕەشید خان و پاشان کە دەکرێ بەفەرماندەی هێزی ناوچەی بۆکان و پلەی جەنەراڵی پێ درا و، لەلایەن کۆماری کوردستانەوە بەرپرسیاریەتی و دەسەڵات و چەک و تەقەمەنیی پێ درابوو، ئەمە ڕۆڵی زۆری لە ڕاگرتنی حەمەد ڕەشید خاندا هەبووە، هەروەها پێوەندیی کۆن و نوێی حەمە ڕەشید خان بەئینگلیزەوە لەلای سەرکردایەتیی کۆماری کوردستان ئاشکرا بووە، وەنەبێت ئەمە لەبەرچاو نەگیرابێت، بەڵام هەبوونی بارزانی لەو بەرە گرینگەدا لە هێڵی پێشەوەی بەرەی دوژمن، واتە نێوان سەقز و بۆکان کە مەترسیی هێرشی دوژمن زۆر لەوێوە دەکرا و بەتایبەتی کە هێرشی دەهێنا بۆسەر پایتەختی کۆماری مەهاباد، بەهۆی بارزانییەکانەوە نەبوایە زەحمەت بوو متمانە لەسەر هێزی تر و تەنیا حەمە ڕەشید خان بکرێت، ئەوەبوو کە باڵانسێکی هێز لە ناوچەکەدا دروست ببوو. هۆزی دیبوکری و ئێلخانی زادەیش بەهۆی ئەو ناکۆکییە کۆنەی لەگەڵ بنەماڵەی قازیدا هەیانبوو و لە ناوچەکەدا بوون، ئەمانە هەمووی سیاسەتێکی ژیرانەی دەویست وەزعەکە لەناوچەکەدا ڕابگرێت، هەر واش بوو.

بەبۆنەی کۆبوونەوەیەکی گرینگی کوردەکان (بارزانییەکان و چەند کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان) لە باکۆ لە ڕێکەوتی ١٩٤٨/١/١٩دا بارزانی مەبەستی خۆیان بەوردی و هەمەلایەنە باس دەکات، پێویستە ئاماژە بۆ هەندێ شت بکرێت (بڕوانە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد ١٩٤٥-١٩٥٨ نووسینی مسعود بارزانی- کوردستان ١٩٨٧)، لەم کۆبوونەوەدا باسی گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان دەکرێت، بارزانی لە چەوسانەوەی گەلی کورد لەلایەن ڕێژیمە داگیرکەرەکانی

ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا دەدوێ و، هەروەها خەباتی گەلی کورد دژی ئەم ڕێژیمانە باس دەکات ئەمە بۆ خۆی زۆر شت دەگەیەنێت و دەسەلاتدارانی سۆڤیەت هیچ کاتێک لەگەڵ ئەوە نەبوون کێشەی کورد بەگشتی باس بکرێت، بەتایبەتی ئەویش لە سۆڤیەت و لەشاری باکۆ لەبن گوێی شۆڤێنییەکی دژ بەکوردی وەک میر جەعفەری باقرۆڤ کە سەرۆک کۆمار و سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤیەتی بوو، ئەو کەسەی بەشێکی کوردستانی ڕۆژهەلاتی بە ئازەربایجانی باشوور دەزانی و نەیدەویست کۆماری کوردستان لە مەهاباد ڕابگەیەندرێت و، بەسەرکردەکانی کوردی گوتبوو کێ بەئێوەی گوتووە کۆماری کوردستان ڕابگەیەنن، هەر لەسەرەتاوە پێشنیازی ئەوەی کردبوو کوردەکانی ڕۆژهەلات لەژێر دەسەلاتی ئازەربایجانی باشووردا بن، ئەو باقرۆڤەی پیلانی گواستنەوە و دەرکردنی کوردەکانی کوردستانی سووری لە ١٩٣٧ و ١٩٤٤دا تەواو کرد، (پیلانەکە لە ١٩٣٠ کاتی هەڵوەشانەوەی کوردستانی سوور دەستی پێ کرد و لە ١٩٣٧ قۆناغی دووەمی ڕاگواستنەوەی بەکۆمەڵی کوردەکانی ئەوێی جێبەجێ کرد، لە ١٩٤٤دا قۆناخێکی تری بەبیانووی لایەنگیریی کوردەکان لە ئەڵمانیای نازی، پاشماوەکەیانی ژمارەیەکی یەکجار کەم نەبێ، دەربەدەر کران و بەشەمەندەفەری گواستنەوەی ئاژەڵ و بار، بەشەو و لەسەرمادا دوورخرانەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست، بەتایبەتی بۆ کازاخستان، ئەوانەی تر کە لەوێ مانەوە لەترسانا خۆیان بەئازەری لەناو و بنەماڵە و نەتەوەوە بگرە هتد... لەقەڵەم دا).

ئەو باقرۆڤەی یارمەتییەکانی سۆڤیەتی لەبارەی چەک و تفاقەوە کە بۆ بەرژەوەندی کرێملین بۆ ئازەربایجان و کوردستان تەرخان کرابوو نەیدەهێشت بگاتە کوردستان. ئەو باقرۆڤەی دروشمی سەربەخۆیی کوردستانی بەپیلانێکی ئیمپریالیزم دادەنا و، هاتنی بارزانیی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات بەپیلانێکی ئینگلیز لەقەڵەم دابوو و، بارزانیشی بەپیاوی ئینگلیز دەزانی و، نەیدەویست بارزانی لە کوردستانی ڕۆژهەلات بمێنێتەوە. بەلام خۆی داوای یەکگرتنی هەردوو ئازەربایجانی دەکرد، ئەوەی یارمەتی سۆڤیەت بوو تەرخانی کردبوو بۆ ئەم مەبەستە و، جگە لە ناردنی چەند هەزار کادیر و پسپۆری ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ئازەربایجانی ئێران، لە مامۆستاوە بگرە تا دکتۆر و ئەندازیار و کەوادیر و ئەفسەری سوپایی و سیخوڕ، بۆ ئەو شتێکی ڕەوا بوو، بەلام بۆ یەکگرتنی کورد و هاتنی بارزانی ڕەوا نەبوو. لە بارەی هاتنی بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ سۆڤیەتیش لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە پێویست ناکات ئاماژەیان بۆ بکەین. بەلام لە ئەنجامدا باقرۆڤ دەیویست بارزانی (بۆ ئاژاوەنانەوە) بگەڕێنێتەوە ئازەربایجانی ئێران تا دژی دەوڵەتی ئێران شەڕ بکات، ئەمە هەم قازانجە و، ئەگەر بشکوژرێت لەبەرئەوەی کورد بوو هەر بەقازانجە. بەلام پلانی گەڕانەوەی فیرقەییەکان (ئازەربایجانی ئێران) و توودەییەکان و پشتیوانیی باقرۆڤ بۆ ئەم مەستە کە بۆ هەڵگیرساندنەوەی دووبارەی شۆڕش لە ئێران لەلایەن کرێملینەوە ڕەت دەکرێتەوە و دەیان هەزار ئازەری و توودەیی لە سۆڤیەت مانەوە و درانە دەستی قەدەر و، ژمارەیەکیش کە ڕەخنەیان لە سۆڤیەت گرتبوو زیندانی کران و دوورخرانەوە، یان لەداریان دان.

باقرۆڤ کە لە مەبەستی بارزانی و هاورێکانی لە سۆڤیەت تێ دەگات، بواری ئەوە نادات پێکەوە بن.

فێری زانست بن و چالاکیی سیاسییان هەبێت، زۆر هەوڵیش دەدات بارزانییەکان لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێری خۆیدا بهێڵێتەوە نەک مۆسکۆ. (چەند ڕاپۆرت کە لە ئارشیڤ دەرم هێناون ئەم ڕاستییە دەسەلمێنن، هەروەها نووسراوەکەی سودا پۆلاتۆڤی سیخوڕی کرێملین کە وەرم گێڕاوەتە سەر کوردی).

با بگەڕێینەوە سەر کۆبوونەوەکەی باکۆ کە بارزانی ڕاپۆرتێکی گرینگ و گشتی و هەمەلایەنە (لەسەردەمی خۆیدا بێ وێنە بووە) سەبارەت بە کوردستان ئاراستەی بەشداران دەکات و باسی چاوەڕوانیی ١١ ملیۆن کورد دەکات، باسی گەڕانەوەی خۆیان، باسی ڕابردووی پڕ لە شانازی و خوێناویی گەلی کورد و باسی دەوڵەت و ئەمارەتە کوردییەکان لە کوردستان دەکات و دەڵێ:

گەلی کورد زیاتر لە هەموو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئازادیی خۆی قوربانیی داوە) لای بارزانی حزبی دیموکراتی کوردستان هەریەک حزب بووە و، بەیەک حزبی دادەنێت و دەڵێ: ئێستەیش خەباتی گەلی کورد لەژێر دەستی ئەم پارتییەدایە و دەڵێ: حزبی ئێمە پێش دوو ساڵ لە مەهاباد دروست کرا. پێویستە ئەوەیش بگوترێت لەم کۆبوونەوەیەدا چەند کوردی ڕۆژهەڵاتیش کە لە باکۆ دەبن وەک ئەندامانی بەڕێوەبەرایەتی لەگەڵ بارزانییەکاندا هاوبەش هەڵدەبژێردرێن، بارزانی لەم وتارەدا دەڵێ: زۆربەی ئەندامانی پارتی دیموکراتی کوردستان گیران، زۆربەی ڕێکخراوەکانی حزب لەناوچوون و بەتەسلیم بوونی زۆربەی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و بڵاوبوونەوەی دەسەڵاتی حکوومی لە ناوچەی مەهاباددا حزب زیانی لێ کەوت.

بارزانی لەم وتارە گرینگەیدا زۆر جار ئینگلیز و ئەمەریکا لە پەیمانی سیڤەرەوە بگرە تا کەوتنی کۆماری مەهاباد تاوانبار دەکات کە لە دامرکاندنەوەی بزووتنەوەی کورددا ڕاستەوخۆ دەستیان هەبووە. بەتایبەتی باسی ئەو شۆڕشانە دەکات کە شێخانی بارزان سەرکردایەتییان کردووە و بەشداریی لەشکری ئینگلیز لە ١٩١٨-١٩٤٧ لە عێراقدا بۆ سەرکوتکردنی بزووتنەوەکانی کورد باس دەکات، ئەمانە هەمووی بۆ سەرکردەکانی سۆڤیەت بەس نەبوو (جگە لەو نامانەی کە بارزانی بۆ سەرکردەکانی سۆڤیەتی نووسیوە و، دەیان فاکتی زیندووی هێناوەتەوە کە ئینگلیز بەزۆر کوردستانی باشووری بە عێراقەوە نووساندووە). لە چ ڕوانگەیەکەوە، بەکام فاکتەوە، یان بەڵگەوە بارزانی بەپیاوی ئینگلیز تاوانبار دەکرێت، کەس تێ ناگات.

هەر لەم کۆبوونەوەیەدا بۆ وێنە باسی نوری سەعیدی سەرۆک وەزیرانی دەوڵەتی عێراق دەکات کە کابرایەکی دەستەمۆی ئینگلیز بووە، لە شوباتی ١٩٤٧دا پێشنیازی پێکهێنانی لەشکرێکی تایبەتی و ڕێکوپێک لەلایەن عێراق و تورکیا و ئێرانەوە دەکات بۆ لەناوبردنی هەر جووڵانەوەیەکی کورد، هەر ئەو نوری سەعیدەی دواتر سۆڤیەت بەیارمەتیی کوردان لەناویان برد و، بەوتەی سۆدا پۆلاتۆڤ کوردەکان ڕۆڵێکی سەرەکییان لە لەناوبردنی ئەو پیاوەدا هەبووە کە سەر بەئینگلیز بووە. بارزانی هەر لێرە باسی دوژمنایەتیی ڕەگەزی و نەتەوایەتی و ئایینی و ئەرزیی نێوان سێ دەوڵەتی داگیرکەری کوردستان دەکات و دەڵێ: «بەڵام لەبەر کێشەی کورد ئەوانە یەکیان گرتووە». جارێکی تر بارزانی بۆ ڕاکێشانی سۆڤیەت

بۆلای کورد و نەهێشتنی ئەو شک و گومانەی لە سەری دەبێت، باسی بەستنی پەیمانێکی سیاسی و ئابووریی حکوومەتی کورد لە داهاتوودا لەگەڵ یەکەتی سۆڤیەتدا دەکات، باسی بەستنی بەرە لەگەڵ هێزە پێشکەوتووەکانی ئەو وڵاتانە لەگەڵ کورد و هاوکاری لەگەڵ ئازەربایجانییەکان و بەشکردنی زەوی و یاسای کار و هاوکاری و خەباتی دژی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی و نەهێشتنی پاشماوەی دەرەبەگایەتی و ئاغایەتی و خێڵی و نەتەوەگەری و ئایینی دەکات، ئەو دروشم و بەرنامانەی کە سۆڤیەتییەکان لایان گرینگ بوو و، پێیان خۆش بوو.

بارزانی بەئیمانێکی قووڵەوە سووربوونی خۆی بۆ گەڕانەوە و درێژەدان بەخەبات بۆ ئازادکردنی کوردستان دەردەبڕێت و، باسی ئەو دەوڵەتانە دەکات کە تازە پێک هاتوون و دەڵێ: بۆ دەبێ ئێمەیش ئەو مافەمان نەبێت؟ (ئەم وتانە هەر تووڕەبوونی سۆڤیەتییەکانی تیابوو و بەس، چۆن بەبێ پارتی تودە و پارتە کۆمۆنیستەکانی تری وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بڕیاری وا دەدرێت!).

لە کۆبوونەوەی ١٩٤٨/١/١٩دا باسی یارمەتیدان و بەهاناهاتنەوەی کوردەکانی ڕۆژهەڵات پاش کۆماری کوردستان بە بارزانییەکان دەکرێت و، باسی نیشتمانپەروەریی زۆربەی سەرۆک هۆز و خێڵەکان دەکرێت لە کاتی بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ سوپای داگیرکەر و دواخستنی لەشکری ئێران و تورکیا و عێراقدا، لە فرمێسک ڕشتنی ژنانەوە بگرە تا هێنانی جلوبەرگ و خواردەمەنی و بەشدارییان لەگەڵ بارزانییەکاندا، تا ئەوەتی لە هیوای گەڕانەوەی نێزیکیان بۆ دەکەن. ئەمەش بەڵگەیەکی ترە بۆ بەرپەرچ دانەوەی ئەو نووسەرانەی باسی خیانەتی هەندێ ئاغا و دەرەبەگەکانی کوردیان کردووە، تا بەو شێوەیە دۆڕاویی سۆڤیەت و سەرکردەکانی کۆمار پینە بکەن. هەرچەند لە جێگەیەکی تردا دەڵێ لە دنیادا هیچ میللەتێک نییە چەند کەسێکی خاین و وڵاتفرۆشی تێدا هەڵنەکەوێت، بۆ وێنە باسی عومەرخان دەکرێت کە لەبەر چەوتیی سیاسەتی سۆڤیەتییەکان پێوەندی بە ئەمریکاییەکانەوە دەگرێت؛ بەڵام هەرچۆنێک بێت ئەمانە لاوەکی بوون.

بارزانی کە لە سۆڤیەت لەژێر کۆنترۆڵ و چاودێریی دەزگاکانی پاراستنی سۆڤیەتدا دەبێت، نەتوانیویە لەگەڵ هاوڕێکانی لە کوردستاندا پێوەندیی هەبێت و، نەئەوانیش توانیویانە پێوەندیی پێویست بە بارزانییەوە بگرن، ئەمەش بۆخۆی زۆر شت دەگەیەنێت، لە نامەیەکی جەلال تاڵەبانیدا کە لە پایتەختی چینەوە بۆ بارزانی لە ڕێکەوتی ٥/١٠/١٩٥٥ (پاش مردنی ستالین) دەنووسێت و وەک هاوڕێ و سەرۆکی مەزن و جەنەراڵ ناوی دەهێنێت (بڕوانە مسعود بارزانی - سەرچاوەی ناوبراو - ل ١٩٦ تا ٢٢٩). دیارە، دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت نەیانهێشتووە و بۆ خۆشیان وەسیلەیەکی ئەوتۆیان پێک نەهێناوە تا بارزانی لەگەڵ وڵات و هاوڕێکانیدا پێوەندیی هەبێت و لە نامەکەدا دیارە هاوڕێکانی بارزانی لە وڵاتدا پەرۆشی بارزانی و، نەبوونی پێوەندین، هەروەها پرس کردن بە بارزانی کە هەڵوێستی چییە و نیازی چییە و هەڵوێستی سۆڤیەتییەکان چییە، چۆنیەتیی باری ژیانیان لە سۆڤیەت، نەبوونی ئەمانە هەمووی دیارە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێت. لە باتی ئەوە دەکرا لە ڕێگەی باڵیۆزخانە و کونسوڵ و کەناڵەکانی ترەوە پێوەندی هەبێت، یان کەناڵێک هەبێت، یان کەسێک بێتە لایان، یان لێرەوە کەسێک

دیاری بکەن هاتووچۆی ئەویٰ بکەن، ئەمانە هەمووی دەکرا.

خۆ ئەگەر ستالین نەمردبایە ئەم نامەیە نەدەگەیشت، نە بارزانی لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵ دەهاتە دەرێ و، نە دەیتوانی بگەڕێتەوە وڵات، هەندێ جار مرۆڤ سەری سوڕ دەمێنێت کە بارزانییەکان چۆن تەحەمولی ئەم ژیانە نالەبارەیان کردووە.

لەم نامەیەدا جەلال تاڵەبانی کە نازناوی پیرۆت بووە سۆڤیەتی وەک پاڵپشتی گەلانی چەوساوە و دۆستی هەرە گەورەی کورد لە قەڵەم داوە، ئەم وتەیە دەربڕینی هەست و هیوای گەلی کورد بوو، تا ڕووخانی سۆڤیەت؛ بەڵام هیچ شتێک کاری نەکردە سەر سۆڤیەت تا هەڵوێستی خۆی بەرامبەر بە کورد بگۆڕێ.

لە نامەیەکی تری جەلال حیسامەدین تاڵەبانیدا دووپاتی ئەوە دەکاتەوە (ڕێکەوتی ١٩٥٧/٧/٣٠ هەمان سەرچاوە) کە نەیانتوانیوە پێوەندیی پێویست بە بارزانییەوە بکەن و، ماوەیەکی دوورودرێژ لە یەکتر بێ خەبەرن و، داوا لە بارزانی دەکات کە لە بیروڕا و ڕێنوێنییەکانی خۆی و هاوڕێیانی سۆڤیەت ئاگەداری بکەنەوە، بەڵام مخابن.

لەلایەکی ترەوە داوا لە بارزانی دەکات بڕوا بەهاوڕێیانی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤیەت بهێنێت تا بۆ ناردنی وەفدێکی حزبی (مەبەست پارتییە) پەسندایەتی وەربگرێت؛ بەڵام...

لەم بەڵگەنامانەدا کە بۆ جاری یەکەمە بڵاودەبنەوە، هەڵوێست و ڕوانگەی فەرمانبەرانی دیپلۆماسی و سوپایی و هەندێ لە کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە ئێراندا بەرامبەر بەکێشەی کورد دەردەکەوێت (لێرە بۆچوونیان بەرامبەر بەو کوردە تێکۆشەرانە و لە سەرەوەی هەموویان مستەفا بارزانی دیار دەبێت و خۆی دەنوێنێت). گەرچی سۆڤیەت هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئوکتۆبەرەوە (١٩١٧) هەڵوێستێکی نالەباری سەبارەت بەخەباتی گەلی چەوساوەی کورد گرتووەتە بەر بەهۆی پێوەندی باشی لەگەڵ تورکیا و ئێراندا. بەتایبەتی لەگەڵ ئەتاتورک و ڕەزا شا خۆی لە کێشەی کورد نەداوە و، لە زۆر بەڵگە و دۆکیومێنتدا گەلاڵە و دروشمی سەربەخۆیی کوردستانیان بەپیلانێکی ئیمپریالیزم ناوبردووە. گوایە لە داهاتوودا ئەگەر کوردستان ببێتە دەوڵەتێکی سەربەخۆ دەبێتە پێگەیەکی سوپایی بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوا دژی سۆڤیەت، تا شەڕی دووەمی جیهانی ئاوڕێکی لەم گەلە هەژارە نەداوە سەرەڕای ئەوەی سەرکردەکانی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان زۆرجار دەستیان بۆ ڕێبەرانی سۆڤیەت درێژ کردووە و داوای یارمەتییان کردووە، کە شەڕی دووەمی جیهانیش دەست پێ دەکات و سوپای سوور دێتە ئێران و لە بەشێکی کوردستاندا هەندێ لە کەرتەکانیان جێگیر دەبێت، بەپێی ڕاپۆرتەکانی فەرمانبەرانی سۆڤیەت لە ئێران هەر گەلی کورد بووە کە بەئاشکرا و چالاکانە بەهانایانەوە دەچن و لە هیچ یارمەتییەکی ماددی و مەعنەوی درێغی ناکەن. ئەگەر لە شوێنەکانی تری ئێراندا سوپای ڕەزا شا بۆ ماوەیەک بەرەنگاری سوپای سوور بوون، لە کوردستاندا زۆربەی سەرکوتکەرانی سەر بەسوپای ئێران بەدەستی خەڵک چەک کران، ئەگەر لە ئێران لە هەندێ شوێن دژی سوپای سوور خراپکاری دەکرا، لە کوردستاندا ڕژێمی ئێران نەیتوانی ئەم پیلانە

جێبەجێ بکات، لە کوردستان کەس نەیدەوێرا پشتیوانی لە فاشیزمی ئەڵمان بکات. سۆڤیەت و ئینگلیز و ئەمریکاش نیازیان ئەوە بوو، ئەگەر تورکیا کەوتبایە شەڕ دژی هاوپەیمانان، کورد چەکدار بکەن و دژی تورکیا بەکاریان بێنن. بەکورتی پشتیان بەکوردی ئێران و تورکیا بەستبوو، لە کوردستانی باشووریشدا (عێراق) لە کاتی فەرمانڕەواییی ڕەشید عالی گەیلانی کە بەئاشکرا لایەنگیریی فاشیەتی دەکرد، هیوایەکی گەورەیان بەکوردی ئەوێ بەستبوو (بۆ ئەوەی دوور نەکەوینەوە ئەم بابەتە بۆ کاتێکی تر هەڵدەگرین).

بەهاتنی کوردە شۆڕشگێڕەکانی کوردستانی باشوور وەک میرحاج و هەڤاڵەکانی و، دواتر مستەفا بارزانی، لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) چاویان بەکاربەدەستانی سۆڤیەتی دەکەوێت، وتووێژی میرحاج لەگەڵ کاربەدەستانی سۆڤیەت و، نامەی بارزانی بۆ ستالین و مۆلەتۆڤ و، هەروەها مەبەستی هاتنیان لە دۆکیومێنتەکاندا دەردەکەوێت، پێویست بە شیکردنەوەیان ناکات؛ بەڵام پێویستە بگوترێت کە ئینگلیز لەسەرکوتکردنی شۆڕشی کورد لە کوردستانی باشووردا ڕاستەوخۆ دەستی هەبوو و لای کەسیش ئەم ڕاستییە شاراوە نییە، هەرچەند بارزانی وەک سەرکردەیەکی شۆڕش داوا لە ئینگلیز دەکات واز لە شەڕی دژی کورد بێنێت و داوایش لە سۆڤیەت دەکات (وەک هاوپەیمانێکی ئینگلیز) کە نەهێڵێت چیتر سوپای ئینگلیز و باڵەفڕە شەڕکەرەکانی دژی کورد بەکار بهێنرێت، گەرچی زاتسیێڤ باڵیۆزی سۆڤیەت لە بەغدا بەوردی لەسەر ڕووداوەکانی کوردستانی باشوور کاربەدەستانی سۆڤیەت ئاگادار دەکاتەوە، جێی داخە بارزانی بەپیاوی ئینگلیز دادەنێت و هاتنەکەیشی بۆ ئاژاوەنانەوە لە قەڵەم داوە و داوای دەرکردنیشی دەکات، پێش ئەوەی چارەنووسی گەلی کوردیان لە پێش چاو بێت، پێش ئەوەی بارزانی وەک سەرکردەیەکی شۆڕشی کورد لە بەشێکی کوردستان بناسرێت و مۆری ئەم تاوانەیشی هەرپێوە دەبێت تا دێتە سۆڤیەت و تا لە سۆڤیەتیش دەگەڕێتەوە. تاوانبار کردنی بارزانی لەلای فەرمانبەرانی سۆڤیەت بیانوو بوو، خۆکێشانەوە بوو، بۆ ئەوەی پشتیوانی یان ئاوڕدانەوەیەک لە کورد نەکەن. لەم کەین و بەینەدا هەراوهۆریای چاپەمەنییەکانی عێراق و ئێران و تورکیا و ئینگلیز، جگە لەوەیش بەڕێگەی دیبلۆماسییەوە پاڵەپەستۆیەکی زۆر دەخەنە سەر سۆڤیەت (تەنانەت لە هەندێ کوردی ئێرانیش) کە نەک تەنیا ڕوو نەداتە بارزانی و هاوڕێیانی؛ بگرە وا لە بارزانی بکەن کە لەوێش نەمێنێت و دووربخرێتەوە. کاربەدەستانی ئازەربایجانی (هەم ئازەربایجانی سۆڤیەت و هەم ئازەربایجانی ئێرانیش) وەک باقرۆڤی سکرتێری پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجانی سۆڤیەت ڕۆڵێکی گڵاو و نامرۆڤانەیان دژی بارزانی و دژی بزووتنەوەی کورد بەگشتی هەبووە.

ڕەنگ بێت هەندێ کەس پاش نەمانی سۆڤیەت و تێپەڕبوونی ٥١ ساڵ بەسەر نووسینی نامەی بارزانی بۆ ستالین و مۆلەتۆڤ بەهەڵەی بزانن، یان ڕەخنەیەکی گەورەی لێ بگرن؛ بەڵام ڕاستییەکەی ئەوەیە، هەلومەرجی ئەوکاتە و سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد و بۆمباران کردنی بارزانییەکان لەلایەن باڵەفڕەکانی سوپای ئینگلیزەوە، پشتیوانی کردنی ئەمریکا و ئینگلیز لە ڕێژیمی تاران، نەبوونی دۆستێک بۆ کورد کە یارمەتیی ماددی و مەعنەویی لێ وەربگرێت و... هتد، پاڵی بەبارزانییەوە نا ئەم

نامەیە بنووسێت. ئەوە بوو سۆڤیەت دروشم و لافی ئەوەی لێ دەدا کە پشتیوانی لە گەلانی بن دەست و چەوساوە دەکات، بەو هیوایەی ئەم لاف و دروشمانەیش بۆ کورد بەکردەوە بێتە دی. ئەوە کورد نەبوو کە زۆرجار پەنای بردووتە بەر سۆڤیەت و تووشی هەڵە بووە؛ بگرە ئەوە سۆڤیەت بووە، تووشی هەڵە بووە.

بەشێکی تر لە دۆکیومێنتەکان، دەکرێ ناویان بنێین بەشی دووەم، دەگەڕێنەوە بۆ پاش کۆتایی هاتنی کۆماری کوردستان (مەهاباد)، دەتوانین بڵێین پاش ڕاگەیاندنی وازهێنان لەبەربەرەکانیی دەسەڵاتدارانی تاران و پاراستنی ئەو دەستکەوتانە بوو کە ماوەی ٥ ساڵ بوو وەدەست هاتبوون و، هەندێ لە ئاواتەکانی لەمێژینەی کورد لە بەشێکی کوردستان هاتبوونە دی و هیوای گەلی کوردی لە بەشەکانی تری کوردستان بۆ بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی بۆ هەمىو گەلی کورد بەهێز کردبوو. بەداخێکی گرانەوە ئەم هیوایە نایەتە دی، لێرەدا مەبەست شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و هۆکانی تێکچوونی کۆماری کوردستان نییە؛ بەڵام دوو شتی گرینگمان لەم دۆکیۆمێنتانەدا بۆ دەردەکەوێت، ئەویش ئەوەیە، بەپێی ئەم دۆکیومێنتانە دەتوانین بڵێین کە بارزانی و هاوەڵەکانی توانییان بەهێزێکی کەمەوە بەرامبەر بەسوپای ئێران ڕاوەستن و زیانێکی گەورەیان لێ بدەن و تووشی شکانێکی گەورەیان بکەن (سەرەڕای ئەوەی کە سوپای عێراق و تورکیاش بۆ لەناوبردنی بارزانییەکان هاوکاریی ئێرانیان دەکرد). ئەگەر ئەو هێزەی کۆماری کوردستان بۆ پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کورد بەکارهێندرابایە، کۆماری دیفاکتۆی کوردستان لەو کاتەی، کەمتر لەیەک بەش لە سێ بەشی دەوڵەتانی سەربەخۆی ئەمڕۆ لەدنیادا بوو، بەلەبەرچاوگرتنی هەلومەرج و بارودۆخی ناوخۆ و جیهان و ناوچەکە، ئاخۆ کوردیش نەیدەتوانی بگاتە سەربەخۆیی خۆی. کاتێک ٥ ساڵ وتووێژی سەرکردەکانی کورد لەگەڵ ڕێژیمی تاراندا نەیتوانی یەکێک لە داخوازەکانی گەلی کورد بهێنێتە دی، بۆ دەبوو داوای مانەوە لە چوارچێوەی ئێراندا بکرێت؟ کۆمارێکی ڕاگەیەندراو بەداوودەزگایەکی ڕێکوپێک و، بەهێز و چەک و جبەخانەیەکی زۆرەوە لە ناوچەیەکی ئازادکراو بۆ دەبێ کۆتایی پێ بێت؟ چ گەلێک سەربەخۆیی یان کۆماری خۆی ڕاگەیاندووە و لەبەرامبەر دوژمنانیدا هەوڵی پاراستنی نەداوە؟

لایەنێکی تری گرینگی ئەم دۆکیومێنتانە ئەو ڕاستییە دەردەخات کەوا کاربەدەستانی تاران هەتا چ ڕادەیەک پەرۆشی بەربەرەکانیی بارزانییەکان و هەندێ لە کوردەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوون و، لەوە دەترسان بزووتنەوەی کورد سەرلەنوێ دەست پێ بکاتەوە، چەند هەوڵ دراوە لە ڕێگەی کونسوڵەکانی ئەمریکا و ئینگلیز و تورکیا و عێراقەوە و، لە چاوپێکەوتنیان لەگەڵ فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە ئێراندا مەبەستی بارزانییەکان تێ بگەن. لەوە ترسابوون بارزانی درێژە بەبەربەرەکانی بدات و، پەنابەری سۆڤیەت نەبێ. پاش ئەوەی بارزانی دەگاتە سۆڤیەت، بۆ ماوەیەکی زۆر گەڕانەوەی ئەو بۆ ئێران و عێراق دەکەوێتە سەر زاری خەڵک و، ئەمە کاربەدەستانی تاران و بەغدا زۆر پەرێشان دەکات و، ئەم هەواڵانە لەلایەن هەردوو ڕێژیمەوە زۆر بەجیدی وەردەگیرێت، بەتایبەتی پاش سەرنەگرتنی پرۆژەی نەوتی ئێران و سۆڤیەت.

بەربەرەکانێی بارزانییەکان بوو بەهۆی ئەوەی ڕێژیم نەتوانێت لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەشەپۆڵ ڕق و تووڕەیی خۆی هەڵڕێژێت و خەڵکێکی زۆر لەناوبەرێت، دەربازبوونی هەندێ لە تێکۆشەران و

پێشمەرگەکان هیوایەکیان لەناو خەڵک بۆ دوارۆژی کورد زیندوو کردبووەوە.

بارزانی هەڕەشەی نەکردووە؛ بگرە پەیتا پەیتا چ پێش ئەوەی بێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و، چ لەکاتی هاتنی لەچەند لاوە خەریک بووە، بەرێگەی ئاشتی و بەیارمەتیی زلهێزەکان چارەسەری کێشەی کورد بکات، جگە لەو نامانەی لەگەڵ پارتی هیوادا دەیانێری بۆ نوێنەرانی دەوڵەتە گەورەکان، پەیمانی سیڤەر دەکات بەبەڵگە و داوای جێبەجێ کردنی دەکات، تەنانەت لە نامەیەکدا ئامادەبوونی خۆی دەردەبڕێت کە کورد لەژێر چاودێریی سۆڤیەتدابێ، یان کوردستان یەکێک بێت لە کۆمارەکانی سۆڤیەت بۆ ئەوەی لەدەست تورک و عەرەب و فارس ڕزگاری بێت. لەلایەکی ترەوە بارزانی بەهەموو هێز و توانای خۆی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات دەمێنێتەوە تا پشتگیری لە کۆماری مەهاباد بکات، ئاخۆ هەندێ لە سەرکردەکانی ئەمڕۆ جگە لە ڕێگەگرتن، عەقڵیەتی پێش ٥٣ ساڵ لەمەوبەری سەرکردە و ڕێکخراوە کوردییەکانیان هەیە. ئاخۆ بەهانای یەکترەوە دێن، ئاخۆ کوردەکانی باشوور چۆن بۆ سەقامگیرکردن و پاراستنی کیانێکی کوردی هاتنە کوردستانی ڕۆژهەڵات، ئەمڕۆ ئەو هەستە لەلای پارت و ڕێکخراوەکانی تری پارچە دابەشکراوەکانی تری کوردستانی بن دەست بۆ کوردستانی باشوور هەیە، یان دێن بۆ ئاژاوە نانەوە و زیاد کردنی ئەو ئاڵۆزییە و پەرەدان بەشەڕی براکوژیی نێوان لایەنە کوردییەکان، ئەو نێوچە سەربەخۆیەش کە هەیە دەخەنە مەترسییەوە و هەندێکیان دەڵێن؛ ئەو کیانە ئیمپریالیزم دروستی کردووە و پیلانێکە دژی کوردە و دەبێ ئێمە ئەو پیلانە تێک بدەین.

د. ئەفراسیاو هەورامی

٨ی شوبات ١٩٤٤

ژمارە ٢١

**وتووێژی جێگری کونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز مارچنیکۆ. س. یی لەگەڵ کونسوڵی عێراق لە تەورێز نەدیم دوجەیلی**

لە ڕێکەوتی ٨ی شوباتی ١٩٤٤ کونسوڵی عێراق هاتە لام و لەسەر بارودۆخی عێراق پرسیارم لێ کرد. وتی: لە شوباتی ١٩٤٣ لە باکوری عێراق سەرکردەی کوردەکان بەناوی شێخ مستەفا (مەبەست مستەفا بارزانییە) سەرپێچیی خۆی بەرامبەر بە دەوڵەتی عێراق ڕاگەیاند. هۆی ڕاپەڕینەکەی ئەو دژی دەوڵەتی ئێمە، گوایە لە کاتی خۆیدا قەند و شەکر و کارگە نەگەیشتوونەتە ناوچە کوردنشینەکان. دەوڵەتی عێراقیش دەستبەجێ بۆ لابردنی ئەم کەموکوڕی و ئاژاوەیە هەنگاوی هەڵگرت و ئەو کێشەیە چارەسەر کرا و، گوایە ئێستە شێخ موستەفا میوانی سەرۆک وەزیرانە لە بەغدا.

دوایی وتی: بڕیارە بەم زوانە پێوەندیی دیپلۆماسیی نێوان سۆڤیەت و عێراق ببەسترێت، پاشان ئەو سەبارەت بەجیاکردنەوەی مەهاباد و سەردەشت و بانە لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە ناوەندەکەی شاری ڕەزائییەیە و، وا بڕیارە ئەم شارانە و سەقزیش بخرێنە سەر پارێزگای کرماشان پرسیاری لێ کردم وتی: ئاخۆ ڕاستە بڕیارە ئەم شارانە سەر بە ڕەزائییە نەبن و، لە چوارچێوەی پارێزگای کرماشان ڕاستەوخۆ سەر بەدەوڵەتی ناوەندیی تاران بن؟ هەروەها وتی: هەڵوێستی ئێوە بەرامبەر بەتاڵانکردن و ڕێگریی کوردەکان لەم ناوچەیەدا چییە؟ بە وتەی ناوبراو ئەو پێشنیازە سەبارەت بەو شارانە کەوا سەر بە کوردستانی ناوەندی بن (مەبەست سنە و کرماشانە) لەلایەن کوردەکان خۆیانەوە بووە.

منیش لە وەڵامدا وتم: ئەم هەنگاوە شتێکی نا سروشتی نییە لەبەرئەوەی کوردەکان هەمیشە و هەموو کاتێک بەرەو لای ڕەزائییە کە پایتەختی کۆنی ئەوان بووە و ناوەندێکی ئابوورییانە دێن و حەز دەکەن سەربەئێرە بن. پاشان وتم: هەوڵدان بۆ ئەوەی ناوچە کوردنشینەکان لە چوارچێوەی بەڕێوەبەرایەتییەکی یەکگرتوو و تایبەتدا بن، بەکردەوە هەر بەردەوامیی ئەو هەوڵدان و پلانە ڕووخاوە بوو کە لە ساڵی ١٩٤٣دا ویستیان لە ناوەندی کوردستان کۆمیتەیەکی گشتیی کوردی (مەبەست ژێکافە - هەورامی) پێک بێنن.

لەبارەی ئەم پرسیارەوە پێم وت: ئێمە ناتوانین سەبارەت بەم پرسە بێ لایەن بین، لەبەرئەوە سوپای ئێمە لەم ناوچانە مۆڵی داوە، بۆیە ئێمە یارمەتیی کاربەدەستانی خۆجێیی بۆ سەقامگیربوونی ئارامی و ڕێکوپێکیی ناوچەکە دەکەین. دوجەیلی

بەبۆچوونەکەی من ڕازی بوو. سەبارەت بەپرسیاری یەکەم وتم: زۆربەی ڕووداوەکانی کوردستان لە دەرەوە هان دەدرێن (دەستی دەرەوەیان تیادایە). ناوبراو پێش ئەوەی بێتە ئێرە بۆ لای من، چاوی بە کونسوڵی ئینگلیز «ریپ – REP» کەوتبوو. بۆیە من پێم وایە هاتنەکەی دوجەیلی بۆ لای من بەدەستووری ئینگلیز بووە کە دەیانەوێت لەناوچە کوردییەکان هەنگاوێک بنێن...

جێگری کونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز – مارچنیکۆ

***

**تێبینی:** دەڵێن درۆزن کەم زەینە، هەر ئەو کونسوڵەی عێراق و کونسوڵەکانی تریشیان لە کرماشان و شوێنەکانی تر، هەر جارێک بەشێوەیەک ڕاپەڕینی گەلی کورد بە درۆ و دەلەسە لە قەڵەم دەدەن، (لە چاوپێکەوتن لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت) جارێک بەلایەنگیری بارزانی لە هیتلەر، لە سۆڤیەت، لە ئینگلیز، جارێکیش بە تاوانی ڕێگری و ڕاووڕووت، بەدژی ئیسلام و ئوممەی عەرەبی و، لێرەش ڕاپەڕینی کورد بۆ قەند و شەکر و چارەسەرکردنی ئەو پرسە، باس دەکرێت.

سەبارەت بەجیاکردنەوەی مەهاباد و شارەکانی تر لە ورمێ و پێشنیازی ئەوەی سەر بە کرماشان و دەوڵەتی ناوەندی بن، ئەو شتە هەبووە ڕوونکردنەوەیەکم لەم بارەیەوە هەیە هیوادارم ئەویش بڵاو بکرێتەوە. بەڵام لێرە دەمەوێ ئەوە بڵێم، ماوەیەک سەرکردەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەو کێشەیەوە خافڵ نەبوون، لەلایەک ئێران و ئینگلیز دەیانویست ئەو ناوچەیە خۆیان کۆنترۆڵی بکەن، هەم بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی کوردستان بکەن و لە دەستی سۆڤیەت بێتە دەرێ و لەلایەکی تر سۆڤیەتییەکان پێیان خۆش نەبوو ناوچەکە بەهەر شێوەیەک بووە بکەوێتە ژێر کۆنترۆڵ یان کاریگەریەتیی ئێران و ئینگلیز. ئازەرییەکانیش پێیان خۆش بوو کوردەکان لە کاروباری ورمێ و ناوچەی ماکۆ و خوی و سەلماس کە بەزۆر لکێندراون بە ئازەربایجانەوە و، ناوی ئازەربایجانی ڕۆژئاوایان لێ ناوە، سەر بە کوردستان بن.

چەندجار قازی محەمەد لەگەڵ قەوام ئەلسەڵتەنە و کاربەدەستانی تری ئێران لەسەر ئەم کێشەیە قسە دەکات، قازی و ژمارەیەک لە کاربەدەستانی دەسەڵاتی کوردی مل بۆ ئەم پلانە دەدەن کە ئەو ناوچانە سەر بە ورمێ نەبن، گەرچی قازییش باسی کرماشان و سنە دەکات و، جارێکیان قەوام دەڵێت: دەیانکەینە پارێزگەیەک و پارێزگارێکی کوردی بۆ دادەنێین، لەوانەیە قازیش ببێتە پارێزگاری، واتە باسی خودموختاری و... هتد، لەبیر بچێتەوە. گەرچی دواییش هەر پەشیمان بوونەوە و، جگە لە قسە و خافڵاندن شتێکی تری بەدواوە نەبوو. مەبەستم ئەوەبوو کە هێنانە کایەی ئەم پرسیارە بەهەرلایەکەوە بووبێت یان لە داهاتوودا باس بکرێت ئەوە چاوپۆشی کردنە لە خاکی کوردستان. بەختەوەرانە ئێستە سەرەڕای ئەوەی سەدان ساڵە ورمێ و ئەو ناوچەیە گۆڕانی نەتەوەییان تێدا دەکرێ، شاری ورمێ زۆربەی کوردن و، لە تێکدانی قەوارە و سیمای شارێکی کوردستان تووشی شکان بوون، ڕووداوە مێژووییەکەی

قەلاّی دمدم بەقارەمانییەتی و تراژیدیایەکەی خۆی لەگەلّ ژمارەیەک فاکتدا نیشانەی پاراستنی ئاخی کوردستان و گەلی کوردە کە لەم ناوچەیەدا رووی داوە.

***

## لە راپۆرتی کاپیتان (نەقیب) ڤیلیچیڤیسکی(*)

پاش راپۆرتێکی دوورودرێژ سەبارەت بەبزووتنەوەی کورد لە کوردستانی باشوور (کوردستانی عێراق) بەسەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی و، بەشداریی ئینگلیزەکان لەگەلّ سوپای عێراق دژی کورد، دەلّێت: ئینگلیز بلاّویان کردبووەوە کە مەلا مستەفا کابرایەکی کافرە و بەلشەفیکە و کێشەی کورد و ئیسلامی بە رووسەکان فرۆشتووە و ...هتد.

**لەلایەکی ترەوە دەلّێت:** ئینگلیز کاتێک زانیان بزووتنەوەی کورد بەرێبەرایەتیی بارزانی رۆژبەرۆژ پەرەدەسێنێت و، هێزی هاوبەشی عێراق – ئینگلیز لە ماوەی ئەم چەند سالّەدا نەیانتوانیوە سەرکوتی بکەن، چەندجار نوێنەری خۆیان دەنێرنە لای بارزانی بەلاّم دەسەلاّتدارانی عێراق ئامادەی جێبەجێکردنی داخوازییەکانی کورد نابن، تورکیاش هێزی خۆی لەسەر سنوور لەگەلّ عێراق کۆدەکاتەوە و، بالّەفرە جەنگییەکانی تورکیا بەمەبەستی ناساندن و لێدانی کوردەکان بەچالاکی هەلّدەستن.

**ڤیلیچیڤیسکی دەلّێت:** بەلاّم بالّەفرەکانی ئینگلیز بەشێوەیەکی کێوییانە بۆمبارانی ناوچە کوردنشینەکان دەکەن و، خەلّکێکی زۆر کە زۆربەیان ژن و منالّ و پیر دەبن دەکوژرێن و، چەند گوندیش کاول دەکرێن و، لێرەوارێکی زۆر ئاگر دەگرێت.

**پاشان دەلّێت:** جارێکیان بالّەفرەکانی ئینگلیز بەهەلّە کۆچەرەکانی کوردی خێلّی هەرکییان لەسەر سنووری عێراق و ئێران بۆمباران کرد، نێزیکەی ۲۰ کەس کوژران. سەرەرای بەشداریی ئینگلیز لە شەرِ دژی بزووتنەوەی کورد، رێبەرایەتیی کورد بەلەبەرچاوگرتنی شەری دووەمی جیهان و بەمەبەستی راگرتنی ئینگلیز لەگەلّ سوپای عێراق لە دژایەتیی کورد، بارزانی نامەیەک بۆ دەولّەتی ئینگلیز دەنووسێت و دەلّێت: شەری ئێمە دژی ئینگلیز نییە بگرە دژی دەسەلاّتدارانی عێراقە کە گەلەکەمان دەچەوسێنێتەوە، داواتان لێ دەکەین واز لە سەرکوتکردنی گەلەکەمان بێنن. لە نامەیەکی تردا بۆ ستالین و مۆلەتۆڤ، بارزانی داوای ئەوە دەکات، رێبەرایەتیی سۆڤیەت داوا لە ئینگلیز بکەن واز لە سەرکوتکردنی گەلی کورد بێنێت و، دەلّێت: کردەوەی ئینگلیز دژی هەموو یاسایەکی نێونەتەوایەتییە. پاش ئەوە بارزانی لەگەلّ چەکدارەکانی و ژمارەیەکی زۆری بنەمالّەوە بەرەو کوردستانی ئێران دەکەونەرێ.

**دەلّێت:** ئەوانە لەکاتی شەرکردنیان لەگەلّ رژێمی عێراق هەموو سەر و سامان خۆیان لەدەست داوە و

(*) ئەم راپۆرتە کورت کراوەتەوە و لەکاتی خۆی نەقیب ڤیلیچیڤیسکی ئەم راپۆرتە و چەند راپۆرتێکی تر لە کوردستانەوە دەنێرێت بۆ سەرکردە و کاربەدەستانی سۆڤیەتی، بەتایبەتی سەرکردایەتیی پارتی کۆمۆنیست و کۆمینترۆن و دەزگاکانی پاراستن. د. هەورامی.

ئێستە لەوپەڕی هەژاری و نەداریدا دەژین. بارزانییەکان دەیانەوێت پاش پشوودان بگەڕێنەوە عێراق و، درێژە بەخەباتی خۆیان دژی دەسەلاتدارانی عێراق بدەن و، دەیانەوێت بۆ ئەم مەبەستەش هەندێ هۆزی تری عێراق و هۆزی هەرکی لە کوردستانی ئێران بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و، لەوانەیە بۆ بەهار بگەڕێنەوە کوردستانی عێراق.

ڤیلیچیڤیسکی پاشان باسی دروست بوونی پارتی هیوا دەکات، کە ڕێکخراوێکی پێشکەوتوو بووە و تەنانەت **دەڵێت**: بەئاشکرا لایەنگیریی سۆڤیەت دەکات، بەڵام **دەڵێت**: پاشان ئینگلیز دەست دەخاتە ناو ئەم پارتە و دەبێتە ڕێکخراوێکی سەر بەئینگلیز.

ڤیلچیڤیسکی باسی هەندێ ئەفسەری کورد دەکات بۆ نموونە: میرحاج و خۆشناو و **دەڵێت**: گوتیان ئامادەین لەگەڵ سوپای سۆڤیەت بەشداریی شەڕ دژی فاشیزم بکەین و، دەیانەوێت بچنە بەرەی شەڕی سۆڤیەت - ئاڵمان و، بۆ ئەم مەبەستەش لە ئابی ١٩٤٣دا میرحاج-یان ناردە لای ئێمە لە مەهاباد و دەیانویست لەم بارەیەوە چاویان بە فەرماندەی سوپای سوور لە ئێران بکەوێت، منیش سوپاسم کرد بەرامبەر بەو هەستەی لە ئاست ئێمەدا هەیانە و، وتم گەلانی سۆڤیەت ئەوەندە هێز و توانایان هەیە فاشیزم تێک بشکێنن.

بەڵام ڤیلیچیڤیسکی لە جێگەیەکی تردا **دەنووسێت**: دوور نییە ئینگلیز ئەمانەیان ناردبێت.

لەبارەی مستەفا بارزانیش **دەنووسێت**: برای بچووکی شێخ ئەحمەدی بارزانییە، بەپێچەوانەی برای خۆی و شێخەکانی تری بارزان، مستەفا بارزانی خوێندەوارە و، بەکولتوورە و، مرۆڤێکی نیشتیمانپەروەرە، پێشکەوتووخوازە، شێخەکانی تری بارزان بەپێچەوانەی مستەفا لەژێر کاریگەریی ئینگلیزدان. هەر ئەو ڤیلیچیڤیسکییە لە کتێبێکی خۆی بەناوی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد تووشی دژایەتییەکی زۆر لە نووسراوەکەی خۆیدا دەبێت، بەتایبەتی لەبارەی بارزانی، لەلایەکەوە واپیشان دەدات بزووتنەوەی کورد بەهاندانی ئینگلیز بووە، لەلایەکی ترەوە هاتووچۆی نوێنەرانی ئینگلیز بۆ لای بارزانی بۆ وتووێژ دەکاتە بەڵگە و فاکتێکی گەورە و، دەیەوێت بڵێت، بارزانی پیاوی ئینگلیزە و، پلەی جەنەرال (مایۆری)یان پێی داوە.

لە شوێنێکی تردا **دەڵێ**: هەندێ ئەفسەری پێشکەوتووی کوردی سوپای عێراق بەهۆی بیروباوەڕی دیموکراتییەوە لەلایەن ئینگلیزەوە دەگیرێن و بەبیانووی لایەنگیری لە فاشییەت دوور دەخرێنەوە بۆ عەمارە (هەر ئەوانەی لەوێ ڕایان کردووە میرحاجیان ناردبوو بۆ مەهاباد و، ئامادەیی خۆیان دەربڕیبوو بچنە بەرەی سۆڤیەت - ئاڵمان).

پاشان **دەنووسێت**: شێخ ئەحمەد بەپێچەوانەی مستەفا بارزانی لایەنگیری ئینگلیزە، ئینگلیز لە کپ کردنی بزووتنەوەی کورد بەڕێبەرایەتیی بارزانی ڕۆڵی گرینگیان هەبووە.

سەبارەت بەهاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات **دەڵێت**: ئینگلیز هەر لەوێش (کوردستانی ئێران) بڵاویان کردبووەوە کە بارزانییەکان لایەنگیری ئینگلیزن.

هەر لەو کتێبەدا **دەڵێت**: بارزانی لە کۆماری مەهاباد پلەی جەنەراڵی درایە و کرا بەفەرماندەی گشتیی هێزەکانی کۆماری مەهاباد ئەمەش بوو بەهۆی نیگەرانیی ئینگلیز.

***

**لە بارەی کوردە هەڵهاتووەکانی عێراق**

کوردەکانی مەلا مستەفا کە ژمارەیان دوو هەزار بنەماڵەیە، زۆربەیان لە ناوچەی شنۆ و سولدوز و مەهاباد نیشتەجێ کراون؛ بەڵام هەموو کوردەکانی ناوچەکە لە دڵەوە پێشوازییان لە هەڵهاتووەکان نەکرد. ئەوانەی چالاکانە بەشدارییان لە پێشوازی کردن و یارمەتیدان و سەقامگیربوونی بارزانییەکان کرد، سەرۆکە کوردەکان وەک شێخ سەعید عەبدوڵلا، ڕەشید بەگ، سەعید ئەحمەد و... هتد بوون، ئەمانە بۆ خۆیانیش لە کوردە عێراقییەکانن، کوڕی شێخ سەعید، عەبدوڵلا سەید عەزیز لە سوپای عێراقدا خزمەتی کردووە و، پلەی نەقیبی هەبووە و، لەگەڵ هەڵهاتووەکاندا هاتووەتە ئێرە و، لەلای باوکی خۆی ماوەتەوە. زستانی پڕ لە سەرما و سۆڵەی ١٩٤٥-١٩٤٦ بووەتە هۆی ئاڵۆزترکردنی باری ژیانی هەڵهاتووەکان کە بەتەواوی شوێن و جێیان بۆ جێبەجێ نەبووە. زۆربەیان بێ پێڵاو و بێ جلوبەرگن، لەناویاندا نەخۆشیی گەدە و ڕیخۆڵە بڵاوە. لەبەر نەبوونی جێگە مەڕ و ماڵاتێکی زۆریان لەناوچووە، سەرەڕای ئەم سەرما و سەغڵەتییە، بارزانییەکان ئەوەی ماویانە دەیفرۆشن و خۆیان چەکدار دەکەن و، بەهاتنی بەهار دەیانەوێت بگەڕێنەوە عێراق و چالاکیی سوپایی دژی عەرەبەکان دەست پێ بکەنەوە. دەسەڵاتدارانی خۆجێیی ئێران داوایان لە تەواوی سەرکردە کوردەکان کردووە کە ئەو هەڵهاتووانە چەک بکەن و تەسلیمی کاربەدەستانی ئێرانییان بکەنەوە. کوردەکان ئامادەی جێبەجێ کردنی ئەم داواکارییە نەبوون و، لەناو کوردەکانی ئێرە خەڵکی وا هەیە، بەپێویستی دەزانن کە مەلا مستەفا لە خەباتی دژی عەرەبدا پشتیوانیی لێ بکرێت. ئێمە پێمان وایە هاتنی مستەفا بارزانی بۆ ناو خاکی ئێران بەپلان و هاندانی ئینگلیزە کە دەیانەوێت لەبەر ئەو هەلومەرجەی ئێستەی باکوری ئێران، بۆ بەهار لەسەر سنووری ئێران - عێراق ئاژاوە بنێنەوە و، لە هەلومەرجێکی لەباردا هێزە چەکدارەکانی خۆی بهێنێتە کوردستان. پیاوەکانی مەلا مستەفا لەم وەختەدا هیچ چالاکیی سوپایی ناکەن، پێمان وایە و باشتریشە تا هاتنی بەهار پرسی مانەوەی ئەوان لەناو خاکی ئێران چارەسەر بکرێت و ڕوون بێتەوە.

**ئەنجامەکان:** ناوچەی سەر بە کونسوڵی ڕەزائییە بەهۆی باری تایبەتی سیاسیی خۆیەوە زۆر گرینگە، لەبەرئەوەی دەکەوێتە سەر سێ سنوور، ژمارەی دانیشتوانی ڕەزائییە سەد و سی هەزار کەسە، تێکەڵە لە ئازەربایجانی و ئەرمەنی و ئاسووری و کورد و هتد...

ڕووداوەکانی ئەم مانگانەی دوایی ساڵی ١٩٤٥ نیشانی دەدەن کە دەوڵەتی ئێران سەرنج و بایەخێکی زۆر دەداتە ئەم ناوچەیە؛ بەڵام ئێمە بایەخێکی پێویستمان نەداوەتە ئەم ناوچەیە لەبەرئەوەی جگە لە کونسولی سۆڤیەتی داوودەزگای ترمان لەم ناوچەیەدا نییە.

**پێمان باشە:**

١- پێویستە بۆ بەهێزکردنی ڕۆڵی ئێمە و ناسینی ناوچەکە نەخۆشخانە و قوتابخانە و نوێنەرایەتیی بازرگانیی سۆڤیەتی و، هەروەها ناوەندی کولتووری وەک ئەوەی تەوریز، لێرەدا بکرێنەوە.

٢- لە کوردستان، لە مەهابادا پێویستە نوێنەرایەتیی بازرگانیمان هەبێت کە دەتوانێت پەیتا پەیتا دەوڵەتی خۆمان لە هەموو ڕووداوەکانی کوردستان ئاگادار بکەنەوە.

سەرکونسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائییە - ئاشومۆڤ

سکرتێری کونسولخانەی سۆڤیەت لە ڕەزائییە - علی ئەکبەرۆڤ

لە لاپەڕەی ٦٠-٦١ ساڵی ١٩٤٥ی ڕاپۆرتی ساڵانەی کونسوڵخانەی سۆڤیەت لە ڕەزائییە وەرگیراوە.

***

**بۆ هاوڕێ مۆلەتۆڤ و.م**

لە ماوەی ١٠-١٣ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا دەستە چەکدارەکانی خێڵانی کورد (بارزانییەکان) بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی لە عێراقەوە هاتوونەتە ناو خاکی ئازەربایجانی ئێرانەوە و، لە ناوچەکانی مەهاباد - شنۆ (باشووری باژێری ڕەزائییە) جێگیر بوونە، ژمارەی کوردە هاتووەکان دەگاتە چوار هەزار چەکدار و سەدان ئەندامی بنەماڵەیان (بنەماڵەکانی بارزانی).

بەپێی ڕاگەیاندنی باڵیۆزمان لە عێراق (هاوڕێ زاتیسف) خێڵی بارزانی یەکێکە لە خێڵە سەرکێش و شەڕوانەکان لە عێراقدا. بەهۆی چالاکییەکانی سوپای عێراق لەم مانگانەی دواییدا گرووپەکانی مەلا مستەفا بۆ ناو خاکی ئێران پاشەکشەیان کردووە و، هەتا ئێستە لە ناوچەی مۆڵگەی کەرتەکانی ئێمەدا جێگیربوونە. فەرماندەی سوپایی ناوچەی باکۆ ڕایگەیاند کە لە ١٧ی تشرینی یەکەمی ئەم ساڵدا، فەرماندەی سوپای سوارەی نیزامی (١٥) سەرتیپ (لۆبۆڤ) بەمەبەستی ڕوونکردنەوەی نیازی کوردەکان چاوی بە مەلا مستەفا کەوتووە، مەلا مستەفا داوای یارمەتیی کردووە بۆ خەبات دژ بەدەوڵەتی عێراق و، لەم بارەیەوە ڕایگەیاند کە تا دوایین سەرباز دژ بەدەوڵەتیی عێراق خەبات دەکات و، لە دوای جێگیربوونی بنەماڵە کوردییە ئاوارەکان

له شوێنی نوێدا، ئەوا دەستبەجێ ئەم خەباتە دەست پێ دەکاتەوە.

بەپێی ڕاگەیاندنێکی تری ئەرکانی گشتیی (جەنەرال لۆمۆڤ) مەلا مستەفا داوای له فەرماندەی ئێمە کردووە ڕێگە بەئەو و کوردەکانی لەگەڵ ئەودان بدەین بچنە ڕیزی حیزبی دیموکراتی کوردستانەوە کە ماوەیەک لەمەوبەر له مەهاباد پێک هاتووە، هەروەها کۆبوونەوەیەک گرێ بدات لەگەڵ هەموو سەرکردەکانی کوردی ئێران.

فەرماندەی سوپای ناوچەی باکۆ هاوڕێ سوپا (بور ماسلانینکۆڤ) بەدووری نازانێت، هەڵسوکەوتی مەلا مستەفا لەناو خاکی ئێران بەهاندان و ئاژاوەی ئینگلیز بێت و، بەبڕوای ئەو دەبێت پێشنیازێک بدرێت بە مەلا مستەفا و کوردەکانی ئەو، کەوا ناوچەی مۆڵگەی سوپاکانی ئێمە بەجێ بهێڵن و، بۆ ناوچەکانی خوارووی سەقز (ناوچە کوێستانییەکانی کورد لەلای کرماشان لەو جێگەیانەی نە سوپای ئێمە هەیە و نە سوپای ئینگلیز) بڕۆن.

بەپێوەندی لەگەڵ وتەکانی سەرەوەدا ستاد (ئەرکان)ی گشتیی سوپای سوور داوا دەکات هەڵوێستی کۆمیسارییای گەلیی کاروباری دەرەوەیی لەم بارەوە ڕابگەیەنێن.

بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی، هاتنی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا بارزانی و چالاکییە سیاسییەکانی ئەو لەو ناوچانەی سوپای ئێمەی تێدا جێگیر بوونە و، لەم ناوچەیە وەکو پێگەیەک بۆ درێژەپێدان لە خەبات دژی سوپای عێراق و، ڕاکێشانی کوردەکانی ئێران بۆ ئەم خەباتە، دەتوانێت ببێتە هۆی ئاڵۆزبوونی پێوەندیی ئێمە لەگەڵ دەوڵەتەکانی عێراق و ئێراندا، باشتر وایە:

١- لەگەڵ پێشنیازی فەرماندەمان بین کەوا پێویستە دەستەکانی مەلا مستەفا له ناوچەکانی مۆڵگەی سوپای ئێمە بگوازرێتەوە بۆ ناوچەکانی خوارووی سەقز.

٢- دەستوور بەفەرماندەی ئێمە بدرێت کەوا پێویستە هەموو شێوەیە وتووێژێک سەبارەت بەچالاکییە سیاسییەکان لەگەڵ مەلا مستەفا وازی لێ بهێنرێت.

لەم بارەیەوە چاوەڕێی پەسندایەتیی ئێوە دەکەم.

٣١ تشرینی یەکەمی ١٩٤٥

م. سیلین

***

یەکی کانوونی دووەمی ١٩٤٥

ژمارە ١٥٢٠٣

**بۆ کومیساریای گەل لە کاروباری دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ مۆلەتۆڤ و-م**

کۆپیەی دوو نامەی ڕێبەری خێڵی کورد (بارزانی) مەلا مستەفا (عێراق) کە بۆ هاوڕێ ستالین و ئێوە نووسراوە پێشکێشتان دەکرێت.

تێبینی: نووسراوەکە لە «٤» لاپەڕەدایە

جێگری فەرماندەی کردەوەگەلی ئەرکانی گشتیی سوپای سوور

سەرتیپ لۆمۆڤ- ن

ناردراوە بۆ هاوڕێیانی خوارەوە:

- ستالین
- مۆلەتۆڤ
- بیریا
- مالنیکۆڤ
- میکۆیان
- ڤیلیچیڤیسکی
- دیکانزۆڤ
- سیلین

وەرگێڕاوی نامەی ڕێبەری خێڵی بارزانی (عێراق) مستەفا بارزانی کە بۆ هاوڕێیان ستالین و مۆلەتۆڤ نووسراوە لە ڕێکەوتی ١٩٤٥/٨/٢٧دا، لەلایەن دوو ئەفسەری هەڵاتووی سوپای عێراقەوە کە ئێستە لەگەڵ مەلا مستەفادا کار دەکەن، دراوەتە دەستی ئەفسەرێکی هەواڵ کۆکەرەوەی ئێمە.

**مۆسکۆ**

**بۆ مارشالی گەورەی یەکەتیی سۆڤیەت سەرۆک ستالین**

لەو ڕۆژەی سوپای سوور لە خەبات بۆ یەکسانی و ڕزگاریی مرۆڤ، ئازادیی پێشکێش بەجیهان کرد، لەو ڕۆژەی تیشکی یەکسانی و ئازادی وڵاتی سۆڤیەت ڕووناک دەکاتەوە، بەناوی گەلی کوردەوە ئەم نامە و ڕاپۆرتەتان سەبارەت بەهەندێ لایەنی بارودۆخی کوردی عێراق بۆ دەنووسم، تکام ئەوەیە، سەرنجی دەهندە و باشتانی لێ بدەن.

**مارشالی گەورەم:** ئاگادارن گەلێک بەناوی (کورد) هەیە و، لەسەر خاکێک کە دەکەوێتە نێوان عێراق و ئێران و تورکیا و سوریا دەژیت، ئەم گەلە هەر لە کۆنەوە خاوەن زمان و نەتەوایەتی و، شێوەی سایکۆلۆژیای خۆبەتی، دوای شەڕی پێشوو کاتێک هاوپەیمانان سەرکەوتن ئەم گەلە چەوساوەیە لەبەر هۆی سیاسی لەنێوان میزۆپۆتامیا «عێراق» و ئێران و تورکیادا کرا بەسێ بەشەوە و، هەموو جارێکیش کە وەک گەلانی تر بۆ ئازادی خۆی دەستی بەتێکۆشان کردووە، بەهۆی سیاسەتی چەوسێنەر و زۆردارانەی ئینگلیز کە هیچ کاتێک لەگەڵ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستاندا نەبووە، سەرنەکەوتووە. ئێستە شەڕ کۆتایی پێ هاتووە، بەپێی وەفای ئێوە سەبارەت بەمافی ئازادیی هەموو گەلان، گەلی کوردیش وەک گەلانی تر، بۆ ئازادیی خۆی دەستی بەخەبات کردووە.

**مارشالی گەورەم:** بۆ کوردەکانی عێراق روون بووە کە سیاسەتی دەوڵەتی ئینگلیز جگە لە چەوسانەوە و زۆرداری، مەبەستیشی لەناوبردنی ئەم گەلەیە. لەبەرئەوە ئێمەی کوردی میزۆپۆتامیا بڕیارمان داوە بەزۆر بگەینە مافی خۆمان. لەبەرئەوەی هەموو هەوڵدانی ئاشتیخوازانەمان بۆ گەیشتن بەم مەبەستە بێ سوود بوو بۆیە دژی دەوڵەتی عێراق هەستاین لەبەرئەوەی ئەو دەوڵەتە بەدەستووری ئینگلیز دەیەوێ ئێمە لەناو ببات، ئێمەش بڕیارمان دا ئابڕوومەندانە بکوژرێین بۆ گەیشتن بەئازادی خۆمان و، ناسینمان وەکو مرۆڤ. ئێمە ئێستە لە شەڕدا دەژین.

**سەرۆکی مارشال:** کاتێک ئەم پەیامەتان بۆ دەنووسم باڵەفرەکانی عێراق بەیارمەتیی ئینگلیز شار و گوندەکانی کوردستان بۆمباباران دەکەن، هێزی زۆردارەکان بەتۆپ و ڕەشاش دژی دەستە چەکدارەکانی کورد کە جگە لە تفەنگ هیچ شتێکی تریان پێ نییە، شەڕ دەکەن. سەرەڕای ئەمە ئێمە لەو ناوچانەی ئازادمان کردوون ئازادی و خودموختاریی خۆمان ڕاگەیاندووە و، دەمانەوێ بیپارێزین و، هەموو توانامان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان دەکەین.

**مارشالی زەحمەتکێشانی گەلانی چەوساوە:** هەموو دنیا و، بەتایبەتی کوردی عێراق ئاگادارن کە ئێوە کاری زۆرتان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی گەلان کردووە، ئەم هەموو شتانەیش کە دەیانبینین نیشانەی ئەو ڕاستییەن. لەبەرئەوە سەرنجی پیرۆزتان بۆ ئەم داخوازییانەی خوارەوەمان ڕادەکێشین:

١- یارمەتیی ماددی و چەکداریمان پێ بدرێت.

٢- شۆڕشی ئێمە بەشۆڕشێکی پیرۆزی گەلی ڕابگەیندرێت.

٣- ئێمە ئامادەین وەک کۆمارێکی ئازاد لەژێر پشتیوانیی ئێوەدا بین.

٤- یارمەتیی ئێمە بدرێت لە کەناڵەکانی سیاسەتی دەرەوەدا.
٥- ئێمە ئامادەین پێوەندییەکانی سیاسی، ئابووری، کولتووری، کشتوکاڵی و سوپایی لەگەڵ ئێوەدا ببەستین.
چاوەڕێی هەوڵی پایەبەرزی ئێوە و، ڕێنوێنییە بەنرخەکانی ئێوە بۆ ڕزگاریمان دەکەین.
بژین، هەر زیندووبن بۆ ئاسایش و ژیانی باشی گەلانی سۆڤیەت.
بژین، هەر زیندووبن بۆ ئاسایش و ژیانی باشی گەلی کورد.
سڵاو بۆ کوردستانی ئازاد لە عێراق و ئێران.

فەرماندەی سوپای ئازادی و شۆڕشی گەلی کورد لە عێراق

نێزیکتان: مستەفا بارزانی

***

**زاتیسف** بالوێزی سۆڤیەت لە بەغدا لە ڕاپۆرتێکدا سەبارەت بەکێشەی کورد و خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورد دەڵێ:
دژی شەش هەزار شەڕوانی کورد ٢٥ هەزار لە ٣٥ هەزاری سوپای عێراق لەگەڵ ٤٥ باڵەفڕەی جەنگی بەکارهێنراوە؛ بەڵام نەیانتوانی تێکیان بشکێنن و، بەپێچەوانەوە سوپای عێراق تووشی شکستێکی تەواو بووە و، ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژراوە. سوپای عێراق لە بارێکدا نییە بتوانێت بەرەنگاری کوردەکان بێت، ئەگەر خیانەتی هەندێ سەرۆک خێڵ و خۆفرۆشی کورد نەبوایە سوپای عێراق تووشی شکان و زیانێکی گەورە دەبوون و، نەیاندەتوانی دژی بارزانی ڕاوەستن. عێراق و ئینگلیز بەچوونی بارزانی بۆ کوردستانی ئێران زۆر پەرۆش و نیگەرانن، بۆیە هێزێکی زۆر و پارەیەکی زۆریشیان بۆ کڕینی سەرۆک هۆزەکانی کورد تەرخان کردووە.
زاتیسف لە زمانی سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دەگێڕێتەوە: «تۆفیق ئەلسعودی لە ٢ی نیسانی ١٩٤٦دا لە وتووێژێک لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشعب)دا دەڵێ: ئەگەر ڕووسیا یارمەتیی کوردەکانی عێراق بدات سوپای ئێمە ناتوانێت بەبێ یارمەتیی دەرەوە بەرەنگاریان بێت. وەک بزانم ئەم بزووتنەوەیە لەلایەن وڵاتانی دەرەوە هان دەدرێت. ئێمە لە دەوڵەتی ئینگلیز داوا دەکەین بەڵێنەکانی خۆی سەبارەت بەیارمەتیدانی عێراق بەجێ بگەیەنێت؛ بەڵام پێم وایە ئینگلیز چاوەڕێی داخوازیی ئێمە ناکات».
زاتیسف لە دواییدا دەڵێ: بەڵێنەکانی ئینگلیز سەبارەت بەکێشەی کورد لەگەڵ عێراقدا هیچی جێبەجێ نەکراوە و، چالاکانە کوردەکان سەرکوت دەکات. ئەم کردەوەیەی ئینگلیز، کوردەکان زیاتر بەرەو لای سۆڤیەتدا دەکێشێت.

سەرکەوتن بەسەر فاشیزم و، بەرزبوونەوەی ڕۆڵی سۆڤیەت - پشتیوانی سۆڤیەت لە گەلانی چەوساوە - و دروستکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو ئەمانە بوونەتە هۆی ئەوەی کوردەکان هیوایان بۆ جێبەجێ کردنی پەیمانی سیڤەر زۆرتربێت. ئێمەیش نابێت بەرامبەر بەکێشەی کورد بێ لایەن بین و، ڕۆڵی چاو لێ کردنمان هەبێت و سەیری ئەوە بکەین کوردەکان لایەنگری یان پاڵپشتی کێن و، کێ دەستپێشخەریی چارەسەرکردنی کێشەی کورد دەکات.

***

## ڕاگەیاندنی سەرۆک وەزیرانی عێراق حەمدی پاچەچی لەگەڵ پەیامنێری ڕۆژنامەی «نیویۆرک تایمز» دانیل لە ڕێکەوتی ١٩ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ لە بەغدا(*)

پاچەچی وتی: عێراق زۆر پەرۆشی ڕووداوەکانی کوردستانی ئێرانە. پەیامنێری نیویۆرک تایمز دەڵێت: لە بەغدا وا بڵاوە کە سوپای سوور لە باکوری ئێران یارمەتیی بزووتنەوەی کوردی عێراق دەدات و، سەرۆکی بزووتنەوەی کورد لە عێراق بارزانی کە ڕۆیشتووەتە ئەوێ، خواردەمەنی و تفاق و چەکی پێ دەدرێ. حەمدی پاچەچی ڕایگەیاند کە یەکەتی سۆڤیەت ئەم هەواڵە بەدرۆ دەخاتەوە و، ئەگەر بێتو بارزانی بگەڕێتەوە، سوپای عێراق ئامادەیە بەرپەرچی بداتەوە و، هۆزەکانی کوردیش ئامادەی بەرەنگاربوونیانن. پاشان سەرۆک وەزیر وتی: بەپێی پەیمانی عێراق - ئینگلیز، جگە لە زانیاران و ڕاوێژکارانی سوپای ئینگلیز نابێ لەناو سوپای عێراقدا هیچ کەسێکی وڵاتێکی تر هەبێت.

وەزیری دەرەوەی ئێران چەند جار بەناردنی یاداشت بۆ دەوڵەتی سۆڤیەت و، چاوپێکەوتنی لەگەڵ باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاراندا و، هەروەها چاوپێکەوتنی باڵیۆزی ئێران لە مۆسکۆ لەگەڵ کاربەدەستەکانی سۆڤیەتدا نیگەرانی و ڕەخنەی خۆیان لە هاتن و مانەوەی بارزانی لە کوردستانی ئێران دەردەبڕن و، داوا دەکەن، سۆڤیەت بۆ دەرکردنی بارزانییەکان یان سەرکوتکردنیان یارمەتیی ئێران بدات. لە یەکێک لەو یاداشتانەی وەزیری دەرەوەی ئێران لە ١٧ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ ژمارە ٥٣٧٠دا دەڵێ: مانەوەی ئەم دەستە چەکدارانە دەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ سەرهەڵداوەکانی تر لە پارێزگای ٤ (واتە ورمێ) و ناوچەی مەهاباد ئاژاوە و نائارامی بنێنەوە.

پەیامنێری دەیلی ئێکسپرێس لە ١٥ی ئابی ١٩٤٦، لە وتووێژێکدا لەگەڵ باڵیۆزی عێراق لە تاران سەبارەت بەکوردە هەڵهاتووەکانی عێراق بۆ کوردستانی ئێران دەڵێت:

(*) ئەم ڕاپۆرتەیش کورت کراوەتەوە -هەورامی.

بەپێی پەیمانی نێوان عێراق و ئێران تەواوی ئەو کوردانەی عێراق کە هاتوونەتە کوردستانی ئێران بەتایبەتی مستەفا بارزانی، لە عێراقدا بەمردن حوکم دراون و، دەبێت لەلایەن دەسەلاتدارانی ئێرانەوە دەستگیر بکرێن و، بدرێنەوە عێراق. بەلام ئێستە بارزانی و کوردە هەلهاتووەکانی تر لە ناوچەی ژێر دەسەلاتی سۆڤیەتدان و، دەستیان پێ ناگات. لە ٢٦ی ئەیلولی ١٩٤٦ پەیامنێری ئاژانسی رۆیتەر لە بەغدا رادەگەیەنێ کەوا سەرکردەی کوردەکانی ئێران حەمە رەشیدخان داوای لە دەولەتی عێراق کردووە شێخ ئەحمەدی بارزانی عەفوو بکات.

***

ژمارە ١٩

## لە یادداشتەکانی سەرکونسولی یەکەتیی سۆڤیەت لە تەورێز هاوڕێ کراسنیغ

٢٩ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧ لە چاوپێکەوتن لەگەل کونسولی ئینگلیز لە تەورێز بەڕێز قارس (هارس)دا، دەیویست شتێک لە بارەی بارزانییەوە لە من بزانێت، هەروەها لەهۆی بەربەرەکانیی بارزانی پرسیاری دەکرد، قارس وتی: بەپێی ئەو هەوالانەی بەدەستی گەیشتوون، برای مەلا مستەفا و هەندێ هۆزی کورد لە عێراقەوە هاتوون بۆ یارمەتیدانی مەلا مستەفا و، لە کوردەکانی ناوچەکە سوورترن بۆ خەباتکردن.

من وای بۆ دەچم، بەربەرەکانێی کوردی عێراق دژی سوپای ئێران بەفیتی ئینگلیزە. رۆلی ئینگلیز لەناو کورددا بەهێز دەبێت و، ئینگلیز هەول دەدەن نەوەک تەنیا چەک لای کورد بمێنێتەوە بگرە چەکی زیاتریشیان دەدەنێ. هاتنی باوکی ژنەکەی مەلا مستەفایش دوور نییە هەر بەدەستی ئینگلیز بێت. جێی سەرسوڕمان و گومانە بۆچی تاکو ئێستە ئینگلیز و دەولەتی عێراق گوێ نادەنە هاتووچۆی ئازادی هۆزە کوردەکانی عێراق بۆ ئەمدیو و ئەودیوی سنوور. گەرچی ڕێبەرە دیموکراتخوازەکانی کورد گیراون و ئیتر رۆلی ئێمە نەماوە، ئینگلیز هەول دەدەن جێ پێی خۆیان لەناو کورد و ئازەربایجانەکان بەهێز بکەن. ئەوانیش وەک خێلەکانی باشووری ئێران بەدوای هێزێکدا دەگەڕێن کە دەولەتی ناوەندی ناچار بێت حیسابی بۆ بکات. ئینگلیز نایانەوێ رۆلی خۆیان لە کوردستان بەش بکەن، لەبەرئەوە ئەمریکاییەکان زوو زوو گەشتی کوردستان دەکەن. پێویستە ئەم بۆچوونانە و، ئەنجامانەی سەرەوە تاقی بکرێنەوە و، ڕوون بکرێنەوە.

کراسنیغ لە چاوپێکەوتنێکی تر لە ڕێکەوتی ٧ی مانگی مایسی ١٩٤٧دا لەگەل

سووتون كونسولّى ئەمريكا لە تەوريز دەنووسێت: لە سەرەتای كانوونی دووەمەوە ئەمریكایی و ئینگلیزەكان زۆر هەواڵ و دەنگوباسی كوردستان دەپرسن و، باسی كوردستانی گەورە دەكەن. ئێمە هەندێ سەرچاوە و ڕاستیمان بەدەستەوەیە كە دەوڵەتانی ناوبراو هەوڵ دەدەن قازی محەمەد و سەدر و حوسەینی قازی بۆ لای خۆیان ڕابكێشن و، بۆ ئەم مەبەستەیش داوای لێبوردنیان لە دەوڵەتی ئێران بۆ دەكەن. هەروەها دەیانەوێت بە مستەفا بارزانی بڵێن خۆی تەسلیمی ئێران بكات و واز لە بەربەرەكانێی ئێران بێنێت؛ بەڵام ئەمەیان نەتوانی، لەبەرئەوەی لەكاتی هاتنی ئالین(*) بۆ ناوچەكە، قازییەكانیان لە داردان و، مەلا مستەفایش بەبەربەرەكانێیەكی تەواو دژی سوپای ئێران هەستا. ئەفسەرە ئەمریكاییەكان بۆ ڕێكخستنی پلانی لەناوبردن و سەركوتكردنی بارزانییەكان و دەركردنیان بۆ ناو خاكی عێراق یارمەتیی ئێرانییەكانیان دا. بەربەرەكانێی مەلا مستەفا و، هەروەها دەنگوباسی هاتنی هەندێ هۆز و خێڵی كورد بۆ یارمەتیدانی بارزانییەكان بەڕاستی وەرگیراوە و ئەمریكاییەكان جێگەیەكیان بۆ دروستكردنی باڵەفڕگە لە ناوچەی ڕەزائییەدا دیاری كردووە. كراسنیغ لە درێژەی ڕاپۆرتەكەیدا دەڵێت: شا كە بۆ ناوچەكە هات بڕیار وابوو لەگەڵ عیسمەت ئینۆنۆ (سەركۆماری توركیا) لەسەر سنووری ئێران - توركیا دیدار بكات؛ بەڵام لە دواییدا دەركەوت كەوا شا نەڕۆیشتووە؛ بگرە نوێنەری خۆی بۆ ئەوێ ناردووە.

***

ژمارە ٤٧

**لە یادداشتەكانی سەركونسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائییە هاوڕێ ئاشۆمۆڤ**

١٤ی ئاداری ١٩٤٧ كونسولّى ئەمریكا لە تەوریز لیستر سووتون هاتە لام و ڕایگەیاند كەوا لە ڕێگەی جەنەراڵی ئێرانی هۆمایونی-یەوە زانیویەتی:

١- هەندێك لەو بارزانییانەی خۆیان تەسلیم كردووە گوتوویانە، بارزانییەكان هەموویان بەتەمان خۆیان تەسلیمی سوپای ئێران بكەن و، سەركردەكانیان شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا بارزانی خۆ و بەختیان ئەم هەلەیان پێ داون.

٢- گوایە ئەوانە بەتەمان بەشەڕكردن خۆیان بگەیەننە ناو خاكی یەكەتیی سۆڤیەت. هەروەها لیستر سووتون لێی پرسیم «لەم بارەیەوە من چی دەزانم»، لە وەڵامدا وتم: لە چاوپێكەوتنمدا لەگەڵ كاربەدەستانی خۆجێیی ئێران و، هەروەها فەرماندەكانی سوپای ئێراندا لەم بارەیەوە هیچیان بەمن ڕانەگەیاندووە.

(*) جورج ئالین باڵیۆزی ئەمریكا لە ٣١ی ئاداری ١٩٤٧دا دێتە تەوریز و، پاشان دەچێتە جولفا و خوی و شاپور و ڕەزائییە -(هەورامی).

پرسیار: «ئاخۆ هۆی بەربەرەکانیی هەندێک لە سەرۆکەکانی کورد نازانیت؟»

لە وەڵامدا وتم: «بێ گومان لە چارەنووسێکی وەک دیموکراتەکانی ئازەربایجان دەترسن».

پرسیار: «لەکاتی چاوپێکەوتنمدا لەگەڵ هەندێ لە دانیشتووانی شاری ڕەزائییە بەهۆی ڕووداوەکانی ناوچەکەوە نیگەرانیی خۆیان دەربڕی و دەیانەویت بۆ هەمیشە بۆ نێزیکی تاران کۆچ بکەن، ئێوە ناتوانن بڵێین هۆی ئەمە چییە؟»

وەڵام: «ئەوان بۆ خۆیان دەتوانن بۆت باس بکەن لەبەرچی نیگەران و پەرێشانن؛ بەڵام من وای بۆ دەچم پەرێشان بوونی ئەوانە تەنیا دەتوانین بڵێین هەر ئەو هۆیانەن کە لەکاتی خۆیدا خەڵکیان ئازار دەدا». زەردەخەنە گرتی و بەنیشانەی ڕازیبوونەوە سەری لەقاند. دوای ئەمە ئەو لەسەر چاوپێکەوتنی لەگەڵ عومەرخانی شەریفی سەرکردەی هۆزی شکاک دوا کە یەکەم چاوپێکەوتن لە نەخۆشخانەی ئەمریکی لە تەوریز بووە و، دووەمیان لە ١٣ی ئاداری ١٩٤٧دا لەماڵی عومەرخان لە گوندی زەندەشت بووە.

لەسەر پرسیاری من: ئەنجامی سەفەری عومەرخان بۆ تاران چی بوو؟

وەڵام: «من لەم بارەیەوە هیچ نازانم تەنیا بۆ دیتن و چۆنیەتیی نەخۆشییەکەی چووبوومە لای».

لیستر سووتون دوای ئەوەی ئەو پرسیارانەی لێ کردم، وتووێژەکەی بردە سەر شتی تر و، سەبارەت بەچۆنیەتیی ژیانی کۆمارەکانی قەفقاز و بیۆگرافیی من پرسیاری کرد. هەروەها وتی: بەتەمایە پشوودانی خۆی لە کەنارەکانی دەریای ڕەش بباتە سەر و، لە گەشتەکەیدا دەیەوێ سەردانی گرۆزیا (جۆرجیا) بکات، هەر بۆیە بەسەردان هاتووەتە تەوریز و، پاسپۆرتەکەی لای هاوڕێ کراسنیغی کونسوڵی سۆڤیەت داناوە بۆ وەرگرتنی ڤیزە.

ئەو هەروەها باسی سەرۆک کۆماری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا (ڕۆزفلت)ی کرد و، وتی: ئەگەر ئەو دوای کۆنفرانسی کرم لای ئێوە مابایەوە و چارەسەر کرابا، دەیتوانی ژیانی خۆی بۆ چەند ساڵێکی تر درێژ بکاتەوە. لە وەڵامدا وتم: «بەتەواوی دەکرا وابێت». وتووێژی ئێمە یەک سات و ٤٥ خولکە درێژەی کێشا، وەرگێڕمان کابرایەک بوو بەناوی هیک کە بەڕەچەڵەک ئاسووریيە و، کارکەری هەمیشەیی کونسوڵی ئەمریکایە لە تەوریز.

ئاشۆمۆف

***

ژماره ٥٢

**لە یادداشتەکانی سەرکونسوڵی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕەزائییە هاوڕێ ئاشۆمۆڤ – د.ی**

٢٧ی مایسی ١٩٤٧ ئاشکرابوو بەشێک لە کوردەکانی بارزانی بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا گەڕاونەتەوە کوردستانی ئێران و، بەرەو ناوچەی ماکۆ کەوتوونەتە ڕێ بۆ نێزیک بوونەوە لە سنووری سۆڤیەت. گەڕانەوەی بارزانییەکان بۆ ئێران لەگەڵ هاتنی شا بۆ ئازەربایجانی ئێراندا هاوکات بوو. ئەمە بووە هۆی ترس و نیگەرانیی چینی دەوڵەمەند و داروودەستەی مووچەخۆر و سوپای ئێرانی.

لە ١٩٤٧/٥/٢٨دا سەبارەت بەپەیدابوونی کوردە بارزانییەکان لە ناوچەکەدا کونسوڵی تورکیا نەجیب بەگ بەپەلە ئاگەداری کردمەوە و، ڕایگەیاند «بارزانییەکان نیازیان وایە بڕۆنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت، بۆیە ئەوانە کورتترین و نێزیکترین ڕێگەیان بەناو خاکی تورکیادا هەڵبژاردووە. لە ناوچەی گوندی گەڤەر (تورکیا)، گوایە بارزانییەکان بەرەو ڕووی پاسەوانانی سنووری تورکیا بوونە و، ناچاریان کردوون خاکی تورکیا بەجێ بهێڵن. ئێرانییەکان بەتەمان لە ناوچەی ماکۆ گەمارۆی بارزانییەکان بدەن، بۆیە سوپایەکی زۆریان ناردووە بۆ ئەوێ».

پاشان ئەو بەگاڵتەجارییەوە وتی: «هەرچۆنێک بێت ئێرانییەکان ناتوانن هیچ لە مەلا مستەفا بکەن لەبەرئەوەی لێهاتوویی و شەڕوانیی یەک کورد لە دە سەربازی سوپای ئێرانی زیاترە».

سەبارەت بەتوانای سوپاییی سەربازی ئێرانی قسەی کرد و وتی: «ئەگەر من کارم بەئێرانییەکان بوایە بەهەزار سەربازی ئازاوە بەبێ هیچ کۆسپێک بەناو خاکی ئێراندا هەر لە باکورەوە تاوەکو باشوور دەگەڕام».

من وا تێگەیشتم نەجیب بەگ دەیەوێت قسەم لێ بکێشێتەوە و، بەم شێوەیە هەڵوێستی ئێمە بەرامبەر بە ئێرانییەکان بزانێت تا لە هەلێکی هەڵکەوتوودا بیگەیەنێتە لای کاربەدەستانی خۆجێیی ئێران، و بە لەبەرچاوگرتنی ئەم شتانە من لە قسەکردندا خۆم ڕاگرت و قسە خراپەکانی ئەوم لەسەر ئێرانییەکان پەسند نەکرد.

نەجیب بەگ لەکاتی ڕۆیشتنیدا داوای لە ئێمە کرد، سەردانی بکەین لەبەرئەوەی بەگوتەی ئەو ورمێ زۆر ناخۆشە و نازانێت کاتی ئازادی خۆی چۆن بەرێتەسەر.

ئاشۆمۆڤ

***

١١ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ژمارە ٤٤

**ڕاگەیاندن**

**لەبارەی هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ ناوچەی ماکۆ**

لە چاوپێکەوتن لەگەڵ پیاوە ناسراوەکاندا بۆم دەرکەوت مەلا مستەفای بارزانی بە ٥٠٠ چەکدارەوە لە عێراقەوە بەناو خاکی تورکیادا گەڕاوەتەوە ئێران. دوای چەند تێکهەڵچوونێک لەگەڵ سوپای ئێراندا کە بەدوایان کەوتبوون لە یەکەم ڕۆژانی ئەم مانگەدا مەلا مستەفا خۆی گەیاندووەتە لای کوردەکانی ناوچەی (قەتور)ی سەر بەهەرێمی (خوی)، بەمەبەستی ڕۆیشتنی بۆ ماکۆ و یەکگرتنی لەگەڵ کوردەکانی هۆزی جەلالیدا.

دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەم هەفتەیەی دواییدا بۆ پێشگیری لە گەیشتنی مستەفا بارزانی بەکوردەکانی ماکۆ بەسوپایەکەوە کە نێزیکەی پێنج هەزار کەسە هاتوونەتە ماکۆ.

سەرەڕای ئەمە بەپێچەوانەی چاوەڕێ کردنی دەسەڵاتدارانی ئێرانی، چەکدارەکانی مستەفا بارزانی لە ٥ی حوزەیرانی١٩٤٧ لەنێوان گوندی شوت و ماهور لە ٢٥ کیلۆمەتری دووری ماکۆ بەدەرکەوتوون و لە ١٠ی حوزەیراندا تێکهەڵچوونێکی بچووک لەنێوان سوپای ئێران و چەکدارەکانی بارزانیدا ڕووی داوە.

لە ڕێکەوتی ١٠ی حوزەیرانی ١٩٤٧ سات ١٩ فەرماندەی هێزی کوردستان لە ڕەزائییە جەنەڕاڵ هومایۆنی لەگەڵ جەنەڕاڵێکی تر و، پاسەوانێکی تایبەتی خۆی بەبۆنەی هاتنی مەلا مستەفای بارزانی بۆ هەرێمی ماکۆ هاتە لام.

لە وتووێژدا هومایۆنی وتی: مستەفا بارزانی نیازی وایە خۆی لە گەمارۆ ڕزگار بکات و خۆی بگەیەنێتە لای کوردەکانی جەلالی، دەیەوێت پاش ئەوەی سوپای ئێران تووشی هەندێ ناخۆشی بکات، پەنابەرێتە بەر تورکیا یان یەکەتیی سۆڤیەت.

بەپێی ڕاگەیاندنی هومایۆنی، ئەو (واتە هومایۆنی) پێوەندیی بەدەسەڵاتدارانی تورکیا کردووە و، بەڵێنی لێ وەرگرتوون کە نەهێڵن مەلا مستەفا بچێتە ناو خاکی تورکیاوە. هومایۆنی داوای کرد تاوەکو من فەرماندەی سوپای یەکەتیی سۆڤیەت ئاگادار بکەمەوە کە لەوانەیە مەلا مستەفا بارزانی بیەوێ بچێتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت، بەمەبەستی ئەوەی تاوەکو دەرفەتی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا بۆ ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت نەدات.

هومایۆنی ئامادەیی خۆی دەربڕی کە لەکاتی پێویستدا لەگەڵ فەرماندەی سوپای

سۆڤیەت لە هەر شوێنێکی سنووری ئێران و سۆڤیەتدا چاوپێکەوتنی هەبێت. من لە وەڵامدا وتم: لەگەڵ فەرماندەی سوپای یەکەتیی سۆڤیەت پێوەندییم نییە، بەڵام لەسەر داواکاریی ئەو دەوڵەتی سۆڤیەت لەم بارەیەوە ئاگادار دەکەمەوە.

بەرپێوەبەری ئەرکی سەرکونسوڵی یەکەتیی سۆڤیەت لە ماکۆ

ن – مورادیان

***

١٤ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ژمارە ٤٥

**ناوەڕۆکی وتووێژ لەگەڵ جەنەرال لیتینانت (لیوا) هومایۆنی**

١٣ی حوزەیران لەگەڵ سکرتێری کونسڵگەری هاوڕێ موحەرەمۆڤ لە وەڵامی چاوپێکەوتنەکەی فەرماندەی سوپای کوردستان و، ناوچەی ڕەزائییە (ناوچەکانی ڕەزائییە و خوی و ماکۆ)، چووینە لای لیوا هومایۆنی، لە وتووێژدا جەنەرال وتی: پێیان ڕاگەیاندووە کە بەیانیی ڕۆژی دەی حوزەیران چوومەتە تەورێز و پرسیاریان لە من کردووە ئاخۆ لەسەر پردی گوندی قیزڵداغ (١٤ کیلۆمەتر دوور لە ماکۆ) حوشتری کوژراوتان بینیوە، منیش لە وەڵامدا وتم: بەڵێ ڕاستە، لەسەر پردی قیزڵداغ ٥ تا ٦ حوشتری کوژراوم بینی. هەروەها سوپای ئێرانیش مۆڵگەی دابوو و، نێزیک ئەم پردەش لاشەی مرۆڤێکم بینی؛ بەڵام لەم هەموو ڕووداوە تێ نەگەیشتم، لە وەڵامی مندا هومایۆنی ڕای گەیاند:

«هەروەک من ٩ی حوزەیران ڕام گەیاند، لەو ڕۆژە لە بەیانییەکەیدا تێکهەڵچوونێک لەنێوان سوپای ئێمە و دەستەکانی مەلا مستەفای بارزانی لە کێوەکانی گوندی شوت لە ٢٥ کیلۆمەتری ماکۆ ڕووی داوە و، لە هەردوولا کوشتاریان داوە، شەو لەسەر ڕۆژی ١٠ی حوزەیران دەستەکانی مەلا مستەفا بارزانی گەمارۆی سوپای ئێمەیان شکاندووە و دەربازبوونە و، لە ڕێگەی پردی قیزڵداغ بەرەو ماکۆ بۆ ناوچەی گوندی خاسین لە ٢٠ کیلۆمەتری باکوری ڕۆژهەڵاتی ماکۆ کەوتوونەتە ڕێ.

دەستە چەکدارەکانی مستەفا بارزانی بەرەو سنووری یەکەتیی سۆڤیەت ملیان ناوە؛ بەڵام بەتەواوی هێشتا نازانین ئەوانە بەرەو کوێ دەچن؟ بۆ یەکەتیی سۆڤیەت یان بۆ تورکیا دەڕۆن؟ سوپای ئێمە بەدوایان کەوتوون و، هیوادارین لەم ڕۆژە نێزیکانەدا لەناویان بەرین، لەو کێوانەدا ئەو جێگەیەی ئێستە تێیدان و پاڵیان پێوە داوە لەبەر گەرما و زۆربوونی مار ناتوانن هێندە لەوێ بمێننەوە و، ئەگەر بێتو ماوەیەکی زۆر لە گەمارۆی ئێمەدا بن هەر بۆ خۆیان دەمرن. جگە لەمە ئەوانە لەوێ ناتوانن خواردن بۆ

خۆیان بەدەست بێنن. پاشان هومایۆنی لەمنی پرسی ئاخۆ داواکارییەکەی بەدەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت گەیەندراوە و، وەڵامەکەی دەویست بزانێ چییە؟ ئەو دووپاتی ئەوەی کردەوە کەوا دەیەوێ لەگەڵ نوێنەری فەرماندەی سوپای سۆڤیەتی چاوپێکەوتنی هەبێت و، سەبارەت بەرێگەنەدانی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا بۆ ناو خاکی یەکەتی سۆڤیەت وتووێژ بکات. من لە وەڵامدا وتم:

داواکارییەکەی ئەوم گەیاندووەتە دەوڵەتی خۆم.

لە وەڵامی پرسیارەکەمان سەبارەت بەچەکدارکردنی جووتیارەکان مەبەستی چییە؟ هومایۆنی وتی: جووتیارەکان بۆ خۆپاراستنیانە لە هێرشی بارزانییەکان. لەوانەیە هێرش بکرێتە سەریان بۆیە چەکدار دەکرێن.

بەڕێوەبەری ئەرکی سەرکونسڵگەری یەکەتیی سۆڤیەت لە ماکۆ: مورادیان

سکرتێری کونسوڵگەریی: موحەرەمۆڤ

***

١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ژمارە ٤٧

**دەقی وتووێژ لەگەڵ فەرماندەی ماکۆ کەڕووبی**

١٧ی حوزەیران لە تەورێزەوە کارکەرانی نوێنەری بازرگانیەتیمان هاوڕێیان کامبالین و نوویکۆڤ بەمەبەستی ڕۆیشتن بۆ ناوچەی عەرەبلەری سەر بە ماکۆ گەیشتنە ئێرە بۆ ئەوەی لەگەڵ چۆنیەتیی کڕینی کەلوپەل (هێنانی ئاژەڵ، سکۆت ئیمپۆرت) و، هەروەها لەگەڵ کرێکارانی خەڵکی ئەوێ، حیساب بکەن.

هەر لە هەمان ڕۆژدا، من هاوڕێیانی ناوبراوم بەفەرماندە کەڕووبی ناساند و، لە مەبەستی سەفەرەکەیان بۆ ئێرە ئاگادارم کردەوە. لەسەر ڕۆیشتنی هاوڕێیان کامبالین و نوویکۆڤ بۆ عەرەبلەر هیچ دژایەتییەکی نەکرد. بەڵام وتی: دەبێ لە عەرەبلەر خۆیان بەبەخشدار بناسێنن. پێش ئەوەی لەلای من بڕۆنە دەرێ، کەڕووبی وتی: دەیەوێت بڕوات بۆ باخچاژیک (قەسری سەردار) بۆلای جەنەراڵ شابەختی کە لەوێیە. من داوام لە کەڕووبی کرد سڵاوم بگەیەنێتە شابەختی و هیوای چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەخوازم. نێزیکەی دوو سەعات پاش دەرچوونمان کەڕووبی بەناردنی پیاوێکی خۆی داوای چاوپێکەوتنی لە ڕێکەوتی ١٧ی حوزەیران سات ٨ی بەیانی کردبوو. ١٧ی حوزەیران کەڕووبی لەگەڵ سەرۆکی بەشی بەڕێوەبەرایەتیی دارایی فەرماندەی ماکۆ ئەردەلان هاتنە کونسوڵخانەی ئێمە و، چاومان بەیەک کەوت. کەڕووبی سڵاوی شابەختیی پێ گەیاندم و ڕای گەیاند، کە کاتی چاوپێکەوتنی بۆ ڕۆژی ١٨ی حوزەیران داناوە.

کەرووبی رایگەیاند کاتێک لای شابەختی بووە سەبارەت بەهاتنی نوێنەری بازرگانی یەکەتیی سۆڤیەت بۆ ماکۆ و نیازی رۆیشتنیان بۆ عەرەبلەر ئاگادار کراوەتەوە. شابەختی کە لەم بارەیەوە ئاگادار کرا داوای لێ کردین بەئێوە رابگەیەنم کەوا رۆیشتنی نوێنەرانی بازرگانیی یەکەتیی سۆڤیەت بۆ عەرەبلەر پێویست ناکات لەبەرئەوەی لەم رۆژانەدا لەوێ چالاکیی سوپایی دژی داروودەستەی چەکدارەکانی بارزانی دەکرێت کە لە ناوچەی ماکۆ دەسوورێنەوە.

کەرووبی وتی: سەفەری نوێنەرانی بازرگانیی سۆڤیەت بۆ عەرەبلەر رانەگیراوە؛ بەڵام سەفەری وا لە کاتێکی وادا بەرای ئێمە لەبەر هۆی سیاسی پێویست ناکات، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەم رۆیشتنە لەناو خەڵکدا بەشێوەیەکی ناراست وەربگیرێت و، داوای کرد ئەم رۆیشتنە بۆ چەند رۆژ رابگرن.

سەبارەت بەچالاکیی سوپایی دژی کوردە بارزانییەکان کەرووبی وتی: شەوی ١٠ی حوزەیران دەستە چەکدارەکانی بارزانی لە ناوچەی گوندی قیزڵداغ گەمارۆی سوپای ئێمەیان شکاندووە و، لە رێگەی پردێ (لە پشتی گوندی قیزڵداغ) بەرەو گوندی ئیکبالۆ، لان لەر، گاسین بەرەو سنووری سۆڤیەت رۆیشتوون. بەپێی وتەی فەرماندە لە تەقەکردندا لە کاتی دەرچوونی بارزانییەکان لە گەمارۆی سوپایی ٢٥ سەربازی ئێران بریندار بوونە و، یەک بارزانی کوژراوە لەگەڵ تۆپاندنی ٥ حوشتر، پاشان ئەو وتی: بەپێی راگەیاندنی فەرماندەی هێزەکانی ئێران لە ماکۆ، پاش چوار تا پێنج رۆژ بەربەرەکانیی بارزانییەکان تێک دەشکێت و، دوای ئەمە سوپای ئێران دەگەرێتەوە شوێنی خۆی بۆ پاراستنی سنوور و پۆستی سوپایی دادەنرێت.

کەرووبی لایەنگیری قەوام ئەلسەڵتەنەنییە؛ بەڵام ئەمجارە لەسەر ئەو هیچی نەگوت و، بەشان و باڵای شایدا هەڵدەدا و، دەیوت شا بەپێی هەڵسوکەوت و کاروکاری، لە شای پێشوو زۆر جیاوازی هەیە و، زۆر لە کۆمەڵایەتیی خەڵکەوە نیزیکە و، بۆ پێشکەوتنی وڵات تێ دەکۆشێ و، مرۆڤێکی زۆر پێشکەوتووە.

دواتر کەرووبی وتی: شا هێندە پەرۆشی خەڵکی ئێرانە کەوا لە کاتی گەشتەکەیدا بۆ ئازەربایجان چل هەزار گلەیی و داواکاریی وەرگرتووە و، هەموو ئەم گازن و داواکارییانە دراونەتە دەزگاکانی بەرپرسیاری دەوڵەت بۆ لێکۆڵینەوەیان. بەپێی وتەکانی ئەو لەلایەن دانیشتوانی ماکۆوە سەد گلەیی بۆ شا نووسراوە و دراونەتە کەرووبی بۆ لێکۆڵینەوەیان.

تێبینی: پێمان وایە دژایەتی کردنی شابەختی سەبارەت بەگەشتی نوێنەرانی بازرگانیمان بۆ عەرەبلەر لەبەرئەوەیە کە کارکەرانی سۆڤیەتی ئاگایان لە مۆڵەدانی

سوپای ئێران لەسەر سنووری ئێران – سۆڤیەت نەبووە.

بەڕێوەبەری ئەرکی سەرکونسوڵی یەکەتیی سۆڤیەت لە ماکۆ – مورادیان

سکرتێری کونسوڵخانەی سۆڤیەتی لە ماکۆ موحەڕەمۆڤ

***

١٧ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ژمارە ٤٧

**ڕاگەیاندن**

**سەبارەت بەچالاکیی سوپای ئێران دژی دەستەکانی بارزانی**

لە بارەی ڕاگەیاندنی ڕێکەوتی ١٦ی حوزەیرانی ئەمساڵ دەتوانین زانیاریی تر بەم شێوەیەی خوارەوە ڕابگەیەنین: لە شەڕی نێوان سوپای ئێران و دەستەکانی بارزانی کە لە ٩ی حوزەیران لە کێوەکانی شوت (بەدووریی ٢٥ کیلۆمەتر لە ماکۆ ڕووی داوە) بەپێی سەرچاوەی یەکەم ٩٠ سەرباز کوژراوە و ٦ سەرباز بریندار بوونە و، هەروەها ٣٠ کەس لە دانیشتوانی کوردی خەڵکی ناوچەکە کوژراون و، دوو کەس لە جوتیاران کە بەشداربیان لە شەڕدا لە دژی بارزانییەکان کردووە کوژراون، دوای شەڕی ناوبراو سوپای ئێران شکاوە و، پاشەکشێیان کردووە.

کوژراوی بارزانییەکان بەتەواوی ڕوون نییە؛ بەڵام بەپێی سەرچاوەیەک کە پێمان گەیشتووە چەند کەسیان کوژراون. شەوی ڕێکەوتی ١٠ی حوزەیران دەستەکانی مستەفا بارزانی لە شاخەوە هاتوونەتە خوارێ و، نێزیکی ئەڵقەی گەمارۆی سوپای ئێران بوونەتەوە کە دەکەوێتە دۆڵی سەجادە لە ناوچەی گوندی قیزڵداغ (١٤ کیلۆمەتر دوور لە ماکۆ) بەمەبەستی دەرچوونیان لە گەمارۆی سوپای ئێران.

بارزانییەکان پێش دەرچوونیان لە گەمارۆی سوپای ئێران بەبێ ئەوەی سوپای ئێرانی ئاگایان لێ بێت بەشەش حوشتر ڕێگەی هاتووچۆی ئۆتۆمۆبێلی هێزەکانی ئێران لە ڕێگەی پردی قیزڵداغەوە دەبەستن بۆ ئەوەی سوپای ئێران کە ئەوانیان گەمارۆدابوو، لە ناردنی هێزی تر بۆ پشتیوانی کردنیان لە کاتی تێکهەڵچوون بێبەش بکەن.

دوای ئەوە بارزانییەکان بەتەقە و هاوێشتنی نارنجۆکی دەستی هێرش دەکەنە سەر سوپای ئێران، ئەڵقەی گەمارۆ دەشکێنن و دەرباز دەبن و ٤٥ سەرباز کە بە ئۆتۆمۆبێل نێزیک دەبنەوە دەکوژرێن و، یەک کەسیش لە بارزانییەکان دەکوژرێت.

دوای دەربازبوون لە گەمارۆکە بارزانییەکان بەڕێگەی گوندەکانی یەکماڵە، قەرەتەپە و ئالان چوونەتە ناوچەی گاسین لە دووریی ٢٠ کیلۆمەتری ماکۆ – ڕۆژهەڵاتی ماکۆ.

لەسەر ڕێگەیاندا دەستەکانی مستەفا بارزانی بەپێی توانایان شتومەک و پەز بۆ

خواردنیان له جووتیاران وەردەگرن و، دەست لەکەس نادەن. جووتیاری(*) هەندێ گوند له ترسی بارزانییەکان گوندەکانیان بەجێ دێڵن. بەمەبەستی دواکەوتن و ڕاوەدوونان و گرتنی بارزانییەکان، فەرماندەی هێزەکانی ئێران بەهەوڵدانێکی سەخت و دژوار له ماوەی سێ ڕۆژ هێزێکی زۆر لەگەڵ تەکنیکی سوپایی دەنێرێتە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران – سۆڤیەت، له ماوەی ئەم حەفتانەی دواییدا چەند هەزار کەسی نوێ له سوپای ئێران ناردراونەتەوە ماکۆ، ژمارەی گشتیی سوپای ئێران بۆ بەربەرەکانی دژی کورده بارزانییەکان له ناوچەی ماکۆ نێزیکەی ده هەزار کەسە، جگه لەوە سێ هەزار چەکداری جوتیاریش له شەڕ دژی بارزانییەکاندا بەشداری دەکەن، سوپای ئێران و چەکداره جووتیارەکان لەسەر سنووری ئێمە له گوندی عەرەبلەرەوە بگرە تا سنووری تورکیا جێگیربوونە.

چەند ڕۆژ لەمەوپێش لەبەر چەکدارکردنی جووتیارانی ناوچەی ئاوجیک لەلایەن ڕێژیمەوە، کوردەکانی خێڵی «ستائیلی» که له چەند هەوارگەی ئەم ناوچەیەدا دەژین، لەبەرئەوەی گومانیان کردبوو کەوا دەسەڵاتدارانی ئێرانی جووتیارەکانیان بۆیه چەکدار کردووه که لەوانەیه هێرش بکەنه سەریان بۆیه ئەوانیش هێرشیان کردووەته سەر چەند گوندێکی ناوچەکە. لەبەرئەوە دەسەڵاتدارانی ئێرانی ناچار بوون چەک له جووتیارانی ئاواجیک بسێننەوە، تاوەکو کوردەکانی ناوچەکە ئارام ببنەوە.

له ڕۆژانی یەکەمی چالاکییەکاندا (٧–١٠ی حوزەیران) دەسەڵاتدارانی ئێران هەندێ کوردیان له خێڵی (حەیدەرانلی) و (مەسیرکانلی) بەمەبەستی بەشداری له شەڕ دژی بارزانییەکان چەکدار کردووه؛ بەڵام دوای ئەوەی زانیویانه بارزانییەکان له گەمارۆ هاتوونەته دەر، ئێرانییەکان له ترسی ئەوەی لەوانەیه کوردەکانی ناوچه لەگەڵ بارزانییەکاندا یەک بگرنەوە، چەکەکانیان لێ دەستێننەوە. لەم سەروەختەدا کوردەکانی ماکۆ خۆیان بێ لایەن نیشان دەدەن و، بەڵێنیان بەدەسەڵاتدارانی ئێرانی داوه یارمەتیی مەلا مستەفا بارزانی نەدەن.

بەهۆی سەرهەڵهێنان و پەیدابوونەوەی بارزانییەکان لەناو خاکی ئێراندا و هاتنیان بۆ ناوچەی ماکۆ، لەوانەیه کوردەکانی هۆزی جەلالی نەیانەوێ خۆیان تەسلیمی ئێران بکەنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی شا دێت بۆ ناوچەی ماکۆ، یەکێک له سەرۆکەکانی کوردی هۆزی جەلالی عومەر ئاغای خالیدی هاتووەته ماکۆ و خۆی تەسلیمی دەسەڵاتدارانی ئێرانی کردووه و، دووەم سەرکردەیان شێخ عەبدولقادر به ٧٠ماڵەوە چووه بۆ تورکیا. ئەمانه بوون بەهۆی دووبەرەکی لەناو کورده جەلالییەکاندا که نیشانەی یەکگرتنیان

(*) لێرەوە لەچەند جێگەی ترکه ناوی جووتیار و جووتیاران هاتووه مەبەست ئازەربییەکانی دانیشتووی ناوچەکانن (هەورامی).

لەگەڵ دەستەکانی مەلا مستەفا بارزانیدا نییە.

دەسەڵاتدارانی ئێرانی سەرۆکی خێڵی ئەمویی سەر بەهۆزی میلانیان بەناوی ئەمۆئاغای ئەمۆیان تاوانبار کرد گوایە یارمەتیی مەلا مستەفای داوە و، خواردەمەنی و حوشتری بۆ بار بۆ بردوون و، هەروەها لە پیاوەکانی خۆی دەلیلی پێ داون، ئەمۆئاغای ئەمۆیان ئەم تاوانانەی دەوڵەتی ئێران بەرپەرچ دەداتەوە و، ڕادەگەیەنێت کەوا بارزانییەکان لەسەر ڕێگەیان وەک چۆن لە جووتیارەکانی تر بەزۆر خواردەمەنییان ئەستاندووە و لەویشیان ئەستاندووە.

ئەمۆئاغا هەتاوەکو ئێستە ئازادە بەڵام پێ دەچێ دەدرێتە دادگەی سوپایی - سەحرایی. بەپێی ڕاگەیاندنی هەندێ کاربەدەستی سوپایی و خەڵکی ناوچەکە، دووەم دەستە چەکداری بارزانی کە ژمارەیان بە ١٨٠٠ کەس دەگات، لەم ڕۆژانەی دواییدا لە عێراقەوە هاتوونەتە ناو خاکی تورکیا و، بەرەو ناوچەی ماکۆ بەمەبەستی یەکگرتنەوەیان لەگەڵ مەلا مستەفادا کەوتوونەتە ڕێ. بەم شێوەیە ژمارەی سوپای ئێران لە ناوچەی ماکۆ و خوی دەگاتە نێزیکەی بیست هەزار کەس. لەناو فەرماندەکانی سوپای ئێراندا کە دژی کوردە بارزانییەکان شەڕ دەکەن ئەمانەی خوارەوەمان بۆ ناسراون:

لە ماکۆ:

١- پشکێنەری ئەرکانی گشتی سەرتیپ شابەختی.

٢- فەرماندەی سوپای کوردستان و ڕەزائیبە لیوا هومایۆنی.

٣- فەرماندەی لەشکری ڕەزائیبە سەرتیپ زەنگەنە.

٤- فەرماندەی پادگانی ماکۆ سپەبودزل تاش.

٥- سپە بودی سنووردار یان سنووریارێز ساتراپ و چەند جەنەراڵ و کەسێکی تر، ئێمە ناویان نازانین.

لە خوی:

عەمید لەشکەری و عەمید دووراتیبی و هتد.

بازرگان و زەویدار و توێژەکانی تر پەرۆشی ئەوەن کە جێگیربوونی سوپایەکی زۆر لەسەر سنووری ئێران - سۆڤیەتدا پاشماوەیەکی خراپی بەدواوە دەبێت، واتە ئاڵۆزبوونی دۆستایەتیی نێوان سۆڤیەت و ئێران.

هەندێ کەس دەڵێن دوای کۆتایی هاتن بەچالاکی دژی بارزانییەکان، سوپایەکی زۆر بۆ پاراستنی سنووری ئێران لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت لەم ناوچەیەدا دەمێنێتەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەر ئێستە هێزێکی زۆر لەم ناوچەیەدا بەبیانووی چالاکی دژی کوردەکان ماوەتەوە.

بەگوتەی هەندێ پیاوی ناسراو، دەستەکانی بارزانی دوای هاتنیان لە عێراقەوە بۆ ئێران لەسەر سنووری تورکیادا سێ بنکەی سوپایی تورکیایان لەناوبردووە، لەبەرئەوەی تورکەکان بەنۆرەی خۆیان ئەوانیش بۆ لەناوبردنی دەستەکانی بارزانی و هەروەها بۆ پێشگیری کردن لە هاتنی دەستەی دووەمی بارزانییەکان بۆ ئێران، هەموو هەنگاوێکیان بۆ یارمەتیدانی دەوڵەتی ئێران هەڵگرتووە. دەستەکانی مستەفا بارزانی لەم وەختەدا لە کێوەکانی قزلوون و، لەبەرئەوەی سوپای ئێران بەدوایان کەوتووە بەرەو ناوچەی ئاخ گەلی نێزیکی سنوورەکانی ئێمە ملیان ناوە.

بەڕێوەبەری ئەرکی سەرکونسوڵی یەکەتیی سۆڤیەت لە ماکۆ-مورادیان

سکرتێری سەرکونسوڵ موحەڕەمۆڤ

***

١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧

ژمارە ٤٨

**ناوەرۆکی وتوویژ لەگەڵ سەرتیپ شابەختی**

١٨ی حوزەیرانی ئەمساڵ لەگەڵ سکرتێری سەرکونسوڵخانە هاوڕێ موحەرەمۆڤ چووینە لای سەرتیپ شابەختی. شابەختی دەیوت خەڵک هیوا و ئاواتیان ڕەنگاوڕەنگە و، بۆ گەیشتن بەو هیوا و ئاواتانە بارێکی نائارام بۆ خەڵکی تر دروست دەکەن. بۆ نموونە: کردەوەی کوردە بارزانییەکانی هێنایەوە، کە لە عێراقەوە هاتوون و، ئێستە لە ناوچەی ماکۆ دەخولێنەوە. ئاخاوتنی ئەو لەسەر بارزانییەکان بۆ ئەوەبوو ناڕاستەوخۆ دەیویست نیازی بارزانی لە ئێمەوە بزانێ و، قسەمان لێ دەربێنێت. وا خۆی پیشان دەدا کە پرسیارەکەی پێوەندیی بەئێمەوە نییە. پرسیارمان لە شابەختی کرد ئاخۆ چالاکی دژی بارزانییەکان کۆتایی پێ نەهاتووە؟ لە وەڵامدا وتی: چالاکی دژی بارزانییەکان بەردەوام دەبێت، لەبەرئەوەی گوایە ناتوانن جێگە و شوێنی دەستە چەکدارەکانی بارزانی دیاری بکەن.

پاشان ئەو لە ئێمەی پرسی، ئاخۆ شوێنی جێگیربوونی دەستەکانی بارزانی نازانین؟ لە وەڵامی پرسیارەکەی ئەودا کە ئێمە جگە لەوەی لە ڕێگەی کاربەدەستانی ئێرانییەوە ئاگادار دەکرێینەوە هیچ زانیارییەکمان لەسەر سەقامگیر بوونی دەستەچەکدارەکانی بارزانی نییە. شابەختی وتی: دەستەکانی مەلا مستەفا هاتوونەتە ناو خاکی ئێرانەوە و زۆر بەخێرایی گەیشتوونەتە سەر سنووری ئێران-سۆڤیەت، ئەمە وادەگەیەنێت مەبەستێکیان هەیە، ئەگینا ئەو لە ڕێگەی تورکیا و ئێرانەوە ئەو گەشتە دوور و درێژەی

نەدەکرد و، نەدەگەیشتە ئێرە و، هەوڵی گەیشتن بۆ سەر سنووری (ئێران-سۆڤیەت)ی نەدەدا.

لە مەبەستی شابەختی تێ گەیشتین و پێمان وت: ئێمە نازانین بۆچی دەستەکانی مەلا مستەفا بارزانی بێ سزادان توانیویانە بەناو خاکی تورکیا و ئێراندا بگەنە سەر سنووری ئێران-سۆڤیەت، پاشان شابەختی درێژەی بەقسەکانی دا و وتی:

«من وەک مرۆڤێکی سوپایی دەمەوێ بەئاشکرایی ڕای بگەیەنم کەوا ئێمە دوو کەسمان لە دەستەی بارزانی بەدیل گرت و، لە وەڵامی پرسیاردا وتیان: مەلا مستەفا بەئاشکرا لەپێش دەستە چەکدارەکانیدا ڕای گەیاندووە کە ئەو بەڵێنی لە دەوڵەتی سۆڤیەتی وەرگرتووە بۆ چوونە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت. لەبەرئەوەیە دەستەچەکدارەکانی بارزانی بەخێرایی بەرەو سنووری یەکەتیی سۆڤیەت بۆ پێش دەڕۆن. ئەگەر سنووردارانی ئێوە دەرفەتی ئەوە نەدەن ئەم کوردانە بچنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە، ئەوانە ناتوانن بەزۆر بچنە ناو خاکی ئێوە و، ئەو کاتە ئێمە دەتوانین سەرکوتیان بکەین».

شابەختی وتی: باوەڕی بەقسەکانی ئەو دوو بارزانییە بەدیل گیراوەی ناوبراو سەبارەت بەپرسی یەکەتیی سۆڤیەت ناکات. لە درێژەی قسەکانیدا وتی: ئێمە (واتە سۆڤیەتییەکان) و کاربەدەستانی سوپاییی ئێران نابێ دەرفەتی ئەوە بدەین کەسانی وا لە ڕێگەی ئێرانەوە بگەنە سەرسنووری دەوڵەتی دراوسێ. بەوتەی شابەختی دەستەکانی بارزانی لەکاتی تێپەڕبوونیان بەناو خاکی تورکیادا چەند جار لەگەڵ کاربەدەستانی تورکیا تووشی تێکهەڵچوون هاتوون و، لە هەردوولادا کوژراو هەیە.

شابەختی لەبارەی ئەو هەواڵەی لەناو خەڵکدا بڵاوە سەبارەت بەپەیدابوونی دەستەی دووەمی بارزانی، بەدرۆی خستنەوە و وتی: برای مستەفا بارزانی، شێخ ئەحمەد و سەرکردەی بەناوبانگی کورد زێرۆ بەگ لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە گیراون.

لە وەڵامی پرسیاری ئێمە کە ئەو چۆن دەڕوانێتە ڕاگەیاندنی ڕادیۆ و چاپەمەنییەکانی هەندێ دەوڵەت سەبارەت بەوەی دەسەڵاتدارانی ئێرانی سنووری خۆیان لەگەڵ سۆڤیەت بەستووە؟ شابەختی وتی: «من لە وتووێژی ڕابردوومدا بەئێوەم ڕاگەیاند کە هیچ کاتێک نابێت دۆستایەتیی ئێران لەگەڵ سۆڤیەت لەکەدار بێت. وڵاتانی تر بەڕادیۆ و چاپەمەنیی خۆیان ئەو شتانە ڕادەگەیەنن کە پێویستیانە. ئێمە پێویستیمان بەپێوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ هاوسێکانماندا هەیە، بەشتێکی زیادی نازانم ئەوەی دووپات بکەمەوە کە وڵاتانی ئێمە بۆ هەمیشە بەهاوسێیەتی دەمێننەوە و، دۆستایەتیی نێوانمان دەبێ هەتاهەتایی بێت، مۆڵخواردنی سوپای ئێمە لەناوچەی ماکۆ تەنیا پێوەندیی بەچالاکیی هێزەکانمان دژی دەستەکانی مەلا مستەفا بارزانییەوە هەیە و، لەگەڵ بەکۆتایی هاتنی ئەم چالاکییانەدا سوپای ئێمە دەگەڕێتەوە بۆ شوێنی پێشووی

خۆی. تەنیا من دەمەوێ دەستنیشانی ئەوە بکەم کە سنوورەکانی ئێمە لەگەڵ ئێوەدا وەک دەزانن تا ئێستە ئاوەڵە بووە و، ئێمە دەبێت سنوورەکانی خۆمان بپارێزین، پاراستنی سنوورەکانی ئێمە وەک پاراستنی سنوورەکانی ئێوەیە لەگەڵ ئێمەدا».

لەکۆتاییی وتووێژەکاندا شابەختیم لەسەر هەڵسوکەوتی هەندێ کاربەدەستانی سوپاییی ئێران لە ماکۆ و خوی لەگەڵ هاورێ خمیرۆڤ کارکەری ئێستگەی هەواییی سۆڤیەت لە ماکۆ (کە لە ڕاپۆرتی ڕابووردودا ئاگادارمان کردبوونەوە) ئاگادار کردەوە و پێم ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەری ئەرکی کۆنسوڵخانەی سۆڤیەت لە ماکۆ-مورادیان

سکرتێری کونسوڵخانە-موحەڕەمۆڤ

***

ژمارە ٦٧

کونسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائییە

**ڕووداوە سیاسییەکانی ناوچەی ڕەزائییە تا ئابی ١٩٤٧**

... لەبارەی دیموکراتەکانی ڕەزائییە (مەبەست دیموکراتە ئازەربیەکانە) دەسەڵاتدارانی خۆجێیەتی زۆر بەئاسانی توانییان سەرکوتیان بکەن، بەڵام کێشەی کورد هەروا بێ چارەسەرکردن ماوەتەوە، ئەمە دەسەڵاتدارانی ئێرانیان زیاتر ناڕەحەت کردووە.

سەرکردەکانی کورد، ئەوانەی زیاتر لایەنگیری دیموکراتییەتن وەک: زێرۆ بەگی بەهادوری، کوردە عێراقییەکانی هۆزی بارزان بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا و براکەی شێخ ئەحمەد کە لەناوچەکانی سولدوز و شنۆ و دۆڵی دەشتەبێل مۆڵیان داوە و، هێڵی بەرگرییان پێک هێناوە و بەربەرەکانییەکی تەواویان دژی کەرتەکانی سوپای ئێران کردووە. سوپای ئێران ڕاستەوخۆ لەژێر فەرماندەییی ئەم سەرهەنگ (عەقید)انەیە: مەجیدی، ئەنساری، زەنگەنە، نەیساری و ...هتد. فەرماندەی گشتیی چالاکییەکانی شەڕ دژی کوردان بەدەستی شابەختی و هومایۆنییە.

٣ی شوباتی ١٩٤٧ شێخ ئەحمەدی بارزانی (برا گەورەی مەلا مستەفا) پروتۆکۆلی کۆبوونەوەی گشتیی بارزانییەکانی لە ڕێکەوتی ١٥ی کانوونی دووەمی ١٩٤٧دا بۆ ناردووین. لە پێشەکیی بەشی پروتۆکۆلەکەدا دەڵێ: دیموکراتەکان لە ئازەربایجان و کوردستان تێک شکاون، لەبەرئەوە بارزانییەکان ناچاربوون پاشەکشە بکەن و لەناوچەکانی شنۆ- سولدز و لاجان جێگیر بن.

پاشان دەڵێت: ئێمە (بارزانییەکان) هێزەکانی خۆمانمان ڕێک خستووە و ناومان ناوە ڕێکخراوی (ڕزگاریی کوردستان)، شێخ ئەحمەد بەفەرماندەی هێزی گشتی دیاری

کراوە و، داخوازییەکانی خۆمان لە دەوڵەتانی ئێران و عێراق بەم شێوەیەی خوارەوە ڕادەگەیەنین:

١- لێبوردنی گشتی بۆ هەموو بەشداربووانی شۆڕشی (بارزان) و هەموو شەڕوانان و خەباتگێڕانی ئازادی و سەربەخۆیی لە عێراق و ئێراندا.

٢- داوا لە دەوڵەتی عێراق بکرێت قەرەبووی ئەو زیانانەی لە بارزانییەکان کەوتووە، بکاتەوە.

٣- ئۆتۆنۆمی بدرێتە کوردستان و هەروەها ئازادی بدرێتە تەواوی هێزە سیاسییەکان.

٤- هێشتنەوەی چەک لەلای بارزانییەکان.

بۆ ئەم مەبەستەیش داوا لە پارتی دیموکراتی عێراق دەکات ببێتە ناوبژیکەری هەردوو لا بۆ وتووێژ لەگەڵ دەوڵەت، هەروەها داوای یارمەتیی مادییش لە پارتی دیموکراتی عێراق دەکات.

پاشان لە پرۆتۆکۆلەکەدا دەڵێت: ئێمە (بارزانییەکان) تا دوایین دڵۆپی خوێن خەبات دەکەین، تا ئەو دەمەی ئازادیی ڕاستەقینە وەدەست دێنین. دروشمەکانی ئێمە ئەمانەن:

گەلانی ئازادیخوازی دنیا یەک بگرن

نان بۆ هەمووان، خوێندن و لەشساغی بۆ هەمووان

چەکەکانی ئێمە لە پێناوی خزمەتکردن و ئازادیی هەموو گەلاندا دەبێت

لە ئیش و کاری سیاسیدا پێوەندیمان لەگەڵ پارتی تودەی ئێران و پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق دەبێت، ئەم پرۆتۆکۆلە ٢٧ کەس لەسەرکردەکان و پیاوە ماقووڵەکانی خێڵی بارزانی بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد ئیمزایان کردووە.

لە نامەیەکی تایبەتیدا شێخ ئەحمەد داوای کردووە بەزووترین کات وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدرێتەوە:

١- ئەگەر بارزانییەکان دژی کاربەدەستانی دەوڵەتی تاران لە ڕەزائییە و مەهاباد شۆڕش بکەن، زیان بەبەرژەوەندییەکانی سۆڤیەت ناگەیەنێت؟

٢- داوا دەکەم ئەگەر بەپێویستی دەزانن بۆ پێشخستنی کاروبارمان هەر پێشنیازێکتان هەیە ئاگادارمان بکەن تاوەکو سوودی لێ وەرگرین.

٣- ئەگەر ئێمە ناچاربووین بەرەو سنووری سۆڤیەت پاشەکشە بکەین بەکام یارمەتیدانی سۆڤیەت بۆ درێژەپێدانی خەباتمان دەکرێ پشت ببەستین.

شێخ ئەحمەد داوا دەکات پرۆتۆکۆلی کۆبوونەوەکەیان بنێردرێتە تاران بۆ پارتی گەلی ئێران «تودە».

بەپێی دەستوری مۆسکۆ کە لە بالیۆزخانەی خۆمانەوە پێمان گەیشتووە ئێمە وەڵامی ئەم نامەیەمان نەدایەوە.

لەسەرەتادا ئێرانییەکان هەوڵیان دا بەوتوویێژ لەگەڵ ئەو سەکردە کوردانەی بەردەوامن لە بەربەرەکانی دژی دەوڵەتی ئێران، ڕازییان بکات تا دەست لە بەربەرەکانیی چەکدارانە هەڵبگرن و، چەکەکانیان تەسلیمی دەوڵەت بکەنەوە. بۆ ئەم مەبەستەیش فەرماندەییی سوپای ئێران سەرهەنگ (عەقید) نەیساری نامەی ناردووە بۆ سەرکردەکانی ئەم هۆزانە، لەنامەیەکدا بۆ زێرۆ بەگی بەهادوری «هەرکی» نووسیویەتی: ئازەربایجانییەکان و ئاسوورییەکان و ئەرمەنەکان و هەروەها سەرۆک هۆزەکانی کوردی خوارەوە چەکەکانی خۆیان تەسلیمی دەوڵەت کردووتەوە:

١- عومەر خانی شەریفی (شکاک)

٢- ڕەشید بەگی جەهانگیری (هەرکی)

٣- حەسەن تیلو (دیری)

سەرهەنگ (عەقید) نەیساری پێشنیازی کردووە: زێرۆ بەگ وەکو وان پەیڕەو بکات و، هەروەها داوای تەسلیم کردنی ئەو دیموکراتە هەڵهاتووانەی کردووە کە لەلای ئەو خۆیان شاردووتەوە.

لەلایەن زێرۆ بەگی بەهادورییەوە وەڵامێک بەم شێوەیەی خوارەوە وەرگیراوە: «ترسنۆکەکان چەکیان داناوە، من لەگەڵ پیاوەکانی خۆم تا دوایین کەس بەربەرەکانی دەکەم». مەلا مستەفا بارزانی کە بۆ وتوویێژ بانگ کرابووە تاران لە ڕێکەوتی ٨-١٠ی شوباتی ١٩٤٧ لەگەڵ گرووپێکی ئەفسەر لە تارانەوە گەیشتنە ناوچەی سولدوز. مستەفا بارزانی مەرجەکانی تەسلیم بوونیان کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە پێشنیاز کراوە، لەگەڵ خۆیدا هێناوە و داویەتی بەبراکەی واتە شێخ ئەحمەدی بارزانی.

دەوڵەتی ئێران پێشنیازی بۆ بارزانییەکان کردووە لە ماوەی سێ ڕۆژدا چەکەکانیان دابنێن لەبری ئەم کردەوەیە دەوڵەتی ئێران ژیان و ئازادیی ئەوان دەپارێزێت و دەتوانن لە ئێران بۆ هەمیشە بمێننەوە. ئەگەر بێتو ئەم پێشنیازەی دەوڵەتی ئێران پەسەند نەکەن ئێرانییەکان هەڕەشەی بەکارهێنانی هێز و، هەروەها چەککردنیان کردوون.

ئەم پرسیارانە لە کۆبوونەوەی گشتیی سەرکردەکانی هۆزی بارزان کە لە شاری شنۆدا بەستراوە، باس کراون و مەرجەکانی تەسلیم بوونی دەسەڵاتدارانی ئێرانییان پەسەند نەکردووە.

دوای سەرنەکەوتنی وتوویێژ لەگەڵ بارزانییەکاندا، دەسەڵاتدارانی ئێرانی دەستیان بەخۆپێشاندانێکی تر کرد، ئەویش برێتی بوو لەوەی: بەیارمەتیی ئەم خۆپێشاندانە

دەیانەویت ریگە بۆ خۆیان ئازاد بکەن تا بتوانن کەرتەکانی سوپایان بنێرنە پشتەوەی بەرەی بارزانییەکان. بۆ ئەم مەبەستەش جەنەرال هومایۆنی و سەرهەنگ (عەقید) زەنگەنە لە ٢٦ی شوباتی ئەم ساڵ لە گوندی چارباش چاوپێکەوتنێکیان لەگەڵ نوێنەری زێرۆ بەگی بەهادوری (هەرکی)دا کردووە، کە بۆ ناوبژی کردن لەوتوویژ لە نێوان دەوڵەتی ئێران و کوردەکان ئەمانەی خوارەوە ئامادە بوون:

١- رەشید بەگی (هەرکی) کۆنەپەرست.

٢- عەلی ئاغای ئاخ چولەر -زەویدارێکی مام ناوەندییە لە رەزائییە- کابرایەکی کۆنەپەرستە.

هەموو هەوڵدانیان ئەوەبوو بە زێرۆبەگی بسەلمێنن بەربەرەکانی دژی ئێران بێ ئەنجامە و، سەرکەوتنی بەدواوە نابێت. دوای ئەوە ئێرانییەکان ٤ تانکی سووک و دوو سەد کەسیان لە سوپای ئێران نارده ناوچەی بالانوش و توانییان تەنگ بە کوردەکانی زێرۆ بەگی بەهادوری لە ناوچەی باراندوز چای هەڵچنن، هەروەها بارزانییەکان لەگەڵ کوردەکانی تر و دیموکراتە ئاسوورییەکان کە لە گوندەکانی دیزە -تەکیە و، شەم شید- جیان و، لە گوندەکانی تری ناوچەی باراندوز چای دەژیان، پەنایان بردە بەر کێوەکان.

ژمارەی گشتیی سوپای ئێران کە دژی کوردە بارزانییەکان و زێرۆ بەگ بەشدارییان کرد لە دە هەزار کەس زیاتر بوون، واتە پێنج تا شەش جار لە کوردەکان پتر بوون. گەرچی هێزی ئێرانییەکان زیادبوو، بەلام زیانیشیان لە کوردەکان زیاتربوو. دەسەلاتدارانی سوپایی زۆر بەباشی و زیرەکانە هەموو ئەمانەیان لە دانیشتوانی شار دەشاردەوە. ئۆتۆمۆبیلەکان بەبرینداراەوە، هەروەها لەگەڵ پارچەی ئەو باڵەفڕانەی کوردەکان لەبەرەی شەڕ خستبوویاننە خوارێ، تەنیا بەشەو دەیانهێنانە شاری رەزائییە. هەموو نەخۆشخانەکانی ئاسایی و سوپایی لە رەزائییە و شاپوور پڕکرابوون لە سەربازی بریندار.

لەناو دارودەستەی کۆنەپەرستدا وا بلاوە کە هۆی بەربەرەکانیی کوردەکان پێوەندی بەخواستی ئینگلیزەوە هەیە و، دەڵێن ئینگلیز بەرژەوەندیی خۆی لە ئاژاوەنانەوە لە باکوری ئێراندا دەبینێت. بۆ ئەم مەبەستەش گوایە لە عێراق دوو سەد باری حوشتر بەتەقەمەنی و کەلوپەلی خواردەمەنییەوە بۆ کوردەکانی بارزانی نێردراوە. ئەمریکاییەکان بەرژەوەندیی خۆیان لە سەقامگیرکردنی زیاتری ئارامی لە رەزائییە و کوردستاندا دەبینن. بۆ ئەم مەبەستەش لەم مانگانەی دواییدا زۆرجار نوێنەرانیان دەهاتن بۆ رەزائییە و لەگەڵ فەرماندەی سوپای ئێران دەچوونە ناوچەکانی سەر سنووری ئێران لەگەڵ تورکیا و عێراق وەک:

١- لیستر میلیر.

٢- میستر لیستر سووتون.
٣- کاپتان روزڤلت.
٤- کاپتان گاگارین.

ئەمانە و لەگەڵ هەندێ زانیاریی سوپایی و، بگرە هەندێ جەنەرالیشیان لەگەڵ بووە کە تاوەکو ئێستە ناویان نەزاندراوە.

بۆ چاوپێکەوتن لەگـەڵ نوێنەری پاشکۆی سـوپاییی باڵیـۆزخـانەی ئەمـریکا لەتاران کـاپتـان گـاگارین، سـەرکردەی هۆزی شکاک عومـەرخانی شەریفی لە ڕێکەوتی ٢٠ی شوباتی ئەمساڵ چووەتە تاران (لەم بارەیەوە باڵیۆزخانە و کونسوڵی خۆمانم لە تەورێز بەتیلیگرام ئاگادار کردبووەوە).

ئەمریکاییـیەکان بەیارمەتیی عومەر خانی شەریفی بەتەمابوون ئارامی بۆ ناوچەکانی کوردستـان بگەڕێننەوە. لە ڕەزائییـە زۆر بڵاوە کە مـەبەستی ڕۆیشـتنی عـومەر خـانی شەریفی بۆ تاران وەرگرتنی بەڵێنی دەوڵەتی ئێرانە بۆ پاراستنی ژیان و ئازادیی هەموو ئەو کوردە دیموکراتانە کە دەبێ باڵیۆزی ئەمریکا لە تاران بۆ ئەم کارە یارمەتیی ناوبراو بدات. دوایی ئاشکرابوو کە بەبۆنەی ٧٤ ساڵی لەدایک بوونی عومەر خانی شەریفی باڵیـۆزی ئەمـریکا لە تاران مـیوانداریـیەکیـان ڕێک خستـبوو. هێشـتـا لە ١٩٤٥-١٩٤٦دا بوو کـە ئێـمـە لە ڕاپۆرتی کـونسـوڵیـدا نووسـیـبوومـیـان کـەوا ئەمـریکایی و ئینگلیزەکان بەتەمـان دەوڵەتێکی دەستکرد «بەکرێگیراو» بەناوی کوردستانی گەورەوە دروست بکەن. بۆ ئەم مـەبەسـتـەش نوێنەرانیـان زۆر جـار لەگـەڵ سـەرکـردەکـانی کـورد: قـازیی مـوحەمـەد و سـەیفی قـازی و حـاجی باباشـێخ وتووێژیان کـردووە. جـاسـوسی بەناوبانگی ئینگلیز شێخ سەعید عەبدوڵڵا گەیلانی ئەم بیروڕایە لەناو کوردەکاندا بڵاو دەکـاتەوە، ئەو لە چاوپێکەوتن لەگـەڵـمـاندا، هەروەها بەئاشکرا بیـروباوەڕی خـۆی دەربڕی.

بۆ دروست کردنی «کوردستانی گەورە». ئەمریکایی و ئینگلیزەکان لە ١٩٤٥-١٩٤٦ پێکەوە و، دۆسـتـانە بۆ ئەم کـارە ئیـشـیـان کـردووە. دوای ڕووداوەکـانی ئەم دواییـیـەی باکوری ئێـران -واتە مـانگی کـانوونی یەکـەمی ١٩٤٦ لە کـار و، جوڵانەوەکـانیـاندا بۆ ئەم مەبەستە هەست بەململانێ دەکرێت، ئەمەیش لەوانەیە زۆرتر بەهۆی ئەوە بێت کە ئیـمـپـریالیـزمی ئەمـریکا دوای شـەڕ لەگـەڵ ئەڵـمـانیـای هیـتلەری توانیـویەتی لەباری ئابووری و ڕامـیـارییـەوە خـۆی بگەیەنێـتـە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێـزیک، تا ئەم دواییـیـانە ئیـمـپـریالیـزمی ئینگلیـز خـۆی بەخـاوەنی تەواوی ئەم ناوچەیە دادەنا، لە ئەنجامی ئەم ململانێیەدا کوردەکانی ئێران بوون بەدوو بەشەوە:

١- لە بەرە یان بەشی یەکەمدا بەڕێبەرایەتیی ئینگلیز هۆزەکانی مامەش، مەنگوڕ،

دیبوکری، زەرزا، پیران، فەیزوڵابەگی و هەندێکی تری دانیشتووی باشووری کوردستانیش دەگرێتەوە، سەرکردەی بەشی یەکەمیان کۆنەپەرستی بەناوبانگ و لایەنگری ئینگلیز مام عەزیز کوڕی خوالێخۆشبوو قەرەنی ئاغای مامەشە.

٢- لە بەشی یان بەرەی دووەم کە ڕێبەرایەتییەکەی بەدەستی ئەمریکاییەکانە کوردەکانی ئەم هۆزانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

شکاک، عەبدۆیی، دیری، هینارە (چینارە) کە لە باکوری کوردستان دەژین. سەرکردەی بەشی دووەم کۆنەپەرستی بەناوبانگ عومەر خانی شەریفییە. سیاسەتێک کە ئەمریکاییەکان و، هەروەها ئینگلیزەکان لەناو کوردەکاندا گرتوویانەبەر دەبێتە هۆی لەکەداربوونی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتی ئێران و تورکیا. بەڵام تورکیا ناچارە بێدەنگ بێت لەبەرئەوە چارەنووسی خۆی بەستووەتەوە بەئەمریکا.

ئێرانییەکانیش کەوتوونەتە ناو دوو ئاگرەوە. کاربەدەستانی خۆجێیی ئێران و، هەروەها پیاوە گەورەکانی شاریش بوونەتە دووبەشەوە، بەشێکیان لایەنگری ئینگلیز و ئەوی تریان ئەمریکان. پشتیوانانی سیاسەتی ئینگلیز برێتین لە:

١- سەرهەنگ (عەقید) کەمال فەرماندەی جەندرمە.

٢- سەرهەنگ (عەقید) مانۆک دوکتۆری جەندرمە، یەکێک لە چالاکەکانی پارتی داشناکەکانە.

٣- ڕەبیع ئەنساری سەرنووسەری ڕۆژنامەی کەیوان.

٤- پالکونیک نەیساری -فەرماندەی سوپایی و، هتد.

پشتیوانانی سیاسەتی ئەمریکا:

١- جەنەرال لیتنانت سەرلەشکر (لیوا) هومایۆنی- فەرماندەی لەشکری ٤ی ئێران.

٢- جەنەرال مایۆر (سەرتیپ) زەنگەنە جێگری فەرماندەی لەشکری ٤ی ئێران.

٣- حوسێن خانی ئەفشار- زەویداری گەورە و، کابرایەکی بەدەسەڵات لە ڕەزائییە.

٤- غام غەش (قەم قەش) خانی ئەفشار- زەویداری مام ناوەندی.

٥- دوکتۆر ئەفشار- زەویداری مام ناوەندی و هتد...

ئیبراهیم شایانی فەرماندەی ڕازئییە، تا ئێستە نەمانتوانیوە دیاریی بکەین سەربەکام دەستەیە؛ بەڵام باش دەزانین پیاوی پارێزگاری ئازەربایجان مەنسوورە. لەم دواییانەدا لە ڕەزائییەدا وا بڵاوبوو کە مەنسوور و ئیبراهیم شایان لایەنگری ڕوسیان. پێ دەچێ هەموویان لەیەک ئوردوگادا نەبووبن.

پێویستە ئێمە لە ململانەی ئینگلیز و ئەمریکاییەکان لەسەر کێشەی کورد کەڵک وەربگرین و، پەرە بەململانەکەیان بدەین، بۆ ئەوەی بتوانین کوردەکان لەوانە دووربکەینەوە. کێشەی کورد وەک ڕابووردو لە ناوچەکەدا بۆ ئێرانییەکان زۆر گرینگە

که هەست دەکەن چارەسەرکردنی بۆ ئەوان زۆر دژوار بێت. بەهاتنی ڕۆژانی گەرم پێیان وابوو کوردەکان هێرش دەکەنە سەر گوند و شارەکان کە دەسەڵاتدارانی خۆجێیی و کۆنەپەرستانی ناوچەکە زۆر ترساون. سەقامگیربوونی هەرچی زووتری ئارامی لە کوردستان هێندە لای ئەمریکاییەکان گرینگ بوو، ئەمەش نیشاندەری ئەم ڕاستییانەی خوارەوەن:

١٤ی ئاداری ١٩٤٧ سەرکونسوڵی ئەمریکا لیستر سوتوون هاتە تەوریز، ١٥ی ئاداری ئەم ساڵ لە فەرمانداری کۆبوونەوەی شوورای سوپاییی بەبەشداریی سەرلەشکر لیوا هومایۆنی و سەرهەنگ (عەقید) زەنگەنە و دوو سەرهەنگ (عەقید)ی ترکە لە تارانەوە هاتبوون و هەروەها دوو سەرکردەی کورد عومەر خانی شەریفی (شکاک) و، ڕەشید بەگی جەهانگیری (هەرکی) بەسترا.

١٦ی ئاداری ئەم ساڵ هێزێکی زۆر لە سوپای ئێران (نێزیکەی دوو فەوج) بەرەو گوندەکانی بەند و باڵانوش بەمەبەستی ئەوەی ڕێگەی هێرشی بارزانییەکان بۆ باکوری ئێران ببەستن، دەکەونە ڕێ. لە ماوەی مانگی پێنج شەڕێکی زۆر قورس لەگەڵ کوردەکاندا دەستی پێ کرد. کوردەکان چی تر هێزی ئەوەیان نەبوو هێڵی بەرهەڵستکاری لە ناوچەکانی ناوبراو ڕابگرن. لەبەرئەوەی تەقەمەنی و خواردنیان پێ نەدەگەیشت بۆیە لە کۆتاییی مانگی نیسانی ١٩٤٧ دەستەکانی مەلا مستەفا و زێرۆ بەگی بەهادوری خاکی ئێرانیان بەرەو عێراق جێ هێشت. دیموکراتێکی زۆریش کە خۆیان لە کوردستان شاردبووەوە لەگەڵ کوردەکاندا بەرەو عێراق ڕۆیشتن، پێش ڕۆیشتنی مەلا مستەفا بارزانی و، زێرۆ بەگی بەهادوری «هەرکی» بۆ عێراق بەتەما بوون ڕێبەرە دیموکراتەکانی کورد لە زیندان ئازاد بکەن، واتا قازیی محەمەد و سەدری قازی و سەیفی قازی، بۆ ئەم مەبەستەیش دەستە چەکدارەکانیان ٢٥-٢٦ی ئاداری ١٩٤٧ بەرەو شاری مەهاباد کەوتبوونە ڕێ. ئێرانییەکان کە لە نیازی کوردەکان گومانیان کردبوو، ئیعدام کردنی ناوبراوانیان وەپێش خست، ٢٨ی ئاداری ١٩٤٧ بڕیاری دادگە دەرچوو و، درا بە جێبەجێ کردن. (چۆن بارزانی پاش کوشتنی قازی خۆی بەدەستەوە بدات و لە کاتێکدا قازی بەبێ هیچ شەرت و مەرج خۆی تەسلیم کردبوو. هەورامی).

لەو ناوچانەی کوردە چەکدارەکان مۆڵگەیان دابوو، هێزێکی زۆر لە کەرتەکانی موتوری سوپای ئێران بۆ ئەوێ ناردراوە، لەبەرئەوە کوردەکان ناچاربوون بگەڕێنەوە شوێنی پێشوویان. لە داردانی ڕێبەرە دیموکراتەکانی کورد بوو بەهۆی ڕق و بێزاریی کوردەکان بەرامبەر بەکاربەدەستانی ئێران. بۆ وتوویژ لەگەڵ بارزانییەکان دەستەیەک لە ئەفسەران و کاربەدەستانی ئێران هاتوونەتە سەرسنووری ئێران و عێراق. دەوڵەتی عێراق ژیان و

ئازادیی بارزانییەکانی بەو مەرجانە پاراستووە ئەگەر چەک دابنێن و واز لە تێکۆشانی سیاسی بێنن. لەم کاتەدا هەردوو برا، واتە مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی جیاوازییەکی تەواو دەکەوێتە ناویانەوە. شێخ ئەحمەد بارزانی پێشنیازی دەوڵەتی عێراقی پەسەند کردووە، چەکەکانیان دەدەنەوە و، خۆشیان تەسلیمی کاربەدەستانی عێراق دەکەن، بەشەکەی تر لەگەڵ مستەفا بارزانیدا پەنا دەبەنە بەر کێوەکانی ناوچەی بارزان لە عێراق. دوای ڕۆیشتنی هێزە چەکدارەکانی کوردی بارزانی و کوردە بەرەنگاربووەکانی تر بۆ عێراق، فەرماندەی هێزەکانی ئێران کە بۆ سەرکوتکردنی سەرهەڵداوەکانی کورد سووربوو، هەوڵی دا پایەی خۆی لای شا و، هەروەها ناوبانگی سوپای ئێران لە پێش خەڵکی ئێراندا بەرزبکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستەش بەناردنی پەیام بۆ شا کە تێیدا نووسرابوو کوردەکانی بارزانی و ئەوانی تر بەتەواوی سەرکوت کراون. لە شاری ڕەزائییە جێژنی سەرکەوتنی سوپای ئێران بەشکۆ و شادییەکی زۆرەوە بەڕێوەبرا. شا میداڵ و نیشانەی بەبەشدارانی شەڕی دژ بەبارزانییەکان پێشکێش کرد. گیروگرفتی ڕێژیم لەگەڵ کوردە دیموکراتەکانی تر کە لە هەلومەرجێکی نهێنیدا دەژیان، هەر وا چارەسەرنەکراو ماوەتەوە. ڕۆیشتنی عومەر خانی شەریفیش بۆ تاران، دەرچوونی دەستووری شای لە ڕێکەوتی ٨ی مایسی ١٩٤٧ی وەپێش خست. لە ١٢ی مایسی ١٩٤٧دا ڕادیۆی تەوریز بەیاننامەی جەنەراڵ شابەختیی بڵاوکردەوە کە تێیدا دەڵێ هۆز و خێڵە کوردەکان هەر لەخۆوە لە دەوڵەت دەترسن، ئەگەر بێتو بەرامبەر بەدەوڵەت نیازیان باش بێت، دەوڵەت نایانترسێنێت، دەوڵەت باش دەزانێت کە لەم ساڵانەی دواییدا لەبەر نەبوونیی دەسەڵاتی ناوەندی هەندێک لە ئێوە کەوتوونەتە ژێر کاریگەریی نیشتمان فرۆشەکان. پاشان بۆ سەلماندنی وتەکانی خۆی باسی دەستووری شای لە ڕێکەوتی ١٩٤٧/٥/٨ سەبارەت بەلێبووردنی گشتی بۆ هۆزەکانی کورد کرد. بۆ ڕۆژی دوایی بەیاننامەی شابەختی و دەستوورەکەی شا بەباڵەفڕە لەسەر هەموو گوند و ناوچە کوردییەکان بڵاو بووەوە، بەڵام جگە لەم سەرۆک هۆزانەی خوارەوە:

١- عومەر خانی شەریفی «شکاک».

٢- ڕەشید بەگی «هەرکی».

٣- حەسەن تیلو «دیری» کە لە پێشان پێناسەی خەڵکی تورکیای هەبوو.

٤- نوری بەگی بەگزادە.

لە سەرکردەکانی تری کورد کەسیان نەهاتن بۆ شار. سەرەک هۆزەکانی ناوبراو پێشوازییان لە فەرمانەکەی شا کردووە و، بەخەڵکیان ڕاگەیاندووە کە چەکەکانیان تەسلیمی دەوڵەت بکەنەوە. سەبارەت بەوانە و پێوەندییان بەنوێنەرانی دەوڵەتی ناوەندیی تارانەوە ئێمە لە ڕاپۆرتی ١٩٤٥-١٩٤٦مان ئاگادارمان کردنەوە.

**سەفەری شا**

کاربەدەستانی خۆجێیی لە شاری ڕەزائییە مانگێک پێش هاتنی شا خۆیان ئامادەکردبوو، ئەوانە هەموو خاوەن ماڵ و شوێنەکانیان ناچارکردبوو بیناکانیان سپی بکەنەوە و هەندێ شوێنی ڕووخاویان ئاوەدان یان پەرژین بکەن، تاکو دیار نەبێت. هەروەها تاقی سەرکەوتنیان پێ دروست کردبوون، خەرجیی ئەو تاقانە هەمووی لەسەر شانی خەڵک بوو، تەواوی کاربەدەستان و موچەخۆران و ناسراوەکانی خۆجێیی پاڵتۆ و شەلواری ڕەشی تایبەتیان بۆ جێژن دووری بوو و، هەموو ژنە ئازەرییەکانیان ئاگادار کردبوونەوە کە کاتی هاتنی شا بۆ باکوری ئێران، چارشێو لەبەرنەکەن و جلوبەرگی جوان بپۆشن، هەموو ڕۆژێ ئێواران ئۆرکیستراى سوپای ئێران لە مەیدانی شا مۆسیقای لێ دەدا.

سەربازەکان خەڵکیان فێر دەکرد چۆن پێشوازی لە شا بکەن، بنەماڵەی دیموکراتە بەناوبانگەکان و، هەروەها ئەوانەی کاربەدەستانی خۆجێیی گومانیان لێ دەکردن کەوا نیازیان لەگەڵ شا باش نییە، ئاگادار کرابوون لە ڕۆژی هاتنی شا و، هەروەها لە کاتی مانەوەی شادا لە ڕەزائییە نەیەنە سەر جادە.

لە ٣٠ی مایسی ١٩٤٧ لە سات ١٦ تا ٢٠ خەڵک چاوەڕێی هاتنی شایان دەکرد، لە کاتی هاتنی شا بۆ ناو شار خەڵک بەگوڵ و داخوازی ئۆتۆمۆبێلەکەی شایان پڕ کرد، لە کاتی تێپەڕبوونی شا بۆ ناو شار تەنیا لەلای تاقێک کە ئاسوورییەکانی دانیشتووی شار دروستیان کردبوو ڕاوەستا. منداڵی کۆنەپەرستەکان بەبۆنەی هاتنی شاوە شیعریان خوێندەوە، ڤیکتۆریای کچی کۆنەپەرستی بەناوبانگ دوکتۆر ئەسکەندەرخان کە لایەنگیری ئینگلیزەکانە بەشان و باڵی شای هەڵدا، دەستی بەقسە کرد، لە ماوەی وەستانی شا دانیشتوانی تری ئاسووری داواکارییەکانی خۆیان دەخستە ناو ئۆتۆمۆبێلەکەیەوە. شا لە ماوەی سێ ڕۆژ مانەوەیدا لە شاری ڕەزائییە سەری لە بنکەی خەیرییەی شمشێر و ڕۆژ، ماڵی منداڵانی هەتیو، قوتابخانەی پیاوانە و ژنانەدا. شا لە بینای پارێزگەدا چاوی بەنوێنەری گشت چین و توێژ و لایەن جگە (لە نوێنەرانی ئەرمەنی گوایا ئەوان دواکەوتبوون) کەوت، لە گوندی بەند (٥ کیلۆمەتری دوور لە شار) نوێنەرانی کورد لە بەرترس گۆیا نەوێران بێن بۆ شار، چاوی پێ کەوتن (ناوی بەشدارانی ئەم چاوپێکەوتنەمان هێشتا نەزانیوە) لە کاتی هاتنی شا بۆ ڕەزائییە لەلایەن دانیشتوانی شارەوە ٥ هەزار داخواز دراوە بە شا. ڕووداوی وا هەبوو کە ئافرەت خۆیان دەخستە ژێر ئۆتۆمۆبێلەکەی شاوە لەوانەی داوای بەربوونی خزم و کەسوکارە زیندانییەکانیان لە شا دەکرد.

١ی حوزەیرانی ١٩٤٧ ساتی ١٧ لە بینای پارێزگەدا شا چاوپێکەوتنی لەگەڵ

نوێنەرانی وڵاتانی دەرەوە کرد (ڕاپۆرتەکەی پێشکێش دەکرێت).
٣ی حوزەیرانی ئەمساڵ لە سات ٨ی بەیانی شا لە ڕێگەی مەهابادەوە بەرەو تەورێز گەڕایەوە. دانیشتوانی شاری شنۆ و نەغەدە لەسەر ڕێگەی سولدوز بۆ مەهاباد پێشوازییان لێ کرد. لەناو قەرەپەپاخەکانی ناوچەی سولدوز، قوڵی خانی پوزچالوکە کاتی فەرمانڕەوایی دیموکراتەکان جێگری وەزیری پەروەردە و بارهێنان بوو قسەی کرد و، شا میداڵی زێڕی پێ دا.

**گەڕانەوەی دووبارەی کوردەکانی بارزانی**

گەڕانەوەی چەکدارەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی بارزانی بۆ ناو خاکی ئێران لەگەڵ هاتنی شا بۆ باکوری ئێران هاوکات بوو، دیموکراتەکانی پێشوو سەبارەت بەم ڕووداوە زۆر خۆشحاڵ بوون، ئەوان هومێدەوار بوون مەلا مستەفا بارزانی هێرش بکاتە سەر شار و تۆڵەی سەرکوتکردنی بێ ڕەحمانەی دیموکراتەکان لە شا بستێنێتەوە. بەشێکی تری دانیشتوانی شارەکە سەر بەکاربەدەستانی خۆجێیی بوون و لە گەڕانەوەی بارزانی نیگەران بوون، چونکە یەکەم دڵگەرمی بۆ ئەوانە لەم کاتەدا هاتنی شا بوو بۆ ناوچەکە.
بۆ ناوچەی سەرهەڵداوەکانی کوردی بارزانی ٣٠ ئۆتۆمۆبێل لە سوپای ئێران لەگەڵ تانک و تۆپی سووک نێردرا. باڵەفڕەکانی ئێران هەموو ڕۆژێ لە بەرەی شەڕی ناوچەی ماکۆدا بەهەواڵی تازە دەگەڕانەوە، لەبارەی ژمارەی چەکدارەکانی بارزانی دەنگوباسی جۆراوجۆر هەبوو، هەندێک دەیانوت ژمارەیان زۆر نییە و، لە دوو سەد کەس تێپەڕ ناکات. ئەم دەنگوباسانە لەلایەن کاربەدەستانی سوپاییەوە بڵاودەکرایەوە، تەنانەت دەکرێ بوترێ سەرچاوەی بڵاوبوونەوەی ئەم دەنگوباسانەش هەر خۆیان بوون. هەندێکی تر وا نیشان دەدەن ژمارەی بارزانییەکان لە دوو هەزار کەس زیاترە، سەرهەڵدانەوەی دووبارەی مستەفا بارزانی بۆ ناو خاکی ئێران بۆ فەرماندەی لەشکری ٤ی کوردستان، بەتایبەتی بۆ سەرلەشکر هومایۆنی زۆر ناخۆش بوو، لەبەرئەوە ئەوانە ماوەیەک لەمەوبەر هەواڵی سەرکوتکردنی تەواوی بارزانییەکانیان بە شا ڕاگەیاندبوو و، جێژنێکی گشتی هەروەک پێشتر ئاگادارمان کردنەوە بەبۆنەی سەرکەوتن بەسەر بارزانییەکاندا، ڕاگەیاندرابوو. کەچی لەم بەینەشدا لە ناکاو وا دیسانەوە بارزانی سەری هەڵداوەتەوە. بۆ سەر لێ شێواندن و خافڵاندنی فەرماندەیی لەشکری کوردستان، مەلا مستەفا لە ڕێکەوتی دووی حوزەیرانی ئەم ساڵ لە ستادی (ئەرکانی) سوپای ئێران داوای لێبووردن دەکات، لە نامەکەیدا کە بۆ جەنەراڵ هومایۆنیی نووسیوە بارزانی داوا دەکات لێبووردنی گشتیی کوردەکانی ئێران کوردەکانی ئەویش بگرێتەوە.
لە ڕێکەوتی ٣٠ی حوزەیرانی ئەمساڵ بەپێی هەواڵی گەیشتوو، بارزانییەکان لە

ڕووباری ئاراس پەڕیونەتەوە و چوونەتە ناو خاکی سۆڤیەت. جەنەرال شابەختیی فەرماندەی لەشکری کوردستان و ئەفسەرانی سەر بەئەو، تووشی شەرمەزاری بوون لەبەر ئەو هەوالانەی کە لە ڕۆژی بەڕواڵەت سەرکەوتن بەسەر بارزانییەکاندا ناردبوویان بۆ شا کەوا گەلانی ئێران پاش ئەم هەواڵەی شابەختی بە شا چاوەڕێی سەرهەڵدانی دووبارەی بارزانییەکان نەبوون. لە شاریشدا وا بڵاوبووەوە کە گوایا ئەو نیشانەی کە شا وەختی خۆی بەجەنەرال هومایۆنیی دابوو، لەباتی سزادانی لێی سێندراوەتەوە، سەرهەنگ (عەقید) نەیساری و سەرهەنگ (عەقید) نەجدی پلەیان تا سەرهەنگ (عەقید) دوو هێناوەتە خوارێ. نەجیب بەگ کونسوڵی تورکیا لە ڕەزائییە سەبارەت بەپێشوەچوون و نیازی بارزانییەکان لەوەی دەیانەوێ بچنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە پرسیار و سەرنجی زۆرمان دەداتێ. بۆ ئەم مەبەستەیەش لەم ڕۆژانەدا بەبیانووی جۆراوجۆرەوە هاتوچۆی دەکردم و، هەوڵی دەدا لە ڕێگەی منەوە بزانێت بارزانییەکان لە کوێن، تورکەکان زیاتر لە هەموو شتێک دەیانەوێ بزانن ئاخۆ بارزانییەکان لەگەڵ جەلالییەکانی ماکۆ کە زۆربەیان لە تورکیا دەژین یەکیان گرتووە. (وتوویژ لەگەڵ کونسوڵی تورکیا پێشکێش دەکرێت).

هەڵبژاردنی نوێنەرانی ئەنجوومەنی ئێران لە ناوچەی ڕەزائییە و شنۆ لەبەر دەست پێکردنەوەی شەڕی نێوان بارزانییەکان و سوپای ئێران ڕاگیراوە...

کونسوڵی سۆڤیەت لە ڕەزائییە ئاشوموف/ ١٩٤٧/٨/١٥

کۆپیەی نێردراوە بۆ:

١- جێگری وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت هاوڕێ مالیک.

٢- سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی بەشی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نێزیکی وەزیری دەرەوە هاوڕێ سیچیف.

٣- سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی بەشی کونسوڵی وەزیریی دەرەوەی سۆڤیەت بیلیاییڤ.

٤- باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئێران هاوڕێ سادچیکف.

٥- سەرکونسوڵی گەورەی سۆڤیەت لە تەوریز هاوڕێ کراسنیغ.

***

**تێبینی:** لەبارەی عومەر خانی شکاک و هەندێکی تر لە پیاوانی ناودار و سەرۆک هێزی کورد لەم بەڵگەیە و، شوێنانی تردا کە سۆڤیەتییەکان ناویان بەخراپ هێناون گوایە سەر بە ئەمریکا یان ئینگلیزن، پێوەندیی ئەمانە بە ئەمریکا و ئینگلیزەوە تەنیا بۆ ئەوە بووە خۆیان لە مەترسیی لەناوچوون ڕزگار بکەن، ئەمان یارمەتییان بدەن و نەهێڵن دەسەلاتدارانی ئێران لەناویان ببەن. پاش خۆبەدەستەوەدانی ڕێبەرانی کۆمار و خۆکێشاندنەوە و بێ دەنگیی سۆڤیەت، لایەنێکی تر نەبوو ئەوانە

بگرێتـە ژێربال. نەشـدەکرا ئاوارەی هەندەران بن، کەسـیش وەری نەدەگرتن. سۆڤـیـەتیـیـەکـانیش ئەو شتانەیان زۆر گەورە کردووە و، لە مۆسکۆوە دەستووریان دابوو خۆیان لە کوردەکان نەگەیەن، ئەی باشە چییان بکردایە؟ – هەورامی.

***

٤ی مارتی ١٩٤٨

ژمارە ٣٢

**لە یادداشتەکانی کراسنیغ سەرکونسوڵی سۆڤیەت لە تەورێز**

لە وەڵامی سـەردانەکـەی وەحیـدی کـونسـوڵی عـێـراق بۆ لامـان، چوومـەوە لای، پاشـان وەحید باسەکەی هێنایە سەر بارزانی، لەپێشدا بەپارێزەوە و، پاشان ڕاستەوخۆ پرسی: «ئاخۆ دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت هەلی گەڕانەوەی بارزانی بۆ عێراق دەدات، یاخۆ هەر لە یەکەتیی سۆڤیەت دەمێنێتەوە!»، ئەوەیشی گوت کەوا هەوڵدانی یەکەتیی سۆڤیەت بۆ گـەڕانەوەی مـەلا مـسـتـەفـا بـارزانی بۆ عـێـراق لەوانەیە ببێ بەدەرفـەت بۆ ئەوەی ئینگلیزەکان بۆ بەکارهێنانی دژی سۆڤیەت سوودی لێ وەربگرن.

ئەم پرسـیـارە لای من زۆر ناشـیـرین و بێ تام بوو، بەڵام هەر وەڵامم دایەوە و، گـوتم: دەسەڵاتی وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەم نییە، دووەم یاسای یەکەتیی سۆڤیەت سەبارەت بەمافی پەنابردن بەپێی یاساکانی نێونەتەوایەتییە. سەبارەت بەئینگلیز پێم وایە ئەم قسـە پێـشـتـر دروست کراوە و، لایەنی پروپاگـەندەی پێـوەیە، پێم وایە ئەم پرسـیـارەی وەحیـد پێـوەندیی بەڕووداوەکـانی ئێـمـڕۆی عـێـراقـەوە هەیە، پرسـیـارێکی ئەوتۆ و لە داهێنانـی و بیــــروباوەڕی خــۆی نەبووە. دیارە لـەوێ زۆر ســـەغـــڵـــەتن لەبارەی سەرهەڵدانەوەی بارزانی و، ئینگلیزەکان لەوانەیە وەحیدیان ڕاسپاردبێت کەوا لەسەر مـەلا مـسـتـەفـا ڕوونکردنەوەیەک پێـشـکێش بکات، شـایـانی گـوتنە وەحیـد باسی هەڵوەشانەوەی پەرلەمانی عێراقی بۆ کردم و، باسی سیاسەتی دژی ئینگلیزی لە عێراق کرد و وتی گەلی عێراق زۆر نیگەرانە ئەگەر بێتو دەوڵەتی سێیەم هێرش بکاتە سەر عێراق، ئەو کاتە دەوڵەتی عێراق دەچێتە پاڵ ئینگلیزەوە. وەحید وتی: مـەبەست لە دەوڵەتی سێیـەم یەکەتیی سۆڤیەتە. لە جێگەیەکی تردا ڕاپۆرتی ژمارە ٩٠ی مـانگی مـایس–حوزەیرانی ١٩٤٨، بەڕێوەبەری کـونسـوڵی سۆڤـیـەت لە تەورێز سـەعـیـد زادە، دەنووسـێت وا لەناو خـەڵکدا بلاوە کـە بارزانی لەگـەڵ دیموکـراتە ئازەربایجـانیـیـەکـان ئامادەی گەڕانەوەن و، کاربەدەستانی ئێران زۆر لەم دەنگوباسە نیگەرانن.

***

**تێبینی:**

١- کاپیتان و-ل. ڤیلچیڤیسکی لە کاتی شەڕی دووەمی جیهان لە کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئێران) بووە و، لە نێزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بووە، زۆرجار لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، بەتایبەتی قازی محەمەد و مستەفا بارزانی چاوپێکەوتن و وتووێژی هەبووە و، کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە ڕووداوەکانی کوردستان ئاگادار کردووەتەوە. زمانی کوردیی زانیوە و، خاوەنی چەندین بەرهەمی بڵاوکراوە و بڵاونەکراوەیە لەبارەی کورد، دوو کتێبی دەستنووسی لە چاپ نەدراوی هەیە:

أ- کوردەکانی باکۆ- ڕۆژئاوای ئێران (تبلیس) ١٩٤٤ (بە ڕووسی).

ب- بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد (تبلیس) ١٩٤٧ (بە زمانی ڕووسی).

٢- ئاشومۆڤ جەبرەئیل ئیسرافیلیڤیچ، لە شوباتی ١٩٤٥ تا تشرینی یەکەم ١٩٤٧ کونسوڵی سۆڤیەت لە ورمێ (ڕەزائییە) بووە و، دژی بەرژەوەندیی کورد بووە. لە زۆر نووسراودا بەهەڵە ناوی بەهاشیمۆڤ هاتووە.

٣- زاتیسڤ گریگۆری تیتوڤیچ باڵیۆزی سۆڤیەت لە ساڵانی ١٩٤٤-١٩٤٩ و ١٩٥٨-١٩٦١ لە عێراق بووە و، لە ١٩٦٣-١٩٦٨ باڵیۆزی سۆڤیەت بووە لە ئێران، کێشەی کورد بەوردی لەگەڵ بارودۆخی جیهان و ناوچەکە و، خەباتی ڕەوای وەک گەلێکی چەوساوە دەخاتە بەردەمی سەرۆکەکانی سۆڤیەت و، دەڵێ: کوردەکان بەرەو لای ئێمە هەستی خۆیان دەردەبڕن و هیوایەکی زۆریان بەئێمە هەیە و، دەڵێ کوردستان هاوسێی ئێمەیە و نابێ ئێمە بەرامبەر بەکێشەی کورد و، چارەنووسی ئەو گەلە بێ لایەن بین، تاکە دیپلۆماتی سۆڤیەت بووە لە دەرەوە کە کێشەی کوردی لە ئاستێکی بەرزدا باس کردووە و، لایەنگری یارمەتیی سۆڤیەت بەکوردان بووە و....

٤- مورادیان ئارام قەرەپیتوڤیچ لە ماکۆ لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٦ تا حوزەیرانی ١٩٤٧ کونسوڵی سۆڤیەت بووە.

٥- کراسنیخ ئەرکادی ئاندەریوڤیچ کونسوڵی سۆڤیەت بووە لە شاری ڕەشت لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥ تا تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ و، لە شوباتی ١٩٤٥ تا حوزەیرانی ١٩٤٩ کونسوڵی سۆڤیەت بووە لە تەوریز و لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٩ تا حوزەیرانی ١٩٥٠ کونسوڵی سۆڤیەت بووە لە ئەستەمبوڵ.

٦- مولەتۆڤ ڤیچیسلاڤ میخائلوڤیچ لە نێوان ساڵانی ١٩٣٩-١٩٤٩ و ١٩٥٣-١٩٥٦ وەزیری دەرەوەی سۆڤیەت بووە، پێش ئەوە و، لە هەمان کاتیش کە وەزیری دەرەوە بووە چەند پۆستی تری گەورەی تری پێ دراوە، لە ١٩٢١-١٩٥٧ ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت و لە ١٩٣٧-١٩٥٨ ئەندامی پەرلەمانی یەکەتیی سۆڤیەت بووە و، بەپێی بەڵگە و دیکۆمنیت هەڵوێستی بەرامبەر بە کورد و کێشەی کورد باش نەبووە.

٧- ڤینۆرادۆڤ سیرگی ئەلکساندروڤیچ باڵیۆزی سۆڤیەت بووە لە تورکیا لە نێوان ١٩٤٠-١٩٤٨ لەپاشا لە فەرەنسا و میسر تا ١٩٧٠.

***

نەجەف قولی پەسیان نووسەری دوو کتێبی بەناوبانگی (مرگ بود بازگشت هم بود) و (از مەهاباد خونین تا کرانەهای اراس، تهران ١٩٤٨) تاکە ڕۆژنامەوان و پەیامنێری ئێران بووە، هەر لە سەرەتای ڕووداوەکانەوە، واتە لەکاتی هاتنی سوپای سوور و ئینگلیز بۆ ئێران لە ئابی ١٩٤١ (شەهریوەری ١٣٢٠) ڕووداوەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات و ئازەربایجان و شەڕی بارزانییەکان تا هاتنیان بۆ سۆڤیەت، لە ١٩٤١-١٩٤٧ خستووەتە ژێر چاودێرییەوە و، جگە لە نووسینی دوو کتێبی ناوبراو، دەیان هەواڵ و وتاری لە ڕۆژنامەی ئیتیلاعات-ی ئێران کە ڕۆژنامەیەکی دەوڵەتی بوو، هەروەها لە ڕادیۆی تارانەوە بلاوکردووەتەوە. وەک ڕۆژنامەنووس لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە لەگەڵ سوپای سەرکوتکەری شا بۆ کوردستان و ئازەربایجان شاهێدی زۆر ڕووداو و شەڕ بووە و، لەگەڵ سەرکردەکانی کورد، وەک قازی محەمەد و مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی بارزانی و ژمارەیەکی تر چاوپێکەوتنی هەبووە و، وتوویێژی لەگەڵدا کردوون. دەکرێ بلێین تاکە ڕۆژنامەوان و نووسەری ئێرانییە کە تا ئێستە توانیویەتی زۆر ڕاستی لەسەر کورد بنووسێت، سەرەڕای ئەوەی زۆر شتی نووسیوە کە ئەویش لەژێر پاڵەپەستۆی دەسەلاتدارانی ئێران بووە و، زۆر شتیشی ویستووە بلاوبکاتەوە نەیانهێشتووە، ئەگەر وایش نەبوایە نەدەکرا ئەو دوو کتێبەی بلاوبێتەوە. بەلام ئەو شتانەیش بۆ شان و بالای شا و سوپای ئێرانی نووسیوە لە زۆر جێگەدا لەسەر ویستی کاربەدەستانی ئێران نووسیویەتی بەلام ئەمە لە بایەخی کتێبەکە کەم ناکاتەوە. پەسیان چەند جار چاوی بە بارزانییەکان کەوتووە، وەک شێخ ئەحمەد و مستەفا بارزانی و ئەفسەرەکانی کورد. لە یەکێک لە کتێبەکانیدا چۆنیەتیی هاتنی ئەوان لە کوردستانی باشوورەوە بۆ ڕۆژهەلات باس دەکات، باسی شەڕە گەورەکان دەکات کە لە هەموویاندا کورد سەردەکەون، باسی ئازایەتی و خۆبەختکەریی پێشمەرگەکانی کوردستان دەکات، باسی ڕۆحیەتی تێکشکاو و لاوازی سوپای ئێران هەر لە سەرەتاوە تا ئاودیوبوونی بارزانییەکان بۆ سۆڤیەت دەکات.

نووسەر باسی هاتنی سوپای ئێران بۆ ناو مەهاباد دەکات کە بە چ ترس و لەرزێکەوە هاتوون، هەم ژمارەیان، هەم چەک و تەقەمەنیان کەم بووە، هەم باوەڕیان نەکردووە بێ بەرەنگاری و کۆسپ بگەنە کوردستان و پایەتەختی کۆمار واتە مەهاباد. خوێنەر پاش خوێندنەوەکانی نووسەر بەو ئەنجامە دەگات کە دەتوانرا بەرگری لە کۆمار بکرێت. لێرەدا ناکرێ و لەجێی خۆیدا نییە لەو بارەوە بەوردی باسی ئەو شتە بکرێت. دەبێ ئەوەیش بگوترێت کە یەکەم کەس بووە لەبارەی کۆماری کوردستان کتێبی نووسیوە. سەرەڕای ئەوەی کە بەپێشنیاز و هاندانی دارودەستەی شا کتێبەکانی نووسی، بەلام لە شاردنەوەی زۆر ڕووداو و ڕاستیدا نەبوو بەنووسەرێکی دەرباری پەهلەوی و ئازایانە و پسپۆرانە وەک ڕۆژنامەنووس و نووسەرێک مایەوە. نووسینەکانی زیاتر بۆ ڕێژیم زەرەریان هەبوو بەپێچەوانەی ئەوەی ڕێژیم چاوەڕێی دەکرد. نووسەر لەوەش نەترساوە ئەو ڕاستییە بلێت کە ئەگەر دەستووری تەسلیم بوون لەلایەن ڕێبەرانی ئازەربایجان و کوردستانەوە نەبوایە و، سۆڤیەت پشتی ئەوانی بەرنەدایە چارەنووسی ئێران بەشێوەیەکی تر بوو. جگە لەوەی سوپا گەلی داگیرکەری تورکیا و ئێران و عێراق هەموو سنوورەکان دەگرن و، لە حالەتی ئامادەبیدا دەبن بۆ ئەوەی بارزانییەکان بخەنە داوەوە. مرۆڤ لە ڕاپۆرتی کونسولی سۆڤیەت و لە

چاوپێکەوتنیـان لەگـەڵ چەندین لایەن، ورد بێتـەوە بۆی دەردەکـەوێ چۆن بەجـاسـوسی و سـیخـوڕی و دیپلۆمـات و پروپاگـەندە و پارە و چەک کـەوتوونەتە پیـلانێکی هەمـەلایەنە و، پێکەوە هەوڵی دامرکاندنەوەی خەباتی گەلی کوردیان داوە و، ئینگلیز و ئەمریکاش چ ڕۆڵێکی نامرۆڤانەیان هەبووە.

ئاخـۆ کـام سـەرکردەیەکی ڕزگـاریخـواز لە جیـهـاندا یان کـام چالاکیی شـەڕی پارتیـزانی، کـام گـەلی خۆبەختکەر ئەوەندە بەرەو ڕووی چەند ڕێژیمی دڕندە و داگیـرکەر لە هەموو لایەکەوە بـووە وەک کـورد و، سەرکردەیەکی وەک بارزانی توانیویەتی سەرکەوتووانە ئەو هەموو کەند و کۆسپە ببڕێت، خۆ ئەگەر ناپاکی و پشت بەردانی کۆماری مەهاباد نەبوایە، کورد تووشی ئەو تراژیدیا گەورەیە نەدەهات و، زۆر زەحمەت بوو کۆماری کوردستان هەڵوەشێتەوە و تووشی شکان بێت.

***

٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥ ژ ٦٣

**نوێنەرایەتیی یەکەتیی سۆڤیەت لە بەغدا**

بۆ سـەرۆکی بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستـی کـۆمیـسـاریای گـەلی لە کـاروباری دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ سامیلۆڤسکی ی. ڤ

لەگەڵ ئەم نووسراوەدا نامـەی کوردەکانتان کە بۆ نوێنەرایەتیی ئێمە نێردراوە بۆ بەڕێ دەکەم، ئەم نامانە بۆ تێگەیشتن و لێکۆڵینەوەی ڕووداوەکان بەکەڵک دێن.

بەرپرسی دەفتەرداریی نوێنەرایەتیی سۆڤیەت لە بەغدا مارتینۆڤ

لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە

**کۆمەڵەی کوردیی هیوا**

بۆ هێژا و گەورە باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا

بەڕێز

لەو هەلەی کە دەست کەوتووە، دەمەوێ ڕێز و سلاوی خۆمتـان لە ناخی دڵەوە ئاڕاسـتـە بکەم و، بەشـانازییـەوە هۆکـانی شـۆڕشی نەتەوایەتیی کـوردتان کـە ئێـسـتـە لە باکـوری عێراقدا بەردەوامە بۆ باس بکەم. لە نامـەکانی پێشـوودا ئێـوەی بەڕێزمـان لە کێشـەی کـورد ئاگـادارکـردەوە، ئەویش سـەبارەت بـەو هەڵەیە بوو کـە کـۆنفـرانسی ئاشـتی دوای شـەڕی یەکـەمی جیـهـان و، هەروەها لە پەیمان و کۆنفرانسـەکـانی دواییـدا تووشی بوو، واتە دەرفـەتی ئەوەی دا بەزۆرەملێ شارەکانی کوردستـان لە نێوان سێ دەوڵـەتی تورکیـا و ئێـران و عـێـراق و هەندێکیش بەسـەر سوریادا دابەش بکەن. دەوڵەتی ئەم وڵاتـانە دەسەڵاتی دیکتاتۆریی خۆیان بەسەر خەڵکدا سەپاندووە و، بەهەمـوو شێـوەیەک هەوڵی سووک کـردنی گـەلی کـوردیان داوە و، بچووکتـرین مـافی ئازادییـان وەک قسـەکردن و نووسین بەزمانی زگماکیی خۆی و، هتد... لێ زەوت کراوە. گەلی کورد ئەم دابەشکردنە کوشندەیەی پەسەند نەکردووە، لەبەرئەوەیە بەهەمـوو وزە و هێزی خۆیەوە دەیەوێ خۆی

لەم ڕووداوە دڵتەزێنە بپارێزێت و، هەوڵی گەیشتن بەمافی ڕەوای خۆی دەدا. هەرچەندە کورد نەیتوانی بەڕێگەیەکی ئاشتییانە بگاتە داخوازییەکانی خۆی. بۆیە ناچار کرا لەم ٢٥ ساڵەی دواییدا بەهەڵگیرساندنی شۆڕشێکی خوێناوی بیەوێ ئەو مافە خوراوەی خۆی بستێنێتەوە و، بەم شێوەیە هەبوونی خۆی دەربڕێت. جێگەی زۆر داخیشە، هەندێ دەوڵەت کە بەرژەوەندیی خۆیان دەپاراست، لە ڕاونان و کوشتنی گەلی بێ دەسەڵات و ئاشتیخوازی ئێمە پشتیوانییان لە دەوڵەتانی ناوبراو کردووە، هەرچەندە بەگوێرەی ئەرکی سەرشانیان دەبوایە پاراستنی مافی گەلانیان لەئەستۆ بگرتایە، لەبەرئەوەی ئێمە دەوڵەتانی ناوبراو بەپارێزەری مافە دیموکراتییەکان دەزانین. کاتێک کە شەڕی دووەمی جیهانی دەستی پێ کرد تەواوی گەلانی زۆرلێکراو، لەگەڵ گەلی کوردیش کە یەکێک لەوانەبوو کەوتنە جموجۆڵ و ژیانەوە.

گەلەکەمان تاقە گەلێک بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە بەهەموو توانای خۆیەوە یارمەتیی هاوپەیمانانی داوە، بەتایبەتی یارمەتیی ڕاستەقینەی بەریتانیای گەورەی لە شەڕ دژی دەوڵەتی فاشیستی شا لە ئێران و، هەروەها لە کاتی ڕاپەڕینی ڕەشید عالی گەیلانی لە عێراق و لە کاتی هێرش بۆ سەر ئەوروپادا، لاوی کورد بەمەیل و داخوازی خۆیان چوونەتە ڕیزی سوپای ئینگلیزەوە، بەو هیوایە دوای شەڕ بەسەربەخۆیی ولاتەکەیان بگەن، گەلی کورد هیوایەکی زۆری بەو بەڵێنانە بووە کە هاوپەیمانە گەورەکان بەگەلان و لەوانەیش گەلانی بچووکیان دابوو کە مافی سەربەخۆییان هەبێت و، بۆ خۆیان چارەنووس و کاروباری خۆیان دیاری بکەن. بەیاننامەی ئاتلانتیک لەسەرەوەی ئەم هەموو بەڵێنانەیە و، دەبوایە گەلانی لە ئازار و چەوسانەوە ڕزگار بکردایە تا مافی سروشتیی خۆیان بەدەست بێنن، ئەگەر گەلانی گەورە لە دژوارترین ساتی هەلومەرجی جیهان بەڵێنیان بەگەلانی زۆرلێکراو داوە، هەر بۆ ئەوە نەبووە لەسەر کاغەز بینووسن و دوای سەرکەوتن لە شەڕ لە بیریان بچێتەوە. گەلانی بچووک ئەو بەڵێنانەیان لەبیر ناچێتەوە و، وەک بەڵگەیەک بۆ داخوازە ڕەواکانیان پێشانی دەدەن. نابێ ئەو مەترسییەی کە لەوانەیە ئەم گەلانە بۆ هێمنایەتیی جیهان هەیانە لەپێش چاونەگیرێت و ئەگەرییێتو بەدادپەروەری و بەهەق کێشەکانیان چارەسەر نەکرێت.

گەلی کورد لە دابەشکردنی ولاتەکەی خۆیدا بەشداریی نەکردووە و، کاتێکیش کە شەڕ بەرەو کۆتایی دەڕۆیشت کورد چالاکیی سیاسی خۆی دەست پێ کردەوە و، داوای سەربەخۆیی کرد. کاتێک دەوڵەتی عێراق وەک دەوڵەتانی ئێران و تورکیا لەمەبەستی گەلی کورد ئاگادار بووەوە، هەموو توانای خۆی بۆ دەست تێوەردان و پێشگیری لە هەر شێوە بزووتنەوەیەکی گەلی کورد بەکارهێنا. پێش ئەوەی کۆنفرانسی ئاشتی ببەسترێت، هەوڵی زۆری دا نەهێڵێت دەنگی کورد بگاتە دنیای دەرەوە. لە ئەنجامی ئەم سیاسەتە، دەوڵەتی عێراق دەستی بەڕاونان و گرتنی نەتەوەپەروەرانی کورد کرد و، بەدەست کەوتنی بچووکترین بیانوو و گومان کەوتە زیندانی کردنیان و، ئیتر ئەنجامەکەی ئەوە

بوو کە لە ١٩٤٤دا بەناردنی سوپای سەرکوتکەر بۆ ناوچەی بارزان لە باکوری عێراقدا کەوتە دژایەتیی کوردان، بەڵام تووشی تێکشکانی گەورە بوو و، ناچارکرا داوای یارمەتی لە ئینگلیز بکات. هەر ئەو دەوڵەتەی ئینگلیز کە لە کاتی خۆی داوای پاراستنی هێمنایەتی و ڕێکوپێکی لە کورد دەکرد. لەبەرئەوەی دەوڵەتی عێراق لەو کاتەدا دۆستی هاوپەیمانەکان بوو و، گوایە بزووتنەوەی شۆڕشگێری کۆسپ دەخاتە بەردەمی چالاکیی سوپای هاوپەیمانەکان، کورد ئەم بۆچوون و پێشنیازەیان پەسند کرد و، لەو سەردەمەدا لەلایان ڕاست بوو، بۆ ئەم مەبەستەش دەیانویست پێوەندیی خۆیان لەگەڵ دەوڵەتی عێراقدا باشتر بکەن و، داوای جێبەجێ کردنی هەندێ داخوازیی سەرەتاییان لە دەوڵەتی عێراق، بۆ باشترکردنی باری ژیانی خەڵکی ناوچەکانی باشووری کوردستان کرد. بەڵام دەوڵەتی عێراق کە لەلایەن دەوڵەتی ئینگلیزەوە پشتیوانی لێ دەکرا، لە جێبەجێ کردنی ئەو بەرپرسیاربەتییەی بەئەستۆی گرتبوو وازی هێنا و، هاوکات دەستی بەرێکخستن و کۆکردنەوەی سوپا و پتەوترکردنی پێگە و، هێزی چەکداری خۆی کرد، بۆ ئەوەی پێش هەر شێوە بزووتنەوەی کوردی بگرێت، لە کاتێکدا دەیتوانی پشتیوانی مافی کورد بێت. دوای ئەم خۆ ڕێکخستنە، دەوڵەتی عێراق دەستووری بەموچەخۆران و پیاوانی خۆی لە ناوچەی بارزان دا تا زەمینە بۆ پاکانەکردنی دەستدرێژی و کردەوەی ناپاکانەی خۆی بکات و، هەموو تاوان و بەرپرسیاریەتی بخەنە ئەستۆی کورد و، وەک تاوانبار پێشانیان بدات و، بەبێ هیچ بناخەیەک گوناهباریان بکات. دەوڵەتی عێراق بڕیاری دا هێرش بکاتە سەر کوردستان و، ئەوەبوو ئەمە لە ڕۆژی ٦ی ئابی ١٩٤٥دا بەبێ هیچ ئاگەدارییەک، لە پێشاندا هێرشی کردە سەر ناوچەی بارزان و، ئەمە بوو بەهۆی داگیرساندنی ئەو شۆڕشەی باس دەکرێت، لە قەڵەمدانی بزووتنەوەی کورد لە باکوری عێراق وەک ئاژاوەیەکی ناوخۆیی یان خۆجێیی تەنیا درۆیەکی سازکراوی ڕێژیمی عێراقە و، بەمەبەستی ئاوەژووکردنی ڕووداوەکانە، بۆ ئەوەی وێنەیەکی ناڕاستی ڕارودۆخەکە بەدنیا بناسێن. ئەگەر بیروڕای گەلی کوردستانیان لەم بارەیەوە بپرسیایە بێ شک هەموویان پشتیوانییان لەم شۆڕشە دەکرد جگە لە تاخمێکی کەم کە نوێنەری هیچ کەس نین و، شەرەفی خۆیان بەپۆستێکی وەزارەت لە دەوڵەت دەفرۆشن و، بەپلەیەکی ناشایان دەگەن.

گەورەی بەرێز: شەڕ کۆتایی پێ هاتووە، ئیتر هیچ بناخەیەک بۆ مەترسیی ئەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێرانە کۆسپ بخاتە سەر ڕێڕەوی شەڕ نابینرێت، ئەم بزووتنەوەیە ڕەنگدانەوەی هەست و ئاوات و ناڕەزاییی کوردی بەدبەختە کە لەسەر خاکی خۆیدا لەلایەن موچەخۆران و کاربەدەستانی دەوڵەتی عێراقەوە دەچەوسێندرێنەوە. ئەمە نیشاندەری خۆڕاگریی گەلە، بەربەرەکانی بەرامبەر زوڵم و زۆرییە و هیوا و هەوڵدانی بۆ ڕزگاربوون لەم ژیانە کوێرەوەرانەیەی تێی کەوتووە. دوژمنانی گەلی کورد توانیویانە ئەم گەلە لە مافی خۆی بێبەش بکەن، بەڵام نەیانتوانیوە دەنگی شۆڕشگێڕیی ئەو کپ

بکەنەوە. دەوڵەتی بەریتانیای مەزنی ئێوە باش لە ڕووداوەکانی عێراق ئاگادارە. چارەکە سەدەیەک هەبوونی دەوڵەتی عێراق نیشاندەری ئەوەیە، ئەم دەوڵەتە نەیتوانوە ئاشتیی نێوان کورد و عەرەب کە جیاوازییەکی زۆریان لەباری زمانی و خووڕەوشت و داوونەریتەوە هەیە، پێک بێنێت. لەبەرئەوە سەرکردەکانی دەوڵەتی عێراق ئەوەندە زانیاری و توانای پێویستیان لەباری سیاسی و بەڕێوەبردن نییە کە بتوانن ئەم کێشەیە چارەسەر بکەن و، لە ماوەی ناوبراودا هەر کاری ناهێژا و خراپیان دژی ئەم گەلە کردووە، ئەم ڕاستییانە بوون بەهۆی ئەوەی لە کوردستاندا دەستیان کردە سەرکوتکردنی هەرجۆرە هەنگاوێک کە نیشاندەری هەبوونی کورد بێت و، گرینگیی کوردستان و سەر و سامانی سروشتیی ئەوانی تێدابێت، لەبەرچاو نەگرتووە و، بایەخیان پێ نەداوە. بەداخێکی گران و قووڵەوە کورد، دەبینن کەوا کاربەدەستانی دەوڵەتی بەریتانیا دەست لە کاروباری ناوخۆی عێراق وەردەدەن و، بۆ هەندێ کەس کە توانا و هێزی سیاسی و داراییان هەیە و ژمارەشیان کەمە، لە چارەسەرکردنی گیروگرفتەکاندا دەرفەتیان ڕەخساندووە، بەڵام دەرفەتی هەندێ کەسیان نەداوە کە پشتگیری لە خەباتی کورد بۆ سەربەخۆیی بکەن.

ئێمە تکا لە خوا دەکەین کۆتایی بەنایەکسانی و، ناڕەوایی و کۆیلایەتی بێت و، لەباتی ئەوە دنیایەکی نوێ پێک بێت کە هەموو گەلان بتوانن مافی یەکسانیان لە هەموو جێگەیەکدا هەبێت و، بگەنە ئەو ئازادییەی گەلانی هاوپەیمان شەش ساڵ خەباتیان بۆ کردووە. لە کۆتاییدا داواتان لێ دەکەم بەئاگەدارییەکی پێویستەوە بڕواننە ئەم یادداشتە.

بەسوپاسەوە خزمەتکارتان: سکرتێری هیوا (بێ ئیمزا)

***

٤ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥

**نوێنەرایەتیی یەکەتیی سۆڤیەت لە عێراق- شاری بەغدا**

**بۆ جێگری سەرۆکی کۆمیسیاریای کاروباری دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت: هاوڕێ دیکاترۆڤ. ڤ.گ**

لەگەڵ ئەمەدا نامەی کوردەکانتان کە گەیشتووەتە نوێنەرایەتیی ئێمە بۆ ڕەوانە دەکەم، ئەم نامەیە بۆ لێکدانەوەی ڕووداوەکان بەکەڵک دێت.

تێبینی: ئەم نامەیە کە شەش لاپەڕەیە لەلایەن نێردراوی (باڵیۆزی) یەکەتیی سۆڤیەتەوە لە عێراق هاوڕێ (زاتیسڤ.گ) کە بۆ هاوڕێ (سامیلۆڤسکی.ی.ڤ) نێردراوە پێشکێشتان دەکرێت. نامەی ناوبراو دووەم جارە دەگاتە بەشی ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاستی وەزارەتی دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت. دوای گەیشتنی وەرگێڕاوی نامەی ناوبراو بۆ ئێمە، بەهاوڕێ زاتیسـڤمـان ڕاگەیاند وەڵامیـان نەداتەوە. هەڵگری نامەی کوردەکان سەرکردەیەکی بەناوبانگی کوردی ئێرانە کە لە کوردستانی ناوەندی ئێران لە چالاکیی سیاسیدا ناسراوە.

١٩٤٥/١١/٢٦

***

**بۆ باڵیۆزی بەڕێزی یەکەتیی سۆڤیەت لەبەغدا**

کۆپیە بۆ باڵیۆزی بەریتانیای گەورە و وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا

وەک ئاگادارن چەند ڕۆژ لەمەوبەر نامەی هاوبەشی ڕێبەر و سەرکردە و دانیشتوانی چەوساوەی کوردی مەریوان و هەورامان پێشکێشی باڵیۆزی سۆڤیەت لە تاران کرا. پێنج سەد هەزار ژن و منداڵی بنەماڵەی کورد کە بەتۆپ و ڕەشاش و باڵەفڕەی دۆستانی هاوپەیمانی فاشیستەکان لەناوچوون، ئەم گەلە چاوەڕێی کۆتایی هێنان بەم زوڵم و زۆرە دەکەن.

گەورەی بەڕێز: دەوڵەتانی هاوپەیمان شەش ساڵ شەڕیان کرد و، بەخوێنی ملیۆنان لاوی ئازا، ڕێژیمی نازیزمیان لەناوبرد، جێی داخە، تەنیا گەلی چەوساوە و بێ پشتیوانی کوردە کە بەساڵان لەژێر زوڵم و زۆری نازیستەکانی ئێران ماوەتەوە. ئەم دەوڵەتە، لەباری ڕەگەزی و ئایینی و زمانییەوە دژایەتیی ئێمە دەکات و، گەلی ئێمە لە هەموو لایەکەوە دەچەوسێتەوە و زوڵمی لێ دەکرێت. کەسیش ئاگای لە هاوار و دەنگیان نییە و، ئێستەش هەر لە کوێرەوەریدان. دەنگی چەکی فاشیزم لە هەموو دنیادا کپ بووە، بەڵام بەداخەوە دۆستان و هاوپەیمانانی نازیزم، واتە دەوڵەتی فارس هەر بەو چەکە نازیزیستییەوە هێرشیان هێنایە سەر ئێمە و، مانگ و نیوێکە بەتانک و تۆپ و باڵەفڕە و ڕەشاش، وەک فاشیستەکان هەموو ڕۆژ بنەماڵەکانی کوردستانیان لەناو دەبرد. چەند جێی داخ و پەژارە دەبێت ئەگەر بێتو کوردە چەوساوەکان کە ژمارەیان دەگاتە چەند ملیۆن و، ساڵانی ساڵە کۆیلەی تورک و فارس بوون، لە داد و ماف وەرگرتن نائومێدبن. ئێستە ئاشتی لە دنیادا سەقامگیرە و، کەس ئاگای لە کوردستان نییە و، فارسەکان هەر بەو شێوە و سیاسەتی فاشییەکان دەجووڵێنەوە، هەلی ئەوەیان دەدرێتێ بەهەزاران کەس لە ژن و منداڵی کورد بکوژن، لە کاتێکدا ئێمە هیچ گوناهێکمان نییە، بەڵام ئەوانە هەر بیانوومان پێ دەگرن، بیانووی یەکەمیان ئەوەیە، ئێمە کوردین، هی دووەم: لەباری ئایینییە و، سێیەم: ئەوەیە کە کورد بێگانەپەرستن و وەک هیتلەر لە ڕادیۆ لە ڕۆژی سەرکەوتندا ڕای گەیاندبوو، «هەر ئەوەندە بگەینە ئێران

جـوولەکـە چەکـدارەکـان (واتە کـوردەکـان) لەناو دەبەین، چوارەم: داوای چەک کـردنی کوردەکـان دەکەن، وەڵامی یەکـەم بیـانوو ئەوەیە: ڕەگـەز (نەتەوە) ناگـۆڕدرێت کە ئەوان دەیـانـەوێت، وەڵامـی بیـــانـووی دووەم ئـەوەیـە لـە دنیـــادا پـەیـڕەوانـی هـەزاران ئـایـیـنـی جۆراوجۆر بەئازادی دەژین و، لەژێر سێبەری دادی دەوڵـەتە زلهێـزەکـاندان، لە وەڵامی بیانووی سێیەم دەبێ بوترێت ئاخۆ جگە لە ئێرانییەکان و نازییەکان کەسێکی تر هەیە زلهێـزەکانی خۆش نەوێت، ئەو زلهێـزانەی ڕزگارکـەری گـەلانی چەوساوە و لەناوبەری زوڵم و زۆربـوون. لە وەڵامـی بیـانـووی چوارەم سـەبارەت بەچەکـدارەکـانی ئێـمـە کـە پیاوەکانمان بۆ پاراستنی خۆیان بەدەستیانەوەیە و، بریتیشن لە تفەنگ و بەپێی یاسا دەبێ تەسلیمی هاوپەیمانەکان بکرێت و، ئەگەر بێتو هاوپەیمانەکان ئێمە لە زوڵم و زۆری فارسەکان ڕزگار بکەن، ئەوا چەکەکانی خۆمان تەسلیم دەکەینەوە، لە بەغدا بێت یان لە سلێمانی، یان هەر شوێنێکی بیانەوێ. ئەگەریش وا نەبێت و فارسەکان بیانەوێ وەک سەردەمی پەهلەویی لێ بکەنەوە کە فێـڵیـان لە خـەڵک کرد، چەکـەکانیـان لە خـەڵک سـتـانـدەوە و، پاشـان بیـست هەزار کـەس لە خـەڵکی ناسـراو و ئازای کـوردیان بەبێ دادگــەیی وەک ئاژەڵ لە زیندان و قــەســری قــەجــەر هەڵواسی یان زیندانی کــرد، بنەماڵەکانیان دوورخرانەوە و، زەویوزار و سامانیان بەسەر ئەفسەرەکانی ئێراندا دابەش کران. بۆیە ئێمە لە ژیان و ناموسی خۆمان دەترسین، شتێکی عاقڵانە نییە ئەم هەموو سوپایە کە بەچەکی نازیستی پرچەک کراون و، هەر بەو شێوە و مـانۆڕانەی نازیسـتی خـەڵکی بێ تاوان کـە لە ئێـران دەژین، دەکـوژن. لە کـۆتاییـدا دەڵێین، هەزاران ژن و منداڵی برسی و تینووی کورد لە چیا سامناکەکان بەچاوی پڕ لە فرمێسکەوە لە ڕێگەی ئێـوەوە دەست بۆ دەوڵەتە زلهێـزەکـان درێژ دەکـەن و، چاوەڕێی لەناوبردنی ئەم زوڵم و زۆرە بێ وێنەیە دەکەن. شتێکی دادپەروەرانە نییە، لە کاتێکدا ئێستە لە دنیادا ئاشتی و هێمنایەتیی هەیە، چەکی نازیستی هێشتا لە ئێراندا بەکاربهێنرێت. ئێمە پێمان وایە ئەگەر ئێوەی بەڕێز بۆ خولکەیەکیش بووە چاوتان بەم منداڵ و ئاژەڵە برسی و تینووە کە لە چیا و لەژێر بۆمبارانی باڵەفڕە و تۆپ و ڕەشاشن بکەوتایە، خەو و پشوودانتان لێ دەبڕا. لە ئێـــوەی بەڕێز داوا دەکــەین بەزووترین کـــات لێکۆڵـینەوە و بڕیار لەســـەر داواکاریی سەرکردەگەل و دانیشتوانی مەریوان و ناوچەی هەورامان بدەن کە پێشتریش لە ڕێگەی باڵیـۆزی سۆڤیەتەوە لە تاران پێشکێشی هاوپەیمانان کراوە. تکایە وەڵامی ئەم خەڵکە کڵۆڵە بدەنەوە.

سەرۆک

مەحمود کانی سانانی
عەزیزخان زادە

ئەسەد مەحموود شەریف

حەسەن ڕەزایی

مەحموود زەکی

حەسەن سوڵتان

مەحموود ڕەزا سامانی

................. نەخوێنرایەوە

تێبینی:

١- دیاری نەکراوە ئەوانەی ئیمزای ئەم دۆکیومێنتەیان کردووە، کێن.

٢- لە پاکاکەتەکە مۆری «پێنجوین لە کوردستانی عێراق- سلێمانی و بەغدا»ی پێوەیە و، وا دیارە لە بەغداوە هاتبێت.

١٩٤٥/٨/٦

وەرگێڕ: سافرۆنۆڤ. ئا

***

لە ئینگلیزییەوە وەرگیراوە

**ڕێکخراوی نهێنیی کوردی «هیوا» ١٥ی ئەیلوولی ١٩٤٥**

بۆ بەرێز نوێنەری یەکەتیی سۆڤیەت لە بەغدا

لەو دەرفەتەی هەڵکەوتووە ڕێز و سڵاوی خۆمانتان پێشکێش دەکەین و، سەرنجی ئێوە بۆ ئەوە ڕادەکێشین کە ئێستە لە کاتێکدا پاش خەباتێکی سەخت و دژوار بۆ بەدیهێنانی ئازادی و لابردنی زوڵم و زۆر و ئازادکردنی گەلان لە کۆیلایەتی، ئاشتی دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ هەموو جیهان. لە عێراقدا ئێمە پێچەوانەی ئەو شتە دەبینین، دەوڵەتی عێراق کە باش لە هەستی سەربەخۆیی کورد دەگات دەستی بەهێرش و ئاژاوەنانەوە لە باکوری عێراق کردووە بەو نیازەی پاکانە بۆ کردەوە ناپاساییەکانی خۆی دژی کورد بکات و، گەلەکەمان لەناو بەرێت. کاتێک سوپای عێراق نەیتوانی بەئامانجی کردەوە ناشایانەکانی خۆی بگات، دەستی دایە کردەوەی بێ ڕەحمانە و زۆر خراپتر لەوەی نازییەکان کردیان، بەباڵەفڕە و چەکی قورس دەستیان بەبۆمباران کردنی گوندە کوردنشینەکان کرد و، بەبۆمب و گوللەی قورس و سووتێنەر کوردستانیان کاول کرد. بەمەبەستی ترساندنی خەڵک، دەوڵەتی عێراق دەستووری بەکۆمەڵ کوشتنی دانیشتوانی دا، هەموو ئەمانە ئێمەی ناچارکرد، بەرهەڵستیی جیددیی خۆمان دژی کردەوەی دەوڵەتی عێراق بەئێوە ڕابگەیەنین و، داواتان لێ دەکەین، ئەوەندە مەرحەمەت بفەرموون دەنگی لاوازی ئێمە بەمەبەستی کۆتایی هێنان بەم کردەوە بێ ڕەحمانەیە

بەدەوڵەتی بەڕێزتان ڕابگەیەن.

بەسوپاسێکی گەرمەوە

سکرتێری کۆمەڵەی هیوا

کۆپییە: باڵیۆزی بەریتانیای گەورە
نوێنەری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا
نوێنەری چین

***

لە نوێنەرایەتیی یەکەتیی سۆڤیەت لە عێراق
١٤ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥ شاری بەغدا

**بۆ بەشی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کۆمیسیاری گەلی لە کاروباری دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت**

لەگەڵ ئەمەدا وەڵامی زارەکیی نوێنەری یەکەتیی سۆڤیەت لە عێراق هاوڕێ زاتیسف-تان پێشکێش دەکەم کە لەسەر داوای وەزارەتی دەرەوەی عێراق سەبارەت بە کوردەکانی بارزانی دابووی، ئەو کوردانە لە ئەنجامی شەڕ و پێکدادان و چالاکی سوپایی لە عێراقەوە هاتوونەتە ناو خاکی ئێران:

**سەرۆک وەزیرانی بەڕێز:**

بەپێی داخوازی ئێوە، لە ٢٠ی تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا لە ڕێگەی سەرۆکی بەشی پێوەندییەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراقەوە، بەڕێز جەمالی پێم گەیشت. وێڕای بەڕێز و حورمەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە ڕادەگەیەنم:

دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت پێی وایە کێشەی هەڵهاتنی کوردە بارزانییەکان بۆ ناو خاکی ئێران شتێکی ناوخۆی ئێران و عێراقە، بەلەبەرچاوگرتنی پرەنسیپی دەست تێوەرنەدان لە کاروباری دەوڵەتی سەربەخۆ، دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت ناتوانێت دەستوور بەکاربەدەستانی سوپای خۆی بدات بۆ چەک کردن و گرتن و دەرکردنی ئەو کوردانەی عێراق کە لە ناو خاکی ئێراندان.

***

**لە باڵیۆزی یەکەتیی سۆڤیەت لە تورکیاوە**

**بۆ جێگری وەزارەتی دەرەوەی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ دیکاترۆڤ. ڤ.گ**

٢ی کانوونی دووەمی ١٩٤٥

بەپێی فەرمانی خۆتان، هەندێ زانیاریتان لەبارەی بارودۆخی کوردەکانی تورکیاوە کە

زۆرتر لەلایەنی نا ڕەسمییەوە وەرگیراوە، پێشکێش دەکەم.

سەبارەت بە ڕاگەیاندنی دەوڵەتی نەتەوایەتیی کورد لە کوردستانی ئێران و جموجۆڵی کوردەکانی عێراق، بەتایبەتی خەباتی مەلا مستەفا بارزانی لە دژی دەوڵەتی عێراقدا و هاتنی بۆ کوردستانی ئێران، دەوڵەتی تورکیا دەستی داوەتە هەندێ هەنگاو بۆ پێشگیری لە بڵاوبوونەوەی بزووتنەوەی کورد لەناو کوردەکانی تورکیادا. ڕێبەرایەتیی تورکیا مەترسیی هەرە گرینگ لە یەکگرتنی کوردەکانی ئێران و عێراق و تورکیا و سووریادا دەبینێت. لەم دواییانەدا ڕۆژنامەکانی تورکیا بەئاشکرایی دەترسن کە پێکهێنانی دەوڵەتی کوردی لە کوردستانی ئێران مەترسیی بۆ هاوسێکان، واتە عێراق و تورکیا و سوریا هەبێ و، سەرکردەکانی کورد وەک مەلا مستەفا و، هەروەها قازیی محەمەدیش بەتاڵانکەر ناو دەبەن. بۆ پێشگیری لە هەر جۆرە جموجۆڵێک لە کوردستانی تورکیا لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٥دا ئەنجوومەنی تورکیا یاسای ژمارە ٢٨٨٤ی دانا کە لە ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٤٥ ئەم یاسایە دووبارە پەسەند کرایەوە، ئەمە پێوەندیی بەبەڕێوەبردنی ویلایەتەکانی تونجەلە (یاسای تایبەت بەتونجەلە) بوو، درێژ کرایەوە. دوای ئەمە ڕاپەڕینی کوردەکان بەسەرۆکایەتیی شێخ سەعید لە نیسانی ١٩٢٥ ڕووی دا کە بەشێوەیەکی بێ ڕەحمانە لەلایەن دەسەڵاتدارانی تورکیاوە سەرکوت کرا. ئەو ڕاپەڕین و تێکهەڵچوونانەی هێزەکانی دەوڵەتی تورکیا و کوردەکان کە لە نێوان ساڵانی ١٩٣١-١٩٣٢دا ڕوویان دا لە ناوچەکانی کیری (نێزیک ئارارات) ئەنجامەکەی بوو بەهۆی دوورخستنەوەی بەکۆمەڵی خێڵەکانی کورد بۆ ڕۆژئاوای تورکیا. لە ساڵی ١٩٣٥دا ڕاپەڕینی خێڵانی کورد ڕووی دا کە ژمارەیان لە ٥ هەزار کەس زیاتر بوو و، دەوڵەتی تورکیا بۆ بەربەرەکانی و سەرکوتکردنیان ٢٥ هەزار سەربازی خۆی نارده ئەوێ و، بوو بەهۆی شەڕێکی یەکجار توند و خوێناوی. ئەوەبوو دوای سەرکوتکردنی ئەم ڕاپەڕینە ڕێژیمی تورکیا یاسای ٣١ی کانوونی یەکەمی ١٩٣٥ی دژی کوردان دانا، بەپێی ئەم یاسایە جەنەرالەکانی سوپای تورکیا کران بە پارێزگاری ویلایەتەکانی کوردستان. ئەوەبوو لە تەواوی پۆست و ئیدارەی ناحیە و ناوچەکاندا ئەفسەرانی سوپای تورکیایان دانابوو، پارێزگارەکان دەسەڵات و ماف و ئیمتیازی وەک وەزیرەکانیان پێ درابوو کە ئەمانە بەپەسەندکردنی وەزیری بەرگری دیاری دەکران و، پارە و مووچەیان وەک کاربەدەستانی مەدەنی لەسەر خەزێنەی وەزارەتی بەرگری پێ دەدرا و، بەپێی یاسای پارێزگاکان ئەمانە دەسەڵاتی سوپایی و دادگەییشیان هەبوو. بەپێی یاسای تورکیا دەبێ حوکمی کوشتن بەپەسەندکردنی ئەنجوومەنی تورکیا جێبەجێ بکرێت، بەڵام لەویلایەتەکانی تونجەلەدا حوکمی هەڵواسین بەپەسەندکردنی پارێزگاری تونجەلە بەڕێوە دەچێت. گوبیرناتوری تونجەلە لە هەمان کاتدا

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی چوارەمی تایبەتی پشکنینیشە. ئەم یاسایە تەنیا ویلایەتی تونجەلە ناگرێتەوە بگرە ویلایەتەکانی ئەلعەزیز و مالاتیا و سیواس و ئەرزەنجان و ئەرزەڕۆم و گومیشانی و بەنگیلیش دەگرێتەوە. جگە لەوە «یاسای تایبەت بە تونجەلە» لە ویلایەتەکانی سیرت، هەکاری، موش و بتلیس و ناوچەکانی باشووری ویلایەتی وانیش کە ڕاستەوخۆ و بەڕواڵەت سەر بەپارێزگای تونجەلە نین، دەگرێتەوە. بەڵام کردوویانەتە سەر ئیدارەی چوارەمی پشکنینی تایبەت کە سەرۆکەکەی پارێزگاری تونجەلەیە. بەم شێوە دەسەڵاتی ئەم یاسایە هەموو ویلایەتەکان دەگرێتەوە کە کورد تیایدا دەژین. لەویلایەتەکانی سەرسنوور یاسایەکی تایبەتی کار دەکات، ئەم یاسایەی تورکیا بۆ ویلایەتە کوردنشینەکان زیاتر لە یاساکانی ئیمپراتۆریەتی ئینگلیز لە موستەعمەرەکانیدا دەچێت. بەڕواڵەت هەندێ ویلایەتی کوردی جیاجیا هەن، بەڵام تەواوی دەسەڵات لەدەستی پارێزگاری تونجەلەدایە (وەک نوێنەری پاشای بەریتانیا لە هیندە). لە ویلایەتەکانی کوردیدا یەک قوتابخانە بەزمانی کوردی نییە، بەگشتی لەوێ تەنیا لە شارە گەورەکاندا قوتابخانە هەیە ئەویش بۆ منداڵانی مووچەخۆری تورکە. هەلی کارکردن لە ئیدارەکانی دەوڵەتی و لە سەرکردایەتیی سوپای تورکیا بەکورد نادەن، تەنانەت هەلی کارکردنیشیان لە کارگەکانی دەوڵەت پێ نادەن؛ تەنیا لە چەند شاردا هەلی کار بەکوردەکان دراوە، ئەویش بۆ کۆڵکێشی و گسک دان و بۆیاخچیەتی و هەندێ کاری سووک و پیسی تر.

دەوڵەتی تورکیا هەمیشە ڕووداوی ویلایەتەکانی کوردنشین دەشارێتەوە. ڕۆیشتن بۆ ئەو ویلایەتانە سنووردارە و، کۆچ و ڕۆیشتن بۆ ناوەندی ئەنادۆڵ بەربەست کراوە. دەوڵەتی تورکیا پەرە بەشەڕی ناوخۆی نێوان هۆزەکانی کوردستان دەدات بۆ ئەوەی لە داخوازییە پێویستەکانیان لا بدات. بەپێی یاسای سەرژمێریی تورکیا ژمارەی کورد کەس نایزانێت و، دیاری کردنی ژمارەی کورد زۆر زەحمەتە. لەبەرئەوە دیاری کردنی ژمارەی دانیشتوانی تورکیا بەپێی باری نەتەوەیی نییە، بگرە بەپێی زمانی ئاخاوتنە. (واتە ئەوەی تورکی بزانێت تورکە- وەرگێڕ) بەپێی سەرژمێری تورکیا ژمارەی دانیشتوانی کورد کە بەزمانی کوردی قسە دەکەن تەنیا ١٠٪ی گشتی پێک دێنن.

بەپێی ئەم سەرژمێرییە لە تورکیا ١,٨٠٠ ملیۆنێک و هەشت سەد هەزار کورد دەژین، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، لەبەرئەوەی لە سەرژمێریی تورکیادا کە باری نەتەوایەتیی تێدا نییە، بگرە بەپێی قسەکردن دیاری دەکرێت، ژمارەی دانیشتوانی کورد کەم کراوەتەوە و، تەواوی ئەو کوردانەی بەتورکی قسە دەکەن بەتورک ژمارداراون. ژمارەی تەواوی کورد لە تورکیا دەگاتە ٢ تا ٢,٥ ملیۆن سەر، ماوەیەک لەمەوبەر سەرۆکی ئیدارەی پشکنینی تایبەتیی ژمارە ٤ی پارێزگاری تونجەلە داندراوە کە کابرایەکی سوپاییە

بەناوی جەنەرال ئەکرەم بایدۆرە، ئەمە لە پێشان فەرمانندەی لەشکری ١٠ی سوپای تورکیا بوو، هەروەها کابرایەکیش لەلایەن بەرێوەبەرایەتیی هێمنایەتی و وەزارەتی ناوخۆی تورکیا نێردراوە بۆ ئەوێ. جەنەرال ئەکرەم بایدۆر دوای گرتنی ئەستامبۆل لە ١٩٣٢ لەلایەن ئینگلیزەوە ماوەی پێنج ساڵ فەرماندەی پۆلیسی ئەستامبۆڵ بووە و، وەک کابرایەکی بێ بەزەیی و خوێنمژ ناسراوە، کاتێک فەرماندەی یەکە (وحدة)ی ١٠ی سوپای تورکیا بوو، سەرشۆڕی و بێ شەرمییەکی زۆری بەسەرداهات، ئەویش لەسەر دزی و تالآن.

ئەفسەرەکانی ئەم یەکەیە لە چیرکیس بوون لە کاتی بوومەلەرزەکەدا کە لە ئەنجامدا هەزاران کەس کوژران. لەباتی ئەوەی یارمەتیی لێ قەوماوان بدەن دەستیان بەکۆکردنەوەی شتی بەنرخ لەناو ماڵە کاول کراوەکاندا کرد و، پاشان ئەم تالآنە دەدەن بەئەکرەم بایدۆر. ئەم تاخمە دز و ڕێگرە دەستووری کوشتاری بەکۆمەڵی کورد و پێشگیریی لە پەرەسەندنی بزووتنەوەی کورددا پێ درابوو. کێشەی کورد یەکێک لەو خاڵە گەورانەی وتوویژی تورکیا و عێراق بووە کە ئێستە بەکۆتا هاتووە. ئەنجامی ئەم وتوویژانە مۆرکردنی پەیمانێک بوو بۆ (گەڕاندنەوەی تاوانباران) و پرۆتۆکۆڵێک بۆ (هاوکاریی هاوبەش لە ئاسایش و هێمنایەتی). لە وتوویژی ناوبراودا کوردەکان وەک (کەسانی بەمەترسی) لەقەڵەم دران و، کوردە هەڵهاتووەکان دەبێ تەحویلی یەکتر بدەنەوە. کوردەکان بەبەستنی ئەم پەیمانە زۆر نیگەرانی چارەنووسی خۆیانن. وەک ڕۆژنامەکانی نێزیک بەنوێنەرایەتیی تورکیا لە بەغدا هەواڵ دەدەن ژمارەیەکی زۆر لەو خێڵە کوردانەی عێراق کە بەشدارییان لە شەڕ دژی سوپای عێراقدا کردووە پاش بەستنی پەیمانی عێراق و تورکیا ڕایان کردووەتەوە ولآتانی هاوسێ (ئێران و سوریا)، واتە ئەو ناوچانەی کوردیان تێدا دەژین. سوپای تورکیا بۆ چەک لێ کردنەوە لە خەڵک دەستیان داوەتە جموجۆڵ و، ژن و منداڵان کەوتوونەتە بەرپەلامار و ئازاردان. خەڵکی تریش بەتاوانی گومان لەوەی گوایە چەکیان شاردووەتەوە، زۆریان لە کوردستان دەردەکرێن، یاخۆ دەیانبەن بۆ سەربازی. بۆیە لاوانی کورد ئامادەی خزمەت لە ڕیزەکانی سوپای تورکیادا نین و، بەهۆی ئەم کردەوە نالەبارانە لە سوپا هەڵدێن.

تەنانەت لە ڕۆژنامەی ئولوسن هەموو ڕۆژێ ئاگەداری لەسەر ونبووەکان (هەڵاتووەکان) بڵاودەبێتەوە. لەبەرئەمە کاربەدەستانی تورک بەئەنقەست ئەو کوردانە دەبەنە ناو سوپا کە تەمەنیان نێزیکی تەمەنی سەربازی بووەتەوە. هەروەک لە پێشان ئێوەم ئاگادار کردووە تورکە دیموکراتەکان لە کاتی ڕێکخستن و ئامادەکردنی پرۆگرامی پارتی سۆسیالیستدا، لەبارەی کێشەی نەتەوایەتییەوە لێکۆڵینەوەیان کردووە و بڕیاریان داوە. زۆربەی دیموکراتەکان لەسەر ئەوەن ئەگەر بێتو ڕاپەڕین لە ناوچە کوردنشینەکان

دەست پێ بکات دەبێ پشتیوانیی لێ بکرێت و، بۆ گەیشتن بەئۆتۆنۆمی یارمەتیی کوردان بدرێت. سەبارەت بەسەربەخۆییی کوردستان تورکە دیموکراتەکان ئێستە بیروڕایان ئەوەیە کە دەوڵەتی وا لە سەردەمی ئێستە بێ شک دەبێتە موستەعمەرەی ئینگلیز. دیموکراتەکان هەروەها بیروڕایان ئەوەیە کە دەبێ لە چاپەمەنییەکانی دەرەوەدا لەسەر کێشەی کورد بنووسرێت، بۆ ئەم مەبەستە لەم بارەوە ئەوانە وتاری پێویستیان ئامادەکردووە.

باڵیۆزی سۆڤیەت لە تورکیا ڤینۆگرادۆڤ

٥/٤/١٩٤٦

***

١٨ی حوزەیرانی ١٩٤٧

**بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت**
**هاوڕێ ستالین ی.ڤ**

بەپێی ئەو هەواڵانەی بەوەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت گەیشتووە، لە کوردستانی ئێران لە ناوچەی ڕەزائییە (باکور-ڕۆژئاوای گۆلی ورمێ) لە مانگی مارتی ١٩٤٧دا شەڕ لە نێوان سوپای ئێران و کوردەکانی عێراق (خێڵی بارزانی) دەستی پێ کردووە، ئەویش لەبەرئەوەیە کوردەکان ئامادە نەبوون چەک دابنێن و گوێڕایەڵی یاسای ئێران بن. کوردەکانی (خێڵی بارزانی) لە ١٩٤٥دا لە عێراقەوە هاتوونەتە ئێران.

١٥ی حوزەیرانی ئەمساڵ کەرتەکانی سوپای سنووروانیی ٤١ی نەخچەوان لە ناوچەی باشووری گۆلی ئاخ گەل لە ئێران لە ناوچەی باشووری ڕۆژئاوای سەرسنووری ئێران و یەکەتیی سۆڤیەت چاویان بەفڕینی باڵەفڕەکانی ئێران کەوتووە، یەکێک لەو باڵەفڕانەی ئێران لە سنووری سۆڤیەت بەقووڵاییی دوو سەد کیلۆمەتر هاتە ناو خاکی ئێمەوە، هەر لەم ماوەیەشدا چەند بۆمب تەقیوەتەوە، لە سات ١٣ لە سنووری ئێرانەوە دەستەیەکی چەکدار نێزیکەی ٢٠ کەس بەرەو لای ئێمە کەوتبوونە ڕێ و، لە سات ١٦ دوو کەس لەم چەکدارانە هاتنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت، یەکێک لەوانە بەناوی میرحاج ئەحمەد تاهیر خۆی بەئێمە ناساند. ڕای گەیاند کە سکرتێری تایبەتیی سەرکردەی کورد (لە خێڵی بارزانی) مەلا مستەفایە و، لەلایەن مەلا مستەفاوە نامەیەکی بۆ کۆمیساری سنوورەوانی یەکەتیی سۆڤیەتی هێنابوو، لە نامە و وتەکانی ڕاگیراواندا وا دیارە کە گرووپی مەلا مستەفا پاش ئەوەی لەگەڵ سوپای ئێران تووشی تێکهەڵچوون و شەڕ بوون و، خێڵە کوردەکانی ئێران پشتیوانییان لێ نەکردن، لە هەمان کاتیشدا پێویستییان بەخواردەمەنی بووە، لەبەرئەوەیە هاتوونەتە سەر سنووری سۆڤیەت-ئێران بەو مەبەستەی بێنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە.

له ١٦ی حوزەیران سات ٨ سەرۆکی ئەم خێڵە مەلا مستەفا لەگەڵ پارێزەرەکانی تایبەتی خۆی کە ژمارەیان ٢٠ تا ٢٥ کەس دەبوون بەمەبەستی وتوویژ و چاوپێکەوتن لەگەڵ سنوورەوانانی یەکەتیی سۆڤیەت سەبارەت بەهاتنیان بۆ ناو خاکی ئێمە هاتە سەرسنوور. وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت دەستووری بەفەرماندەکانی سوپای سنوورەوانانی ناوچەی ئازەربایجان داوە کەوا پاراستنی سنوورەکان بەهێزتر بکەن. هەروەها لەم ناوچەیەدا بەهیچ شێوەیەک هیچ وتوویژێک لەگەڵ کوردەکاندا نەکرێت و، ئەگەرهاتوو کوردەکان ویستیان بێنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە رابگیرێن و چەک بکرێن.

١٧ی حوزەیران لەلای ئێرانەوە هاتنی هەندێ دەستەی بچووکی مەلا مستەفا بۆ ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت دەستی پێ کرد، لە هەمان کاتیشدا دەستەکانی سنووروانی ٤١ی نەخچەوان هاتنی دوو دەستە لە سوپای دەوڵەتی ئێرانیان لەناو خاکی ئێراندا بەدی کردووە کە بۆ دۆزینەوەی دەستە چەکدارەکانی مەلا مستەفا دەگەڕێن.

بۆ سات ٢٢ ڕێکەوتی ١٧ی حوزەیران ١٦٠ کورد هاتوونەتە ناو خاکی ئێمە کە ٤٠ تفەنگ و ٦ دەمانچە و ٤ دووربین و ١٦٢٠ فیشەکمان لێ سەندن. هاتنی دەستبەسەر گیراوەکان بۆ سەر سنوورمان، ئێمە وا تێ دەگەین بەهۆی مەترسییان لە سوپای ئێرانە کە بەدوایان کەوتوون. ئەمانە ڕایان گەیاند کە مەلا مستەفا بەچەکدارەکانیەوە نێزیکەی ٣٠٠ سێ سەد کەس دەبن و لەسەر ڕۆخی ڕووباری ئاراس لەناو خاکی ئێران لەسەر سنووری سۆڤیەت- ئێرانن. کوردە هاتووەکان دەگوازرێنەوە بۆ پشت سنوور و، لەلایەن سنووروانانەوە پارێزگارییان لێ دەکرێت. لەلای یەکێک لەو ڕاگیراوانە بەناوی میرحاج ئەحمەد حاجی تاهیر نامەیەک دۆزراوەتەوە کە بەزمانی عەرەبییە، وەرگێڕاوەکەی پێشکێش دەکرێت. (بەداخەوە نامە عەرەبییەکەم وەچەنگ نەکەوت – هەورامی).

***

کۆپیەی وەرگێڕاوی نامەکە لە عەرەبییەوە

**جێگری وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت**

**بۆ جەنەرالیزمی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ستالین ی.ڤ**

(١) هەروەک دەزانن ئێمە لە عێراق بۆ ڕزگاریی کورد لە دژی دەوڵەتی عێراق ڕاپەڕین، دوای ئەوە لە ساڵی ١٩٤٥دا هاتینە ئێران و، پەنامان بردە بەر سوپای سۆڤیەتیی جێگربوو لەوێ، ئێمە لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەدا بۆ ڕزگاریی گەلانی ئازەربایجان و کورد لە ئێراندا بەشداریمان کرد.

(٢) له ١٠ كانوونی یەکەمی ١٩٤٦ هێزە دیموکراتییەکانی ئێران لەژێر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا خۆیان بەدەستەوە دا، بەڵام ئێمە لەبەربەرەکانی بەردەوام بووین و، گەلانی تریش لەگەڵ ئێمەدا بەشدارییان کرد. ئەگەر بەگ و ئاغا کوردەکان یارمەتیی دەوڵەتی عێراقیان نەدایە، ئێمە بۆ ئێران پاشەکشێمان نەدەکرد و، لە خەباتی خۆمان بەردەوام دەبووین.

(٣) لەو ماوەیەدا بەهاوبەندیی کۆنەپەرستانی تورکیا و عێراق ئێمە لە مەترسیی لەناوچووندا بووین، ئێمە هێزێکی زۆرمان نەبوو بەڵام هێشتاش خۆمان لەبەر پاڵەپەستۆی کۆنەپەرستاندا ڕاگرت و، زیانێکی گەورەمان لێ دان. ئێمە لەسایەی ڕۆحیەتی شۆڕشگێرانەی خۆمانەوە سەرکەوتین و، هێزەکانی خۆمانمان پاراست. ئێمە ئامانجمان کوردستانی عێراق بوو بەڵام بەهۆی دەست تێوەردانی هەندێ تاخمی کۆنەپەرست ناپاکیمان لەگەڵدا کرا. ئێمە لە عێراق سوپای تورکیامان بینی کە یارمەتی کۆنەپەرستانی عێراقیان دەدا و، ئەمەبوو بەهۆی ئەوەی ناچار بین بۆ ماوەیەک واز لە خەبات بێنین و هێزەکانمان بۆ خەبات لە داهاتوو بپارێزین.

(٤) ئێمە ناچار کراین بێینە سەر سنوورەکانی یەکەتیی سۆڤیەت و، لە گەمارۆی سوپای ئێران خۆمان ڕزگار کەین، ئەمەش پاش ئەوە چووینە ناو خاکی تورکیا و لەوێوە بۆ سەر سنووری سۆڤیەت.

لە ماوەی ٢٠ ڕۆژی ڕێپێواندا تا سەر ڕووباری ئاراس، ئەم ٢٠ ڕۆژە کۆنەپەرستانی ئێران نیازیان ئەوەبوو لەناومان ببەن؛ بەڵام پاش شەڕێکی سەخت و خوێناوی گەیشتینە سەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەت.

(٥) لەم وەختەدا پێنج سەد شۆڕشگێڕی بارزانی لەسەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەتدان، لەناو ئێمەدا بریندار و شەکەت زۆرن، ئێمە وەک هەموو گەلانی دیموکراتخواز، پێویستیمان بەئازادی هەیە، چاوەڕێی یارمەتی لە هاوڕێ ستالین دەکەین.

بۆیە هاتینە ناو خاکی سۆڤیەت، دەزانین دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت دیموکراتیترین دەوڵەتی کرێکار و جوتیارە. لەبەر ئەو بارودۆخەی ئێمە تێی کەوتووین، تکایە یارمەتیمان بدەن.

هەر بژی هاوڕێ ستالین و هەموو گەلانی یەکەتیی سۆڤیەت

ڕێبەری بزووتنەوەی دیموکرات و شۆڕشگێڕانەی کوردستانی عێراق

سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان: مەلا مستەلا بارزانی

لەلایەن جەنەراڵ لیتینانت ستاخانوف - ١٨ی حوزەیران ١٩٤٧

***

١٩ی حوزەیرانی ١٩٤٧

**بۆ هاوڕێ ستالین ی-ڤ**
**بۆ هاوڕێ مۆلەتۆڤ ڤ.م**
**بۆ هاوڕێ بیریا ل. پ**

بۆ خستنەپاڵ ڕاگەیاندنی وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت لە ١٨ی حوزەیرانی ئەمساڵ، لەبارەی دەستەکانی کوردی عێراقەوە ڕادەگەینم: لە کۆتاییی ڕۆژی ١٨ی حوزەیرانی ئەمساڵ دەستەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کە ژمارەی سەرجەمیان ٤٩٩ کەسە هاتوونەتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت و، ئەم شتانەیان لێ سەندراوە: تفەنگ ٣٠٣، تەماتیک ٥، دەمانچە ٥٥، نارنجۆک ٥٤، دووربین ١٣، فیشەک ١٣٠٠٠.

کوردە ڕاگیراوەکان نێردراون بۆ شاری نەخچەوان و لەژێر پاراستنی سنووروانانن، بەپێی ڕاگەیاندنی مستەفا بارزانی لەبەر زەحمەتیی پەڕینەوە لە ڕووباری ئاراس بەچەک و تەقەمەنییەوە، ناچاربوون لەسەر ڕووبارەکەدا لەناو خاکی ئێران سێ سەد تفەنگ و سەد دەمانچە و ١٥٠ نارنجۆک و هەندێک تەقەمەنییان لەناو قامیشەکان بەجێ بهێڵن، سنووروانان ڕایان گەیاند کەوا ئەم چەک و تەقەمەنییە لەلایەن سوپای ئێران دۆزراونەتەوە و، دەستیان بەسەرداگیراوە. بەدەستووری ئێمە فەرماندەی سوپای سنووروانانی ناوچەی ئازەربایجان جەنەرال مایۆر هاوڕێ مالتسۆڤ لەگەڵ مستەفا بارزانیدا وتووێژی کردووە، بارزانی وتوویەتی: «ئێمە لە بزووتنەوەی دیموکراتی لە ئازەربایجانی ئێران چالاکانە دژی کۆنەپەرستان خەباتمان کردووە و، ئەم خەباتەش تا ئەم ڕۆژانەی دوایی هەر بەردەوام بووە. لەبەرئەوەی بۆ لەناوبردنی شەڕوانانی ئێمە، ئێران سوپایەکی زۆری بەپشتیوانی هێزی ئاسمانی بەکارهێنابوو، ئێمە بڕیارمان دا لەپێناو پاراستنی دەستەکانی خۆماندا بێینە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە»، هەروەها مستەفا بارزانی ڕای گەیاند کە ئەو و هەموو هەڤاڵەکانی: «وازیان لە کشتوکاڵ هێناوە و، هۆگری شەڕی چەکداری بوون، ئێستا ئامادەی هەر شێوە دەستوورێکی یەکەتیی سۆڤیەتن بۆ خەبات لە دژی کۆنەپەرستانی ئێران».

ئێمە دەستوورمان پێ دراوە بەوردی ئاگەداری مستەفا بارزانی و هەڤاڵەکانی بین.

جێگری وەزیری ناوخۆیی یەکەتیی سۆڤیەت: سیرۆڤ

***

٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٧

**بۆ هاوڕێ ستالین ی.ڤ**

**بۆ هاوڕێ مۆلەتۆڤ ڤ.م**

**بۆ هاوڕێ بیریا ل.پ**

لەسەر داوای وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ١٩ی حوزەیرانی ئەمساڵدا لەبارەی هاتنی دەستەکانی کورد لە ئێرانەوە بۆ یەکەتیی سۆڤیەت ڕادەگەینم:
٢٣ی حوزەیرانی ئەمساڵ لەلایەن کۆمیسەری سنوورەوانی ناوچەی جولفاوە (پادپالکونیک) عەقید باقیرزادە نامەیەکمان پێ گەیشتووە کە دەوڵەتی ئێران داخوازیی گەڕانەوەی کوردە ڕاگیراوەکان بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بۆ ئێران دەکات.
تێبینی: وەرگێڕاوی نامەی کۆمیسەری سنوورەوانی ئێرانی پێشکێش دەکرێت.

وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت کرۆگلۆف.س

کۆپییەی وەرگێڕاوی لە فارسییەوە

**بەڕێز کۆمیسەری سنوورەوان**

بەشانازییەوە ڕادەگەینم کە مەلا مستەفا بەخێڵەکەیەوە (بارزانی) نێزیکەی ٢٠ ڕۆژ لەمەوبەر دیسانەوە سنووری تورکیایان بڕیوە و هاتوونەتە ناو خاکی ئێران، سەرەڕای ئەوەی دەوڵەتی ئێران هەموو هەنگاوێکی بۆ دەسگیرکردنی ئەمانە هەڵگرتووە؛ بەڵام بێ سوود بووە و ئەوانە گوندەکانیان تاڵان و ڕووت کردووەتەوە(*).
٢٠ی حوزەیرانی ئەمساڵ لەژێر پاڵەپەستۆی سوپای ئێران، بارزانییەکان کە ژمارەیان زیاتر لە ٤٠٠ کەسە تەواوی چەکەکانیان لە ناوچەی سارانج لەناو خاکی ئێمە بەجێ هێشتووە و، پاشان هاتوونەتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت و، خۆیان بەدەست کاربەدەستانی ئێوە داوە.
بۆ ئەوەی پێوەندییەکانی دۆستایەتیمان تێک نەچێت، داوای گەڕانەوەی ئەو چوار سەد کەسە ڕێگر و چەتانەتان لێ دەکەین.

لەگەڵ ڕێز بۆ ئێوە

کۆمیسەری سنوورەوانی ناوچەی جولفا

(پادپالکونیک) عەقید باقیرزادە

***

(*) بارزانی و هەڤاڵەکانی لەم کاروانەدا خەباتکاری ڕێگەی ئازادی بوون و بۆ ڕزگاریی وڵاتەکەیان تێ دەکۆشان. جێگەی سەرسامییە کە سۆڤیەتەکان ئەم هەموو ڕەوشتانەیان دەدەنە پاڵ. بڵاوکەرەوە: ئاراس

١٠ی شوباتی ١٩٤٩

K ٥١٩

**بۆ هاوڕێ ستالین**

وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت لەبارەی هەڵسوکەوت و چلۆنیایەتیی دەستەکانی کورد کە لە ١٩٤٧ەوە هاتوونەتە ناو خاکی ئێمە، ڕاپۆرتێکتان ئاراستە دەکات. دەستەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی کە ژمارەیان ٤٩٩ کەسە لە ١٧ و ١٨ی مایسی ١٩٤٧ لەلایەن ئێرانییەکانەوە کەوتبوونە بەر پەلامار و دواکەوتن، بەچەک و تەقەمەنی و وڵاخەوە سنووری سۆڤیەت و ئێرانیان بڕیوە و، هاتوونەتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە و، ڕاگیراون و چەک کراون. مستەفا بارزانی ڕای گەیاند کە چەکدارەکانی لەناو خاکی عێراقدا ڕێک خراون و، ماوەی ١٥ ساڵە ژیانێکی کۆچەری دەبەنە سەر و، تفاق و خواردەمەنی و تەقەمەنییان لە ڕێگەی ئێرانەوە دەست خستووە. بارزانی بۆ ماوەی پشوودان داوای مانەوە لە یەکەتیی سۆڤیەت دەکات.

سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست (بەلشەویک)ی ئازەربایجان باقرۆڤ بەدەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت پێشنیازی نیشتەجێ کردن و، ڕێکخستنی خواردەمەنی و دابین کردنی تفاق و فێرکردنی کاری سوپایی بۆ دەستە چەکدارەکانی بارزانی لە یەکێک لە ئۆردوگاکانی سەر ڕۆخی دەریای گاسپی (خەزەر) کردووە. بەپێی بڕیاری دەوڵەت لە کوردەکانی بارزانی سێ دەستە گورهان (لق)ی پیادە، دەستەی تۆپخانە و مین چاندن و، گرووپی پێوەندی و تانک پێک هات. لەلایەن وەزارەتی هێزە چەکدارانی یەکەتیی سۆڤیەتەوە ٢٠ ئەفسەری سوپای سۆڤیەت بۆ فێرکردنی کاروباری سوپایی بۆ پیاوەکانی بارزانی تەرخان کرابوون.

بەڵام پاش ماوەیەک دەرکەوت مستەفا بارزانی کابرایەکە لە باری سیاسییەوە نەشارەزا و نەخوێندەوارە و(*)، بەتەمایە شێخ نشینێک لە هۆزە کوردەکان دروست بکات و خۆی بیێتە سەرۆکیان. بارزانی هاتنەکەی خۆی بۆ یەکەتیی سۆڤیەت بەشتێکی کاتی دەزانێت و هیچ بەرپرسیارییەک بەئەستۆ ناگرێت. هەر بەهۆی ئەم هەڵوێستەی بارزانییە کە باقرۆڤ ئەم بەرپرسیارەتییەی خستە بەردەمی دەوڵەتەوە تاوەکو دەستە کوردەکان لەناو خاکی ئازەربایجان، لەسەر سنووری ئێران دوور بخرێنەوە. بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت لە ٩ی ئابی ١٩٤٨ ژمارە

(*) هەموو ئەم تۆمەتانە لەبەرئەوەیە کە هەوڵ و کۆششی کاربەدەستانی سۆڤیەت بۆ بە(کۆمۆنیست کردنی) بارزانی و هەڤاڵەکانی بەفیڕۆ چووە، بۆیە زۆر بێ شەرمانە ئەم سیفەتە دوور لە ڕاستانەیان دەخەنە پاڵ. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

۲۲.۱۳۱-۳۹٤۳ وەزارەتی ناوخۆی یەکـەتیی سـۆڤـیـەت، دەسـتـەکـانی بـارزانی لە باکۆوە گـوازرانەوە بـۆ ناو خـاکی ئۆزبەکسـتـانی سـۆڤـیـەت و، لە ئۆردوگـای پێشـووی وەزارەتی دەرەوە (ئێسـتگەی کۆمسـۆمۆڵی سەرووی هێڵی شەمەندەفەری تاشقەند). لەباری ژیان و فێرگەی سوپاییییەوە ڕێکوپێک دامەزران.

لە کـۆتایی ۱۹٤۸دا مـسـتـەفـا بـارزانی لەسـەر ئەوە سـوور بـوو کـە چاوی بەسکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کـۆمـۆنیـسـتی (بەڵشـەویک) ئۆزبەکـیـەن هاوڕێ یوسـوپۆڤ بکەوێت، ئەوە بوو داواکارییەکەی جێبەجێ بوو. بارزانی لەم چاوپێکەوتنەدا ناڕەزاییی خـۆی لەسـەر چۆنیـەتیی باری ژیانیـان دەربڕی و، بـۆ ڕوونکردنەوەی باری ژیانیـان و بەرنامـەکـانیـان داوای چاوپێکەوتنی لەگـەڵ هاوڕێ سـتـالین کـرد. مـسـتـەفـا بارزانی هەروەها داوای لە یوسوپۆڤ کردبوو کە ٥ ئەفسـەر لە کەسەکانی خۆی بۆ دیتنی خولی حـزبی بنێـردرێنە قـوتابخـانەی حـزبی لە شـاری تاشـقـەند، جگە لە فـێـربوونی وانەی سەربازی و ئەفسـەری، کادری بـاڵەفڕەوانی و تانکداری و خراپکاری ئامادە بکەن. لە کـۆتاییی ئەم وتووێژانەدا بارزانی هەروەها وتی: ئەگـەر بێـتـو دەرفـەتی ڕۆیشـتنی بۆ مۆسکۆ ڕێک نەخرێت بەخۆکوشتن کۆتایی بەژیانی دێنێت. لەم دواییـیانەدا ڕێبەرایەتیی دەسـتـەکـانی بارزانی لەسـەرەوەی هەمـوویان مـسـتـەفا بـارزانی ناڕازی بوونی خـۆی لەو بارودۆخـەی تیـایدان دەردەبڕن، خـەرجـیی سـاڵانەی دەسـتـەکـانی بارزانی لە ۱۹٤۹ بەگشتی ٦,٦٦٢,٤٦٧ ڕۆبڵ بووە.

بەرەچاوکـردنی ئەوەی کـە زیاتر ڕاگرتنی دەسـتـەکـانی بارزانی لەم بارودۆخـەدا لەوانەیە تووشی گـیـروگـرفت و نـاخـۆشـیـمـان بکەن، وەزارەتی ناوخـۆی یەکـەتیی سـۆڤـیـەت بەپێـویسـتی دەزانێت، دەسـتـەکانی کـورد هەڵوەشێنەوە و، بەگـرووپی بچووک بچووک دابەش بکرێن و، بۆ ناوچە قـووڵەکانی ئۆزبەکستانی یەکەتیی سۆڤیەت دووربخرێنەوە، تاکو بەم جۆرە نەتوانن پێوەندییان لەگەڵ یەکتردا هەبێت، بەم شێوەیە بارزانی و هەڤاڵە هەرە نێزیکەکانی دەرفەتی پێوەندی گرتن و کـارتێکردنیان لەسەر دوورخراوەکان نابێت و، لە پێوەندی گرتندا بێ بەش بکرێن و، دەبێ کـاربەدەستانی خۆجێیی بۆ دابین کـردنی کار بۆ ئەو کوردانە لە ئیدارەکانی کشتوکاڵ و پیشەسازیی کۆمـار بەرپرسیـاربن. بەجێ گـەیاندنی ئەم ئەرکـە و ئاگـاداربوون و چاودێری کـردنیـان بخـرێتـە ئەسـتـۆی دەزگـاکـانی وەزارەتی ناوخۆی ئۆزبەکستان، لەگەڵ هاوڕێ یوسوپۆڤ ئەم پێشنیازە پەسەند کراوە.

هاوڕێ مۆلەتۆڤ پێشنیازی وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەتی پەسند کردووە.

وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت س-کرۆگلۆڤ

***

N ١/١٤٥٨٢

٩ی ئاب ١٩٤٧

**جێگری سەرۆک وەزیرانی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ مۆڵەتۆڤ ڤ.م**

دوابەدوای ڕاگەیاندنی ژمارە ١٣٨٣٩/١ کە لە ڕێکەوتی ٨ی ئابی ئەمساڵدا، بۆمان ناردن، زانیاریی ترتان بەم شێوەیەی خوارەوە پێشکێش دەکەین، ئەویش ئەوەیە بەپێی ئەو هەواڵەی لەلایەن وەزارەتی ناوخۆی ئازەربایجانی یەکەتیی سۆڤیەت، هاوڕێ یەعقوبۆڤ پێمان گەیشتووە، ژمارەی تەواوی بارزانییە هاتووەکان دیاری کراوە، بەپێی ڕێککەوتن لەگەڵ ئەنجوومەنی وەزیرانی ئازەربایجانی یەکەتیی سۆڤیەتدا ناوبراوان لە کەڵخۆزەکانی ناوچەی کۆماری ئازەربایجان جێگیرکراون، زۆربەیان بۆ ناوچە کوردنشینەکانی ئازەربایجان نێردراون و، بەباشی پێشوازییان لێ کراوە و، لە باری ژیان و جێ و کارەوە یارمەتییان دراوە. لە کەڵخۆزەکانی ناوچەی لاچین ١٥٠ کەسیان جێگیر و لەسەر کار دامەزراون. لەکەلباجار ١٠٠ کەس، لەناوچەی ئەقدەم ١٤٧ و لەناوچەی ئاگجەبەدین ٩٧ کەس، مەلا مستەفا لەگەڵ چوار کەس لە خزم و هاوڕێ نێزیکەکانی لە شاری شووشە جێگیرکراون.

بەپێی دەستووری سکرتێری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیست (بەڵشەویک)ی ئازەربایجان هاوڕێ باقرۆڤ، لە دەوروبەری ناوچەی باکۆ جێ بۆ مەلا مستەفا و خزمەکانی ئامادە دەکرێت.

جێگری وەزیری ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت: ی. سیروڤ

***

**بۆ سکرتێری پارتی کۆمۆنیست (بەڵشەویک)ی ئازەربایجان و ڕێبەری گەلانی ڕۆژهەڵات: هاوڕێ باقرۆڤ(*)**

بۆ من جێی شانازییەکی گەورەیە، بۆ یەکەم جار بەمرۆڤێکی ڕێزداری وەک ئێوە ناسێندرام، گەلانی ڕۆژهەڵات سالانی دوور و درێژە لەژێر زوڵم و چەوساندنەوەدا دەناڵێنن، یەکێک لەو گەلانەی ڕۆژهەڵات گەلی کوردە، ئەم گەلە لەلایەن دەوڵەتە کۆنەپەرستەکانی تورکیا و ئێران و عێراق و، هەروەها لە سیاسەتی چەوسانەوەی ئینگلیز و ئەمریکا کوێرەوەریی زۆری چێشتووە. لەوکاتەوە کە گەلی کورد بەئاگەداریی ئێوە سەرفراز بووە و، لە ئێوە نێزیک بووەتەوە تێ گەیشتووە کە ئازادی و سەربەخۆیی

(*) تێبینی: ئەم نامەیە یەکەم جار لەلایەن مسعود بارزانی-یەوە لە کتێبی بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، بەرگی دووەم، ساڵی ١٩٨٧، بەزمانی ڕووسی و عەرەبی بلاوکراوەتەوە. (هەورامی)

لە گرەوی یەکخستنی هێزەکانیدایە. هەر بۆیەش ئێمەی کوردە دیموکراتەکان، ئەفسەر و شەڕوانان، پەنایان بردە بەر پشتگیریی ئێوە و چاوەڕێی دەهەندەییی بەرێزتانی کرد. دەوڵەتی کۆنەپەرستی عێراق بەپشتیوانیی چەوسێنەرانی ئینگلیز و ئەمریکا، هێزە چەکدارەکانی خۆی بۆ لەناوبردنی ئەو کۆمارە کوردییە ناردە کوردستان، ئەوەبوو دەوڵەتە دیموکراتییەکەی کوردیان لەناوبرد و، سوپای شا خاکی کوردستانی داگیرکرد. دەوڵەتی فاشیستی تورکیا بەشێکی زۆری لە خاکی کوردستان داگیر کردووە و کردوویەتیە تاریکستانێک کە کوردەکان لە بارودۆخێکی زۆر ناخۆش و دژواردا بژین. هاوکاتیش هەزاران کوردی دیموکرات و ئازادیخواز گیراون و لە زیندانەکانی ئێراندان.

لە سەرەتادا وا دەرکەوت هیچ هێزێک نییە بتوانێت چارەنووسی گەلی کورد بگۆڕێت و لە ناخۆشی ڕزگاری بکات. بەڵام یەکگرتنی گەلی کورد لەژێر ئاڵای دیموکراتییەت و، هیوای بەمامۆستای گەورە سەرۆک ستالین، هەموو شێوە تەگەرە و کۆسپێکی لەسەر ڕێگەی بزووتنەوەکەی ئێمە لابرد.

ئاگەداریی باوک و ڕێبەری گەلانی ڕۆژهەڵات هاوڕێ باقرۆڤ لە ئاستی ئێمەدا هیوایەکی مەزنی بەگەلی کورد بەخشی. ڕۆژانی کۆنەپەرستان و زۆرداران و چەوسێنەوان خەریکی بەسەرچوونن و، چاوەڕێی ڕۆژانی دواییی تەمەنی خۆیان دەکەن. خێڵی بارزانی کە من سەرکردەیانم یەکێکە لە گەورەترین هۆزەکانی کوردستان. خەباتی خێڵی بارزانی بۆ ڕزگارییان، هەروەها بزووتنەوەکەیان دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٨٩٤ کە سەرکردەکەیان خوالێخۆشبوو شێخ عەبدولسەلامی برام بوو. شێخ عەبدولسەلام لە سەردەمی سوڵتان عەبدولحەمیدی تورکدا ڕێکخراوێکی نهێنیی لە شاری ئەستانبوڵ پێک هێنا و، بۆ ئازادی و سەربەخۆییی گەلی کورد خەباتی کرد.

لە سایەی چالاکیی ئەم ڕێکخراوە و بەشداریی خێڵانی تری کورد لە ساڵی ١٩٠٤ لە عێراق بزووتنەوەی ڕزگاریخواز دەستی پێ کرد. ئەم بزووتنەوەیە تا ساڵی ١٩١٤ و هەر لەو ساڵەیش واتە لە سەردەمی سوڵتان ڕەشاد خەباتێکی توندوتیژ، لە دژی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی درێژەی کێشا. بزووتنەوەکە ئەو ئەنجامە پێویستەی بەدواوە نەبوو و، بەتێکشکانی ئێمە کۆتای پێ هات. برای من لەلایەن جەلادانی تورکەوە گیرا و، لە شاری موسڵ لەدار درا و، ئێمەیش لەگەڵ بنەماڵەکەمان پەنابەری ئێران بووین.

دوای ئەمە شێخ ئەحمەدی برام بوو بەسەرکردەی خێڵی بارزانی و لە ١٩٢٠ەوە خەباتی بێ وچانی گەلی کورد لە کوردستان دژی سیاسەتی زۆردار و چەوسێنەری ئینگلیز بەردەوامە.

لە نێوان ساڵانی ١٩١٢-١٩٤٥دا خەباتی گەلی کورد دژی دەوڵەتی عێراق کە ئەو ڕژێمە لەلایەن دەوڵەتی ئینگلیزەوە پشتیوانیی لێ دەکرا، بەردەوام بوو. لە ١٩٤٥

لەژێر پاڵەپەستۆی دوژمندا ئێمە ناچار بووین لەگەڵ بنەماڵە و خێڵەکەمان پەنابەری ئێران بین، لێرە واتە لە کوردستانی ئێران لەبەر تیشکی ئەستێرەی سوور، ژیانی ئێمە رووناکیی گرتەخۆ. لەم کاتەوە ئێمە لە رێکخستنی دەوڵەتی دیموکراتی کوردستان بەشداریمان کرد و، لەگەڵ براکانی ئازەربایجانمان لەناوچەی رەزائییە و شوێنەکانی تر دژی سوپای ئێران شەرمان کرد و، هەزاران شەروانی بارزانی لە سنوورەکانی ئازەربایجان و کوردستانی ئازاد پارێزگارییان کرد. جگە لەمە دوژمنمان لە ناوچەی سەقز و سەردەشت و ناوچە شاخاوییەکانی تر تێک شکاند. خەباتی قارەمانانەی ئازادیخوازیی ئازەربایجان و کورد، ئازادی و بەهێزکردنی دیموکراتییەتی لە ئازەربایجان و کوردستان بەدەست هێنا.

خێڵی ئێمە لە پەنجا هەزار کەس پێک هاتووە، دەرەبەگ لەناو ئێمەدا نییە، هەر کام لە ئێمە زەوی و ئاژەڵ و مەڕوماڵاتی خۆی هەیە. لە ١٩١٤دا شێخ عەبدولسەلامی برام بەیەکسانی و وەک یەک زەوی لە نێوان جوتیاراندا بەش کرد و، ئەو دابەشکردنەیش تا ئێستە لە گوندەکان کە ژمارەیان دەگاتە ٤٠٠ گوند هەروەک خۆی ماوەتەوە. بەم شێوەیە کێشەی زەوی لە گوندەکانی ناوچەی بارزان لەناو خێڵەکەماندا چارەسەر کراوە و، هەموو کەس لەسەر ماڵ و موڵکی خۆیدا سەربەخۆیە. ئیتر لەمەوە پێوەندیی کۆمەڵایەتی لە نێوان جوتیاران و موڵکداران چارەسەر کرا.

لەناو خێڵی ئێمەدا مەبەستی سەرەکیمان گەیشتن بەئازادی و سەربەخۆییە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش ئێمە زۆرجار راپەڕیوین. ئەم ئەرکە پیرۆزەمان لەلا پێویست بووە و، ئەرکی سەرەکیشمان هەر ئەمە بووە و، لەم روانگەیەشەوە ئێمە بەپێویستمان زانی چارەنووسی خۆمان بەیەکەتیی سۆڤیەتەوە گرێ بدەین وەک دەسەڵاتێک کە پاڵپشتی ئازادی و هیوای گەلانە. ئەم پێوەندییە لە مانگی مارتی ١٩٤٤دا پێک هات، ئەو کاتە رێکخراوی (بەرەی رزگاری) لەناو بارزانییەکاندا چالاکیی هەبوو. لەو ساوە من لەگەڵ نوێنەرانی سوپایی و سیاسیی دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەتدا پێوەندیم هەیە. دوای ١٩٤٦/١٢/١١ واتە پاش داگیرکردنی خاکی کوردستان و ئازەربایجان لەلایەن سوپای ئێرانەوە، بارودۆخ گۆڕاوە. پێوەندییەکانی دوو لایەنە لەنێوان فەرمانبەرانی سیاسی یەکەتیی سۆڤیەت و من بەگوێرەی ئەو هەست و کردەوانە نەبووە کە ساڵانی ساڵ من بەپاکی نیشانم داوە.

بێ گومان فەرمانبەرانی سیاسیی سۆڤیەتی پێشبینیی گەشەکردنی بارودۆخ و رووداوەکانیان لە کوردستان و ئازەربایجان کردبوو، سەرەتای دەست پێکردنی رووداوەکان بارودۆخی بارزانییەکان لەچاو ئەوانی تر خراپ بوو، یەکەم: بارزانییەکان لە وڵاتێکی تر پەنابەری ئێران ببوون. دووەم: پیاوەکان لە بەرەی پێشەوەی شەڕ بوون و

شەڕیان دەکرد و، ژن و منداڵەکانیان جێ هێشتبوو، خێزانەکانیان بێ سەرپەرشت مابوونەوە.

پێویست بوو پێش دەستپێکی سەرەتای ڕووداوەکان فەرمانبەرانی سۆڤیەتی ئێمەیان ئاگاداربکردایەوە، تا ئێمە خۆمان ئامادە کردبایە و، هێزەکانمان ئاوا لەیەک دانەبڕایەن و، لە چیاکان نەکوژرایەین. سەرەڕای ئەمەیش ئێمە بۆ ماوەی پێنج مانگ بەرامبەر بەسوپای ئێران وەستاینەوە. لە ڕێکەوتی ١٩٤٦/١٢/١١دا بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە سوپای ئازەربایجان ناچاربوو پاشەکشە بکات و، دەوڵەتی کوردستانیش چەک دابنێت. بەڵام ئێمە، واتە هۆزی بارزانی بەرامبەر دوژمن خۆبەدەستەوەدانمان پەسەند نەکرد، بەناوی (بەرەی ئازادکردنی کوردستان) خەباتی خۆمان ڕێک خست و، لە ماوەی شەش مانگدا بەرامبەر بەدوژمن و داگیرکەران لە ئێران ڕاوەستاین. دوای شەڕێکی سەخت و دژوار بەمەبەستی ڕێکخستنی بزووتنەوەیەکی پارتیزانی بەرەو عێراق ڕۆیشتین و، لە عێراق بۆ ماوەی مانگێک ژیانێکی پارتیزانیمان بردەسەر، پاشان بەرەو سنووری ئێران و عێراق ڕێگەمان گرتەبەر، ئەویش لە کاتێکدا بوو کە هێزەکانی سوپای هەردوو دەوڵەت بەمەبەستی لەناوبردنی ئێمە هەوڵی ئەوەیان دەدا ڕێگەمان لێ بگرن و، هەمیشەش بەدوامانەوە بوون. خەباتی ڕزگاریخوازیی ئێمە لە ڕابوردوودا بۆ هاوسێکانمان ڕوون و ئاشکرایە، سەرەڕای دەسەڵاتداریەتیی تەواوی کۆنەپەرستان لە ناوچەکەدا، چاپەمەنییە چەپەکان و هەروەها ئۆرگانی پارتە دیموکراتییەکان لەسەر خەباتی ئێمەیان دەنووسی و، لەناو گەلاندا بلاویان دەکردەوە، لەوانە گۆڤاری (هۆز و گەلانی عیراق)، (س- البیروتی)، گۆڤاری میسری (الاهرام) هەروەها ڕۆژنامەی (کوردستان) ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و گۆڤاری (نیشتمان) کە لە مەهاباد دەردەچوون و، هەروەها ڕۆژنامەی کۆمۆنیستی کوردی عێراق (ڕزگاری)، هەروەها ئۆرگانی پارتە سەربەخۆییەکان و کتێبی (نضال الاکراد) و هتد، هەموویان لەسەر خەباتی ئێمەیان نوسیوە.

لەبارەی خەباتی ئێمە تەواوی ئێزگە و ڕادیۆ بەناوبانگەکان هەموو دنیایان ئاگادارکردەوە، دەنگی کەوتنی بۆمبەکان کە لەلایەن باڵەفڕە بۆمب هاوێژەکانی ئێرانەوە لە ناوچەی ڕەزائییە دژی ئێمەیان بەکار هێنا، لەناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتدا بیستراوە. بەڵام ئێمە هەستی بەرامبەرەتیمان لەلایەن دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەتەوە نەدیوە، نە ئێزگەکانی ڕادیۆی ئازەربایجان و مۆسکۆ وشەیەکیان لەسەر بزووتنەوە و خەباتی ئێمە بلاوکردووەتەوە، نە لە لاپەڕەی چاپەمەنییەکانی سۆڤیەتیش بەگوێرەی پێویست بایەخێکی شایانیان پێ داوین. کەسێکیش لەلایەن دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەتەوە نەهات بۆ لامان و، دڵنەواییی نەکردین و، ڕێگەیان پێ نیشان نەداین. ئەگەر سیاسەت دەرفەتی ئەوەی نەداوە لەسەرمان بدوێن، بەچەک یارمەتیمان بدەن،

یاخۆ یارمەتییەکی ترمان بدەن، نەدەبوو هەر بەتەواوی فەرامۆشمان بکەن و، بماندەنە دەست چارەنووس و ویڵمان بکەن. کاتێک ئێمە بەو ئەنجامە گەیشتین کە بزووتنەوەی پارتیزانیمان بێ سوودە و بۆ ئەوەی ئەو هێزانەی هەمانبوو لە دەستیان نەدەین، بڕیارمان دا خاکی سۆڤیەت بکەین بەپەناگەی خۆمان، ئێمە بەپشت بەستن بەباوەڕ و وەفاداریی خۆمان، دلێرانە و بەگیان بەختکەری توانیمان ڕیز و سەنگەرەکانی سوپای تورکیا و ئێران و عێراق کە بەمەبەستی لەناوبردنی ئێمە بەرەو سنووری ئێران و سۆڤیەت نێردرابوونە سەر ڕێگەمان، تێک بشکێنین. کە گەیشتینە سەرسنووری سۆڤیەت و کاتێک ویستمان بێینە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە کاربەدەستانی سۆڤیەت یارمەتیان نەداین و، ئەو جێگەیەیان پێ نیشان نەداین کەوا دەکرێ لە رووبارەکە بپەڕینەوە. ئێمەیان لەسەر ڕۆخی رووبار ڕاگرت، ئێمەش بۆ ئەوەی خۆمان ڕزگار بکەین ناچاربووین زۆربەی چەک و تەقەمەنییەکانمان بۆ دوژمن لەوبەری رووبارەکە بەجێ بهێڵین و، بەم شێوەیە باری خۆمان سووک کرد و، لە رووبارەکە بۆ ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت پەڕینەوە. لە شاری نەخچەوان ٤٠ ڕۆژ منیان بەجیایی و، دوور لە براکانی خۆم (مرۆڤەکانم) ڕاگرت، من لە ژوورێک دەژیام لە زیندان دەچوو، من ئەم کردەوەم شایانی خۆم نەزانیوە و، لە یەکەتیی سۆڤیەتم چاوەڕێ نەدەکرد. ئەگەرچی بێ دەنگ بووم؛ بەڵام بەهاتنم بۆ شاری شووش ئەم کردەوە دووپات کرایەوە. باری ژیانی هاوڕێکانم لەهی من باشتر نەبوو و، تا ئێستە هیچ بارودۆخێکیان بۆ نەرەخساوە و، لە کۆڵخۆزەکان دەژین و، کاری بەردکاری و قوڕکاری دەکەن. ئەم گوزەرانەی ئێستەی ئەوان لەگەڵ ژیان و کار و کردەوەیان لە ڕابردوودا ناگونجێت. ئەوانە وەک کەڵخۆزییەکانی ئەزمووندار بەکولتووری سۆڤیەت ناتوانن کار بکەن. زۆربەی ئەوانە تا ئێستە جلوبەرگیان پێ نەدراوە و، هەندێکیان لە شوێنی وا دەژین، ناکرێت ئاژەڵیشیان تێدا ڕابگیردرێت. ئەم مرۆڤانە نوێنەری گەلی کوردن، ئەوانە لە پێناوی خەبات بۆ دیموکراتییەت و ئازادیی خاک و خێزاندا، ئەوەی هەیان بووە لە دەستیان داوە و، بۆ خۆئامادەکردن بۆ خەباتێکی سەرلەنوێ پەنایان هێناوەتە بەر خاکی سۆڤیەت. ئەم مرۆڤانە کە هاتوونەتە یەکەتی سۆڤیەتەوە نە بۆ بازرگانی و، نە بۆ بەرژەوەندیی ئابووریی تر هاتوون؛ ئەم مرۆڤانە لەناو جەرگەی گەلانی ڕۆژهەلاتەوە هاتوون؛ وەک نوێنەرانی گەلی کورد پشت بەیەکەتیی سۆڤیەت دەبەستن. ئێوە وەک دۆستی بەنرخ و نێزیکی گەلانی ڕۆژهەلات دەبێ لە هەموو خەم و پێویستییەکان و، کاروباریان ئاگەدارین. بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم ئاگەدارتان بکەمەوە لە بارودۆخی بارزانییە پەنابەرەکان و، پێداویست و خواستەکانیان بەئێوە بگەیەنم. یەکەم داخوازیی من ئەوەیە چاوم پێتان بکەوێ، شتێکی روون و ئاشکرایە کەوا کاتی ئێوە زۆرگرانە، بەلام لە هەمان کاتدا ئێمەیش مافی ئەوەمان هەیە هەندێک لە کاتی ئێوە بگرین و، بۆ خۆم ئەو

پرسە گرینگانەتان پێ رابگەیەنم، ئێمە لەو باوەڕەداین ئەوەی پێوەندیی بەژیانی مادییەوە هەیە جێبەجێ دەکرێن و، هەروەها ئەو بارودۆخانەیش کە بەم شتانەوە بەستراون دەگۆڕێن. لە باری سیاسیشەوە، هەروەک لە ئەنجامدا و هەموو دەم و، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زەوینەی نوێ بۆ سەرکەوتنی دیموکراتییەت دەرەخسێنێت، ئێمە چاوەڕێی ئەو کاتە دەکەین کەی بەیارمەتیی یەکەتیی سۆڤیەت و هێزە دیموکراتییەکانی گەلان، دەگەڕێینەوە ولات. من بەداخەوەم سەرەڕای ئەوەی من و هاوڕێکانم لەناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتداین، ئێمە تا ئێستە فێری زانیارییەکی نوێ نەبووین، ئێمە دەبێ بێ وچان لە بەرهەمەکانی زانست و فێربوون یان لە کولتوور و سیاسەت سوود وەربگرین. لێرە بێ شک کارکردن ئەرکێکی پیرۆزە؛ بەلام فێربوونی زانست و زانیاری گرینگیی قۆناخی سەرەتاییە بۆ سەرکەوتن.

لە یەکەتیی سۆڤیەت ٤٩٦ کەس لە برا کوردەکانی من دەژین، داواتان لێ دەکەم هەموویان لەیەک شوێندا کۆبکرێنەوە. لەبەر پێویستیی داهاتوو دەبێ فێری زانیاری سیاسی و سوپایی بکرێن و، خولیان بۆ بکرێتەوە و، فێری بەکارهێنانی چەکی قورس و ڕێوڕەسمی سوپایی ببن. ١٠ کەس هەڵبژێرن و بیانێرن بۆ فێرگەی باڵەفڕوانی و خولی تایبەتییان لەباری تیۆریی تاکتیکیی سوپاییەوە بۆ بکەنەوە، هەروەها فێری بەکارهێنانی چەکی نوێیان بکەن، فێری زانیاریی مێژوویی و ماتماتیک و جوگرافیا و پزیشکی و دیسیپلینی سوپایی و، ئەگەر پێویست بوو وانەی تر بکرێن. فێری ئەوە بکرێن چۆن لە کۆمەڵگە هەڵسوکەوت بکەن و، فێری ڕێکوپێکی و کولتووری نوێیان بکەن، دۆزینەوەی مامۆستا بۆ ئەوانە زۆر ئاسانە بۆ وێنە لەناو ئەفسەرەکانی سۆڤیەتدا نەقیب جەعفەرۆڤ و ئەوانی تر کە کوردی دەزانن و، ئەوانەی نازانن بەرەبەرە لە پرۆسەی خوێندندا دەتوانن فێربن، بەم شێوەیە بۆ داهاتووی کورد و، بۆ دیموکراتییەت کادیر ئامادە دەکرێت. من لەم بارەوە مەبەستم ئەوە نییە خۆم بەسەرۆکی ئەم خێڵانە بزانم، نا ئەم شتە پێوەندیی بەخواست و ئارەزووی کورد خۆیەوە هەیە. هەر ئەفسەر یان بارزانییەک بگرە لە سەد کەس زیاتریش هاونیشتمانی بەوەفای خۆی لەژێر دەستدایە و، لایەنگیریی لێ دەکەن. هەندێک لەوانە سەرۆک خێڵی کوردن و، بەناوبانگن و ڕۆڵیان هەیە، ئەوانە لەزۆر شەڕدا بەشدارییان کردووە و، هەر کام لەوانە ژمارەیەکی کوردی ئازادیخوازیان لە دەور کۆبووەتەوە و، لەگەڵیاندا خەبات دەکەن. ئەم ئەفسەرانە بەکردەوە نیشانیان داوە کەوا شایانی ئەو پلەوپایەن کە پێیان دراوە، من بۆ خۆم داواتان لێ دەکەم بەدڵێکی ئاواڵەوە بەرامبەریان بجووڵێنەوە. ئێمە و هەموو گەلی کورد دەزانین و لامان ڕوونە کە ڕاگرتنی ٤٩٦ کەس بۆ دەوڵەتی مەزن و بەهێزی یەکەتیی سۆڤیەت هیچ دژوارییەک پێک ناهێنێت و، جگە لەوەش هەموو دنیا دەزانێت دەسەلاتی سۆڤیەت پشتیوانی تەواوی گەلانی ڕزگاریخوازە، پێشنیازی من سەبارەت

بەکـۆکـردنەوەیان لەیەک جێ بەو مـەبەسـتـەیە کـە خـوێندن و ژیانیـان لەلایەن یەک ڕێکخـراوەوە ڕێکوپێک بکرێت و، بەئاسـانی چاوەدێرییـان بکرێت و، لە چۆنییـەتی و باری ژیانیـان تێ بگا. دوای ئەوەی ئەوانیـان لەیەک نیشتەجێ کرد، داواتان لێ دەکەم باڵەفڕەیەک یان هەر شێوە ترانسپۆرتێکم لەبەردەست دابنێن بۆ ئەوەی بتوانم زوو زوو سەردانیان بکەم. ئەوانە خاوەن تاقیکردنەوەیەکی دەوڵەمەندن لە خەبات و، بۆ من زۆر بایەخدارن و، بێ ئەوانە ناتوانم هیچ شتـێک بکەم. هاوڕێ سـتـالین دەڵێت: «مـرۆڤ بەنرخترین شتە» ئەمە وتەی ڕێبەری مەزنی ئێمەیە، جگە لەوەی بارزانییەکان نموونەی مرۆڤایەتین، ئەوانە شۆڕشگێڕیشن. لێرە لە باکۆ لە زانستگەی دەوڵەتی ئازەربایجان ئێستە لاوێکی کورد کە ناوی شەمزینی عەبدوڵلا ئۆغلی عـەزیزە دەخوێنێت، ئەم لاوە کوردە لە کاتی شەڕەکانی نێوان ساڵانی ١٩٤٢-١٩٤٥ هاتە ریزی شەڕوانەکانمانەوە، لە ڕابووردودا ئەم لاوە وەک نەقیب لە سوپای عێراق خزمەتی کردووە، پاشان ڕای کرد و، لەگەڵ ئەفسـەرە کوردەکـانی تر هاتە ریزی بارزانییـەکانەوە، ناوبراو بەوپەڕی ورە و باوەڕەوە لەگـەڵ ئێـمـەدا لە خەبات بەشدارییی کردووە و، توانا و لێـهـاتووییی خـۆی لە شـەڕەکـاندا نیـشـان داوە. لە عـێـراقیـشـدا لە خـەبات لە دژی دەوڵەت خـۆی نواندووە. عـەزیز لە بنەمـاڵەیەکی بەڕێز و شـەڕوان و ئازادیخـوازی کوردە، ڕەچەڵەکـیـان (خـێـڵـی نەهری)یە و لە کـوردسـتـان لە هەمـوو بارێکەوە ڕێزیان لێ دەگـیـرێت و بەناوبانگن. ئامۆزاکەی دژی ئەو ڕاوەستا و چووە ریزی کۆنەپەرستانەوە، بەڵام عەزیز شێلگیرانە هەر لەسەر ڕێگەی گەیشتن بەمەبەستی خۆی ڕۆیشت. ژمارەیەک لەو ئەفسـەرە کوردانەی سوپای عێراق کە لەگەڵ عەزیز هاتبوونە ریزەکانی ئێمەوە لە ئەنجامی ئەم ڕووداوانەی دوایی لەلایەن دەوڵەتی عێراقەوە گیـران و، هەڵواسران. ئێـستـە عـەزیز بۆ ئێـمە وەک یادگـارییـەکی گـران لەم ئەفـسـەرانە بەجێ مـاوە. من داواتـان لێ دەکـەم دڵسـۆزین بەرامبـەری و هەڵسووکەوتی باشی لەگەڵدا بکەن و، ئەگەر دەکرێت بینێرن بۆ ئێرە بۆ لای بارزانییەکان. پێم وایە عـەزیز ئامادەیە بێتە ئێرە کە هاوڕێی چەکداران بووە. جگە لە عـەزیز چەند لاوی تری کـورد لێرە لە قـوتابخـانەی سیـاسی و قـوتابخـانەکـانی تر دەخـوێنن، هەیانە نموونەی ڕۆڵەی گـەلی کـوردن، ئاگـەداری تایبـەتی و باوکـانەتان لە ڕەحیـمی قـازی زادە هیـوامـان پێ دەدا و، لەم بارەوە ئێـمـە زۆر سـوپاسـتـان دەکـەین. داواکـارێکی تری من لە ئێـوە ئەوەیە تکایە بەئێـزگـەی ڕادیۆی ئازەربایجـان دەسـتـوور بدەن، کـاتێـک لەبەرنامـەی ڕۆژانەی خـۆی بەزمـانی کـوردی تەرخـان و دیاری بکات، دەنگی ئێمە باوەڕ و هیوا بەگەلی کورد دەبەخشێت، ئەم دەنگە لە ڕێگەی ڕادیۆوە وەک گـەواڵە دوژمن دەترسـێنێت و، ورەی گـەلی کـورد بۆ ڕاپەڕینێکی تر بەرز دەکـاتەوە. بەم شێوەیە هەلومەرج بۆ پشتگیری لە مافی گەلی کورد لە ڕێکخراوە نێونەتەوەییـەکان و ڕێکخراوی وڵاتە یەکگرتووەکان پێک دێنێت. کاتێک کە گەلی کورد ناوبانگی لەلایەن

دەسەڵاتدارانی ڕەسمیی دەوڵەتی سۆڤیەت بەرزکرایەوە، ئەو کات بێ شک ئەم ناوبانگەیش تا پلەیەکی دیاریکراو لە ئاستی دنیایشدا بڵیند دەبێتەوە و، ئەم کردەوەیە ناتوانێ لەسەر بارودۆخی دوژمنان کاریگەر نەبێت. دەرکردنی گۆڤارێکی مانگانە بەزمانی کوردی کە لەلاپەڕەکانیدا بارودۆخ و بابەتی کولتووری و سیاسی و ئابووری لە کوردستاندا بلاوبکرێتەوە، لە ڕێگەی ئەم گۆڤارەوە ڕێگەی ئازادکردنی گەلی کورد نیشان بدرێت و، مێژووی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان بنووسرێت و، تێیدا بەردەوام بوونی چەوسانەوە و بێ مافیی گەلی کورد ئاشکرا بکرێت و، نیشان بدرێت گەلی کورد یەکێک لە گەلانی نەمر و پێشڕەوی گەلانی ڕۆژهەلاتە، گەرچی لەم دواییانەدا ناوی لە مێژوو و کولتوورەکان سڕاوەتەوە؛ بەلام ئەم گەلە هەر دەژیت و دەمێنێت. یارمەتیمان بدەن سەردانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بکەین تاکو ڕەخنە و سکالامان بەرامبەر بەچوار دەوڵەتی کۆنەپەرستی تورکیا و ئێران و عێراق و سوریا کە تا ئێستە هەر خەریکی چەوسانەوەی گەلی کوردن، ڕابگەیەنین. کاتێک دەمامکیان دڕا و ڕاستی دەرکەوت ئەو کاتە دەردەکەوێت گەلی کورد تووشی چ چەوسانەوەیەک بووە. گەلانی ئەفریقیای باشووریش لەو شێوە بارودۆخەدا نەژیاون.

بەڕێز: ئەوەی پێویست بوو بۆ ئەوەی وەک سەرکردە و باوکی گەلانی ڕۆژهەلات ئێمە ئاراستەمان کردن. من زۆر ئارەزووی سەردانی ڕێبەری تەواوی ڕەنجدەرانی دنیا هاوڕێ ستالین دەکەم بۆ ئەوەی کوێرەوەرییەکانی گەلی کوردی بۆ باس بکەم. ئاگەداریی ئێوە لە گەلانی ڕۆژهەلات بەتایبەتی گەلی کورد هیوامان پێ بەدەخشێت، هەربۆیەش من هەوڵ دەدەم چاوم پێتان بکەوێت. ئەگەر بتوانم چاوم بەهاوڕێ ستالین بکەوێت بۆ من و گەلی کورد بەختەوەرییەکی گەورە دەبێ. من بۆ ئەم چاوپێکەوتنە هەوڵ دەدەم و تکایە ئێوە: هاوڕێ باقرۆڤ وەک کەسێکی زۆر نێزیک لە هاوڕێ ستالین لەم بارەیەوە یارمەتیم بدەن. بەم شێوەیە هەم دەتوانم سەردانی مۆسکۆ وەک هیواگەی هەموو زەحمەتکێشانی جیهان بکەم و، هەم شاری ستالینگراد، ئەو جێگەیەی سوپای سوور دوژمنی تیا بەزاند و بناخەی سەرەتای سەرکەوتنی داڕشت. من جارێکی تر ئارەزووی خۆم بۆ دیتنی هاوڕێ ستالین دەردەبڕم و، چاوەڕێی بەدیهێنانی ئەم ئارەزووەم دەکەم، ئەمەش پێوەندیی بەدڵفراوانیی ئێوەوە هەیە.

من زۆر پێویستیم بەفێربوونی زانستی سیاسی و کاروباری حزبایەتی هەیە و، تکام ئەوەیە لەم بارەوەیش یارمەتیم بدەن. داخوازییەکی تری من لە ئێوە ئەوەیە، برازایەکم بەناوی شێخ سلێمان بارزانی لێرە لەگەڵمدایە و، لە تەواوی شەڕ و چالاکییە سیاسییەکاندا ڕاستەوخۆ بەشداریی کردووە و، لەگەڵم دابووە، توانا و لێهاتوویی خۆی بەکردەوە نیشان داوە و، هەر بۆیەش بووە بەنێزیکترین هاوڕێ و هاوکاری من. ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتی یان دوور و درێژ من لێرە نەبم، ئەو واتە شێخ سلێمان دەتوانێت جێی

من بگرێتەوە و لەوانەیە بەلێهاتوویی خۆی خزمەتی ئێوەش بکات.
هیوادارم داخوازییەکەی من بۆ چاوپێکەوتنتان پەسەند بکەن و، ئەو کاتە من دەتوانم بەوردی و دوور و درێژی لەسەر بارودۆخ و ژیانی خۆمان قسەتان بۆ بکەم.

ڕێزم هەیە بۆتان

کوڕ و خزمەتکاری کورد: مستەفا بارزانی

ئیمزا

١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٤٧-شاری باکۆ

***

٢ی حوزەیرانی ١٩٥٥

٢٣٧٤٠

مۆسکۆ

**کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ڤینۆگرادۆڤ ی.ت**

بەپێی بڕیاری ڕۆژی ٢٨/٢/١٩٥٥ی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت و، فەرمانی وەزیری بەرزی پەروەردەی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ٥/٣/١٩٥٥دا لە کۆتایی مانگی ئەمساڵ لە ئامۆژگەی کشتوکاڵیی چاکین ٢٥ کەس لە کوردەکانی عێراق بۆ خوێندن هاتن، پێویستە بگوترێت دەزگاکانی کۆماری ئۆزبەکستان و بەرپرسیارانی وەزارەتی کشتوکاڵی کۆماری فیدراڵیی ڕوسیای سۆڤیەتی لە شاری تاشقەند بۆ هەڵبژاردنی قوتابیان بەجیددی هەنگاویان هەڵگرتووە. ئەوەبوو لە ئەنجامدا سێ کەس لە قوتابیان کە نێردراون بۆ ئێرە نەخۆشن، بەپێی مەرجەکانی وەرگرتن قوتابی نەدەبوایە لە ئامۆژگەی کشتوکاڵی وەرگیرابایەن. یەکێک لەو قوتابیانە کە وەرگیراوە بەناوی دەروێش کاکۆ نیوەی ئەوکاتەی لێرە بووە نەخۆش بووە و، لە نەخۆشخانە کەوتووە و، بۆ چارەسەریی نەخۆشییەکەی نێردراوە بۆ نەخۆشخانەی ڕژاکە. جگە لەوە ئەو هاوڕێیانەی بۆ خوێندن هاتوونەتە ئامۆژگە جلوبەرگی سەرەوەیان زۆر خراپە (پاڵتۆی کۆنی سەربازیی کورتیان لەبەرە). دوو ژووری باش بۆ هاوڕێیانی ناوبراو لە ئامۆژگە ئامادەکراوە و، تەختی نووستن و مێز و کورسی و سەندوق بۆ شتومەک و، هەروەها نوێنیان بۆ ئامادەکراوە، هەمووی بایی بیست هەزار ڕۆبڵە. لە باری زمانی ڕووسی و حساب کردنەوە تاقی کردنەوەیان لەسەر کراوە، دەرکەوت زۆربەی قوتابیانی ناوبراو لە زانینی گشتی لە ئاستێکی نزمدان و، دەتوانین بڵێین لە ئاستی قوتابی پۆلی دووەمی سەرەتاییدان و ٧ کەسیان دەتوانین بڵێین لە ئاستی پۆلی

یەکەمدان. لە باری زمانی ڕووسییەوە زۆربەیان زانیارییان نییە(*).

و، خراپ دەدوێن. پێویستە ئەوەش بگوترێت ئەم گرووپە قوتابییە هەوڵی فێربوونی زانست و بەتایبەتی فێربوونی زمانی ڕووسی زۆر دەدەن. زۆر کار دەکەن و ئێوارانیش هەر خەریکی خوێندنن. مامۆستایانی ئامۆژگە و قوتابییەکان پاش تەواوبوونی وانە بۆ فێربوونی زمانی ڕووسی و، ماتماتیک یارمەتییان دەدەن. لە ئامۆژگە بەدەستووری وەزارەتی کشتوکاڵ پلانێکی تایبەتیی خوێندنیان بۆ ئامادەکراوە کە ماوەکەی پێنج ساڵە، بەپێی ئەم پلانە لە دوو ساڵی یەکەمدا دەبێ زانیاریی گشتی بێت کە برێتییە لە هەندێ مادە و، ئەویش لە ئاستی بەرنامەی حەوت ساڵەی قوتابخانەدایە و، سێ ساڵی دوایی دەبێ خوێندنی مادەی تایبەتییان بەپێی پرۆگرامی ئامۆژگە پێ بدرێت.

ئەم گرووپە قوتابییە زۆر بە دیسپلین و ڕێکوپێکن لەناویەکدا و، هەروەها نێوانیان لەگەڵ قوتابیانی تری ئامۆژگەدا دۆستانەیە، لەباری هەڵسوکەوتەوە هیچ بەڵگەیەکی خراپمان لەسەریان نییە.

حەفتەی جارێک وانەی سیاسییان لەلایەن مامۆستاکانەوە بۆ داندراوە و، بەڕێوە دەچێت، بەتایبەتی لەسەر ڕووداوەکانی هیند و چین و میسر. قوتابییە کوردەکان مانگانە ٤٠٠ چوار سەد ڕۆبڵیان پێ دەدرێت بۆ خواردن و شتومەکی پێویست، لەبەرئەوەی قوتابیانی ناوبراو جلوبەرگی باشیان نییە، بەڕێوەبەرایەتیی ئامۆژگە داوای لە وەزارەتی کشتوکاڵ کردووە کەوا بۆ کڕینی جلوبەرگ و پێڵاو ٢٥ هەزار ڕۆبڵیان بۆ تەرخان بکات. گەرچی تا ئێستە هیچ وەڵامێک لەم بارەیەوە وەرنەگیراوە. باشتر ئەوەیە لە کاتی پشووی هاوین ئەم گرووپە بنێردرێتە سەناتۆرییەکان و شوێنی پشوودان و، بۆ ئەم کارەش وەزارەتی کشتوکاڵ پێویستە پارە و مۆڵەت و بلیتیان بۆ تەرخان بکات.

سکرتێری ڕێکخراوی ناوچەییی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت

کەمیسارۆڤ

***

**ئاگەداری**

لەسەر خوێندنی ٢٥ کوردی عێراق لە ئامۆژگای چاکین-ی سەر بەناوچەی تامبۆ، سەرکردەی کوردەکانی عێراق بارزانی و کاربەدەستانی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت لە کۆتاییی مانگی ئەمساڵ ڕۆیشتن بۆ گوندی چاکین و، لەوێ دەرکەوتبوو کە وەزارەتی کشتوکاڵ پارەی پێویستی بۆ کڕینی جلوبەرگ

(*) لە ١٩٤٧ تا ١٩٥٥ ئەم پێشمەرگانەی بارزانی دەستبەسەر و دوور لە شار، دوورلە خوێندن و فێربوون، لە کەڵخۆزی دەرەوەی تاشقەند دەژیان، چۆن زمان بزانن چۆن... هەوارمی.

و پێڵاو بۆ کوردەکانی عێراق داوە و تەواوی کوردە قوتابییەکان وازیان لە پشوودانی هاوین هێناوە و، تەواوی هاوین خەریکی فێربوونی زمانی ڕووسی و مادەکانی تر دەبن.

سەرۆکی بەشی پێوەندییەکانی
کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت کەزۆلۆف.ی
١٥ی ئەیلولی ١٩٥٥

***

**بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت**

بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت لە ڕێکەوتی ٤ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ، ڕێکخستنی ئەنجوومەنی کوردەکانی عێراق بەسەرۆکایەتیی بارزانی کە لە سۆڤیەت دەژین دەبێ پێک بهێنرێت.

جگە لەوە بڕیار دراوە سێ سەد کەسیان بۆ خوێندن بنێردرێنە ئامۆژگەکان و، ٥ کەسیش بۆ خوێندن لە قوتابخانەی بەرزی پارتی – سەر بەپارتی یەکەتیی سۆڤیەت بنێردرێن و، هەروەها ٥٠ تا ٦٠ کەسیان لە کارگەکانی تاشقەند دابمەزرێن. فەرمان بەدەزگا و ڕێکخراوەکانی سۆڤیەت لە ئۆزبەکستان دراوە کەوا تەواوی بڕیار و کاروباری کوردەکانی عێراق لە ڕێگەی ئەنجوومەنی کوردەکانەوە بەڕێوە بچێت. بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت، کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی ئۆزبەکستانی سۆڤیەت فەرمانی هاتنی بارزانیی بۆ شاری تاشقەند داوە. دەکرێ بڵێین بارزانی بۆ ماوەی دوو هەفتە ڕاسپێردراوەتیی پێ بدرێت، بێتە تاشقەند. بۆ بەڕێ کردنی بارزانی هاوڕێ ڤلۆشین ف. ف کە ڕاوێژ پێکراوی بەشی پێوەندییە لەگەڵیدا بنێردرێت. دەتوانن خەرجیی هاتنی بارزانی بۆ تاشقەند لەسەر حیسابی بەشی وەرگرتن و خزمەت و هاریکاریی میوانانی دەرەوە دابین بکەن.

سەرۆکی بەشی پێوەندی لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی دەرەوە
سەر بەکۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت
ستیپانۆڤ. ڤ

بەرپرسی سکرتاری بەشی کۆمیتەی ناوەندیی
پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت
کەزلۆڤ.ی
٨ی مارتی ١٩٥٥
ژمارە ٢٥/C/٤٣٨

***

**بۆ کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت**

بەپێی بڕیاری کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت، ڕێکەوتی ٤ی کانوونی دووەمی ئەمساڵ ٢٥ کوردی پەنابەری سیاسی بۆ خوێندن نێردراون بۆ ئامۆژگەی پیشەسازیی پاڤلوڤسکی (ناوچەی گۆرکی) و، ٢٥یش بۆ ئامۆژگەی پیشەسازیی نەساجی شوی (ناوچەی ئیڤانۆڤا) و ٢٥ کەسیش بۆ ئامۆژگەی چاک کردنی زەوین (میلیراتیڤنی) ناوچەی (ساراتۆڤ) و، ٢٥ کەسی تریش بۆ ئامۆژگەی کشتوکاڵیی چاکین - سەر بەناوچەی تامبۆ نێردراون. سەرکردەی کوردەکانی عێراق کە لە ١٩٤٧دا هاتووەتە یەکەتیی سۆڤیەت قوتابیی قوتابخانەی بەرزی پارتی، سەر بەپارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت مستەفا بارزانییە. مستەفا بازانی داوای لە کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت کردووە دەرفەتی بدرێتێ سەردانی ئەو شوێنانە واتە پاڤلۆڤسکی، شوی، پۆگاچۆڤ و چاکین بکات بۆ ئەوەی چاوی بەکوردە پەنابەرە سیاسییەکان بکەوێت کە لەو شوێنانە خەریکی خوێندنن. باشتر وایە داخوازییەکەی بارزانی بۆ سەردانی ناوچە ناوبراوەکان بۆ ماوەی ٣ هەفتە پەسەند بکرێت. بۆ بەڕێ کردنی بارزانی ڕاوێژ پێکراوی بەشی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ڤالوشین ف.ف دیاری بکرێت. خەرجیی سەفەری بارزانی دەکرێ لەسەر بەشی وەرگرتن و خزمەتگوزاریی پارتییەکان و، کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکان و، وڵاتانی دەرەوەی سەر بەپارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت جێبەجێ بکرێت.

جێگری سەرۆکی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت لەگەڵ پارتە کۆمۆنیستەکانی دەرەوە ڤینۆگرادۆڤ.ی

بەرپرسی سکینەری بەشی پێوەندییەکانی دەرەوەی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت

کەزلۆڤ.ی

٢٥ی حوزەیرانی ١٩٥٥ ژمارە ١٥٣٠-س-٢٥

***

٢١٥٢٢

٣٠ی حوزەیرانی ١٩٥٤

**جێگری سەرۆکی بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت**

هاوڕێ سمیرنۆڤ. ئا.ئا

داخوازیی حاجی عەلی جەبرەئیلیانتان بۆ دەنێرم کە بۆ سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرزی

یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ڤەرۆشیلۆڤ ک.ی نێردراوە. حاجی عەلی جەبرەئیلی و ئەو کەسانەی لە نامەکەدا واتە سێ (سلێمان) حەسەن تاجەدین ناویان هاتووە، کوردن و ناسنامەی بێ وڵاتییان (بیزگراژدانیتڤا)یان هەیە و جێنیشگەی بەردەوامیان لەسادا سۆڤخۆز ژمارە ٩ی ناوچەی (ڤیروڤسک)ی سەر بەتاشقەندە. هاتنی ناوبراوان بۆ مۆسکۆ بەبێ مۆڵەتی دەزگاکانی پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆی ئۆزبەکستانی یەکەتیی سۆڤیەت بووە.

لەسەر ئەو پێشنیازەی لە مۆسکۆ بۆیان کرا، واتە بۆ جێگەی هەمیشەییان بۆ تاشقەند بگەڕێنەوە، ئەوانە ڕایان گەیاند کە ناتوانن بگەڕێنەوە لەبەرئەوەی پارەی سەفەری ڕۆیشتنەوەیان نییە.

تێبینی: نامەکە لە دوو لاپەڕەدایە.

**جێگری بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پۆلیسی وەزارەتی ناوخۆی یەکەتیی سۆڤیەت: بۆدونۆڤ**

تێبینی:

بۆ ئارشیڤ

پەنابەرە سیاسییەکانی عێراق جەبرەئیل تاجەدین ١٩٥٤/٧/٣ ڕۆیشتنەوە بۆ سۆڤخۆزی ژمارە ٩ی سەر بەناوچەی (ڤیروڤسک). لەبارەی گواستنەوەیان لە ئۆزبەکستانەوە بۆ ڕوسیا و جێگیربوونیان بۆ هەمیشە لێرەدا پێویستی بە بڕیاری تایبەتییە.

***

٢١٥٢٢

١٦ حوزەیرانی ١٩٥٤

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرزی یەکەتیی سۆڤیەت هاوڕێ ڤەرۆشیلۆڤ**

لەلایەن کوردەکانی عێراقەوە کە لەساڵی ١٩٤٧ هاتوونەتە یەکەتیی سۆڤیەت

حاجی عەلی

داواکاری

٧ ساڵ بەسەر هاتنمان بۆ یەکەتیی سۆڤیەت تێپەڕیوە، لەم وەختەدا کوردەکانی ئێمە کە لە ئۆزبەکیستاندا دەژین، بەهۆی ئاووهەوای خەراپ و ناسازگا، ژمارەیەکی زۆریان تووشی نەخۆشیی جۆراوجۆر هاتوون، بۆیە داخوازیی گەورەی ئێمە لە ئێوەی بەڕێز وەک سەرۆکی دەوڵەتی سۆڤیەت ئەوەیە، تکایە بمانگوازنەوە بۆ کۆماری ڕووسیا. بۆ

Председателю Президума Верховного Совета
СССР. товарищу Ворошилову.
От курдов Ирака прибывших
в СССР в 1947г.
Хаджи Али.

ГУМ МБ...
Вх№ 57506
18 ИЮН 1954

Заявление

Ввиду того, что прошло семь лет с тех
пор, как мы прибыли в СССР. В
настоящее время наши курды находятся
в Узбекистане, где плохие климатические
условия и плохая вода в связи с этим
многие наши курды болеют разными
заболеваниями. И поэтому наша большая
убедительная просьба к вам, как глава
Советского Правительства обратите внимание
и перевести нас в Р.С.Ф.С.Р. Ввиду
того, что со времени нашего прибытия
в СССР мы работаем на физической
работе. Просим вас устроить нас
на учёбу по специальностям, для того
чтобы подготовить кадров для будущего нашего
народа, чтобы мы могли дать пользу
курдскому народу. Товарищ Ворошилов вы
являетесь нашим отцом, а мы вашими
сыновьями и просим вас помочь нам
в этом деле. В настоящее время Хаджи
Али и Сино Хасан находятся в Москве
у товарища Мамедова А.А. которые приехали

21522

**دەقی نامەی حاجی عەلی – ١**


22го. апреля в 1954г, для того, чтобы
Вы оказали нам помощь и перевести
нас в Россию и устроить на учебу-наших
курдов. Мы много раз писали заявление
с просьбой перевести нас в Россию, но
до сих пор нет ответа
Еще раз просим Вас обратить внимания
на это дело и дайте ответ.
Проситель Хаджи Али
16/V-54г

**دەقی نامەی حاجی عەلی - ٢**

ئاگەداریتان لەکاتی هاتنمان بۆ یەکەتیی سۆڤیەت تا ئێستە کاری (فیزیکی) لەش دەکەین، بۆیە داواتان لێ دەکەین دەرفەتی خوێندنمان پێ بدەن تا فێری زانیاری و خوێندن بین و، لەم بارەیەوە تکایە یارمەتیمان بدەن بۆ ئەوەی کادیری لێهاتوو و، زانا بۆ گەلەکەمان ئامادە بکەین کە بۆ داهاتووی گەلی کورد سوودمەندبین. هاوڕێ ڤەروشیلۆڤ ئێوە وەک باوکی ئێمەن و، ئێمەش کوڕی ئێوەین و داواتان لێ دەکەین ئەمڕۆ یارمەتیمان بدەن. ئێستە حاجی عەلی و سینۆ حەسەن لە مۆسکۆن و، لەلایەن هاوڕێ مەمەدوڤەوە. ئا. ئا، کە لە ڕێکەوتی ٢٢ی نیسانی ١٩٥٤ دۆزیمانەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەوەوە بتوانین بۆ گواستنەوەمان بۆ ڕوسیا و، وەرگرتنمان لە قوتابخانە و فێرگەکانی ڕوسیا یارمەتییان لێ وەربگرین.

ئێمە زۆر جار داخواز و داواکاریمان کردووە بمانگوازنەوە بۆ ڕوسیا، بەڵام تائێستە وەڵامێکمان وەرنەگرتووە.

جارێکی تر داواتان لێ دەکەین سەرنجمان بدەنێ و وەڵامان بدەنەوە.

داواکار حاجی عەلی ١٦/٥/١٩٥٤

ژمارە ٢٨١٤٨٧

١ی کانوونی دووەم ١٩٥٤

***

**بۆ بەڕێز سکرتێری گشتیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت**

هاوڕێی خۆشەویست و بەڕێز و گەورە خرۆشچۆڤ

یەکەم: هیوادارم تەندروستیتان باش بێت و، هەموو هیوا و ئاواتەکانتان بێنەدی.
دووەم: لە ناخی دڵەوە سوپاستان دەکەم، هەرچەندە دەبێ بڵێم کە من زۆر بەداخم لەوەی ناتوانم بەگوێرەی پێویست سوپاسی مرۆڤایەتی و ئەو ئاگەدارییەی بەرامبەر منتان هەبووە بکەم؛ بەڵام هیوادارم لەم کەموکوڕیانەی من خۆش بن.

سێیەم: ئێوە ئاگادارن پارتی دیموکراتیی ئێمە فەرمانی بەمن دا لە ١٩٤٧ بێمە یەکەتیی سۆڤیەت و، منیش ئەو فەرمانەم بەجێ گەیاند. ئێمە پێنج سەد کەس بووین و دوای ماندوبوون و سەختییەکی زۆر خۆمان گەیاندە سەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەت. ئەو مرۆڤانە برای منن کە گەلەکەمان لەگەڵ مندا ناردوونی و من بەرامبەر بەگەلەکەمان و پارتی-یەکان لە هەموو بارێکەوە بەرپرسیارم، بەڵام لەو ڕۆژەوە ئێمە هاتووینەتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت ئەم بەرپرسیاریەتە کەوتووەتە سەر شانی ئێوە و، ئێمەش وەک گەلانی تر هەموو ماف و خۆشییەکمان لە ژیان پێ ڕەوایە، ئێوەش یارمەتیتان داوین، ئێمە چاوەڕێی دەست کراوەیی و لوتفی ئێوە دەکەین و، بۆ ئازادیی گەلەکەمان داوای پشتیوانی و چاودێریتان لێ دەکەین. براکانی ئێمە کە لە خاک و نیشتمان و گەلی خۆیان دوورن هەرچییان هەبووە لە دەستیان داوە، پارتی و گەلەکەمان ئەوانی ناردووە بۆ ئێرە، ئێستەش ئەوان پەنایان هێناوەتە بەر ئێوە و داواتان لێ دەکەین کە بۆ پێشکەوتن و ئاوەدانیی وڵاتەکەیان پێویستییان بەزانستی بەرز و، ئامۆژگاریی زۆر و، بەخشندەییی ئێوە هەیە، ئەمانە هەموویان لە مێژووی کوردستان دەنووسرێتەوە و، لای گەلەکەمان دەمێنێتەوە کاتێک خۆیان لە باوەشی ڕوسیای ئازیز و، دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەت و، سەرکردە زاناکان و، پارتی گەورەی کۆمۆنیست و، سەرکردەی بەڕێزتان دەبینن.

هیوادارم هەستی ڕاستەقینەی من وەربگرن.

بارزانی مستەفا محەمەد

ئیمزا

٢٥ی تشرینی یەکەمی ١٩٥٤

***

ئەم بەیانە یان ئاگەدارییە یەکێکە لە بانگەوازە گرینگ و بەنرخەکانی سەرکردایەتی و فەرمانەدەی لەشکری کۆماری کوردستان، لەوکاتەدا بگرە هەتا ئەمڕۆش ناوەرۆکێکی مێژوویی و سیاسیی تێدا بەدی



الى فخامة أول سكرتار حزب كومونيست الرفيق المحبوب خروشوف العزيز الأفخم

١- أولا نتمنا لفخامتكم صحة جيده وموفقية عن جميع الآمال بما فيه الخير والصلاح
٢- وثانيا إني بصميم القلب أقدم لفخامتكم شكراً مالانهاية له هذا من جهتي شخصي
ومع ذالك أعترف بأني مقصر بكل التقصير ولا إقتدار لي بأن أأديه شكراً لائقا لفخامتكم
مقابله إنسانيتكم وفضلكم علي ولكن لي الأمل بلطفكم أن تقبلوا رجائي عفوا عن قصوري
٣- وثالثا معلوم في علمكم بأن حزبنا الديمقراطي قد أمرني بمجيئي عند حكومة السوفياتيه
في تاريخ ١٩٤٧ وامتثلت أمره وجأنا نحن خمسمائة رجال وبعد كثير التعب والمشقة
وصلنا إلى حدود حكومة السوفياتيه وهؤلائ الأخوان الذين أرسلوهم شعبنا معي
إلى سؤال عنهم بكل ما يمكنني من جميع الجهات عند شعبنا ومقابلة حزبنا ولكن في يوم الذي
وصلت الى حدود حكومة السوفياتيه أن سؤليتي منوط بحكمتكم وراجع الى كرمكم ولطفكم
علينا كسائر الملل الآخرين وبإسم شعبنا وحزبنا نسترحم من فخامتكم أن تكرموا علينا
بنظرة حقيقية وتفضلوا عن ملتنا كما فضلتم على الملل الآخرين الذين يتمتعو بكامل حقوقهم
ويلتذون في نعمتكم ويرفهون بأرغد العيش تحت حمايتكم القائم ويتقدمون بحكمتكم الحاذقة
وأن إخواني الذين دافعوا عن أراضيهم ووطنهم وملتهم وضحوا بكل مالديهم وهم ارسلواهم
حزبنا وشعبنا معي وهم المسترحمون في عتبة بابكم الكريم لكي يعيشون في رسمي وطالبين
مسترجيا لتربيتكم الممتازه وتحصيل علمكم العالي ونعمتكم الواسعه وكرمكم العظيم
وهذا كلهم قد يكون مكتوبا في تاريخ كوردستان عند شعبنا والفضل راجع لشعب
الروسيا العزيز وحكومة السوفياتيه المحبوبه وزعمائها الحاذقين وخاصة لحزب كومونيست
ولشخصيتكم العظيم
واسترحم بقبول إخلاصي عند فخامتكم والأمر متعلق بكرمكم سيد الأشفق

١٩٥٤/١/٢

مخلصكم بارزاني مصطفى

**دەقی نامەی بارزانی**

دەکرێت کەوا کورد شەڕخواز و لایەنگری خوێنڕشتن و براکوژی نەبووە، هەروەک لە بەیانەکەدا ئاشکرایە بەپێچەوانەی ئەو پروپاگەندەیەی ڕێژیمی شا دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخواز و ڕەوای کورد کردوویەتی و، سوپای ئێرانی بۆ سەرکوتکردن و، لەناوبردن ناردووەتە کوردستان و، بەشێوەیەکی خراپ تێی گەیاندوون. گەلی کورد بۆ دیموکراسی و برایەتی و ئازادی و خۆشی بۆ هەموان خەبات دەکات و، داوایان لێ دەکات تا ئەوانیش هەوڵی ڕزگارکردنی شوێنەکانی تری ئێران وەک کوردستان و ئازەربایجان بدەن و، ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و فاشییەی شا لەناوبەرن. دەڵێت: سەردەمی فاشیزم لە دنیا بەسەرچووە و ئیمڕۆ سەردەمی دیموکراسییە و ئێمەش دەبێ وەک گەلانی تر پێکەوە بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزانە تێ بکۆشین. دەڵێت:

# برایانی با شهامەت

## ئەفسەران و سەربازانی سپاهی ایران

[illegible]

جنرال
محمد رشید خان

جنرال
مصطفی بارزانی

# شهامتلی قارداشلار

## ایران قوشونین افسر و سربازلاری

[illegible]

باشاسین آزادلیق و دموکراسی .
باشاسین بتون دونیانین آزادیخواهلاری .

# برادران باشهامت

## افسران و سربازان قشون ایران

دنیای فاشیزم و دیکتاتوری با محو شدن آلمان هیتلری ایتالیای فاشیزم و ژاپون دیکتاتوری به انتها رسیده روز خوشبختی سراسر تمام دنیا به پیدایش دموکراسی طلوع کرده .

[illegible]

برادران ارجمند و عزیز افسران و سربازان

[illegible]

زنده باد آزادی و دموکراسی .
زنده باد تمام آزادیخواهان جهان .
ژنرال محمد رشیدخان . ژنرال مصطفی بارزانی .

هەرکام لە ئێوە ڕۆڵەی نەتەوەگەلی کورد، ئازەر، فارس، عەرەب و هتد... کە گەلانی ئێرانیان پێک هێناوە، وەرن باپێکەوە نەهێڵین فاشیزم و دیکتاتۆریەت لە ئێراندا زیندوو بێتەوە و، لەباتی شەڕ و براکوژی لە کوردستان لوولەی چەکەکانتان ئاراستەی ڕێژیمی شا بکەن و، ئێمەش لەم خەباتە پیرۆزەدا پاڵپشتێکی گەورەین بۆ ئێوە و، خەباتی گەلی کوردیش لە بەرژەوەندیی گەلانی ئێراندایە. بەڵام مخابن ئەم پەیام و هاوارە پاش ۳٤ ساڵ، واتە بەسەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران لە ۱۹۷۹ و ڕامالینی ڕێژیمی پاشایەتی ڕاستیییەکەی لای هەموان بەتایبەتی لای ئەفسەر و سەربازانی ئێران دەردەکەوێت و، ڕەفتاری پێ دەکرێت. گرینگیەکی تری ئەم بەیانە لەوەدایە بە سێ زمانی کوردی و فارسی و ئازەری بڵاوبووەتەوە، تاکو لای هەموان ڕوون و ئاشکرا بێت ئەم بانگەوازە و تێکڕای بانگەوازی تری سەرکردەکانی کورد لەئاست ئەو بەیان و ڕاگەیاندنانەی شای ئێران و، ئەفسەرانی باڵای سوپای ئێران بوو کە هەموویان هەڕەشەیان لە گەلی کورد دەکرد و، ڕۆڵە خەباتگێرەکانی کوردیان بەدژە شۆڕش و بێگانەپەرست و، ڕێگر و بەکرێگیراو و دژ بەئێران ناو دەبرد و، داوای چەککردن، یاخۆ خۆبەدەستەوەدان و لەناوبردنیان دەکردن. ئەم بەیانە داوای هاوکاریی گەلی کوردە لە لەشکری شا و، مزگێنیی دیموکراسی و ئازادی بەگەلی کورد دەدا. بەڵام شا بۆ گەلی کورد ناسرابوو و، درۆ و دەلەسەکانی هیچ برەویان نەبوو. لە بانگەوازەکانی ڕێژیمی شا زۆر جار گەلی کوردیان بەپاکترین و ڕەسەنترین نەتەوەی ئێرانی و پارێزەری ئێران ناو دەبرد بەڵام شای ئێران بۆ ئەم گەلە ڕەسەنە نەئازادی نەدیموکراسیی نەهێنا- هەورامی.

***

هەندێ لە فەرمانبەر و کاربەدەستانی سۆڤیەت (چ دیپلۆماسی و چ سیخوڕی و چ لەشکری) لە وڵاتانی ئێران و عێراق و تورکیا لەسەرەتای شەڕی دووەمی جیهان سەبارەت بەبارودۆخی کوردستان و هەڵوێستی ڕێکخراو و هێز و کەسایەتییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و عەشایری و ڕووناکبیری و ئایینییەکانی کورد لە کۆمەڵە ڕاپۆرت و بۆچوونەکانی خۆیاندا کە ئاراستەی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی دەکەن، ئەم ڕاپۆرتانە دوور لە ڕاستی و لێکۆڵینەوەی سیاسی و زانستی بوون. ئەم ڕاپۆرتانە ڕۆڵی سەرەکییان لە دارشتنی سیاسەتی سۆڤیەتی بەرامبەر بەکێشەی کورد بینیوە. یەکێک لەو کەسانە کاپیتان (نەقیب) ئو.ی. ڤیلچیڤیسکی بووە کە هەر لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهانەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بەتایبەت لە ناوچەی موکریان وەک سیخوڕێکی وڵاتەکەی خۆی پەیتا پەیتا سەبارەت بەکێشەی کورد، کاربەدەستانی سۆڤیەت بەتایبەت فەرمانبەرانی دیپلۆماسی و سەربازیی سۆڤیەت لە ئێران ئاگادار دەکاتەوە، ئەم کابرایە پاشان وەک کوردناس یان کوردۆلۆگێک ناو دەردەکات.

لە نووسین و بەرهەمەکانیشیدا سوودی زۆری لە ئەرشیڤەکانی سۆڤیەت وەرگرتووە، دەتوانم بڵێم تاکە کەسێک بووە زۆربەی بەڵگە و دۆکیومێنتەکانی سۆڤیەتیان لەبارەی کێشەی کورد خراوەتە بەردەم، یەکێک لەو بەڵگە و دۆکیومێنتانە کە سیاسەتی ڕەسمیی سۆڤیەت لەبارەی کێشەی کورد دەردەخات و، دەبێتە بنەما یان ڕوانگەی نووسینەکانی ڤیلچیڤیسکی ئەوەیە کە «دروشمی سەربەخۆیی کوردستان لەلایەن ئیمپریالیزمەوە خراوەتە سەر زاری کوردان و، ئەمە دروشمێکی کۆنەپەرستانەیە و، کوردستانی

سەربەخۆ دەبێتە پێگەیەکی ئیمپریالیزم و، سەرئەنجامی دەبێتە پردێک بۆ دەستدرێژی بۆ سەر وڵاتەکەی کە لە ڕێگەی قەفقاز و ئاسیای ناوەڕاستەوە جێبەجێ دەکرێت. ئێمە (سۆڤیەت) دەبێ بۆ پووچەڵ کردنەوەی ئەو پیلانەی ئیمپریالیزم هەوڵ بدەین»، ئەو جۆرە هەڵوێستە دەبێتە هۆی ئەوەی فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە کۆکردنەوە و نووسینەکانی خۆیاندا لەبارەی کورد هەمیشە لایەنی نەرێنی و، پروپاگەندەی دوژمنانی کورد بەتایبەتی دەسەڵاتدارانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان لەسەر کورد کۆبکەنەوە و، گەورەیان بکەن و، کەمتر بایەخ بەڕاستیی ڕووداوەکانی کوردستان و کێشەی ڕەوای کورد بدەن.

کاپیتان (نەقیب) ڤیلچیڤیسکی لە ڕاپۆرت و نووسینەکانی خۆیدا لەلایەک باسی لایەنگرانی ڕێژیمەکەی شای ئێران و تورکیا و عێراق (لە سەردەمی ڕەشید عالی گەیلانی) لە ئەڵمانەکان دەکات. لەلایەکی تر باسی بەگژداچوونی کورد دژی ئەو ڕێژیمانە دەکات، بەتایبەتی ناکۆکیی نێوان کورد و ئینگلیز لە عێراقدا باس دەکات. لە هەمان کاتیشدا دەنووسێت کوردەکان بەتایبەتی حزبی خۆیبوون و ژێکاف لایەنگری لە ئەڵمان دەکەن. یەکێک لە بەڵگەکان کە نووسەر ئاماژەی پێ دەکات هاوڕەگەزیی کورد و ئاڵمان واتە ئاری بوونیانە. نووسەر هەروەها دەنووسێت ئەڵمانەکان توانییان لە ناوچەی خوی و قوتوور دوو کۆبوونەوە لەگەڵ سەرانی کورددا ڕێک بخەن و، بۆ مەبەستی ڕاکێشانیان پارە و چەکێکی زۆر لەگەڵ بەڵێنی سەربەخۆیی بۆ کوردستان پاش سەرکەوتنی ئاڵمان لە شەڕی دووەمی جیهان بە کورد دەدەن؛ بەڵام ئەڵمانەکان لەم کارەیاندا سەرکەوتوو نەبوون لەبەرئەوەی سەرانی کورد پێیان دەڵێن ئێوە پشتگیری لە ڕێژیمە داگیرکەرەکانی کوردستان دەکەن، بۆیە ئێمە ناتوانین لەگەڵ ئێوە بین. نووسەر هەر لەو ڕاپۆرتەی خۆیدا باسی پێشوازیی گەرمی کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە سوپای سوور دەکات و، هەروەها باسی ڕاپەڕینی کورد دژی ئینگلیز (بەسەرۆکایەتیی بارزانی) دەکات و، باسی وێران کردنی ناوچە و گوندەکانی کوردستان، بەتایبەتی ناوچەی بارزان و پەیوەندیی بارزانی بەسۆڤیەتییەکانەوە لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دەکات و، دەنووسێت کوردەکان بەسەرۆکایەتیی بارزانی لە تشرینی یەکەمی ١٩٤٥دا لەژێر بۆمبابارانی باڵەفڕەکانی ئینگلیز گەیشتنە کوردستانی ڕۆژهەڵات و، هەر لە ڕاپۆرتی دواییدا دەنووسێت بارزانی دوور نییە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە نێردرابێت بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات (ئەمە لەکاتێکدا بوو پێش ئەوەی بارزانی بێت بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، چەند جار پێوەندی بەسۆڤیەتییەکانەوە کردووە و، داوای یارمەتیی لێ کردوون و، بگرە هەندێ لە ئەفسەرانی کوردیش ئامادە بوونە بچنە بەرەکانی شەڕی سۆڤیەت دژی ئاڵمان). ڤیلچیڤیسکی دەنووسێت بەریتانیا دژی هاتنی بارزانین بۆ ئێران (بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات) و، دژی ڕاپەڕینی کوردن لە ئێران و، تەنانەت باڵەفڕەکانی ئینگلیز لە چەند ناوچەی کوردستانی ئێران بەیاننامە بڵاودەکەنەوە و، داوای دانەوەی چەکەکانی خۆیان لەدەوڵەتی ئێران دەکات و، دەڵێت دەوڵەتی ئینگلیز لایەنگری هێمنایەتییە لە ئێران و، پشتیوانیی خۆی لە دەوڵەتی ئێران دەردەبڕێت. لە درێژەی نووسینەکەیدا دەڵێت: ئینگلیز مەترسیی یەکگرتنی کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکەن، هەر بۆیە دژی هەموو ڕاپەڕینێکی کوردن و، هەست بەوە دەکەن، کوردەکان لایەنگری لە سۆڤیەت دەکەن...

مەبەست لە نووسینی ئەم سەرەتایە ئەوەیە ڤیلچیڤیسکی خۆی لە نێزیکەوە شاهیدی ڕووداوەکان بووە، کورد ئامادە نەبوون لەگەڵ ئەڵمان هاوکاری بکەن و، پێوەندیی نێوان کورد و ئینگلیز نەک ئاڵۆز بووە، بگرە ئینگلیز دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد لە ئێران و عێراق پشتگیریی دەوڵەتی ناوەندیی ئەو وڵاتانەی کردووە. سێیەم: کورد بەهەموو توانای خۆی پێشوازیی لە سوپای سۆڤیەت کردووە؛ بەڵام با بزانین نووسەر ڕەوتی ڕووداوەکانی تر چۆن دەگێڕێتەوە، با جارێ هەڵوێستی ئەو لەبارەی بارزانی بگێڕینەوە.

ئینگلیز کە دژی بزووتنەوەی کورد لە ئێران و عێراق بوون، هاوکاتیش ئامۆژگاریی کوردی سوریا و تورکیایان دەکرد لە جموجۆڵ و چالاکی دژی دەسەڵاتدارانی تورک خۆیان بپارێزن؛ بەڵام ئینگلیز لە سەرەتای ١٩٤٣دا چالاکیی خۆیان لەناو کوردەکانی عێراقدا بەهێز کرد و، تاڕادەیەکیش دژی تورکیا لە ناو کوردەکانی باکوّدا چالاکییان نواند. هاندانی کوردی عێراق و تورکیا دژی ئەو دوو دەوڵەتە لایەنی دژی سۆڤیەتیشی پێوە دیاربوو، ئەویش ئەوەبوو دەیانویست کوردی ناوچەی ژێر ڕکێفی سوپای سووری سۆڤیەت لە ئێران بۆ ئەم پلانە ڕاکێشن و، گێرە و کێشە لە نێوان کورد و سۆڤیەتدا دروست بکەن. ئینگلیز دەیانویست سۆزی کورد بۆ سۆڤیەت لاواز بکەن. لەلایەکی ترەوە ئاڵۆزی لە نێوان یەکەتیی سۆڤیەت و ئێران دروست بکەن. بۆ ڕێبەرایەتی کردنی ئەم ڕاپەڕینە ئینگلیز بارزانییان هەڵبژارد کە سەرکردەی خێڵی بارزان و برا بچووکی شێخ ئەحمەدی بارزان، مرۆڤێکی بەکولتوور و تارادەیەک پێشکەوتووە، بۆ ئەم مەبەستەیش ماوەیەک لەبارەی بارزانییەوە کاریان کرد و پەروەردەیان کرد. (ئەمانە بۆچوونی ڤیلیچیڤسکین).جۆنسۆن ئەفسەری سیاسیی ئینگلیز نێردرا بۆ لای بارزانی لە سلێمانی و، لەوێ پلانی ڕاپەڕینەکەیان دانا. ئینگلیز بەڵێنی لایەنگریی خۆیان بۆ مافی گەلی کورد بە بارزانی دا و، پلەی جەنەراڵ مایۆریشیان پێدا. دوای ئەوەی مەلا مستەفایان ئامادە کرد، کاپیتان (نەقیب) جۆنسۆن کارەکەی خۆی لەگەڵ بارزانی دایە دەستی نەقیب شوتاری ئینگلیز، بەپێی پلانی شوتار مەلا مستەفا بۆ پەیداکردنی هاوپەیمانانی خۆی لەناو هۆز و خێڵانی کوردستاندا، سلێمانیی بەجێ هێشت و، بەڕێگەی سلێمانی- سەقز و سەردەشت و مەهاباد و کولینج و بارزان گەڕایەوە ناوچەکەی و، لە بارزان خەریکی چالاکی بوو. ئینگلیز، وەک ڕاوێژکارێکی سیاسی مایۆرستینگ دەنێرن بۆ لای و، شەش سەد دیناریشی پێ دەدەن بۆ پێویستییەکانی. سوپای عێراق لەژێر سەرکردایەتیی جەنەراڵی ئینگلیزی برۆنێر، هیچ سەرکەوتنێکی بەرامبەر کوردە ڕاپەڕیوەکان بەدەست نەهێنا و، سوپای عێراق تووشی شکان بوو. ئەوەبوو ڕاپەڕینی بارزان بۆ ناوچەکانی تری کوردستان پەرەی سەند، ڕێژیمی عێراق ناچارکرا لەگەڵ کورددا بکەوێتە وتوویژ و، ئۆتۆنۆمی بەکوردستان بدات. ڕێژیمی عێراق داوای یارمەتی و ناوبژیی نێوان دەوڵەتی عێراق و کوردی لە باڵیۆزی ئینگلیز لە بەغدا کرد. باڵیۆزی ئینگلیزیش ئامادەبوو. باڵیۆز لە نامەکەیدا داوای لە مەلا مستەفا کرد شەڕ ڕابگرێت و بکەوێتە وتوویژەوە، لە نامەکەدا باڵیۆزی ئینگلیز بۆ مەلا مستەفای نووسی تۆ لە دژی عێراق - هاوپەیمانی بەریتانیا و سۆڤیەت کە لە ناوچەکەدا بەرامبەر بەئەڵمانیای فاشیزم ڕاوەستاون- شەڕ دەکەی. هەر لەم نامەیەدا باڵیۆزی ئینگلیز بەڵێنی چارەسەری

کێشەی کوردی پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی بە بارزانی دا. مەلا مستەفا ڕازی بوو و شەڕی ڕاگرت. بەپێی ڕازیبوونی دەوڵەتی عێراق ئینگلیز و سەرکردایەتیی بزووتنەوەی کورد، ژمارەیەک ئەفسەری کوردی سوپای عێراق وەک ئەفسەرانی سیاسی نێردران بۆ ناوچەکانی کوردستان، تا ببنە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان دەوڵەتی عێراق و سەرکردایەتیی کورد. جەنەراڵ بەهادین نوری پاشا قایمقامی سلێمانی بوو بەسەرۆکی ئەم ئەفسەرانە. ئەم ئەفسەرانە کە ژمارەیان ١٠ کەسە لەژێر دەستی ئینگلیزدان و بەرپرسیان پالکوڤنیک (عەمید) کینگە. زۆربەی ئەو ئەفسەرە کوردانە ئەندامی ژێکافن، نوێنەری دەوڵەتی عێراق بۆ کاروباری ئۆتۆنۆمیی کوردستانی عێراق ماجید مستەفایە و، لەهەمان کاتیشدا وەزیرە بۆ کاروباری کوردستان، گەڵاڵەی ئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستان لەلایەن ئەفسەرێکی سیخوڕی ئینگلیز بەناوی کاپیتان (نەقیب) لاینەوە ئامادەکراوە.

نوری سەعید پاشا سەرۆک وەزیرانی عێراق ئەم گەڵاڵەیەی پەسەند کرد؛ بەڵام عەبدوڵڵای مەلیکی عێراق و پەرلەمانی ئەو وڵاتە ئەم گەڵاڵەیان پەسند نەکرد، ئەوەبوو کابینەی دەوڵەتی نوری سەعید کەوت و، حەمدی پاچەچی هاتە جێی وی و پرسی ئۆتۆنۆمی کوردانی لابرد و، بەڕێوەبەرایەتیی ناوچەکانی کوردستانیشی لەلایەن ئەو ١٠ ئەفسەرە کوردەوە هەڵوەشاندەوە و، بارودۆخی کوردستانی وەک پێشان لێ کردەوە. ئینگلیز چیتر پشتیوانییان لە بارزانی نەکرد، ئەو ئەرکەی پێیان سپاردبوو، لابردنی نوری سەعید بوو ئەویشی بەجێ گەیاند. لەلایەکی ترەوە نێوانی ئینگلیز لەگەڵ تورکیا خۆش ببوو و، نەیدەویست بەهۆی کورد تورکیای لێ دووربکەوێتەوە. گرینگتر لە هەمووی ئەوەبوو لە ماوەی ڕاپەڕینەکەدا، واتە تشرینی یەکەمی ١٩٤٣ تا مایسی ١٩٤٤ لەنێوان ئەفسەرانی کورد و ئەفسەرانی ئینگلیز لەبارەی ئەوەی هەردوولا دەیانویست مەلا مستەفا بکێشنە ژێر کاریگەریی خۆیان، کێشەیەکی توند هەبوو؛ بەڵام بارزانی هەر لەژێر کاریگەرییەتیی ئینگلیزدا مایەوە. سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەک لە ئەفسەرانی پێشکەوتووخوازی کورد کە ئینگلیز گومانیان لەسەر نەبوون و، هەر لەلایەن ئەوانەوە بۆ کاروباری کوردستان دیاری کرابوون، بەنهێنی و بەبێ ئاگەداریی ئینگلیز کاریان کردبووە سەر بارزانی، وەک نەقیب میرحاج، خۆشەوی، سەید عەبدولعەزیز، نەهری و... هتد، ئەمانە ئەندامی کۆمەڵەی ژێکاف-یشن. ئەم ئەفسەرانە کارێکی زۆریان کردە سەر بارزانی بۆ ئەوەی بارزانی لە ئینگلیز دابڕێت، بەتایبەتی پاش مایسی ١٩٤٤ کە ئینگلیز بەئاشکرا پشتیان لە کورد کرد و، بەڵێنی خۆیان بەجێ نەگەیاند و، ئۆتۆنۆمیش نەدرا بە کورد. وتووێژەکانی مەلا مستەفا لەگەڵ ئەفسەرە سیاسییەکانی کوردی ئەندامی ژێکاف، بەو ئەنجامە گەیشت کە بۆ گەیشتن بەئۆتۆنۆمیی بۆ کوردستانی عێراق، لە خەبات بەردەوام بن.

***

ئەم پێشەکییە تایبەت بەڕاپۆرتێکە کە یەکێک لە فەرمانبەرانی سۆڤیەت بەناوی ڤیلچیڤیسکی کە لەکاتی شەڕی دووەمی جیهاندا لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بووە و، پاش دوو چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەفسەرانی کورد و لە پێشەوەی هەموویان میرحاج ئامادەی کردووە و، نووسەر هەندێ بۆچوون و

هەڵوێستی خۆی لەم بارەیەوە دەربڕیوە و، بەشێوەیەکی نالەبار و دوور لە زانست بزووتنەوەی کورد و هێزە سیاسییەکانی هەڵسەنگاندووە. بەگوێرەی نووسینەکەی ئەو بێت بزووتنەوەکانی کورد هەمووی بەدەستی ئینگلیز هەڵگیرساون و، هەر کاتێک ویستبێتی کوردی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی ڕاپەڕاندووە و سوودی لێ وەرگرتووە. لەهەمان کاتیشدا ئەم نووسراوە بابەتی مێژوویی و بەنرخی تیایە کە نووسەر زۆربەی نووسینەکەی لە دەمی میرحاج و مستەفا خۆشناو و هاوڕێیانیانەوە دەگێڕێتەوە. لەلایەکی تریشەوە خۆی شاهیدی زیندووی زۆر ڕووداو بووە و بەکوردستاندا گەڕاوە و، لەگەڵ زۆر کەس دواوە و، لە نووسینەکەیشیدا کارتێکردنی ئەو شاڵاوە دژ بەکوردییەی لەلایەن دەسەڵاتدارانی دەوڵەتانی داگیرکەری کوردستان و ئینگلیز و نەیار و ناحەزانی کورد وەک کاربەدەستانی ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئێرانی، پێوە دیارە. نووسەر زیاتر لەسەر ڕۆڵی ئینگلیز لەناو کۆمەڵگەی کوردەواری و ژیانی سیاسیی کوردستان کە بۆیان گێڕاوەتەوە پێ دادەگرێت و، گەورە و بەرچاویان نیشان دەدا و دەیانکاتە بنێشتە خۆشەی بەرهەمەکەی، وەنەبێت ئەم جۆرە هەڵوێست و بۆچوونە هەر تایبەت بەفەرمانبەرانی سۆڤیەتی بێت؛ بگرە هەر بزووتنەوە، یان ڕاپەڕینێک کە لە کوردستان ڕووی دابێت و، لەبەرژەوەندیی ئینگلیز یان ئەمریکا نەبووبێت، ئەو مۆری تێدابوونی دەستی بێگانە و سەر بەسۆڤیەت بوونیان پێوە لکاندووە، وەک چۆن ڤیلچیڤیسکی بزووتنەوەکانی کوردی لەو سەردەمەدا بە سەر بەئینگلیزبوون تاوانبار کردووە و، هاتنی بارزانییەکانیش بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر بەفەرمانی ئەوان دادەنێت. لەهەمان کاتیشدا لەو سەردەمە ئینگلیز لە عێراق بارزانی بەبەلشەویک و کافربوون تاوانبار دەکەن و، گوایە هاتنەکەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ چەک و یارمەتی وەرگرتن لە سۆڤیەتییەکان بووە و، نیازی گەڕانەوەی عێراقی هەیە و، دەیەوێت کوردستانێکی سەربەخۆی سەر بەسۆڤیەت پێک بێنێت و، سۆڤیەت دەیەوێ لە ڕێگەی کوردی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستانەوە جێ پێی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست قایم بکات و، ڕاپۆرتەکەی ڤیلچیڤیسکی ساکاری و پاکی و بێ ئەزموونیی کەسایەتییە کوردییەکانی لەگەڵی دواون، دەردەخات. هەروەها بێ وەفایی و تاوانی کاربەدەستانی سۆڤیەتی بەرامبەر بەو هەستە پاک و خاوێنەی کورد بەرامبەر سۆڤیەت هەیانبووە، پیشان دەدات. ئاشکرایشە هاتوچۆی کوردی گەرمێن، بەتایبەتی ئەفسەرەکان بۆ لای فەرمانبەرانی سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات هەر لە ١٩٤٣وە و، هێنانی نامە و پەیامەکانی بارزانیی نەمر، لەوانە هێنانی نامەی بارزانی بۆ ستالین و مۆلۆتۆڤ و سیخوڕ و دەزگاکانی پاراستنی بەریتانیا شاراوە نەبووە. لەلایەکی تر پەرەسەندنی پروپاگەندەی لایەنگری لە سۆڤیەت لەناو کورددا و، هەروەها پروپاگەندەی دژی ئینگلیز لەناو کوردی باشوور و ڕۆژهەڵاتدا زۆربەی بەهاندانی کاربەدەستانی سۆڤیەت ڕێک دەخرا، ئەمە وەرچەرخانێکی نالەبار و دوژمنانەی لە سیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بەکێشەی کورد، بەتایبەتی لە کوردستانی باشوور هێنایە گۆڕێ، ڕێگەی وتووێژی ئینگلیز و عێراقی لەگەڵ سەرکردەکانی کورد داخست و، چیتر ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق نەهێنرایە پێشەوە. تەنانەت ئینگلیز ئامادە نەبوون، پاش هەڵوەشانەوەی کۆماری کوردستان لە مەهاباد لێبووردنێکی گشتی بۆ گەڕانەوەی بارزانییەکان و دەستەبەرکردنی ژیانیان دەربکەن، لە داردانی ئەفسەرە کوردەکان پاش

ماوەیەکی کەم لە گەڕانەوەیان بۆ کوردستانی عێراق و، گرتن و دوورخستنەوەی بارزانییەکان و داخستنی کێشەی کورد، تۆڵەیەک بوو ئینگلیزەکان بەتاوانی سۆڤیەتخوازی و ڕۆیشتنی بارزانی بۆ سۆڤیەت لە کوردیان کردەوە، تۆ بلێی نەیانزانیبێت لە سۆڤیەت چی بەسەر بارزانییەکان هاتووە (بڕوانە بەشێکی تری ئەم نووسینە لەم بارەیەوە).

با بگەڕێینەوە سەر ڕاپۆرتەکەی ڤیلچیڤیسکی و سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان، زۆر زەحمەتە باوەڕ بەوە بکرێت کە نووسەر دەڵێت: ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان لەلایەن ئینگلیزەوە ڕێک خرا، ئەویش بۆ دوو مەبەست، لەناوبردنی نوری سەعید و ڕاکێشانی تورکیا بۆ ناو شەڕی دووەمی جیهان. پێم وایە ئەگەر ئینگلیز گفت و بەڵێنێکیان لەو سەردەمە بەکورد دابێت و، کوردیش سوودی لەو گفت و بەڵێن و یارمەتییەی ئینگلیز وەرگرتبێت، لە پێناوی مافی ڕەوای خۆی ڕاپەڕینەکەی وەپێش خستووە، ئەمە بەو واتایە نییە کورد داردەستە و بەمەیل و خواستی ئینگلیز جوولاوەتەوە، ڕاپەڕینی کورد درێژەی ڕاپەڕینەکانی پێشوو بووە، لەبەرئەوەی کێشەکەی چارەسەر نەکراوە و ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق هەتاکو ئەمڕۆش جگە لە زمانی زۆر هیچی تر تێ ناگەن. هەر لە سایەی شەڕی بەرگریی ڕۆڵە قارەمانەکانی کورد بووە کە ڕێژیمەکانی عێراق ناچار بوون وتووێژی لەگەڵدا بکەن، یان خواستێکی جێبەجێ بکەن. لەلایەکی ترەوە ئەگەر ئینگلیز (دروستکەری دەوڵەتی عێراق) بەڵێنی داوە و بەجێی نەگەیاندووە ئەوا کورد و سەرکردەکانی تاوانبار ناکرێن، بەپێچەوانەوە ئینگلیز تاوانبارە. لە جێگەیەکی تردا نووسەر باسی ئەوە دەکات کە ئینگلیز پلەی جەنەراڵ مایۆر (سەرتیپ)ی بە بارزانی داوە. دەبێ بڵێین بارزانی پێویستی بەپلەی جەنەراڵی ئینگلیز نەبووە و، قەت جلوبەرگ و پلە یان مووچەی ئینگلیزی وەرنەگرتووە و لەبەریشی نەکردووە (وەکو ئەو پلە جەنەراڵییەی کۆمارێکی کوردستان پێی بەخشی و، بەشانازییەوە لەبەری کرد). بارزانی وەک سەرکردەیەکی نەتەوەیی زۆر لە جەنەراڵەکان گەورەتر بوو و، ئەگەر پلەی لەشکریی پێ ببەخشرێت دەبێ بەرزترین پلەی پێ بدرێت (زۆر نووسەری کورد و بیانی، بۆ وێنە سۆڤیەتییەکان وەک لەم ڕاپۆرتەیشدا هاتووە دەڵێن ئینگلیز پلەی جەنەراڵی بە بارزانی داوە و ئینگلیزیش دەڵێن سۆڤیەت لە مەهاباد و پاشان لە سۆڤیەت بارزانییان کردە جەنەراڵ و، بوو بەجەنەراڵێکی سوپای سوور و، تەنانەت جەنەراڵی سووریشیان پێ دەوت)، لەلایەکی ترەوە ئینگلیز لەو دەمەدا دژی ئەڵمانیا لە شەڕدا بوو و، ڕێژیمی عێراقیش دەستەمۆی ئەو بوو و لەژێر دەستیدا بوو واتە هاوپەیمانی بوو، لە نەوتی کوردستان و عێراق بۆ سووتەمەنیی شەڕ سوودی وەردەگرت. نە تەنیا لە عێراق بگرە لە وڵاتانی تریشدا هاوپەیمانی بەرەی دژی فاشیستی هیچ بەرژەوەندییەکی نەبوو و، نەیدەهێشت ئەو دەوڵەتانە تووشی نائارامی و لاوازی بێن، نەوەک فاشیستەکانی ئەڵمان سوودیان لێ وەربگرن. ئینجا چۆن نووسەر بەبێ ئەوەی هۆی ڕاپەڕینەکە باس بکات دەڵێت هەڵگیرسانی ڕاپەڕینی یەکەمی بارزان بەفەرمانی ئینگلیز بووە. لە کۆتاییشیدا دەڵێت هەر بەفەرمانی ئینگلیز کۆتایی بەڕاپەڕینەکە هات. ڕاپەڕینی دووەمی بارزانیش بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەد (نووسەر بەپیاوی ئینگلیز و کۆنەپەرستی دادەنێت) وا باس دەکات کە ئەم ڕاپەڕینە بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی عێراق (هاوپەیمانی

ئینگلیز) و لەلایەکی تر بۆ بەهێزکردنی دەسەڵاتی دەرەبەگایەتیی سەرکردە و شێخەکانی کورد ساز کراوە، یاخۆ دەنووسێت کە ئینگلیز بەرێگەی ئێران مستەفا بارزانییان گەڕاندەوە ناوچەی بارزان تا شۆڕش دەست پێ بکاتەوە (نانووسێت بارزانی لە سلێمانی دەستبەسەر بوو و، بەنهێنی گەڕایەوە). بەم بۆچوونەی ڤیلچیڤیسکی بێت ئینگلیزی خاوەن دەسەڵات لە عێراق، ئاخۆ نەیدەتوانی بارزانی ڕاستەوخۆ بەچەک و جبەخانەوە بنێرتە ناوچەی بارزان، یان ناوچەیەکی تر بۆ هەڵگیرساندنی شۆڕش و، ئەو ڕێگە دوور و درێژەی نەخاتەبەر. ئەگەر مەبەستی ئینگلیز لە هەڵگیرساندنی شۆڕش بۆ لاوازکردنی ڕێژیمی عێراق (هاوپەیمانی ئینگلیز) بووە چما نەیدەتوانی لە عێراق کودەتایەک بکا و ڕێژیمێک بێنێتە سەرکار کە گوێڕایەڵی بێت. یاخۆ چ کۆسپێک لەبەر دەمیدا بوو کە کوردستان لە عێراق جیا بکاتەوە و، دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردی دروست بکات. نووسەر هەروەها دەڵێ بارزانی پاش ئەوەی لە پەیمان شکێنیی ئینگلیز بێزار دەبێت و، لێیان دوور دەکەوێتەوە، بەرەو لای دیموکراتخوازەکانی کورد دەچێت. ئەو کاتە ئینگلیز دژی جەنەراڵەکەی خۆیان (مستەفا بارزانی) پروپاگەندە دەکەن و، بەکافر و بەڵشەویک و... هتد تاوانباری دەکەن و، براکەی واتە شێخ ئەحمەدی لە دژ هان دەدەن. لەو کاتەیدا ئەفسەرە کوردەکان دەکاتە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان مستەفا بارزانی و دەوڵەتی عێراق، لە هەمان کاتیشدا دەنووسێت ئەفسەرە کوردەکان بەبیانووی هەڵوێستی پێشکەوتنخوازانە و، پێوەندی گرتنیان بەبارزانی و ژێکافەوە، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ عەمارە دوور دەخرێنەوە. پاشان میرحاج دێتە کوردستانی ئێران و چ دەکات و چ دەڵێت لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە. نووسەر سەبارەت بەکۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژێکاف) دەڵێت: ئینگلیز توانییان ئەم ڕێکخراوە پیس بکەن و، بیکەنە ڕێکخراوێکی سەر بەخۆیان و، هەر لەسەر ئەم بۆچوونە چەوتە سۆڤیەتییەکان هەوڵی هەڵوەشانەوەی ژێکاف دەدەن. جگە لەوەش وەک لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە ژێکاف هەڵگری دروشمی کۆنەپەرستانەی (سەربەخۆیی بۆ کوردستان) بووە (ئەم بابەتەم لەچەند ژمارەی گۆڤاری ڕابوون کە لە سوید دەردەچێت ڕوون کردووەتەوە). لەلایەکی تر نووسەر ئاخۆ بۆچوونی خۆی بێت، یان لە دەمی ئەفسەرە کوردەکانەوە گێڕابێتییەوە دەنووسێت کە ڕۆیشتنی بارزانییەکان بۆ کوردستان لەبەر گیروگرفت و کێشەی نێوان شێخ ئەحمەد گوایە دژی شەڕ لە کوردستانی عێراق بووە و، بۆ شێواندنی بارودۆخی کوردەکانی ئێران بووە، لەگەڵ مستەفا بارزانی برای کە سەرئەنجام شێخ ئەحمەد بەناڕەزاییی مستەفا بارزانی دێت بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات و، مستەفا بارزانیی برایشی ناچار بەدوایا دەچێت بۆ ئەوێ. باڵیۆزی سۆڤیەت لە بەغدا زاتیسف بەپێچەوانەی ڤیلچیڤسکی هەر ئەم شۆڕشانەی کوردی بەجوانی و ڕێکوپێکی هەڵسەنگاندووە کە لە بەشێکی تری ئەم بابەتەدا کورتەیەکی هاتووە.

ئەگەر وا دابنێین لەنێوان مستەفا بارزانی و شێخ ئەحمەدی برای بەهۆی بەردەوام بوونی شەڕ و ڕۆیشتن بۆ کوردستانی ئێران، جیاوازی و کێشەیەک هەبووە و، مەلا مستەفا ویستوویەتی ڕاپەڕینەکە لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا بێت و، ئێران و تورکیا و سۆڤیەت بەهۆی هەبوونی سوپای سوور لە کوردستانی ئێران دژی بزووتنەوەی کورد ڕانەوەستن و، ناوچەی ڕاپەڕینەکە نەخرێتە گەمارۆوە و،

لەپشتەوەی بەرەی ناوچەی ڕاپەڕینەکەدا مەترسییەک نەبێت. خۆ ئەوە هەڵوێستێکی ژیرانە بووە، بەڵام پاشان شێخ ئەحمەد بەقسەی مەلا مستەفا ناکات و دەڕوات بۆ کوردستانی ئێران و زۆربەی پێشمەرگە و خەڵکەکەی لەگەڵدا دەڕوات و، بارزانیش بەهەر شێوەیەک بێ، ئاخۆ بۆ ڕازی کردنی شێخ ئەحمەد بێت کە هەڵوێستی خۆی گۆڕیوە، یان بۆ پشوودان، یان بۆ یارمەتی کوردی ڕۆژهەلات، یان لەبەر پاراستنی هێز و ماڵ و منداڵ لە کوردستانی ڕۆژهەلات دەگیرسێتەوە. شێخ ئەحمەدیش پێ ناچێت بەو جۆرەی نووسەر دەڵێت، ویستبێتی شۆڕش لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا قەتیس نەکرێت و، کوردستانی ئێران و تورکیاش بگرێتەوە و، بۆ (ئاژاوە نانەوە) یان (دەست تێوەردان) وەک نووسەری ڕاپۆرت دەڵێ، چووبێتە کوردستانی ئێران، لەبەرئەوە شێخ ئەحمەد وەک ئەو دەڵێت دژی شەڕ لە کوردستانی عێراق و کوشتنی سوپای عێراق و، بەکارهێنانی چەکی قورس و، کوشتنی دیلەکانی سوپای عێراق بووە. ڕۆیشتنەکەیشی خۆلادان لە خوێنرێژی و کاول کردنی ناوچەی بارزان و لەناوچوونی خەڵک بووە. لەلایەکی تر شێخ ئەحمەد مرۆڤێکی هەندە بێ ئەزموون و ساکار نەبووە کە لە کوردستانی ئێران هێز و کەسایەتی و سەرکردەی شۆڕشی خۆی هەیە و، ئەو بچێت بۆ ئەوێ و دەست لە کاروباریان وەردات و، بەم کارە هەم کوردی ڕۆژهەلات و، هەم سۆڤیەتییەکان و، هەم ئێرانیش دژی خۆی هان بدات. لە هەمووی گرینگتر لەو دەمەدا کە بارزانییەکان بەژن و منداڵەوە برسی و ماندوو و نەخۆش و بریندار و، بەچەکێکی زۆر کەم پەروازەی کوردستانی ئێران بوون و، تا ناو خاکی کوردستانی ئێران باڵەفڕەی ئینگلیز بۆمبابارانی کردن، بە چ توانا و هێز و عەقلێکەوە بەم کارە هەڵدەستێت، خۆ ئەگەر شێخ ئەحمەد ویستبێتی ئەم کارە بکات ئەوا کوردی ئێران و نوێنەرانی سۆڤیەت بەسوپاکەیانەوە لە ناوچەکە بەرەنگاری دەبوون و، وەدەریان دەنان.. ئەم بۆچوونانەی نووسەر هەمووی بۆ ئاوەژووکردنی ڕاستیی ڕووداوەکان و، بەدناوکردنی بزووتنەوەی کورد بووە و، لەم نووسراوانەدا لەزۆر جێگە ئاماژەم پێ کردووە کە خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن پاش خوێندنەوەیان زیاتر لە مەبەستی ئەو جۆرە بۆچوونانە تێ بگەن؛ بەڵام هەر ئاماژەیەکی کورت لە چەند خاڵدا پێویستە:

١- نووسەر دەنووسێت بارزانی و ژێکاف پێوەندییان هەبووە، بڕیار بووە یارمەتیی یەکتر بدەن، ژێکاف پشتیوانیی لە بزووتنەوەی بارزان کردووە و، زۆرجاریش نوێنەریان هاتوچۆی یەکتریان کردووە. واتە هاتنی بارزانییەکان بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات بەڕازی بوون و یان هیچ نەبێت بەئاگەداریی بەرپرسانی کوردی ئێران بووە.

٢- بەشداریی کوردی کوردستانی باشوور بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر لە پاراستنی کۆمار نیشانی دا کە بارزانی و تەواوی ئەفسەرانی کوردی کوردستانی باشوور لەژێر ئالای کۆماردا بوونە و، داوای هیچ پلە و پایەیەکیان نەکردووە.

٣- عێراق و ئینگلیز و تورکیا و ئێران هەوڵی زۆر دەدەن بارزانییەکان لە کوردستانی ئێران دەربکرێن و، تەنانەت سەرکردەکانی کوردی ناوچەی موکریانیش لەگەڵ نوێنەرانی سۆڤیەت ماوەیەک دەکەونە ژێر کاریگەریەتیی ئەم پروپاگەندانەوە.

٤- باقرۆڤی سەرۆکی ئازەربایجان لە کاتی سەردانی دووەمی قازیی محەمەد بۆ باکۆ داوای لێ دەکات بەزووترین کات بگەڕێتەوە کوردستان و بارزانییەکان لەوێ نەهێڵێت بۆ ئەو مەبەستەی کورد لە ئاستی ئازەرییەکاندا بەهێز نەبێت.

٥- نووسەر و دەیان سیخوڕ و فەرمانبەر و دیپلۆماتی سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات کە (٩٩٪)یان ئازەری و ئەرمەنی سۆڤیەتی و پیاوی باقرۆڤ بوون، یان بەڕێنوێنیی باقرۆڤ دەجووڵانەوە، پیلانە گڵاوەکانی باقرۆڤیان بەتایبەتی لە بواری پروپاگەندە و لاواز کردن و بەدناوکردنی بزووتنەوەی کورددا بەڕێوەدەبرد، واتە

(أ): بزووتنەوەی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لە ناوچەی موکریان قەتیس بکرێت.

(ب): کوردستان مافێکی کولتووریی لە چوارچێوەی ئازەربایجانی ئێراندا بدرێتێ.

(پ): شارەکانی ورمێ و خۆی و ماکۆ و سەلماس نەخرێتە ژێر دەسەڵاتی کوردی.

(ت): کوردەکانی عێراقی ژێر سەرۆکایەتیی بارزانی دەربکرێن.

(ج): پارتی ژێکاف کە داوای سەربەخۆیی کوردستان دەکات دەبێ لەناو ببرێت، چونکە کوردستانی گەورە مەترسیی بۆ یەکەتیی سۆڤیەت هەیە و، دەبێتە پێگەی ئیمپریالیزم.

(چ): کوردستانی گەورە، تەواوی ئازەربایجانی ڕۆژئاوای ئێران و بگرە کوردستانی سۆڤیەتیش (کوردستانی سوور، کە لە نێوان ١٩٢٣-١٩٣٠ لە چوارچێوەی ئازەربایجانی سۆڤیەتی دامەزرابوو)، بگرێتەوە، کە بەتیرێک دوو نیشان دەپێکێ.

(ح): یارمەتیی سۆڤیەت بۆ کورد لە ڕێگەی تەورێزەوە بێت. وەک لە ڕاپۆرتەکانیشدا هاتووە، دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی ئێران لە تەورێز (وەک پیشەوەری) یارمەتییەکانیان نەگەیاندووە بۆ ئەوەی لەوێش کورد بەهێز نەبێت.

(خ): ئاسووری و ئەرمەنی و قەرەپاپاخەکانی کوردستان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ئازەربایجانی ئێران هاوکاری بکەن و، هەوڵ بدرێت لە کوردەکانیان دوور بخەنەوە.

(د): کادیر و ڕێکخراوی حزبی توده لە ئازەربایجانی ئێران، دەبێ تەنیا بۆ کاروباری ئازەربایجان هەوڵ بدەن.

(ز): لە وتووێژەکانی سۆڤیەت و ئێراندا کێشەی کورد باس ناکرێت و، تەنیا کێشەی ئازەربایجان بێتە گۆڕێ.

(ژ): لە وتووێژەکانی ئێران و دەستەی نوێنەرایەتیی ئازەربایجانی ئێراندا هەر باسی قەوارە، یان دەوڵەتایەتی، یان کێشەی ئازەربایجان دەکرێت، نەک کوردستان.

(س): کادری ئەفسەری توده لە هەموو ئێراندا بۆ یارمەتی ئازەربایجانی ئێران بنێردرێت، هەروەها

کادری نیزامیی پەروەردە و تەندروستی و... ئازەربایجانی سۆڤیەت بۆ ئازەربایجانی ئێران تەرخان بکرێت، زانکۆ و نەخۆشخانە و... لە ئازەربایجانی ئێران دروست بکرێت، لە کاتێکدا بۆ کوردستانی ئێران ئەم یارمەتی و ڕێنوێنیانە نەبوون، لە جێگەیەکی تردا بەوردی باسی دەکەین.

(ش): کاروباری مۆسکۆ لە ئێران بەگشتی و، بەتایبەتی لەسەر ئازەربایجان و کوردستانی ئێران، لە ڕێگەی باکۆ واتە باقرۆڤەوە بەڕێوە دەچێت و دیاری دەکرێت، واتە لە ڕێگەی باقرۆڤی ڕەگەزپەرستەوە، ئەو باقرۆڤەی پاشماوەی کوردەکانی کوردستانی سووری لە ١٩٤٤دا قەڵاچۆ کرد و گواستیەوە بۆ ئاسیای ناوەڕاست و کازاخستان.

با بگەڕێینەوە بۆ نووسراوەکەی ڤیلچیڤیسکی و واز لە هەڵوێستی باقرۆڤ بێنین. ڤیلچیڤیسکی دەنووسێت: پاش سەرکوتکردنی شۆڕشی بارزانی لەلایەن ئینگلیز و عێراق کوردەکان هاتنە ناو خاکی کوردستانی ئێران. بەڵام هەر لەو لاپەڕەیەدا خۆی بەدرۆ دەخاتەوە و دەڵێ: ئینگلیزەکان ئەوانیان نارد بۆ کوردستانی ئێران و، هەر لەوێشدا دەڵێت بارزانی نامەی بۆ ئینگلیزەکان نووسیوە و وتوویەتی: «ئێمە دژی ڕێژیمی عێراق خەبات دەکەین، ئێوەش بەپێچەوانەی بەڵێنی خۆتان و یاسای نێونەتەوەیی گوندەکانی ئێمە بۆمبابارانی دەکەن و، ژن و منداڵی ئێمە دەکوژن». تۆ بڵێی مرۆڤێکی ئاوا بەقسەی ئینگلیز بکات و، واز لە شۆڕشی کوردستانەکەی خۆی بێنێت و، بێت بۆ کوردستانی ئێران بۆ ئاژاوە نانەوە. لە هەمان ڕاپۆرتدا دوای ئەو نامەیەش باسی نامەی بارزانی بۆ ستالین و مۆلەتۆڤ دەکات کە تێیدا بارزانی کاربەدەستانی سۆڤیەت لە بارودۆخی کوردستانی باشوور و کێشەی کورد و تاوانەکانی ئینگلیز ئاگەدار دەکات و، داوا لە سۆڤیەت دەکات وەک هاوپەیمانێکی ئینگلیز لە شەڕ دژی فاشیزم چیتر نەهێڵێت ئینگلیز هەڵوێستی دژی کورد بەڕێوە ببات.

لە نامەیەکی تری بارزانییدا هەروەک لە بەڵگەکانی تردا هاتووە، بارزانی داوا لە ستالین دەکات پشتیوانی لە گەلی کورد و کێشە ڕەواکەی بکات و، کوردستان وەک وڵاتێکی هاوپەیمان و دۆستی سۆڤیەت بناسێت، تەنانەت ئامادەیش دەبێت وەک کۆمارێک بچێتە ریز یان بخرێتە سەر کۆمارەکانی تری سۆڤیەت. ئینجا هەر ئەم بارزانییە (بەقسەی نووسەر) دەبێتە پیاوی ئینگلیز و بەفیتی ئینگلیز دێتە کوردستانی ڕۆژهەڵات بۆ دژایەتیی سۆڤیەت و، بزووتنەوەی کوردی ئێران. سەیر ئەوەیە زۆربەی قسەکانی بەزمانی هاووتوێژەکانیەوە دەگێڕێتەوە و، دەڵێت: "لەوانەیە کوردەکانی بارزانی بۆ بەهار بەم پیلانەی ئینگلیز هەڵسن". بەڵام دیتمان بارزانییەکان لە بەهار نەک تەنیا بەم کارە هەڵنەستان، بگرە پشتیوانیی خۆشیان لە کۆماری مەهابادا ڕاگەیاند و، بوون بەپارێزەری کۆمار و، ئەرکی پاراستنی کۆمار و تێکشکاندنی هەموو هێرشەکانی سوپای ئێرانیان بۆ سەر کۆماری مەهاباد یەک لە دوای یەک گرتە شان. کۆماری کوردستان بەبێ بارزانییەکان ڕاوەستانی زەحمەت بوو، نووسەر لە بەشێکی تری نووسینەکەیدا کە بەناوی بزووتنەوەی کوردی عێراقی لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهاندا هەڵسەنگاندووە دەڵێ: زۆربەی فیۆداڵە گەورەکانی کورد (واتە نیشتمانپەروەر و کەسایەتیی بزووتنەوەی کورد – هەورامی) لە ئینگلیز دڵسارد و بێ هیوا ببوون و، نێوانیان تێک چووبوو، واتە لە ئینگلیز

تۆرابوون. لە هەمان کاتیشدا دەڵێ: ئینگلیز کوردەکانیان دژی عەرەب بەکاردەهێنا. هەروەها دەڵێ: کورد هێرشی کردووەتە سەر بەغدا و بەسرە و شوێنە عەرەب نشینەکانی عێراق. ناڵێت: دژی تەعریب و چەوساندنەوە جولاونەتەوە و، ئەوە عەرەب بووە هاتووە بۆ کوردستان و جێگیر بووە، نەک کوردی هەژار و وەدەرنراو لە نیشتمانەکەی. پاشان نووسەر لێکۆڵینەوەکەی خۆی بەپێی گوایا زانستی مارکسیزم و لینیزم و سۆسیالیستی زانستی هەڵدەسەنگێنێت کە فڕی بەسەر زانستەوە نییە و نووسەر پێش هەموو شتێک لە قۆناخی خەباتی ڕزگاریخوازی کورد تێ نەگەیشتووە و، باوەڕی بەسەربەخۆیی کوردستان و مافی چارەنووسی گەلی کورد نییە و، میتۆدی لێکۆڵینەوەکەی پێش هەموو شتێک بەڵشەویکی و ستالینیستییە یان سۆڤیەتییە کە لە هەموو دنیادا شکستی هێنا و، گەلانی زۆریشی کردە قوربانی. ڤیلچیڤیسکیی سیخوڕ و پەروەردەی قوتابخانەکانی بیرجینسکی و ستالین بۆ کۆکردنەوەی دەنگوباس و پێوەندیی گرتن بەم و بەو هاتووەتە کوردستان و، بۆ جێبەجێ کردنی هەندێ پیلان و سیاسەتی سۆڤیەتی لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، نەمێژوونووس و نەڕۆژنامەنووس بووە کە کێشەی کورد وەک کێشەی ڕەوای گەلێکی بن دەست ببینێ. ئەم گەلە هانای بۆ هەموو دەوڵەتان (لەگەڵ دەوڵەتەکەی ئەویش) و، کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی بردووە کە یارمەتیی چارەسەری کێشەکەی بدەن. بزووتنەوەی کورد بەگەمەی چەند وشەیەکی وەک فیوداڵ و کۆنەپەرست و سەر بەئیمپریالیزم هەڵدەسەنگێنێت و، بەفتوای تیۆری بەڵشەویک (ستالین)ی سۆڤیەتی هەتا ئەو سەرکردانە لانەبرێن و، بزووتنەوەی کورد نەبێتە بەشێک لە بزووتنەوەی عەرەبی عێراق و، دژ بەئیمپریالیزم و، دۆستی سۆڤیەت نەبێت، سەرناکەوێت، تەنانەت ئۆتۆنۆمیشی پێ ڕەوا نابینێت، هەڵبەتە ئۆتۆنۆمیش لە چوارچێوەی عێراق نەک کوردستانی مەزن و سەربەخۆ. دروشمی سەربەخۆیی کوردستان بەدروشمێکی کۆن و ناڕاست و کۆنەپەرستانە دادەنێت و، دڵخۆشیی خۆی دەردەبڕێت کە ژمارەیەک لە کوردە ڕووناکبیرەکان وازیان لەو دروشمە کۆنە هێناوە و جێ پێی فیوداڵ و سەرۆک خێڵەکانیان لێژ کردووە (هەر ئەو فیوداڵانەی بەوتەی نووسەر هێندە دواکەوتوون کە بەرهەمی شاعیر و نووسەرە کوردەکانیان لەسەر خەرجیی خۆیان لە چاپ داوە) و کاری ڕووناکبیری و خزمەتی نیشتمانیان کردووە و بەدرێژایی تەمەنیان بەشداریی بزووتنەوەی گەلەکەیان و یاخۆ یاریدەی بزووتنەوەکەیان داوە. هەر ئەوانەی لێیان کوژرا و تەعریب کران و نەفی کران و زیندان کران و، دەستیان بەسەر و سامانیاندا گیرا و سووکایەتییان پێ کرا و کوڕ و نەوەکانیان تا ئێستەش ئاڵای خەباتی ڕزگاریخوازییان دانەناوە. ئەریستۆکراتیەتی هەر نەتەوەیەکی بن دەست لە تەواوی دنیادا، یان سەرکردەی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەر نەتەوەیەک، لە خەبات بۆ سەربەخۆیی وڵاتەکەی بەشدار بووە، ئەریستۆکراتیەتی کوردیش ناتوانێت لەم ڕۆڵە بەدەر بێت. بەدرێژاییی مێژوو ئەم گەلە لەلایەن وڵاتانی داگیرکەری کوردستان و، دەسەڵاتدارانی ڕەگەزپەرستی زاڵ بەسەر کوردستاندا و، هەروەهاش لەلایەن هێزی چەپ و بەناو پێشکەوتووخوازەوە لێی دراوە. زۆرجاریش دەست لەناو دەستی یەکتر بۆ لەناوبردنی کورد تا بۆیان لوابێ یارمەتیی یەکتریان داوە و، زۆرجاریش ئامادەبوون پێکەوە لەیەک بەرەدا لەژێر دروشم یان بەبیانووی خەبات دژی فیوداڵیزم و خێڵ و بورژوا و کۆنەپەرست و بەکرێگیراو پەلاماری

کوردستان بدەن. ئەمانە کە خۆیان بەپێشکەوتوو و ئینتەرناسیونالّ و دۆستی سۆڤیەت و نوێنەری چین و توێژی زەحمەتکێش لە قەڵەم دەدەن و، بە قسەی ئەوان بێ دەبێ ئەو تاخمە کۆنەپەرستانەی ئیمڕۆ سەرکردایەتیی حزب و ڕێکخراو و بزووتنەوەی کوردیان بەئەستۆیە نەمێنن، چەپی کورد و فارس و عەرەب و تورک زۆرجار لەگەڵ دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی و دیکتاتۆر و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان بەرەیان بەستووە. زۆرجاریش هەر چەپی کوردی دروستکراو بەیارمەتیی دەرەوە و ناوەوە هێزە سیاسییەکانی کوردیان لەت و پەت کردووە، یان بەناردنی کەسی خۆیان بوونەتە سیخوڕ لەناویاندا و، وابزانم خوێنەر بەخوێندنەوەی نووسراوەکان ئەم ڕاستییەی بۆ دەردەکەوێت. زۆرجاریش ئەندام و لایەنگرانی هێزە سیاسییەکانی کوردیان هەڵخەڵەتاندووە، یان نەیانهێشتووە زۆر ڕۆڵەی تێکۆشەر و دڵسۆزی گەلەکەیان بچنە ڕیزی شۆڕشەوە و، بەگیانێکی درۆزنانەی ئینتەرناسیونالیستی فریویان داون. چەپی کوردی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان زۆرجار بەفیتی دەرەوە بەرەیان لەگەڵ هێزی کۆنەپەرست و، چەوسێنەوەی گەلانی دەسەڵاتدار بەستووە.

با بگەڕێینەوە سەر نووسراوەکەی ڤیلچیڤیسکی کە چەند نازانستییانە باسی حزبی هیوا دەکات کە بووەتە تەکیەی شێخ و مەلا و دەروێشی کورد و، زکری ئینگلیزی دەکەن، نووسەر هەروەها باسی هەڵوێستی ئەفسەرە کوردەکان دەکات کە لە ئابی ١٩٤٢دا بەنهێنی میرحاج دەنێرنە لای کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە کوردستانی ئێران و، ئامادەییی خۆیان دەردەبڕن تا لەگەڵ سوپای سووردا بچن بۆ بەرەکانی شەڕی سوپای سۆڤیەت دژ بە ئەڵمان و، پێیان باشترە لەگەڵ سۆڤیەتییەکان گیانی خۆیان بەخت بکەن نەک لەگەڵ سوپای ئینگلیز. تۆ بڵێیی هەست و هەڵوێستی لەمە پاکتر و جوانتر هەبێت. کەچی لەوێش پاش ئەو هەموو دەردی دڵ کردن و، هەرچی نهێنیی دڵیان و پلانیان هەبووە بۆ نووسەری دەگێڕنەوە بەڵام باوەڕیان پێ ناکرێ. لێرەدا نامەوێ بەدرێژی لەم بارەیەوە زیاتر بدوێم. بڕوانە وەڵامی نوێنەری سۆڤیەت بۆ میرحاج. نە ئەم هەستەی میرحاج و، نەهاتنی بەکۆمەڵی بارزانییەکان بۆ ڕۆژهەڵات، پاش ئەو هەموو خەبات و ئاوارەیی و خوێن ڕشتنە هەستی مرۆڤانەی سۆڤیەتییەکان ناجووڵێت، بگرە هەوڵی زۆریشیان دا لە کوردستانی ئێران وەدەریان بنێن. ڕاکردنی ئەفسەرەکان لە زیندانەکانی عەمارە و، بارزانیش لە سلێمانییەوە بۆ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، ئەویش نابێتە هۆیەک تا باوەڕیان پێ بکەن. واتە لە دەستی ئینگلیز هەڵهاتوون بەڵام زۆر بێ شەرمانە تاوانی ئەوەیان پێ دەدرێت کە ئینگلیز ناردوونی. جگە لەوەی میرحاج هەستی هاوڕێیانی خۆی و گەلی کوردی بەرامبەر سۆڤیەت دەربڕیوە، هەروەها پێوەندیی هاوڕێ ئەفسەرەکانی خۆی بەحزبی شیوعی عێراق دەردرکێنێ کە دۆستانەیە و بەهاوپەیمانیی بزووتنەوەی کوردی دادەنێت و، دەڵێ ڕۆڵێکی بەرچاویان لەناو کورددا هەیە و، کورد یارمەتی ئەو پارتییە زۆر دەدات. نووسەر لە زمانی میرحاج و هاوڕێیانییەوە تەواوی چالاکیی ئینگلیز لە کوردستان وەردەگرێت؛ بەڵام هەرگیز پێشنیازی بەدەوڵەتەکەی و کاربەدەستانی سۆڤیەت نەکردووە کە ئێمە (سۆڤیەت) بۆ ڕۆڵێکی ئاوامان لەناو کوردەکاندا نییە و، گۆڕەپانمان بۆ ئەوان چۆڵ کردووە. سەرەڕای ئەوەش کە کورد بەرەو لای ئێمە دێن، ئێمە ناچین بەهانایانەوە. مەبەستی نووسەر لەم گێڕانەوەیە زیاتر بۆ بەستنەوەی کورد

بەئینگلیزە کە سەرەنجام نابێ باوەڕیان پێ بکرێت. هەروەها بۆ ئەوەی بڵێ هەموو کاروباری کوردستان لە دەستی ئینگلیزدایە و، کوردستان پڕ لە سیخوڕ و دەسکیزی ئینگلیزە. سەیر ئەوەیە ئینگلیز پیاوەکانی خۆی فێری زمان و مێژوو و ئەدەبی کوردی کردووە و، پێوەندییان بەنوێنەرانی کوردەوە هەیە؛ بەڵام جێگەی پیاوانی سۆڤیەت بەتاڵە و، کادیر و پسپۆری کوردزانیان نییە. ئینگلیز پارە دەدات، چەکیان پێ دەدا، ڕۆژنامە و گۆڤاری کوردی دەردەکات، بەڵام لە بەرامبەریدا سۆڤیەتییەکان شتێکیان بۆ کورد نییە و، بێ پلان و بێ بەرنامە و بێ هەڵوێستن، هەروەها چالاکیی دەوڵەتانی تر وەک ئەمریکا و فەرانسە و تورکیا لەناو کورددا هەیە کە ڤیلچیڤیسکی لە زمانی ئەفسەرە کوردەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام وەڵامی ڤیلچیڤیسکی لە ڕاپۆرتی سەفیری سۆڤیەت لە عێراق (زاتیسڤ)دا هەیە کە پێویست بەدووبارە کردنەوەی ناکات. میرحاج و هاوڕێیانی لەکاتێکدا واتە لە مانگی کانوونی دووەمی ١٩٤٦ بۆ جاری دووەم لەگەڵ ڤیلچیڤیسکی چاوپێکەوتنیان دەبێت، باسی بەهەشتی کوردەکانی سۆڤیەت و بەختەوەرییان بۆ دەکات کە ١٦ ساڵ بەسەر هەڵوەشاندنەوەی کوردستانی سوور و ٩ ساڵ بەسەر (ئەنفال)ی سۆڤیەتی ستالینی و، ساڵ و شتێکیش بەسەر ئەنفالی دووەمی کوردەکانی سۆڤیەت تێپەڕ بووە و، نازانێت یان نازانن کە کوردەکانی سۆڤیەت بەواگۆنی ئاژەڵ گواستنەوە سات چواری بەیانی و، بەگەمارۆدانی شار و گوندەکانیان کە ناهێڵن هیچ لەگەڵ خۆیان بەرن، دەگوازرێنەوە بۆ کازاخستان و، ئاسیای ناوەڕاست و، ژمارەیەکیشان بۆ سیبریا. پرسیار و داوا لە ڤیلچیڤیسکی دەکەن کە هەندێکیان لەسەر بار و ژیان و بەختەوەریی ژیانی کوردەکانی سۆڤیەت بۆ بدوێت. ئەوان ئاوات بەژیانی کوردەکانی سۆڤیەت دەخوازن، بەڵام ڤیلچیڤیسکی چیی پێ نابێت و، بۆیان باس ناکات کەوا چی بەسەر کوردی سۆڤیەت هاتووە. بۆ خۆیشی ماوەیەکی زۆر لە ئازەربایجان و ئەرمینیا و بەتایبەتی لە تەفلیس ژیاوە و، شاهیدی بەکۆمەڵ گواستنەوەی کوردەکانی قەفقاز بووە، تاوانی ستالین و مۆلۆتۆڤ و بیریا و باقرۆڤیان بۆ باس ناکات، ناڵێت کوردی سۆڤیەت مافەکەیان لێ وەرگیراوەتەوە و، نیشتمانەکەیان لێ زەوت کراوە. تۆ بڵێی میرحاج و بارزانیی نەمر و هاوڕێیانی کە پەروازەی سۆڤیەت بوون، ئەم ڕاستییەیان بەچاوی خۆیان نەدیتبێ، تۆ بڵێی هەموویان هەستیان بەوە نەکردبێت کە بۆ نەیاندەهێشت لەناو پاشماوەی کوردەکانی سۆڤیەت لە لاچین و شوش و کەلباجار و قوبادلی (کوردستانی سوور)دا بمێننەوە و، لەگەڵ براکانیاندا بژین.

هێندەی پێ ناچێت بارزانیی نەمر و میرحاج و هاوەڵەکانیان لەوێش نەفی دەکرێن و پچڕپچڕیان دەکەن و، هەر ژمارەیەکیان بۆ شوێنێک بەرێ دەکەن و، دەستبەسەر وەک دیلی شەڕ لەگەڵیاندا دەجووڵێنەوە (بڕوانە بەڵگەکانی مانەوەی بارزانییەکان لە سۆڤیەت).

***

**بۆ کـۆمـیـتـەی ناوەندیی پارتی کـۆمـۆنیـسـتی یەکـەتیـی سـۆڤـیـەت (بەلشەویک)- بەشی سیاسەتی دەرەوە**

نهێنی

بۆ هاوڕێ سۆسلۆف. م. ئا

سەبارەت بەکێشەی کورد کۆپیەی ئەم کەرەستانەتان بۆ دەنێرم:

١- پرۆتۆکۆلی وتوویژ لەگەل کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد.

٢- پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق و بەیاننامەی ئەم حزبە.

٣- پرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستان.

تێبینی: کەرەستەی ناوبراو (٧٣) لاپەڕەیە.

١٩ی نیسانی ١٩٤٦

سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتیی بەرزی بەشی حەوتەمی دەزگای سیاسی بورتسۆڤ.م

پرۆتۆکۆل-

وتوویژەکـان لە ١٦ و ١٧ و ١٨ی کـانوونی دووەم، لە ورمێ و، لە ٢٢ کـانوونی دووەم لە شاری تەورێز لەگەل کەسایەتییەکانی بزووتنەوەی کورددا کراوە.

**ئاگەداریی گشتی**

دوای سەرکوتکرانی ڕاپەڕینی خێلی بارزان بەسەرۆکایەتیی مسـتەفا بارزانی لە ئابی ١٩٤٥ لە ناوچەکـانی باکـوری عـێـراقـدا، ژمـارەیەک لە کـەسـایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لەگەل بارزانییەکاندا دەربەدەری ئێران بوون کە ئەمانەن:

١- هەمزە عەبدوللا (پارێزەر).

٢- ئەنوەر عەبدوللا (فەرمانبەر- مووچەخۆر).

٣- وەهاب محەمەد عەلی ئاغا (سەرۆکی خێلی بالەک نێزیکی ڕەواندز).

٤- مستەفا خۆشناو (کاپیتان -نەقیبی سوپای عێراق).

٥- میرحاج ئەحمەد (کاپیتان -نەقیبی سوپای عێراق).

٦- بەکر عەبدولکەریم (کاپیتان -نەقیبی سوپای عێراق).

٧- سەید عەزیز عەبدوللا نەهری کوڕی شێخ لەتیفی نەهری.

٨- محەمەد مەحموود (لیتینانت -ملازم سوپای عێراق).

٩- عەبدولڕەحمان سالیب (لیتینانت -ملازم سوپای عێراق).

١٠- نوری ئەحمەد تەها (لیتینانت -ملازم سوپای عێراق).

هەمـوو ئەو کـەسـانە و ژمـارەیەکی تریش بەتاوانی بەشـداری لە ڕاپەڕینی بارزان لە (مـانگی کـانوونی دووەمی ١٩٤٦)ەوە لەلایەن دادگـەیی نیـزامـیـی لەشکری دووی سوپای عێراقـەوە لە کەرکوک لەپاشملە بەمردن دادگە کراون. ئێسـتە ئەمـانە لەناو کوردەکانی ئێران لە شنۆ، دەشتەبێل، تەرگەوەڕ، مەرگەوەڕ، مەهاباد و شوێنەکانی تردا

دەژین و، بەردەوامن لە کاروباری پارتایەتیی خۆیان. سێ کەس لەمانە واتە: هەمزە عەبدوڵلا، مستەفا خۆشناو و میرحاج ئەحمەد، ئێستە لە شنۆدا دەژین و بەسەردان هاتبوونە تەوریز، من توانیم بەوردی لەسەر بارودۆخی کوردستان لەگەڵیاندا بدوێم.

**بیوگرافیی بەشدارانی وتووێژەکە**

١- میرحاج ئەحمەد: ٣٥ ساڵە، سەڵتە (ژنی نەهێناوە)، دایک و باوکی کۆچی دواییان کردووە، کوڕی فەرمانبەرێکی بچووکە، دوو ساڵ لە قوتابخانەی نیزامیی خوێندووە، بەپلەی ئەفسەر قوتابخانەکەی تەواو کردووە و، بووەتە ئەفسەری سوپای عێراق. پاشان خولێکی شەش مانگیی ئەفسەری تۆپخانەی تەواو کردووە و، هەروەها هەندێ کۆرسی خولی باڵەفڕەوانی و، هەندێ کۆرسی بۆ ئامادەکردنی ئەفسەرانی تەکنیکاری بینیوە. ١٠ ساڵە کاروباری ئەفسەری دەکات و، دوایین پلەی کاپیتان - نەقیبی تۆپخانە بووە، یەکێک لە چالاکەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردە. ڕێکخەری دەستەی ئەفسەران و سەربازانی دیموکراتخوازی کورد لەناو کوردەکانی سوپای عێراق بووە. لە ١٩٤٢ یەکێک لە دامەزرێنەرانی پارتی ژێکاف و، هەروەها پارتی دیموکراتی کوردی عێراق بووە.

لە ئابی ١٩٤٢ میرحاجم لە مەهاباد بینی، بەپێی ڕاسپاردەی دەستە ئەفسەرە دیموکراتخوازەکانی کوردی ناو سوپای عێراق لە عێراقەوە هاتبووە مەهاباد و پێشنیازی پێ کردین کە ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەفسەرانی کوردی دەستەی ناوبراو ئامادەن بچنە بەرەی شەڕی سۆڤیەت - ئەڵمانیا، ئەوانە لە ڕابردوودا لە کارگەکانی فۆرد لە ئەمریکا کاریان کردووە و، شارەزای چاککردنەوەی ئۆتۆمۆبیل و باڵەفڕەن. لەم هەلومەرجە دژوارەی یەکەتیی سۆڤیەت تێیدا دەژیێت و لەو کاتەیدا کوردێکی زۆر لەژێر کاریگەرییەتیی پروپاگەندەی ئەڵمانیادا باوەڕیان بەسەرکەوتنی کۆمەڵگەی نەتەوەکان بەسەر فاشیزمدا نەبووە، میرحاج چالاکێکی دژە فاشیزمی لەبواری پروپاگەندەدا بوو و، سۆزی خۆی بۆ سۆڤیەت نەشاردووەتەوە. هەڵوێستی میرحاج لەو کاتەدا بەرامبەر بەئینگلیز نەرێنی (نێگەتیڤانە) بووە گەرچی پێی وابوو هەڵسوکەوت دژی ئینگلیز لەو کاتەدا کە ئینگلیز دژی فاشیزم شەڕ دەکەن پێویست نییە. دوای یەکەم ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزان لە ١٩٤٣دا لەگەڵ ژمارەیەکی تر لە ئەفسەرانی کوردی سوپای عێراق وەک ئەڵقەی پێوەند و نێوبژیکەری نێوان دەوڵەتی عێراق و کورد دیاری کرا و، وەک فەرماندەی نیزامیی ناوچەی ئاکرێ بوو. ئەم کارەی ئەو بوو بەهۆی نێزیک بوونەوەی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی، لە ١٩٤٤دا کاتێک ئینگلیز ئاگەداری چالاکیی میرحاج لەناو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورددا بوون، دەیگرن و ڕەوانەی ئۆردوگای زۆرەملێی دەکەن، لەوێ چەند مانگێک ژیان دەباتە سەر، لە ١٩٤٥دا میرحاج بەشداریی

ڕاپەڕینی دووەمی بارزان دەکات.
٢- مستەفا خۆشناو: ٣٢ ساڵە، ژندارە و سێ منداڵی هەیە، بنەماڵەکەی لای خزمانیەتی لە سلێمانی، خزمەکانی ئەو ماڵ و منداڵەکەیان لە ترسی دەستدرێژیی دەوڵەتی عێراق شاردووەتەوە. ناوبراو لە بنەماڵەیەکی جوتیارە و، ئەویش وەکو میرحاج خوێندنی سوپاییی تەواو کردووە. مستەفا خۆشناو نزیکترین دۆست و هاوبیری میرحاجە. ئەوان پێکەوە دەستەکانی ئەفسەری دیموکراتخوازی کوردیان لەناو سوپای عێراقدا ڕێک خستووە و، پاشانیش بوونەتە ڕێکخەری کۆمەڵەی ژێکاف و، پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق.
خۆشناو لە دوای ڕاپەڕینی یەکەمی بارزانەوە بووە یەکێک لە ئەڵقە پێوەندییەکانی کورد و دەوڵەتی عێراق و، لەبواری سیاسی و بۆچوونیشدا زۆر لە میرحاجەوە نزیکە.
٣- هەمزە عەبدوڵلا: ٣٥ ساڵە، سەڵتە، باوکی لە شەڕی یەکەمی جیهاندا بەدەستی سوپای ڕوسیا کوژراوە، پارێزەرە، ئەندامی حزبی شیوعی عێراقە، پێش ئەوەی حزبی شیوعی عێراق ژیانی نهێنی دەست پێ بکات. ئاوارەی تورکیا بووە و، چەند ساڵێکی لەناو کوردەکانی تورکیادا بەناوی مەلا ڕەحیم بردووەتە سەر. کە بۆ عێراقیش دەگەڕێتەوە لە کارگەکانی مووسڵ کار دەکات و، کاری حزبایەتیش بەڕێوە دەبات. یەکێک لە ڕێکخەرانی بەشی کوردی بووە لەناو پارتی کۆمەنیستی عێراق و، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە پێکهێنانی جیهانبینیی دیموکراتخوازیی کوردە ئەفسەرەکانی سوپای عێراق - لەوانە میرحاج و مستەفا خۆشناودا - بینیوە، چالاکانە بەشداریی لە ڕاپەڕینەکەی بارزاندا کردووە و، یەکێک بووە لە ڕێکخەرانی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق و، نووسەری بەرنامەی ئەو حزبەش بووە.

**لەبارەی ڕاپەڕینی بارزانییەکان**

بزووتنەوەی کوردەکانی بارزان لە دژی دەوڵەتی عێراق لە مێژە سەری هەڵداوە، ئەم ڕاپەڕینە لەلایەن شێخەکانی بارزانەوە پشتیوانی و سەرکردایەتی دەکرێت، لەم سەردەمەدا ئەم کەسانەی خوارەوە دەسەڵاتیان هەیە:
١- شێخ ئەحمەد: ڕێبەری بنەماڵەی شێخەکانی بارزانە «خودانی خێڵی بارزانە» و مرۆڤێکی سادە و ئاینییە، ئینگلیزەکان ڕۆڵێکی زۆریان لەسەر داناوە و، لە بواری سیاسییەوە لاوازە(*).

(*) لە سەرتاسەری ئەم بەڵگەنامەدا، ڕاپۆرتنووسانی رووس بێ بەروا هێرش و پەلامار دەبەنە سەر سەرکردەی نەمر شێخ ئەحمەدی بارزان. سەرکردە نەتەوەییەکانی کورد بەلای کۆمۆنیستانی رووسەوە هەمیشە (کۆنەپەرست و دواکەوتوو و لاواز) بوون.لە کاتێکدا کە شێخ ئەحمەدی بارزان یەکێکە لە سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردستان و مایەی شانازیی نەتەوەکەمانە. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

٢- مەلا مستەفا بارزانی: برا بچووکی شێخ ئەحمەدە، بەپێچەوانەی براکەی خۆی و شێخەکانی تری بارزان مرۆڤێکی خوێندەوار و رۆشنبیر و سیاسی و پێشکەوتنخوازە، شێخەکانی تری بارزان گوێڕایەڵ و لەژێر کاریگەریەتیی شێخ ئەحمەددان و، وەک ئەو کۆنەپارێز و ئایینین، ئینگلیز کاریگەرییان لەسەر ئەوانیش هەیە، هەموو ئەمانەش برا یان خزمی شێخ ئەحمەدن و ناوەکانیان بەم جۆرەیە:

١- شێخ سادق.
٢- شێخ سلێمان.
٣- شێخ محەمەد خالید.
٤- شێخ جەمال.

یەکەم راپەڕینی بارزانییەکان لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ١٩٤٣دا دەستی پێ کرد و، ٣ مانگی خایاند، ئەو راپەڕینە لەلایەن ئینگلیزەکانەوە بۆ ئەم مەبەستانە ئامادە کرابوو:

یەکەم: کابینەکەی نوری سەعید لەکار بخات.

دووەم: کار لە تورکیا بکات تا بەشداریی شەڕ بکات.

تەواوی ئامادەکردنی راپەڕینەکە و، دانانی پلانەکانی، بە بەشداریی راستەوخۆی ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز بوو. بۆ سەرکردایەتیی راپەڕینەکەش، ئینگلیز مەلا مستەفایان هەڵبژارد کە دەبوو بەپێوەندی لەگەڵ شێخ ئەحمەد و بەناوی ئەوەوە بجووڵێتەوە تا دەست پێ کردنی راپەڕینەکە. کاتێک مەلا مستەفا لە سلێمانی دەژیا، ئەفسەرێکی سیاسیی ئینگلیز بەناوی کاپیتان (نەقیب) جۆنسۆن کە فەرماندەی باڵەفڕەوانان بوو، چووبوو بۆ لای و پێکەوە پلانی گشتیی راپەڕینەکەیان دارشتبوو. لەم بارەیەشەوە لەندەنی ئاگەدار کربووەوە. دەوڵەتی بەریتانیا لەبەرامبەر ئامادەکردنی ئەم پلانەدا پلەی جەنەراڵ- مایوری بە مەلا مستەفادا، تاکو بەم شێوەیە بەرەولای خۆی رای کێشێت. جۆنسۆن کە ئەرکی دەوڵەتی جێبەجێ کرد، رۆیشت و لە جێگەی ئەو کاپیتان (نەقیب) شوتیر Shuter هات. ناوبراو لەگەڵ مەلا مستەفادا پلانی راپەڕینەکەیان بەشێوەیەکی کۆنکرێتی دارشت. بۆ ئامادەکردنی زەوینەی راپەڕینەکەش، بڕیار درا لەناو خێڵە کوردەکانی تریشدا هاوپەیمان بدۆزنەوە. بە دەستووری شوتیر، مەلا مستەفا لە سلێمانییەوە بەرێگەی (سەقز - سەردەشت - مەهاباد - کولیچ - بارزان) گەیشتەوە ناوچەی بارزان. کاتێک مەلا مستەفا دەگاتە بارزان، کاپیتان (نەقیب) ستیبنگ Stebing وەک ئەفسەری سیاسی دەچێتە لای و، بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی راپەڕین ٦٠٠ دیناری پێ دەدات. کاپیتان (نەقیب) ستیبنگ لە کاتی راپەڕینەکەدا لای مەلا مستەفا دەمێنێتەوە. هێزەکانی لەشکری دەوڵەتی عێراق لە دژی راپەڕینی کورد لەژێر سەرکردایەتیی گشتیی جەنەراڵ ئینگلیز برۆمیلۆ Bromilow دا

بوون، جەنەراڵ برۆمیلۆ بەفەرمانی لێپرسراوە بەرزەکان، چالاکیی هێزەکانی عێراقی وا ڕێک خست کە بوار بە مەلا مستەفا بدا هێزەکانی عێراق تێک بشکێنێت.

ڕاپەڕینەکە بەگەرمی دەستی پێ کرد و پەرەی سەند و خەڵکێکی زیاتریش بەشدارییان تێدا دەکرد. سەرئەنجام دەوڵەتی عێراق ناچاربوو لەگەڵ مەلا مستەفادا بکەوێتە وتووێژەوە و ناوبراوی وەکو سەرۆکی کوردی عێراق وەرگرت و، بەگشتی داخوازییەکانی ئەوی سەبارەت بە ئۆتۆنۆمی بۆ کوردستانی عێراق پەسند کرد.

هاوکات دەوڵەتی عێراق لەوەش دەترسا کە بزووتنەوەی کورد پەرە زۆرتر بسێنێت و، ناوەڕۆکی قووڵتر ببێت، بۆیە لە نامەکەیدا بۆ باڵیۆزی ئینگلیز لە عێراق بەناوی کورنڤالیس Kornwlis داوای یارمەتیی کرد، باڵیۆزی ئینگلیزیش وەک ناوبژیکارێک کەوتە نێوان عەرەب و کوردەوە. نامەیەکی بۆ مەلا مستەفا نارد و بەناوی دەوڵەتی ئینگلیز داوای ڕاگرتنی ڕاپەڕینی کوردانی لە مەلا مستەفا کرد. لە نامەکەدا هۆی ئەو داخوازییەی بۆ مەلا مستەفا ڕوون کردبووەوە کە عێراق شان بەشانی ئینگلیز و سۆڤیەت دژی ئەڵمانیای فاشیزم و هاوپەیمانەکانی شەڕ دەکات. هەروەها لە نامەکەدا، دەوڵەتی ئینگلیز بەڵێنی بەکوردەکان داوە پاش تێکشکاندنی فاشیزم و کۆتایی هاتنی شەڕ، پشتیوانی لە داخوازیی کورد بکەن. دەقی نامەکە لەلایەن پالکوڤنیک لین Lyne کە سەرکردایەتیی کاروباری ئینگلیز لەناو کورداندا دەکات بۆ سەر زمانی کوردی وەرگێڕدرابوو و، بە دوو زمانی کوردی و عەرەبیش چاپ کرا و لەناو کوردە سەرهەڵداوەکان و، کوردەکانی تری عێراقیشدا بڵاو کرایەوە. مەلا مستەفا ڕاگرتنی ڕاپەڕینەکەی پەسند کرد. بەپێی بڕیاری هاوبەشی دەوڵەتی عێراق و ئینگلیز لەلایەک و، کوردە ڕاپەڕیوەکان لەلایەکی ترەوە، ژمارەیەک لە ئەفسەرە کوردەکانی سوپای عێراق وەک ئەفسەرانی سیاسی بۆ ناوچەکانی ڕاپەڕین نێردران. ئەوان وەک ئەڵقەی پێوەندیی نێوان سوپای عێراق و مەلا مستەفا بوون و، وەکو نوێنەری دەسەڵاتی مەدەنی و لەشکری لە ناوچە کوردییەکاندا مانەوە. ژمارەی ئەوانە ١٠ کەس بوون، ئەم کوردانە ئەفسەر بوون و، لەژێر دەسەڵاتی ئەفسەری سیاسیی ئینگلیز بەناوی پالکوڤنیک (عەمید) کینگ King بوون و، لە ڕیزی ئەم ئەفسەرانەشدا ئەمانە هەبوون:

١- جەنەراڵ عیزەت عەزیز: کەسایەتیی نێزیک بەشێخەکانی بارزان، خوشکی عیزەت ژنی شێخ سادقی برای شێخ ئەحمەدە، تەواوی تایفەی عیزەت عەزیز خزمی نێزیکی شێخەکانی بارزانن.

جەنەراڵ عیزەت فەرماندەی ئەرکانی دووی لەشکری سوپای عێراق بوو لە کەرکووک، ناوبراو پێوەندییەکی نێزیکی لەگەڵ کەسایەتییەکانی کورد و عەرەبدا هەبوو، هەروەها لەگەڵ ئینگلیزەکانیشدا ئەو جۆرە پێوەندییەی هەبوو. عیزەت عەزیز تاکە ئەفسەرێکی

کورد بوو کە هێشتوویانە بەپلەی ئەرکانی سوپای عێراق بگات.
مایۆر عیزەت وەک فەرماندەی ناوچەی بارزان دەستنیشان کرا و، بوو بەنوێنەری سیاسیی دەسەڵاتدارانی عێراق لە ناوچە کوردنشینەکاندا.
٢- پالکوڤنیک (عەمید) ئەمین ڕەواندوزی: وەک فەرماندەی ناوچەی ڕەواندوز دیاری کرا.
٣- کاپیتان (نەقیب) مستەفا خۆشناو: فەرماندەی ناوچەی زێبار.
٤- کاپیتان (نەقیب) میرحاج: فەرماندەی ناوچەی ئاکرێ.
٥- سەید عەزیز شەمزینی نەهری: فەرماندەی ناوچەی مێرگەسور.
٦- کاپیتان (نەقیب) فوئاد عارف: فەرمانداری قەڵادزە، واتە ناوچەی پشدەر.
٧- کاپیتان (نەقیب) مەجید عەلی: فەرمانداری ئامێدی.
٨- بەهائەدین نوری پاشا: فەرمانداری سلێمانی، ناوبراو فەرماندەی تەواوی ئەو ناوبژیکارە تازە دانراوانەیە.

سەرکردەی تەواوی کاروبارەکانی دامەزراندنی ئۆتۆنۆمیی ناوچە کوردییەکانی عێراق ماجید مستەفایە کە کوردە و خەڵکی سلێمانیە، وەک وەزیری بەدەسەڵاتی دەوڵەتی عێراق State Minister دانراوە. سەرۆک وەزیرانی عێراق جەنەراڵ نوری سەعید، سەرۆکە کوردەکان لای خۆی کۆ دەکاتەوە و، لە کۆبوونەوەکەدا ڕادەگەیەنێت کە ئەم کردەوانە، هەنگاوی یەکەمی ڕێکخستنی ئۆتۆنۆمیی کوردەکانی عێراقە. سەرکردە کوردە بەشداربووەکانی ئەم کۆ بوونەوەیە، کاغەزێکی تایبەتییان مۆرکردووە، تێیدا ئەم هەنگاوانەیان پەسند کردووە. ئەم ڕووداوە لە نیسانی ساڵی ١٩٤٤دا بووە، ئەم جۆرە هەنگاوانە زیاتر لە سێ مانگ درێژەیان کێشا.

ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیز لە کوردستان لەگەڵ پالکوفنیک (عەمید) لاین کۆ دەبنەوە و، ڕاپۆرتێکی تایبەت لەسەر بارودۆخی کوردستان بەئیمزای عەمید لاین ئامادە دەکەن، لە ڕاپۆرتەکەدا هاتووە:

«پێویستە سەربەخۆیی بەکوردەکانی عێراق بدرێت، هەروەها پێویستە جێگری سەرۆک وەزیرانی عێراق کورد بێت و، بەڕێوەبەرایەتییەکی تایبەتیش سەبارەت بەپەروەردە و دادگە لە ناوچە کوردییەکاندا دابمەزرێت و، تەواوی هەر پێنج لیوا کوردییەکانی عێراق لەیەک ویلایەتی ئۆتۆنۆمیدا یەک بخرێن. کوردەکان بەتەواوی ئامادەی وەرگرتنی ئۆتۆنۆمین و، دەتوانن بەبێ یارمەتیی بێگانە خۆیان بەڕێوە ببەن».

ئەم ڕاپۆرتە ئاراستەی کابینەی وەزیران کرا و، لەلایەن نوری سەعید سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە پەسندکرا. ئەم دۆکیومێنتە هەروەها لەلایەن زۆربەی وەزیرانی کابینەکەی نوری سەعیدەوە پەسند و ئیمزا کرا. بەڵام نەمەلیک عەبدوڵڵا و، نەپەرلەمانی عێراق ئەم پێشنیازەی کابینەی وەزیرانی عێراقیان پەسند نەکرد و، گەڵاڵەی ئۆتۆنۆمیی

کوردانیان دایە دواوە و، بووە هۆی کەوتنی کابینەکەی نوری سەعید و هاتنە سەرکاری حەمدی پاچەچی. لە کۆتاییی مانگی مایسی ١٩٤٤دا سیستەمی نێوبژی کردنی ئەفسەرانی کورد هەڵوەشایەوە و، بەڕێوەبەرایەتیی کۆن لە ناوچە کوردییەکاندا دامەزرایەوە. لەم ماوەیەدا - واتە لە تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٤٣ -ەوە تا مایسی ١٩٤٤ ململانێ و خەباتێکی زۆر بۆ کارتێکردنە سەر مەلا مستەفا بارزانی لە نێوان سیخوڕەکانی ئینگلیز و ڕێکخراوە دیموکراتییەکانی کورد بەردەوام بوو و، بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ ئەمبەر و ئەوبەری پێ دەکرا و دەگۆڕا. لەبەرئەوە ئینگلیزەکان لەلایەک ڕاستەوخۆ و، لەلایەکی ترەوە لە ڕێگەی خزمەکانیەوە کاریگەریەتیی خۆیان دەخستە سەر بارزانی؛ بەڵام سەرئەنجام مستەفا بارزانی کە لە ئینگلیز دڵسارد و نائومێد بوو ، کەوتە ژێر کاریگەریەتیی دیموکراتخوازەکان.

یەکەمین ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزان سەرەڕای ئەوەی لە سەرەتادا سەرکەوتنیان بەدەست هێنا ، هیچ ئەنجامێکی لێ نەکەوتەوە؛ تەنیا بۆ چەند مانگێک لە ناوچە کوردییەکاندا سەربەخۆییەکی نیسبی هەبوو؛ بەڵام هێندەی پێ نەچوو کورد کە لە پشتیوانیی ئینگلیز بێبەش کران و، لەبەرئەوەش ڕاپەڕین و خەباتی خۆیان لە دژی سوپای عێراق ڕاگرت، ئیتر جارێکی تر کەوتنە ناو بارودۆخی جارانەوە. ئەوەبوو کەوتنە هەوڵ بۆ بەردەوامیی خەباتی خۆیان. جموجوڵ لەناو بارزانییەکاندا بۆ ئامادەکردنی ڕاپەڕین لە دژی دەوڵەتی عێراق بەمەبەستی گەیشتن بەئۆتۆنۆمی دەستی پێ کردەوە.

بارودۆخی ناوچەی بارزان لە سەرەتای ساڵی ١٩٤٥دا بەم شێوەیە بوو:

زۆربەی شێخەکانی بارزان بەسەرۆکایەتیی شێخ ئەحمەدی بارزان بەنیازی سوود وەرگرتن لە نارەزاییی کوردەکانی بارزان بۆ دەست پێکردنەوەی ڕاپەڕینێکی نوێ لە دژی دەوڵەتی عێراق بەمەبەستی لاوازکردنی دەسەڵاتی عێراق و، بەهێزکردنی دەسەڵاتی فیۆدالی خۆیان هەنگاویان هەڵگرت. مستەفا بارزانی، کە لەژێر کاریگەریەتیی کوردە دیموکراتخوازەکاندا بوو، بۆ بەردەوامیی خەبات لە پێناو وەرگرتنی سەربەخۆیی بۆ کوردەکانی عێراق لە خۆئامادەکردندا بوو، ئینگلیزەکان نێوبانگ و ڕۆڵی خۆیان لە دەست دا و، ڕۆڵیان لە ناوچەی بارزان زۆرکەم بووەوە، لە ڕێگەی ئەگنیتەکانی خۆیانەوە ئینگلیزەکان ئاگەداری دەست پێکردنی ئەگەری ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزانییان پێ دەگات و، ئینگلیز هەوڵیان دا یەکەم: مستەفا بارزانی بەدناو بکەن و، دەنگوباسی وایان بڵاوکردبووەوە، کە گوایا مەلا مستەفا «کافرە» و «بەڵشەویکە» و، ئیسلام و کوردی بەرووسەکان فرۆشتووە... هتد.

لەلایەکی ترەوە بەمەبەستی لاوازکردنی ڕۆڵی مەلا مستەفا بارزانی، ئینگلیز لە هەوڵدانی شێخ ئەحمەد و شێخەکانی تر بۆ ڕاپەڕین دژی دەوڵەتی عێراق پشتیوانییان دەکرد، لە ئەنجامدا مستەفا بارزانی بۆی نەکرا، تاک و تەنیا ڕابەرایەتیی ڕاپەڕینەکە

بکات، بۆیە ناچار بوو وەک ڕابردوو لەگەڵ شێخ ئەحمەد و شێخەکانی تری بارزان حیساب بکات، ئەم بارودۆخە یەکێک بوو لە هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ڕاپەڕینە نوێیەکە.

لە پێوەندی لەگەڵ چالاکیی هەندێ لە دیموکراتخوازە کوردەکان، وەک ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عێراق کە ئەڵقەی پێوەندیی نێوان ڕێژیمی عێراق و کورد بوون، دوای یەکەمین ڕاپەڕینی بارزان پێوەندیی خۆیان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی و، دەستە و هێزە دیموکراتخوازەکانی تری کوردی عێراق بەهێزکرد، دوای سەرنەکەوتنی یەکەم ڕاپەڕینی بارزانیش، ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە دیموکراتخوازەکان دەچنە لای بارزانی و، لەبارەی دەست پێکردنی ڕاپەڕینێکی تر لە ناوچەی بارزان دەکەونە وتووێژ. لە حوزەیرانی ١٩٤٤ بەفەرمانی دەستەیەک لە کەسایەتییە دیموکراتخوازەکانی کورد، میرحاج مۆڵەتی پشوو وەردەگرێت و، بەمەبەستی یارمەتی وەرگرتن لە کوردەکانی ئێران بۆ کوردەکانی بارزان دێتە ئێران، پارتی ژێکاف ئاگەداری پلانەکانی مستەفا بارزانی بوو و، چالاکانە پشتیوانیی لە بارزانی دەکرد؛ بەڵام لەبەرئەوەی لەم کاتەدا ژێکاف لەلایەن سیخوڕەکانی ئینگلیزەوە پیس دەکرێت، ئینگلیز لە پێوەندییەکانی مستەفا بارزانی لەگەڵ دەستە دیموکراتخوازەکانی تری کورد و پلانی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ ئاگادارکرایەوە. لە مانگی ئەیلولدا ئینگلیز ئاگەدار کرانەوە لە هەبوونی گرووپی دیموکراتخوازی کورد لەناو سوپای عێراقدا، بۆیە هەنگاویان بۆ لەناوبردنیان هەڵهێنا، میرحاج و خۆشناو لەگەڵ ژمارەیەکی تر گیران و، دەستبەسەر بۆ عیمارە ڕەوانە کران و، لەوێ بەبیانووی لایەنگیری لە فاشییەکان تاوانبار و زیندانی کران، بەوتەی میرحاج زیندان یان ئۆردوگای زۆرەملێی عیمارە، بەتایبەتی بۆ کەسانی دژ بەئینگلیز دانراوە و، بارودۆخ و سیستەمی ئەو ئۆردووگایە زۆر سەخت و ناخۆشە. سەرۆکی ئەو ئۆردووگایە جەنەرال ویلسونە، کاتێک میرحاج لەوێ دەبێت سەد و سی کەسیان لەو گرتووخانەیەدا گرتبوو، بەشێک لەو کەسانە سەر بەفاشیزم بوون بەڵام زۆربەیان کۆمەنیستەکانی عێراق و کوردە ناسیۆنالیستەکان بوون. زۆری پێ نەچوو زۆربەی ئەو ئەفسەرە گیراوانە توانییان هەڵێن و، خۆیان گەیاندە مەلا مستەفا بارزانی. بەهاتنی ئەوانە بۆ لای بارزانی کاروباری بزووتنەوەی کورد لە عێراق بەرەبەرە ڕێکوپێک بوو و، بەرنامە و پلان لەلایەن ئەفسەرە کوردەکانەوە داڕێژرا. پلانەکەی بەجۆرێک بوو کە لە سەرەتادا دەست بەسەر ناوچەی سێگۆشەی سنوورەکانی ئێران و عێراق و تورکیادا بگرن و، بەم شێوەیە پشتەوە و ناوچەکانی دەوروبەر بۆ ڕاپەڕینەکە دابین بکرێت. لە قۆناغی یەکەمی چالاکیی شەڕوانیشدا ڕاپەڕیوەکان دەبوایە لە حاڵەتی بەرگری کردندابن، هێڵی بەرگری لە ڕێگەی ڕەواندوزەوە تا مەهاباد بوو، ژمارەی شەڕوانان لە سەرەتای ڕاپەڕینەکەدا لە هەزار کەس زیاتر بوون، لوولە تۆپێکی هۆتیزر کالیبر ٣,٨ و ٢٥٠ گوللە تۆپ و ٢٢

ڕەشاشی سووک و پتر لە ٦٠٠ تفەنگیان هەبوو. هەروەها ٤ ئیزگەی ڕادیۆ و ٥ دەزگەی تەلەفۆنی تەماتیکیان هەبوو.

ڕێبەرانی بزووتنەوەکە هیوا و حیسابیان بە یارمەتیدانی کەسان و چەک و تەقەمەنی و خواردن بوو کە لەلایەن کوردەکانی ئێرانەوە، بەتایبەتیش لەلایەن موکریان و شکاک و هەرکییەکانەوە دەهات. لە سەرەتای دەست پێکردنی چالاکیی نیزامیی کوردە ڕاپەڕیوەکانیشدا، سەرکەوتنی باش وەدەست هاتن، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە هێزەکانی دەوڵەتی عێراق دەستبەجێ بۆ سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، لەشکری دووەمی عێراقیان کە لە کەرکووک جێگیر ببوو ناردە سەریان، بەوتەی ئەوانە - واتە هاو وتووێژەکانم - لەشکری دووەمی سوپای عێراق بریتییە لە: سێ هەنگ (فەوجی) پیادە و فەوجی تۆپخانە و، بەتالیۆنی ئەندازە و، فەوجێک مۆتۆر و، سی و دوو ئۆتۆمۆبێلی زرێدار. سەرەڕای ئەو هێزە زۆرەی دەوڵەت، شۆڕشگێڕانی کورد لە یەکەمین شەڕدا توانییان ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی دوژمن گەمارۆ بدەن و، نێزیکەی سەد کەسیشیان لێ بەدیل بگرن.

شۆڕشگێڕانی کورد بەم سەرکەوتنە پتر دڵگەرم ببوون و، بڕیاری لەناوبردنی ئەو هێزە دەدەن کە خستبوویانە گەمارۆوە. بۆ دەست لە بەربەرەکانی هەڵگرتن؛ بەڵام لەم کاتەدا گێرە و کێشە و بۆچوونی جیاواز لەنێوان شێخ ئەحمەد و ڕێبەری بزووتنەوەکە - واتا مەلا مستەفا - سەری هەڵدا، شێخ ئەحمەد کە لەژێر کاریگەریەتیی جەنەراڵ عیزەت عەزیزدا بوو، دەستووری بەردانی سەربازە دیلەکان دەدات و، داوا دەکات لە دژی گەمارۆدراوەکاندا تۆپ بەکار نەهێنن و، تۆپەکان بۆ بەکارهێنانی قوتابخانەکان بەکاربێنن، چونکە «قوتابخانەکان هی شەیتانن»(*)، ئەگەرچی ئەم دەستوورەی شێخ ئەحمەد جێبەجێ نەکرا؛ بەڵام شێخ ئەحمەد توانی دەزگاکانی ڕادیۆ لەناوبەرێت. ئەویش لەبەرئەوەی کە «ڕادیۆ دژی ئیسلامە»(**)، هەربۆیە بۆ شۆڕشگێڕانی کورد زۆر

(*)(**) ئەم قسەوقسەڵۆکانەی ڕاپۆرتنووس، هیچ پێوەندییەکیان بەڕاستییەوە نییە. ڕاپەڕینەکانی بارزان هەر لە سەردەمی شەهید شێخ عەبدولسەلامی بارزانەوە هەتا دەگات بەسەرکردەی نەمر شێخ ئەحمەدی بارزان. یەکێک لە داخوازەکانی ئەوە بووە کە قوتابخانە بکرێتەوە و، بنکەی خوێندەواری و پەروەدەیی و ڕۆشنبیری لە کوردستان دابمەزرێن. بۆ نموونە لە کتێبی (مهد البشرية- الحياة في شرق كردستان) ویگرام باسی ئەوە دەکات چۆن شێخ عەبدولسەلامی بارزان لە ساڵی ١٩٠٩دا داوای لێ کردووە لەگەڵ خۆیاندا بیبات بۆ بەریتانیا بۆ ئەوەی دیمانەی پاشا جۆرجی پاشای بەریتانیا بکات و داوای کردنەوەی قوتابخانە و چارەسەری کێشەی کورد لێ بکات. بڕوانە: لاپەڕە ١٢٣ی سەرچاوەی ناوبراو. چاپی دەزگای ئاراس.

مرۆڤ سەری سوڕدەمێنێ کە ڕاپۆرتنووسانی سۆڤیەتی چۆن ئەم زانیارییە چەوت و چەواشانەیان بە وڵاتی خۆیان داوە. ئیتر هەر وایان کرد بۆیە سەرئەنجامیان ئەوە بوو کە بینیمان. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

زەحمەت بوو لە چیاکانی کوردستانەوە پێوەندیی تەلەفۆنییان هەبێت، ئیزگەیەکی ناوەندیی تەلەفۆن و چوار دەزگای تەلەفۆنی پێوەندییان هەبوو. سیمی تەلەفۆنیان بەگوێرەی پێویست بوو و، دەیانتوانی بەئاسانی پێوەندی بەدەستە چەکدارەکانەوە بکەن؛ بەڵام سیمەکە زۆرجاران دەپسا و پێوەندی نەدەما.

لە کۆتاییی هەفتەی دووەمی ڕاپەڕینەکەدا، شۆڕشگێرە کوردەکان پێنج شەڕی سەرکەوتوویان لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەتدا کرد و، دەیانویست چالاکییەکانی خۆیان زۆرتر بکەن. بۆ ئەمەش چاوەڕێی هێزی پشتیوانیان لە خێڵەکانی تری کورد دەکرد. لەم کاتەدا شێخ ئەحمەد بەشێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو دەچێتە ئێران، ڕۆیشتنی شێخ ئەحمەد کارێکی زۆری کردە سەر بارزانییەکان، ئەوەبوو ژمارەیەکی زۆر لەوانە بەدوای شێخ ئەحمەددا بەرەو ئێران دەکەونەڕێ، ڕۆیشتنەکەی شێخ ئەحمەد بوو بەخاڵێکی وەرچەرخان لە چارەنووسی ڕاپەڕینەکەدا و، تووشی نسکۆ و دابەزین و، کەمبوونەوە هات. زۆربەی بارزانییەکان بەرەو ئێران کۆچیان کرد. لەکاتی شەڕەکاندا لەگەڵ سوپای عێراقدا بەوتەی هاووتووێژەکانم عێراقییەکان تووشی زیانێکی یەکجار گەورە بوون، چەند سەد کەس لە سەربازانی عێراق کوژران و بریندار کران، زیانی وا گەورەی سوپای عێراق، بوو بەهۆی ئەوەی حوکمێکی یەکجار توند بەسەر بەشداربووانی ڕاپەڕینەکەدا بدرێت. ئەوەبوو فەرمانی مردن بۆ ١١١ دەرکرا و، ٧٦ کەسی ترش لە ٥ ساڵەوە تا ١٠ ساڵ بەندییان بۆ بڕایەوە. ئاڵوگۆڕ و وەرگەڕانێکی گەورە کە دەستبەجێ ڕووی دا، ڕاپەڕینی دووەمی بارزانیەکان بوو. ئەمە نەک تەنیا بوو بەهۆی پەرۆشی و نائارامیی دەوڵەتی عێراق؛ بگرە وڵاتانی سێیەمیش، تورکیا هەمیشە چاودێریی ڕووداوی ڕاپەڕینەکەی دەکرد، سوپای تورکیا لەسەر سنوورەکانی خۆی لەگەڵ ناوچەی ڕاپەڕینەکەدا مۆڵ درا، باڵەفڕەکانی تورکیا بەسەر ڕاپەڕیوەکاندا دەسووڕانەوە، ئینگلیزش لە سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکەدا بەشدارییان کرد. باڵەفڕەکانی ئینگلیز چەندین جار گوندەکانی ناوچەی ڕاپەڕینیان بۆمباباران کرد. لە ئەنجامی ئەم بۆردمانەدا ژن و منداڵێکی زۆر کوژران و، چەند گوندێکیش سووتان و، دارستان و لێرەوارەکان ئاگریان تێ بەربوو؛ بەڵام هیچ زیانێک بەهێزەکانی شۆڕش نەکەوت. جارێکیان باڵەفڕەکانی عێراق بەهەڵە لەباتی بۆمبابارانی بارزانییەکان، کۆچەرە کوردەکانی ئێرانیان لە تایفەی ماندی سەر بەهۆزی هەرکی بۆمباباران کرد کە لە کوردستانی ئێرانەوە بەرەو کوردستانی عێراق لە کۆچدا بوون و، لەم بۆردمانەدا نێزیکەی بیست کەسی بێ تاوان کوژرا، ئەو بۆمبانەی باڵەفڕەکان بەسەر خەڵکدا باراندیان ئینگلیزی بوون و، ساڵی ١٩٤٥ دروست کرابوون.

سیخورەکانی ئینگلیز هەوڵی زۆریان دا شێخ ئەحمەد وا لێ بکەن کە لە قۆناغی

یەکەمی ڕاپەڕینەکەدا مەبەستی شۆڕشەکەیان دژ بە تورکیا و ئێران بێت و، بەم شێوەیە لە ڕێگەی کوردەکانەوە ئاژاوە و نائارامی لەسەر سنوورەکاندا دروست بکەن؛ بەڵام ئەم هەوڵەی ئینگلیز سەری نەگرت و، شۆڕشگێرانی کورد لە سنوورەکانی ئێران - تورکیا نەپەڕینەوە. ئەوەبوو پاش سەرکوتکردنی ڕاپەڕینەکە، هاتنە ناو خاکی ئێران، هەروەک هاووتوویژەکانم دەیانوت مەلا مستەفا و ڕاوێژکارەکانی زۆر بەتوندی و، بۆ چەندین جاریش دژی پێشنیازی شێخ ئەحمەد بوون کە دەیویست پەرە بەناوچەی ڕاپەڕینەکە بدرێت بۆ ئەوەی لە سنوورەکانی ئێران و تورکیا نێزیک ببێتەوە. دژایەتیی هەڵوێستەکەی شێخ ئەحمەدیش لەلایەن مەلا مستەفاوە ناوەرۆکێکی دوولایەنەی هەبوو:

١- لە بواری ستراتیجدا: تا ڕاپەڕینەکە لە چوارچێوەی کوردستانی عێراقدا بێت، پشتەوە و بەرەکانی ڕاپەڕینەکە لەلای سنوورەکانی عێراق - تورکیا و، ئێران - عێراقەوە پارێزراون.

٢- لە بواری سیاسیدا: پەرەپێدانی ڕاپەڕین لە ناوچە سنوورییەکانی باکور دەستبەجێ ناوەرۆکێکی دژ بە سۆڤیەتی پێوە دەنرێ و، یەکەتیی سۆڤیەتیش بەرەو ڕووی ڕاپەڕینەکە دەکاتەوە و، لەنێوان بزووتنەوەی کورد و هێزەکانی سەرسنووری سۆڤیەت تێکهەڵچوون دروست دەکات، هەروەها لەگەڵ تورکیاشدا. بۆیە گرینگە ڕاپەڕین و شۆڕشەکە ناوەرۆکێکی ناوچەییی هەبێت. هاتنی شێخ ئەحمەد بۆ ئێران، بەوتەی هاووتوویژەکانم وەک هەوڵدانی شێخ ئەحمەد نەک تەنیا بۆ لاوازکردنی ڕاپەڕینەکەیە، بگرە گێرە و کێشەش لەنێوان شۆڕشگێرانی کورد و هێزەکانی سەرسنووری سۆڤیەت پێک دێنێت. لە کاتی ڕاپەڕینەکەدا زۆرجار لەلایەن بزووتنەوەی کوردەوە بەبانگەواز داوایان لە سەربازەکانی سوپای عێراق و هۆز و خێڵەکانی کوردی دراوسێیان کردووە، بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی کۆنەپەرستی عێراق کە دوژمنی هاوبەشی کورد و عەرەبە خەبات بکەن و، ئامانج و مەبەستی بزووتنەوەکەی خۆیان بۆ ئەوانە ڕوون کردووەتەوە و، داوایان لە کوردەکان کردووە، تاوەکو بۆ ڕزگاری گەلی کورد بەشداریی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بکەن. ڕاپەڕیوەکان لە بانگەوازەکانی خۆیاندا بۆ سەربازانی سوپای عێراقیان ڕاگەیاندووە کە ئەوانە دژی گەلی عەرەب شەڕ ناکەن و، داوایان لە سەربازانی عێراق کردووە خۆیان لە خوێن ڕشتنی براکانیان لابدەن و لە دژی ڕاپەڕیوەکاندا بەرگری نەکەن.

لەبەر نەبوونی ئامێری چاپ بانگەوازەکانیان بەدەست نووسیوە و، هەر بەدەستیش بە سەدان دانەی زیادەیان نووسیوە و گەیاندوویانەتە ناو سەربازانی سوپای عێراق و هۆز و خێڵە کوردەکانی دراوسێیان. لە نامەیەکی تایبەتیشدا مەلا مستەفا بارزانی ڕابەری

بزووتنەوەی کوردەکان بۆ کاربەدەستانی ئینگلیز دەنووسێت کە ڕاپەڕینی کوردەکانی بارزان تەنیا ناوەرۆکێکی ناوخۆیی هەیە و بۆ لەناوبردنی ڕێژیمی عێراقە کە دوژمنانە لەگەڵ کورددا دەجووڵێتەوە. هەربۆیە بەپشت بەستن بەیاسای نێونەتەوەیی، بزووتنەوەی کورد داوا لە ئینگلیز دەکات واز لە بەشداریی سەرکوتکردنی بزووتنەوەی کورد بهێنێت. بۆ وێنە لە نامەکەدا هاتووە «بۆ ئێوە گوندەکانی ئێمە بۆمباران دەکەن و ژن و منداڵی ئێمە دەکوژن، خۆ ئێمە شەڕی ئینگلیز ناکەین؟»

مستەفا بارزانی ڕابەری بزووتنەوەی کورد هەروەها لە نامەکەیدا بۆ جەنەرالیزم ستالین و وەزیری کاروباری دەرەوەی سۆڤیەت هاوڕێ مۆڵەتۆف، دژی بەشداریی ئینگلیز لە سەرکوتکردنی گەلی کورد دەوەستێ و، ئەم کردەوەیەی ئینگلیز بەپێچەوانەی یاسای نێونەتەوەیی دادەنێت و «داوای مافی کورد لە ناوچەی مووسڵ دەکات کە خاکی باپیرانی کوردە». دوای سەرکوتکردنی بزووتنەوەکەی کورد کە سێ هەفتە درێژەی هەبوو، زۆربەی کوردەکانی بارزان لەناو برا کوردەکانی خۆیان لە ئێراندا گیرسانەوە و تا ئێستەش هەر لەوێ دەژین. جگە لە چەند هەزار کوردی خێڵی بارزان لەناو خاکی ئێران دەیان بنەماڵەی تری کوردی عێراق لە هۆز و خێڵەکانی ناوچەی ڕەواندوز و ئامێدیش بۆ ئێران هاتوون.

بارزانییەکان دەکرێ بڵێین تەواوی سامان و مەڕومالاتی خۆیان لە دەست داوە و، ئێستە لە بارودۆخێکی هەژارانەدا دەژین. سەرەڕای ئەو هەموو کارەساتەی بەسەر بارزانییەکاندا هاتووە، بە وتەی هاووتوویژەکانم تا ئێستەش ئەوانە خاوەن هێزێکی زۆرن و، لە بارودۆخێکی لەبار کە بۆیان هەڵکەوێت، دووبارە دژی دەوڵەتی عێراق خەبات دەست پێ دەکەنەوە. لەم خەباتەدا ئەوانە حیساب بۆ یارمەتیدانی هەندێ لە خێڵەکانی تری کوردی عێراق دەکەن. هەروەها مستەفا بارزانی بەهەڵوێستی دژ بەئینگلیز و، دژ بەدەوڵەتی عێراق خۆی، سۆز و لایەنگریەتیی خۆی لەناو کوردە بارزانییەکاندا ڕاگرتووە. بە وتەی هاووتوویژەکانم ئەم بارودۆخە وا لە ئینگلیز دەکات، لەناو بارزانییەکاندا ئاژاوە بنێنەوە و دژی سۆڤیەت یان بزووتنەوەی دیموکراتی لەئێران بەکاریان بێنن.

بەهاتنی بەهار و ئاڵۆزبوونی بارودۆخی ئابووریی بارزانییەکان، لەوانەیە بەم ئەرکە هەڵسن و زۆریش لە ڕاستییەوە نێزیکە.

### سەبارەت بە بزووتنەوەی کورد لە عێراق لە سەردەمی شەڕی دووەمی جیهان و هەروەها سەبارەت بە پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە عێراق

لە سەرەتای شەڕی دووەمی جیهاندا بزووتنەوەی کورد لە عێراق تووشی ئاستەنگ و

ڕاوەستان ببوو، زۆربەیان ئەگەر نەڵێین هەموو پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد وازیان لە چالاکیی خۆیان هێنابوو، یاخۆ هەڵوەشابوونەوە یان هەر خۆیان هەڵوەشاندبووەوە، زۆربەی فیۆداڵە گەورەکانی کورد کە لە سیاسەتی ئینگلیزەکان تووشی دڵساردی و نائومێدی ببوون و، هەندێ جار کوردەکانیان لە دژی عەرەبەکان هان دەدا، لە بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد دوورکەوتنەوە و، چووبوونە ڕیزی چینی دەسەڵاتدارانی عێراقەوە. هەندێک لەوانە بەشێوەیەکی ئاسایی چالاکیی ڕۆشنبیرییان دەنواند و دەستنووسی بەرهەمی نووسەران و هەڵبەستوانانی کوردیان کۆدەکردەوە و، بەرهەمەکانی ئەوانیان لە چاپ دەدا، بۆ خۆیشیان بەزمانی کوردی شیعریان دەنووسی؛ بەڵام داخوازی سیاسی و ئابوورییان نەدەهێنایە کایەوە. ڕووناکبیرانی کورد، لاوان و هێڵی لاوی ئەو فیۆداڵانە و، کوڕانی بۆرژوای کورد و هەندێ لاو لە بنەماڵە ساکار و هەژارەکان کەمتر هەستیان بەرامبەر بەدروشمی کۆنی «سەربەخۆیی کوردستان» دەبزوا و، زیاتر و تا ڕادەیەکی زۆریش هەوڵیان دەدا بەشداری لە ژیانی سیاسی گشتیی عێراقدا بکەن. ئەمیش لەبەرئەوەیە کە ڕووناکبیرانی کورد لە شارە گەورەکانی عێراق وەک بەغدا و مووسڵ و ئەوانی تردا ژیاون و کاریان کردووە و، بەشێکیان لە دەرەوە و لە ئەمریکا ژیاون و کاریان کردووە. لەبەر ئەو هۆیەش ژیانیان لەم شارانەدا پێ خۆشتر بووە تا ژیانی ناوچە کوردییەکان کە هەندێ جار پێوەندییان لەگەڵدا بڕیون.

ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکانی کورد لەپێش شەڕی دووەمی جیهاندا لە ڕووداوەکان دوورکەوتبوونەوە و، بەرەو ڕووی سەردەمی گەرمی شەڕی دووەمی جیهان ببوونەوە. لەلایەکەوە ژمارەیەکی زۆر لەوانە لەژێر کاریگەریەتیی ئینگلیزدا سۆزی خۆیان بەرامبەر بە ئەڵمانەکان نیشان دەدا. ئەمە بۆخۆی تایبەتمەندییەکی ئاسایی وڵاتانی عەرەبی ئەو سەردەمە بوو. ئەوەبوو لە کودەتاکەی ڕەشید عالی گەیلانیدا بەشدارییان کرد. لەلایەکی ترەوە بەپێی ڕەوتی شەڕی دووەمی جیهان، لەناو کورددا هەندێ جموجوڵ و چالاکیی دژی فاشیستی و لایەنگری لە کۆمەڵگەی نەتەوەکان سەری هەڵدا.

لە کۆتای ساڵی ١٩٤٠دا گرووپێکی کوردی فیئوداڵ «کۆمەڵەی کوردی- هیوا»یان زیندوو کردەوە، لە سەرەتادا کۆمەڵە ناوەڕۆکێکی پێشکەوتنخوازانەی هەبوو و، لەناو ڕیزەکانیدا کەسان و هێزی دژ بەفاشیست و دیموکراتخواز هەبوون؛ بەڵام کاتێک کە سۆڤیەت چووە ناو شەڕی دووەمی جیهانەوە، کۆمەڵەی هیوا هەڵوێستێکی ئاشکرا و ڕاشکاوانەی لە پشتگیریی سۆڤیەت گرتەبەر؛ پاشان لەژێر کار تێکردن و چالاکیی ئینگلیزەکان بوو بەڕێکخراوێکی ئاشکرای ئینگلیز، کۆمەڵە ٤٠٠ تا ٥٠٠ ئاغا و شێخی کوردی لەخۆ کۆکردبووەوە، ئەندامانی لیبرالی کۆمەڵەی هیوا لایەنگیری

دیموکراتیەتی ئینگلیزن و هەوڵ دەدەن بۆ کار و چالاکییەکانی خۆیان سوودی لێ وەربگرن، گرینگی و بایەخی ئەم ڕێکخراوە لەم کاتەدا هەم لەناو کوردەکان و هەم لە ژیانی سیاسی عێراقدا زۆر کەمە. لە ساڵەکانی پێش شەڕ و بەتایبەتیش لە ساڵەکانی سەردەمی شەڕ لەناو سوپای عێراقدا نەک تەنیا سەرباز بگرە ئەفسەری کوردیش هەبوون کە لەناو سوپای عێراقدا زوو هەستیان بەنایەکسانیی خۆیان لەگەڵ عەرەبەکاندا دەکرد. ئەفسەرە کوردەکان هەروەک دانراوە و بڕیار دراوە ناتوانن لە پلەی کاپیتان (نەقیب) بەسەرەوەتر تێپەڕن و، لە ستادی (ئەرکانی) سوپای عێراق کار و بەرپرسیاریەتییان پێ نەدراوە. جگە لەوە هەرچەندە ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرە کوردەکانی ناو سوپای عێراق لە بنەماڵەی فیئۆداڵەکان نەبوون؛ بگرە لە بنەماڵەی وردە بۆرژوا و پیشەساز و جوتیارانەوە سەریان هەڵداوە و، بۆ ئەوانە کێشەی بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان ڕۆڵێکی زۆر گرینگ دەبینێت. بۆیە ڕێکخراوە نەتەوەییەکە ئەوانەی لە باوەش گرتووە، یان دەستی بەسەردا گرتوون. لەلایەکی ترەوە لەناو ئەم خەڵکەدا بیروباوەڕێکی بەهێزی دیموکراتییانە بڵاوبووەتەوە، ڕووداوەکانی شەڕی دووەمی جیهان ئەم بیروباوەڕ و وردە دیموکراتیخوازانەی ئەوانی بەهێزکرد. ئەوەبوو لەناو ئەو ئەفسەرە کوردانەدا هەستی بەرپرسیاریەتی لە خەبات دژی فاشیزم و لایەنگری بۆ سۆڤیەت پەیدابوو تا بەشداریی چالاکانە لە خەباتی دژی فاشیستیدا بکەن و، لە بەرەکانی شەڕ دژی ئەڵمان ڕابوەستن. گرووپێکی دیموکراتخواز لە ئەفسەران و سەربازانی کوردی ناو سوپای عێراق لە کۆتایی ساڵی ١٩٤١دا بڕیاری دا ڕێکخراوێکی دیموکرات پێک بێنن، ئەم گرووپە پرۆگرامێکی سیاسیی دیاریکراویان نەبوو و بەڕوونی و ڕێکوپێکی ڕێک نەخرا بوو، جاروبار کۆدەبوونەوە و باسیان لە کێشە و بارودۆخی نێو نەتەوەیی و بزووتنەوەی کورد دەکرد. میرحاج و خۆشناو لە ڕیزی ئەندامە چالاکەکانی ئەم گرووپەدا بوون. لەو کاتەدا ئینگلیز دەستیان دایە هەڵبژاردن و بەسەربازگرتنی لاوانی کورد و ناردنیان بۆ بەرەی ئەفریقیا. ئەندامانی ئەم گرووپە لەژێر کارتێکردن و پەرەسەندنی ڕۆڵی سۆڤیەت بڕیار دەدەن لەباتی بەشداری لەگەڵ سوپای ئینگلیز لەبەرەکانی شەڕ دژی ئەڵماندا، دەبێ لەبەرەکانی شەڕی سۆڤیەت – ئەڵماندا بەشداری بکەن. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بڕیارە ئەوانە لە ئابی ١٩٤٣دا میرحاج بۆ ئێران دەنێرن بۆ ئەوەی لەگەڵ فەرماندەی هێزەکانی سۆڤیەت لە ئێران باس لەم پرسەدا بکەن. میرحاج توانیی بێتە مەهاباد، ئەوەبوو منی لەوێ بینی و ئەم پێشنیازەی بۆ باس کردم، منیش لەوکاتەدا ناوبراوم پەشیمان کردەوە و بیانووم بۆ هێنایەوە، سوپاسم کرد بۆ ئەو هەستە باشەی بەرامبەر بە سۆڤیەت دەری بڕی و، گوتم: گەلی سۆڤیەتی ئەوەندە کەس و هێزی هەیە بتوانێت ئەڵمان تێک بکشێنێت. بەوتەی میرحاج لەگەڕانەوەیدا بۆ عێراق ناوبراو

وتووێژەکانی خۆی لەگەڵ من بۆ هاوڕێیانی خۆی دەگێڕێتەوە. وتی ئێمە زۆر پەرۆشی چارەنووسی ستالینگراد بووین. هەروەها وتی: قسەکانی تۆ (واتە سۆڤیەت ئەوەندە هێزی هەیە کە ئەڵمان بشکێنێت ئێمەی هێور کردەوە، دواتر ئێمە گەیشتینە ئەو ئاکامە کە ئێوە ڕاست بوون). میرحاج پێی وتم: گرووپە ئەفسەرە دیموکراتخوازەکانی کورد بەهەندێ کوردی تەکنیکار و میکانیکار کە پێشتر لە کارگەکانی فۆرد لە دیترویتدا کاریان کردووە و نێزیکن و، بەم شێوەیە پێوەندییان بەحزبی شیوعی عێراق بە نهێنییەوە بەستووە و زەوینەیان بۆ بەهێزکردنی بیروباوەڕی دیموکراتخوازان لەناو ئەم گرووپەدا دروست کردووە.

ئەم گرووپە بەو شێوە نیمچە ڕەسمی و نیمچە ڕێکخستنە تا ساڵی ١٩٤٥ خۆی ڕاگرت. بەشێکی زۆری ئەندامانی ئەم گرووپە تا ئەو کاتە چووبوونە ڕیزی ڕێکخراوە سیاسییەکانی ترەوە، یاخۆ لەلایەن ئینگلیزەکانەوە گیرابوون.

لەگەڵ چالاکیی ئەم گرووپە ئەفسەرە دیموکراتخوازەی کورد، بەرەبەرە کەسایەتییە دیموکراتخوازەکانی کوردی عێراق و ئێران لەیەکتر نێزیک بوونەوە، لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٤٢دا لەناو تاخمەکانی کورد بیروڕای دروستکردنی پارتێکی پێشکەوتنخوازی گشتیی کوردی هاتە کایەوە بۆ ئەوەی ڕێبەرایەتیی بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد لە عێراق و ئێران لە ئەستۆی خۆی بگرێت. لەگەڵ هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕێکی نوێ لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد و دروستکردنی پارتێکی ئەوتۆیی، هەروەها بارودۆخی ئەو کاتە کە کۆمیتەی گشتیی ڕزگاری کوردان «خوێبوون» نەما بوو، لە کۆتایی ١٩٤٢دا بەدەستپێشخەریی (زەبیحی)ی پیشەسازی مەهابادی و، ڕێکخەری شانەی (پارتی تودە) لە مەهاباد کۆبوونەوەیەک بۆ ڕێکخستنی ڕێکخراوێک پێک دێت کە ئەنجامەکەی پارتی گشتیی کوردان (ژێکاف - ژیانەوەی کوردستان) پێک دێت، لەم کۆبوونەوەیەدا ١١ کەس بەشدار بوون، لەوانە: «زەبیحی، زەرگەری، موقەدەسی، قادری، ئیمامی، تەوحیدی، کیانی و میرحاج».

زەبیحی وەک سکرتێری حزبەکە و، حوسێنی زەرگەری وەک سەرۆکی ئەو حزبە هەڵبژێردران. پرۆگرامی حزبەکە، بەپەلە دانراو و شێواو و تێکەڵ پێکەڵ و سەرپچڕ بوو، تێیدا دروشمی کۆن و داخوازیی ڕواڵەتییانە، واتە سەربەخۆیی بۆ کوردستان لەگەڵ خەبات دژی کۆنەپەرستانی کورد و دەوڵەتانی ئێران و عێراق و تورکیا و کۆنەپەرستانی نێونەتەوەیی دانرابوو، لە قۆناغی یەکەمدا دژایەتیی فاشیزمی تێدا گونجا بوو؛ بەڵام لەم پرۆگرامەدا بەگوێرەی هاووتووێژەکانم هەندێ بیروڕای باش هەبوون کە پاشان لە پرۆگرامی پارتە سیاسییەکانی تری کورددا جێیان کرایەوە. بەوتەی ئەوانە بەرچاوترین ئەم بیروڕایانە خەباتی ناوچەییی نەتەوەییی گەلی کورد بوو لە چوارچێوەی ئەو

دەوڵەتانەدا کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە. واتە خەباتی بێ وچانی گەلی کورد دژی ئەو دەوڵەتانەی کوردیان تیادا دەژیت و هاوسەنگەر و یەکڕیزن لەگەڵ تەواوی هێزە دیموکراتییەکانی ئەم وڵاتانەدا. لە ساڵی ۱۹٤۳ و بەتایبەتیش لە ۱۹٤٤دا (ژێکاف) لەناو کوردەکانی ئێران و عێراق چالاکییەکی زۆری نواند. زۆربەی دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکانی کورد دەهاتنە ڕیزی ژێکافەوە. بەتایبەتی ژێکاف چالاکییەکی زۆری لە ناوچەی سلێمانی و مەهابادا هەبوو، ژێکاف گۆڤاری (نیشتمان)ی نیوە نهێنیی چاپ دەکرد. لە ساڵی ۱۹٤٤دا ژێکاف نێزیکەی بیست بەیاننامە و بانگەوازی دەرکرد, چالاکیی کۆمەڵەی ژێکاف هەندێ جار ناوەڕۆکی دژی ئینگلیزی پێوەبوو و، ئەوانی سەغڵەت کردبوو، بەڵام ئینگلیز توانییان بەشێکی زۆری باڵی ژێکاف بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. لەبەرئەوەی پرۆگرامی ئەم پارتییە و تاکتیکەکانی پاش شەڕی جیهانی ڕوون نەبوو، گێرە و کێشەی سەرەکی بەگوێرەی هاووتوویژەکانم لەسەر ئەوە بوو ئاخۆ ئینگلیز دوژمنی گەلی کوردە! ئاخۆ هەڵسوکەوت و سیاسەتی ئینگلیز لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەزیانی کوردە! گێرە و کێشە لەسەر ئەم پرسیارە بوو بەهۆی لێک بڵاوبوونی ژێکاف. ئەوەبوو لە نیوەی دووەمی ساڵی ۱۹٤٥دا ژێکاف هەڵوەشایەوە. لێک بڵاوبوونی پارتی ژێکاف لە ئەنجامی ئەوەش بوو کە زەبیحیی سکرتێری ئەم پارتە لەکاتی سەردانی بۆ لای کوردەکانی باکور – ڕۆژهەڵاتی ئێران لە نێزیک شاری ورمێ لەلایەن پۆلیسی ئێران دەستگیر کرا. لە کاتی گرتنەکەیدا، نووسراو و چاپەمەنیی کۆمەڵەی ژێکافی پێ دەگیرێ. ئەمە هۆیەکی سەرەکی بوو لە گرتن و تاوانبارکردنی، ئێستە زەبیحی لە زیندانی تارانە. گەورەترین خزمەتەکانی ژێکاف بەوتەی هاووتوویژەکانم ئەوەیە کە ورەی دیموکراتخوازەکانی کوردی بۆ بەشداری لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد بزواند و، نێزیکی کردنەوە و، فێری خەباتی سیاسیی لە سەردەمی نوێدا کردن. تەواوی ئەندامان و ڕێبەرانی حیزبی دیموکراتی کوردستان کە لە کۆتای ۱۹٤٥دا پێک هات، لەوانە قازی محەمەد لە ڕابردوودا ئەندامی پارتی ژێکاف بوون، هاوکات لەگەڵ دامەزراندنی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا، پرۆسەی ڕێکخستنی پارتی کرێکاران و ڕووناکبیرانی کورد لەناو پارتی نهێنیی کۆمۆنیستی عێراقدا دەستی پێ کرد. «لەبارەی حزبی شیوعی عێراق تەماشای بەشی ژیانی سیاسیی عێراق بکە».

لە چوارچێوەی حزبی شیوعی عێراقدا، لە ساڵی ۱۹٤٤ەوە بەشی کوردیی ئەم حزبە هەیە کە ژمارەی ئەندامانی دەگاتە ٤٠٠ ئەندام و، ڕۆژنامەی «یەکێتیی تێکۆشین» دەردەکات و، لە ساڵی ۱۹٤٥ەوە ناوی بۆ ئازادی گۆڕا. چالاکیی حزبی شیوعی عێراق نهێنییە و بەنهێنیش گۆڤارێکی پێنج سەد دانەیی دەردەکات، هەروەها لەگەڵ چالاکی

نواندن لەناو ئەندامی خۆیدا کە بەزۆری لە بەغدا و مووسڵ و شوێنەکانی پیشەسازیی نەوتدان، بەشی کوردیی حزبی شیوعی عێراق توانیویەتی کارێکی زۆر لەناو کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی کورد و، بڵاوکردنەوەی بیری دیموکراتی لەناو کورددا بکات. بە وتەی هاووتووێژەکانم هەم لەناو گرووپی ئەفسەرە دیموکراتخوازەکانی کوردی سوپای عێراق و، هەم لەناو پارتی ژێکافدا هەستێکی زۆری کارتێکردن و ڕۆڵی بەشی کوردیی حزبی شیوعی عێراقیان تیا بەدی دەکرا، کە ئەمەش یارمەتییەکی زۆری پێشکێش بەبەشداربووانی ئەم ڕێکخراوانە کرد لەبواری ڕوونکردنەوەی بارودۆخی سیاسی و هەڵبژاردنی تاکتیکی پێویست. دوای سەرنەکەوتنی دووەمین ڕاپەڕینی بارزان و، هەڵوەشاندنەوەی پارتی ژێکاف، بەشێکی زۆری ئەم گرووپ و پارتییە سیاسییە دیموکراتخوازانەی کورد کە لێک پەرش و بڵاو ببوون، دەیانتوانی ئەو هێزانە لە بزووتنەوەیەکی نەتەوەییی کورد لە عێراقدا یەک بگرن، بەم شێوەیە بیری پێکهێنانی (پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق) (ئازادی) کە بەیاننامە و پرۆگرامەکەی لە کۆتاییی ئەم ڕاپۆرتەدا هاتووە و پێشکێش دەکرێت، ئەم پارتییە دروست بوو. بە وتەی هاووتووێژەکانم بەیاننامە و پرۆگرامی پارتی ئازادی لەلایەن بەشێکی زۆر لە کەسایەتییە پێشکەوتنخوازەکانی کوردی عێراق و، ئەوانەیش کە بەشداری ڕاپەڕینی بارزانییەکان بوون، پێشوازییان لێ کرا، لەو کاتەدا ئەم پارتە خەریکی چالاکی و کار بوو لەبواری ڕێکخستن و وەرگرتنی ئەندامان. لەبەرئەوەی هاووتووێژەکانم لە ئەندامانی سەرەتای دروستبوونی پارتی نوێن و ڕاستەوخۆ خەریکی ڕێکخستنی ئەو پارتییەن و یەکێکن لەوانە، وەک هەمزە کە لە دانەرانی پرۆگرامی ئەم پارتییەن، لەبارەی ژمارەی ئەندامانی ئەم پارتییە بەقسەی خۆیان ژمارەیان بە ئەندامی پاڵێوراوەوە دەگاتە هەزار کەس کە پێویستە باوەڕیان پێ بکرێت، بەڵام لەڕاستیدا چەندایەتیی ژمارەی ئەندامانی پارتی زۆر لەوە کەمترە کە ئەوان باسیان کرد. وتەی هاووتووێژەکانم جێگەی بایەخ و سەرنجە کە دەیانوت بەدروستبوونی ئەم پارتییە تازەیە پێشوازییەکی زۆری لەلایەن کوردە پێشکەوتنخوازەکانی عێراقەوە لێ کرا و، چالاکیی ئەم پارتییە لەوانەیە پەرەبسێنێت و، لە داهاتوودا ببێتە پێگەی گەشەسەندنی بزووتنەوەی کوردی عێراق.

**چالاکیی وڵاتانی سێیەم لەناو کورددا**

ئینگلیز، پێشی شەڕ و لە ساڵانی یەکەمی شەڕدا تەواوی کاروباری کوردیان لە عێراق سپاردبوو بەپرۆفیسۆری ئینگلیزی ئیدمۆنز Edmondis. ناوبراو لە هەمان کاتدا لە خزمەتی دەوڵەتی عێراقیشدا بوو. ئیدمۆنز لەو کاتەدا پلەی مایۆری سوپای ئینگلیزی هەبوو و، شارەزاییەکی باشی لە پێوەندیی ناوخۆی کورداندا هەبوو و، خۆیشی پێوەندییەکی بەربڵاوی لەگەڵدا هەبوون.

ئەدمۆنز زمانی کوردیی بەباشی دەزانی و، شارەزای ئەدەبیات و بەرهەمی نووسراوەی کوردی بوو و، زۆربەی نووسەران و شاعیرانی کورد حیسابیان بۆ بۆچوونەکانی ئیدمۆنز سەبارەت بەم پرسیارانە دەکرد. نیزیکەی سەرەتای سالّی ١٩٤٢ بوو ئەدمۆنز لە کاروباری ڕاستەوخۆی ناو کورددا دوورکەوتەوە؛ بەلاّم هەر لە عێراق مایەوە. لە کۆتاییی سالّی ١٩٤٥دا ئیدمۆنز ڕۆیشت و عیراقی بەرەو ئینگلتەرە بەجێ هێشت.

ماوەیەک لەمەوبەر وەکو هاووتوێژەکانم دەڵێن: بیستوویانە دووبارە ئەدمۆنز بۆ ڕۆژهەلاّت گەڕاوەتەوە و ئێستە لە ئێرانە و، وا بلاّوە، ناوبراو ئێستە لە کرماشانە و لەوێش خەریکی چالاکی نواندنە لەناو کورددا. ئیدمۆنز لە کاروباری کورددا جێی لاین Lyheی گرتووەتەوە. تا کۆتاییی سالّی ١٩٤٤ هەر لەسەر ئەم کارە مایەوە و، دوای ئەوە بۆ ئەفریقیا نێردرا. لاین هەروەها باش لە کێشەی کورد تێگەیشتبوو و، لەگەلّ زۆربەی کەسایەتییە کۆمەلاّیەتییەکانی کورد پێوەندیی هەبوو و، زمانی کوردیشی بەباشی دەزانی. لاین بۆ ڕاکێشانی کەسایەتییەکانی کورد بۆ لای ئینگلیز هەولّ و تێکۆشانی زۆری کرد و، بۆ ئەم کارە لە هەموو شێوازێکی وەک پاڕانەوە و زمانلووسی و کڕین و هەڕەشە سوودی وەردەگرت و نەدەسلّەمییەوە. لەناو کۆمەلاّنی کورددا لاین ڕێزێکی زۆری هەبوو و، کورد حسابیان بۆ بیرو بۆچوونی ئەو دەکرد و گوێیان بۆ شل دەکرد.

دوای لاین ئەرک و کاروباری ئینگلیز لەناو کورددا بە کینگ King درا کە پلەی ئەفسەری سیاسیی Political Offiser هەیە و لە کەرکووک و مووسلّە. کینگ لەچاو لاین و ئیدمۆنز سەبارەت بەناسینی کێشەی کورد لاوازە، بەلاّم ئەویش زمانی کوردی دەزانێ. لە نیوەی دووەمی سالّی ١٩٤٥دا ئینگلیز بانگیان کردەوە. بەلاّم ئێستە چالاکی لەناو کورد بەئەستۆی دوو ڕاوێژکاری سیاسی، واتە پالکۆڤنیک (عەمید) مید Midd لە مووسلّ و جەنەرال ویلّسون Wilson لە کەرکووک سپێردراوە، هەردووکیان زمانی کوردی دەزانن و، لە مێژە لە ئێران کاردەکەن. پێوەندیی ئەوان لەنێوان خۆیاندا بۆ هاووتووێژکارەکانم ڕوونە، ئەوانە دەڵێن: مید زۆربەی لێکۆلّینەوە و کاروباری لەبارەی ناوچە کوردییەکانی سەرسنووری سوریا و تورکیایە، بەلاّم ویلّسون لەبارەی ناوچە سنوورییەکانی ئێران. وەک دەڵێن، دەیەوێت لەبارەی سۆڤیەت و سوپای سۆڤیەتی و ئێران ئاگا و زانینی هەبێت. بەبیروڕای هاووتووێژەکانم دانانی دوو ڕاوێژکاری سیاسیی ئینگلیزی لەباتی یەک کەس لە ناوچە کوردییەکاندا نیشانەی ئەوەیە کە ئینگلیز بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەبارەی کێشەی کورد بەگشتی لەلایەک و، لەلایەکی تر لەبارەی کێشەی کوردی عێراق بەتایبەتی چالاکیی خۆیان زیاد کردووە. هاووتووێژەکانم بەتایبەتی وتیان: دوای ئەوەی ئەو ڕاوێژکارەیان دانا، ئیتر

چالاکیی ئینگلیز لەناو کورددا بەرچاوتر بووە، لە ناوچە کوردییەکانی عێراقدا دوو یاریدەدەری ئەوانە لە هەولێر و ڕەواندوز کار دەکەن، کاپیتان (نەقیب) جاکسۆن -Jack son ی یاریدەری ڕاوێژکاری سیاسی لەمێژە لە هەولێر کار دەکات و، زمانی کوردیش بەباشی دەزانێت.

کاپیتان (نەقیب) ستۆک Stok یش لێزانی کێشەی کوردە و، لە جێی لیتینانت (ملازم) گور Goor هاتووە. بارەگاکەی لە ڕەواندزەوە بۆ دیانە کە گوندێکی ئاسوورییە گواستووەتەوە، گور نەک تەنیا زمانی کوردی، بگرە زمانی ئاسووریش دەزانێت.

ئەرکی ڕاوێژکار و یاریدەرە سیاسییەکانیان بە وتەی هاوتوێژەکانم چەند لایەنەیە، لەلایەکەوە ئەوانە نوێنەری ڕەسمیی دەسەڵاتدارانی ئینگلیز و عێراقن لە ناوچە کوردییەکاندا و، بەکردەوە لەسەر تەواوی کێشەی ڕۆژانەی ژیانی کوردەکان بڕیار دەدەن، یان چارەسەریان دەکەن، وەک دیاریکردنی سنوور لە نێوان هەندێ لە خێڵە کۆچەرەکانی کورد، گێرە و کێشەی نێوان سەرۆک هۆز و خێڵەکانی کورد، کێشەکانی ئابووری و تفاق و خواردەمەنی و...هتد، لەناو کوردەکاندا چارەسەر دەکەن.

لەم بارەیەوە سەرچاوە و پاڵپشتی ئەم ئەفسەرە سیاسییانە کە بەردەوام یاخۆ جاروبار سەردانی سەرکردە گەورەکانی کوردیان دەکرد و، لەم ڕێگەیەوە ئینگلیز ڕۆڵی خۆیان لەناو کورددا ڕادەگرت. بەوتەی هاوتوێژەکانم ژمارەی ئەو جۆرە ئەفسەرانەی ئینگلیز لە کوردستاندا زیاترە لە بیست کەس، زۆربەی ئەفسەرە سیاسییەکان تاڕادەیەکی کەم یان زۆر زمانی کوردی و ئاسووری دەزانن، لەگەڵ ئەرکی بەڕێوەبردنی ناوچە کوردییەکاندا، ئەرکی سیاسیش بەڕێوە دەبەن، یان پێیان ڕاسپێردراون.

ئەوانە لەناو کورددا چالاکانە پروپاگەندە دەکەن و، بۆ ئەم کارە هەم لەناو سەرکردەی هۆز و خێڵەکانی کورد و، هەم لەناو کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و ڕۆژنامەنووس و نووسەر و زاناکاندا کار و چالاکی دەنوێنن و، سوودیان لێ وەردەگرن. ڕاوێژکار و ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز لەگەڵ سەرکردەکانی کورد و کەسایەتییە کۆمەڵایەتییەکاندا وتوویژ و چاوپێکەوتن ئەنجام دەدەن و، پارەیان پێ دەدەن، لەبارەی کێشەکانی جیهان و بارودۆخی ناوخۆی عێراق و، بارودۆخی سیاسی و ئابووریی ئینگلیز قسەیان بۆ دەکەن و، چاپەمەنییان پێ دەدەن.

بەیارمەتی و بەڕێگەی ئەفسەرانی ڕاوێژکار و یارمەتیدەرە سیاسییەکانیان، لەناو کورددا چاپەمەنییەکانی ئینگلیز بڵاودەکەنەوە و، پروپاگەندەیان بۆ دەکرێت و، ئەرکی داوودەزگاکانی پروپاگەندەی ئینگلیز بەڕێوەدەبەن. لایەنی سێیەمی چالاکی و پروپاگەندەی ئەفسەرە سیاسییەکانی ئینگلیز سیخوڕی و زانیاری وەرگرتنە و، زۆرتریش لەبارەی سیاسییەوە وەک هەڵوێستی کۆمەڵانی خەڵک، چالاکی و قورساییی

ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لەباری سیاسی لەناو کۆمەڵانی خەڵک و... هتد. هەموو ئەمانە وەک بڵێی (کاری ڕۆژانەی) ڕاوێژکارانی سیاسی و ئەفسەرانی سیاسیی ئینگلیزە، لەگەڵ ئەمانەیشدا پەیتاپەیتا لە کاتی دەست پێکردنی چالاکیی ئینگلیز لەناو کورددا، هەروەها لە کاتی گەرم بوونی ژیانی سیاسی لە کوردستاندا، وەک سەرهەڵدان، ناهێمنایەتی و ڕاپەڕین و شۆڕش، ڕاوێژکارە سیاسییەکانی ئینگلیز هەوڵ دەدەن کار لە ڕەوتی ڕووداوەکاندا بکەن، هەروەک چۆن لە ڕاپەڕینەکەی بارزاندا بەم کارە هەڵستان. لە بارودۆخێکی ئەوتۆدا ڕاوێژکاری سیاسی گرووپێکی تایبەتی لە ٣-٥ ئەفسەری سیاسی پێک دەهێنن و، هەندێ جاریش بەهێنانی پسپۆری تایبەتی لە بەغداوە ژمارەیان زیاتر دەکەن و، دەچنە ناوچەی ڕووداوەکان. لەم کاتەدا گرووپی ئەوتۆ کە لە سێ تا چوار ئەفسەری سیاسی پێک هاتووە لەسەر سنوور لەگەڵ ئێران، هەوڵ دەدەن کاریگەرییان لە بارودۆخی مەهابادا هەبێت، بە وتەی هاووتووێژەکانم ئەم گرووپە پیاوەکانی خۆیان کە لە کوردەکان پێک هاتوون دەنێرنە مەهاباد و، بەم جۆرە بەبەشی کۆنەپەرست و خێڵەکی کە بەشداریی بزووتنەوەی کوردیان لە مەهابادا کردووە، ناڕاستەوخۆ پێوەندی دەگرن.

بە وتەی هاوتووێژەکانم ڕاوێژکارە سیاسی و ئەفسەرە سیاسییەکان هەمیشە هەوڵیان داوە و زۆریش ویستوویانە دەنگوباسی یەکەتیی سۆڤیەت لەناو کوردی ئێران، هەروەها لە ژیانی کوردی سۆڤیەت و بزووتنەوەی دیموکراتیک لە باکوری ئێراندا ئاگادارین، ئەگەر بێتو دەنگوباسی باش لە بەرژەوەندیی یەکەتیی سۆڤیەت لەناو ئەم یان ئەو خێڵی کورددا هەبێت، دەستبەجێ لەوێ پڕوپاگەندەی ئینگلیز بەهێز دەکرێت و، بۆ ناساندن و ئاشکراکردنی ئەو کەسانەی دەنگوباسی ئەوتۆ بڵاودەکەنەوە هەنگاو هەڵدەگرن. هەم ئەفسەرە سیاسییەکان و، هەم ڕاوێژکارە سیاسییەکان تۆڕی سیخوڕیی خۆیان لەناو کورددا هەیە. ئەم سیخوڕە کوردانە، هەم بەکرێگیراوی بەپارە و، هەم بێ پارەیان هەیە و کاریان بۆ دەکەن و، زیاتر لەو کەسانەن کە لایەنگری سیاسەتی ئینگلیزن، یاخۆ هاوهەستن لەگەڵیاندا. گەرچی پێوەندیی ئەم دەسکیزانە نهێنییە بەڵام زۆربەیان لای کوردەکان ئاشکران و، وەک پیاوەکانی ئینگلیز چاویان لێ دەکەن و، زۆر بەدوورەپەرێزییەوە لەگەڵیاندا دەجووڵێنەوە. بۆ کاری خۆیان لەناو کوردەکاندا ئەم ڕاوێژکارە سیاسییانەی ئینگلیز گەنجینەی تایبەتیی پارەیان هەیە، بەوتەی هاوتووێژەکانم بۆ ڕووداوێکی کتوپڕ یان پەلە ڕاوێژکارە سیاسییەکان پارەیەکی زیاتریش بۆ ئەو کارە دەدەن، چەندایەتیی یاخۆ ژمارەی ئەم پارەیەی ئەم ئەفسەر و ڕاوێژکارانە دەیدەن نازانن، بەڵام دەڵێن؛ کەمخەرجی ناکەن و، شەرمیش لە پارەدان ناکەن. هەروەها هاوتووێژەکانم دەڵێن: ئەوانە سەر بەچەند داوودەزگایەکی جۆربەجۆرن، بۆ وێنە

وەک لای ئەوانە ڕوونە (کـینگ و مـیـد) سـەر بەداوودەزگـای لەشکرین و، (مـلازم گـوریش) سـەر بەدەزگـای پاراستنی (دەزگـای هەواڵگری)ی بەریتـانییـە، سیـخـوڕیی لەشکری لەناو کـوردەکـاندا بەئەسـتـۆی جـەنەراڵ ڕینتن Rentin ە کـە بارەگـاکـەی لە کەرکووکە و، لەگەڵ ئەرکـانی لەشکری دووی سوپای عـێراقدا لە کـەرکووک پێوەندیی هەیە. جەنەراڵ ڕینتن زیاتر خەریکی کێشەکانی سوپاییە، بەڵام لە هەمان کاتیشدا لەناو کورددا چالاکیی پروپاگەندەیی ئەنجام دەدات، ئەویش نەک بۆ کوردی عێراق بگرە کوردی سوریا و بەتایبەتیش بۆ کوردی تورکیایە.

ناوەندی پروپاگـەندەی ئینگلیـز لەناو کـوردی عـێـراقـدا (کۆمـەڵەی پێـوەندییـەکـانی کولتـووریی کـورد و بەریتـانیـا)یە کە ئۆرگـانی چاپەمەنیی خۆی بەناوی (دەنگی گێتی تازە)وە هەیە. بۆ چالاک کردنی ئەم کۆمـەڵەیە ئینگلیز توانیـویانە هەندێ کـەسـایەتیی ناوداری کـۆمـەڵایەتیی کـورد، بەتایبـەتیش مـێـژوونووس و ڕۆژنامـەنووسی بەناوبـانگی کورد سەید حوسێن حوزنی موکریانی کە سـەرنووسەری (دەنگی گێتی تازەیە) بۆ لای خۆیان ڕاکێـشن. هەروەها ئەدیبە بەناوبانگەکانی وەک تۆفیق وەهبی دانەری گەلاڵەی نووسـینی کـوردی بەئەلفـبـای لاتینی و، ڕەفـیـق حـیلمی کـە نووسـەر و وەرگـێـڕێکی بەناوبـانگی کـوردە بۆ لای خـۆیان ڕاکـێشـاوە، (کـۆمـەڵەی پێـوەندییـەکـانی کـولتـووری کوردی- بەریتانی) بەشێکە لە کۆمەڵەی گشتیی (کۆمەڵەی پێوەندییەکانی بەریتانیا- عـێـراق). سـەبارەت بەکـاروباری ئەم کـۆمـەڵەیەوە لە خـوارەوە لە بەشی پروپاگـەندەی ئینگلیزەکان لە عێراقدا نووسیومانە، لقی لە هەموو شارە کوردییەکانی وەکو کەرکووک و سلێمانی و هەولێر و موسڵ و ڕەواندزدا هەیە.

شێـوەی سـەرەکـیی کـاروباری ئەم کـۆمـەڵەیە چاپەمـەنیـیـە و، بەشـێـوەیەکی جـوان و ڕێکوپێک پروپاگەندەی بەهێـزی ئیـمـپـراتۆریەتی بەریتـانیا وەک دەرکـردنی (گـۆڤـار، بەلاڤـۆک، بەیاننامـە، پلاکات، سینەما، پێشـانگە، موحـازەرات و ڕاپۆرت) دەکات، هەروەها بردنی کولتووری ئینگلیزییە بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی و، بۆ ئەم مەبەستەیش کۆمەڵە یارمەتیی فێربوونی زمانی ئینگلیزی بۆ کـوردەکان دەدات. ئەندامانی کۆمـەڵە بواری ئەوەیان هەیە فێری زمـانی ئینگلیـزی بن و، کۆرسی فـێربوونی تایبەتیشیـان بۆ داناون. کتـێب و چاپەمەنی تایبـەتییـان پێ دەدەن و، موحـازەراتی تایبـەتییـان لەسـەر ڕابردووی ئینگلیـز و دەسکەوتە کـولتـوورییـەکـانی ئینگلیـز و هیند بۆ دەخـوێننەوە. بەقسـەی هاوتوێژەکانم کـاروباری ئینگلیـز لە بواری بڵاوکـردنەوەی زمـانی ئینگلیـزی لایەنگر و داخـوازی زۆری لەناو کـورددا هەیە و، کـوردێکی زۆر لە هەمـوو چین و توێژەکانی کۆمـەڵگەی کوردەواری بەتاسەوە خەریکی فـێربوونی زمانی ئینگلیـزین و، کۆمـەڵەی پێـوەندییـەکانی کـولتـووری ئینـگلیـز- کـورد ئەوپەڕی هەوڵی خـۆیان بۆ دابین

کردنی فێربوونی ئەو خەڵکە دەدەن. هاوتووێژەکانم دەڵێن: «لە هەر شوێنێک ٢ تا ٣ کەس بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی پەیدا ببن، مامۆستایەکی تایبەتییان بۆ دادەنێن». لەگەڵ ئەمەیش لە ناوچە کوردییەکاندا، ئینگلیز کاروباری سیخوڕی و پروپاگەندەییش دەکەن، هەروەها لە ڕێگەی چاپەمەنییە کوردییەکانەوە پروپاگەندەی خۆیان دەکەن. بۆ وێنە ئینگلیز توانییان کۆنترۆڵی خۆیان لەسەر کۆنترین ڕۆژنامەی کوردی لە عێراقدا بکەن ئەویش ڕۆژنامەی (ژین)ە کە لە سلێمانی دەردەچێت. سەردەمێکیش ئۆرگانی شێخ مەحمودی حەفید بووە، سەرنووسەری ڕۆژنامەی ژین (پیرەمێرد) یەکێکە لە ڕۆژنامەنووسە بەناوبانگەکانی کورد کە لە ساڵانی دواییی ژیانی خۆیدا لە خەباتی سیاسی دوورکەوتەوە و، هەڵوێستی دژایەتی کردنی ئینگلیزی گۆڕی و، ئێستە ئەویش وەک ئەندامی دەستەی سەرنووسەری ژین، واتە حاجی تۆفیق یەکێکە لەلایەنگران و، بەڕێوەبەرانی سیاسەتی ئینگلیز. هەروەک هاووتووێژەکانم دووپاتیان کردەوە کە چالاکی و پروپاگەندەی هەمەلایەنی ئینگلیز لەناو کورددا بووە بەهۆی لاوازکردنی هەڵوێستی دژی ئینگلیز لەناو کۆمەڵانی کورد و، لە هەمووی گرینگتر کولتووری وتووێژەکانی کورد لەگەڵ کولتووری ئینگلیزی نێزیک دەکاتەوە و، لەگەڵ کولتووری ئەواندا ڕایان دێنن.

هاووتووێژەکانم دەڵێن: هەر لەبەرئەوەیە: (... ئەگەر یەکەتیی سۆڤیەت پێویستی بەکوردە و کۆمەڵانی گەلی کورد بەرامبەر بەسۆڤیەت سۆزیان هەیە، لە هیچ لایەکەوە ئاگەداری و زانیارییان لەبارەی سۆڤیەت پێ ناگات و، ئەگەریش شتێک بزانن، هەندێک زەحمەتە بۆیان تێی بگەن، لەبەرئەوە ئەوانە وا ڕاهاتوون دنیا بەچاویلکەی ئینگلیز تەماشا بکەن...).

ئەمریکا: پروپاگەندەی ئەمریکاییەکان لە عێراق لە ڕێگەی (کۆمەڵەی پێوەندییەکانی ئەمریکا- عێراق)ەوە بەڕێوەدەچێت، کە ناوەندەکەی لە بەغدایە و بایەخێکی زۆر بەرامبەر بەکوردەکان دەنوێنن.

سەرۆکی ئەم کۆمەڵەیە پزیشکێکی ئەمریکایی بەناوی هۆلف Holf ە و پسپۆری نەخۆشییەکانی مێشکە و جوولەکەیە. ناوبراو لە کێشەی کورد ئاگادارە و، نەک تەنیا زمانی عەرەبی بگرە زمانی کوردیش دەزانێت و، لەگەڵ کەسایەتییە بەناوبانگەکانی کورددا پێوەندیی هەیە.

بە وتەی هاووتووێژەکانم بۆ وێنە هالف پێوەندیی لەگەڵ شێخانی بارزاندا هەیە و، لە هەڵوێستی دژی ئینگلیزی ئەوانە پشتیوانی دەکات.

ئەوەی لەم کۆمەڵەیەدا لەسەر کێشەی کورد کار دەکات کاپیتان (نەقیب) ویلسونە Wilson کە زمانی کوردی و عەرەبی دەزانێت، هەروەک هاووتووێژەکانم دەڵێن: ویلسون زمانی کوردی لە ئەمریکا لە هەڵسوکەوت و ئاخاوتن لەگەڵ پەنابەرانی کورد لە

کارگەکانی فۆرد لە دیترویت فێربووە. چاپەمەنییەکی تایبەت بۆ پروپاگەندە بەزمانی کوردی لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە دەرناچێت و، پروپاگەندەیەکی تایبەتی لەناو کورددا بەڕێوەنابەن بەپێچەوانەی ئەو پروپاگەندە گشتییەی لە عێراق دەیکەن. هاوتوێژەکانم دەڵێن: زۆربەی کارەکانی ویلسون سیخوڕییە و، چالاکانە لە ناوچە کوردییەکانی عێراق و ئەو کەسایەتییە سیاسییانەی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا ڕێز و دەنگ و ناویان هەیە لێکۆڵینەوە دەکات.

فەرەنسا: بەپێی ئاگەداری هاوتوێژەکانم فەرەنسییەکان چالاکییەکیی تایبەتیان لەناو کورددا نییە. بەڵام کەنیسەی کاتۆلیکی فەرەنسایی لە مووسڵ تا ڕادەیەک لەناو کورددا کار دەکات، ئەم کەنیسەیە چالاکییەکی بەربلاوی لە بواری پروپاگەندە لەناو مەسیحییە عەرەبەکان و هەروەها فێرکردنی زمانی فەرەنسی دەست پێ کردووە (سەبارەت بەچالاکیی ئەم کەنیسەیە تەماشای بەشی پروپاگەندەی فەرەنسییەکان لە عێراق بکە).

تورکیا: پروپاگەندەکانی تورکیا لەناو کوردی عێراقدا لە چەند کەناڵێکەوە بەڕێوەدەچێت، بەتایبەت لە کەرکووک و هەولێر. یەکێک لە ناوەندەکانی تورکی، بازرگانی تورک لە هەولێر زەویدار (نازم بەگی نەفتچییە) لە لای ناوبراودا لایەنگری کوردە بازرگانەکانی تورکیا بەتایبەتی لە چینی فیۆداڵ کۆبوونەوە دەکرێ.

لەم کۆبوونەوانەدا ڕۆژنامەکانی تورکیا دەخوێننەوە و باسیان لێ دەکەن و گوێ لە ڕادیۆی تورکیاش دەگرن. کۆبوونەوەکەیان لە کۆبوونەوەی فیۆداڵە کوردەکان (دیوەخان) دەچێت، زۆرجار لەوێ کێشەی سیاسی باس دەکەن، ئەو جۆرە کۆبوونەوانە لە (دیوەخانەکان)دا تا ئێستەش لەناو فیۆداڵە کوردەکان لە عێراقدا باوە، تیایدا دەنگوباس و پروپاگەندە و، ئەو کۆبوونەوانەش باس دەکەن کە لەلای نازیم بەگی نەفتچی بەستراون.

ناوەرۆکی پروپاگەندەی تورکەکان بریتییە لە:

– بەهێزیی تورکیا و گرینگی ڕۆڵی گەورەی ئەم وڵاتە لەناو وڵاتانی عوسمانلی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

– ژیریی سیاسەتی تورکیا لە ساڵانی شەڕدا، هاوبەشیی کولتوور و ئایینی کورد و تورک.

چارەنووسی مێژوویی هاوبەشی کورد و تورک: لەم ساڵانەی دواییەدا تورکەکان چالاکیی پروپاگەندەی خۆیان بەهێز کردووە، بەتایبەتی پروپاگەندەی ئەوە دەکەن کە ویلایەتی موسڵیان (زۆر بەنایاسایی) لە تورکیا دابڕیوە و، بەعێراقیانەوە لکاندووە، ئەم ژێر پێ خستنە نەک تەنیا بەرژەوەندیی تورکیا، بگرە هی کوردیشیان لەکەدار کردووە. کورد لە نێوان ئێران و تورکیادا دابەش کراوە، لەبەرئەوە ناتوانن سەربەخۆیی

بەدەست بهێنن، موسڵ و نەوتی موسڵ دەبێ بۆ تورکیا بگەڕێتەوە و، تەنیا لە چوارچێوەی تورکیادا کورد دەتوانن بەمافی خۆیان بگەن، ئەو مافانەی (دوژمنی هەتاهەتایی) کورد، واتە عەرەب نکوولّیی لێ دەکەن.

وەک هاووتوویژکارەکانم دەڵێن: ئاشکرایە پروپاگەندەی ئەم دواییانەی تورک بەدڵی ئینگلیزە و پشتیوانیی لێ دەکەن. چونکە دوژمنایەتیی کۆن و ڕواڵەتییانەی نێوان کورد و عەرەب گەورەتر دەکات و، لە ئاکامیشدا بزووتنەوە لە دژی ئینگلیز لە عێراق لاواز دەکات. جگە لەوەش لە مووسڵ کتێب فرۆشییەکی تایبەتی تورکان بەناوی (مەکتەب ئومێد)ەوە هەیە. کتێب و ڕۆژنامەی کوردی(*) کە لە ئەنقەرە و ئەستانبۆڵەوە دێن، دەفرۆشێت، هەروەها کوردە فیۆداڵەکان، بەتایبەتیش نەوەی کۆن و بەساڵاچوو سەردانی کتێب فرۆشییەکە دەکەن و زۆربەیان فێری پەروەردەی تورکی دەبن. لەم دوو ساڵەی دواییدا تورکیا خەریکی وەرگرتنی لاوە کوردەکانە لە قوتابخانەکانی خۆی لە تورکیا و، ساڵانە ٢٥ تا ٣٠ لاوی کورد لە حیسابی گەنجینەی دەوڵەت لە قوتابخانەکانی ئەنقەرە و ئەستەنبوڵ دەخوێنن. ئەم قوتابیانە هاوینان بۆ پشوودان بۆ ناو خێڵ و هۆزەکانی خۆیان دەگەڕێنەوە و، بۆ بەرژەوەندی و لایەنگیری لە تورکیا پروپاگەندە دەکەن. کاربەدەستە عەرەبەکانی عێراقیش سەرانسۆی پروپاگەندەکانی تورک دەکەن نەبادا پەرە بستێنێت.

پروپاگەندەی تورک لەناو کوردی سوپای عێراقدا لەلایەن جەنەراڵ مستەفا راغیب فەرماندەی لەشکری کەرکووکەوە بەڕێوەدەچێت، چونکە بەلایەنگری لە تورکیا ناوبانگی دەرکردووە.

### چاپەمەنییە کوردییەکان لە عێراق

لە ساڵەکانی شەڕی دووەمی جیهاندا چاپەمەنیی کوردی لە عێراقدا زۆر کەم بوو، هۆیەکەشی وەک هاووتوویژەکانم دەڵێن، بۆ ئەمانەی خوارەوە دەگەڕایەوە:

١- ئەو پارت و گرووپە کوردییانەی تا شەڕی دووەمی جیهان هەبوون، لێک بڵاوبوون و لە ئاکامیدا ئۆرگانە چاپەمەنییەکانیشیان نەما.

٢- رووناکبیرانی کورد، ساڵانی شەڕ هەستیان بەرامبەر بەکێشەی نەتەوەیی لاواز بوو. ژیان پێویستیی کێشە سیاسییەکانی بەگشتی خستە پێش پلانی یەکەمەوە، لەبەر ئەمە خوێندەوارانی کورد بەتاسە و تامەزرۆوە ڕۆژنامە و گۆڤارە گشتییەکانیان بەزمانی عەرەبی دەخوێندەوە و، کەمتر بایەخیان بەچاپەمەنیی کوردی دەدا.

٣- سانسۆری توندی سەردەمی شەڕ نەیدەهێشت چاپەمەنیی کوردی گەشە بکەن.

(*) لەوانەیە کتێب و ڕۆژنامەی تورکی بووبێت نەک کوردی. ئاراس

ئێستە داخوازیی چاپەمەنی چ ڕۆژانە و، چ ناوە ناوە و تەنانەت کتێبی قوتابخانە و...هتد، بەزمانی کوردی لە پەرەسەندندایە، بەڵام بوونی ڕێکخراوێکی پتەوی کۆمەڵایەتی کە توانای دارایی و کادیریی بۆ دەرکردنی چاپەمەنیی ئەوتۆ بەزمانی کوردی هەبێت، هەروەها سیاسەتی چەوتی دەوڵەتی عێراق بەرامبەر بەچاپەمەنیی کوردی دەبێتە هۆی بووژاندنەوە و بەهێزکردنی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد، ئەمانە هەموویان ئەو هیوایانەیان نەهێشتووە تا لەداهاتوویەکی نێزیکدا چاوەڕێی ئەوە بکرێت کە چاپەمەنیی کوردی لە عێراقدا بەشێوەیەکی زۆر زیاتر پەرە بگرێ. کوردەکان بۆ خۆیان چاپخانە (تیپۆگرافیان) نییە، جگە لەیەک دانە کە ئەویش ئینگلیز بە سەید حوسێن حوزنی موکریانیی فرۆشتووە و، پێم وایە ئەویش فرۆشتوویەتیەوە. چاپخانەی عەرەبیش گرانە و، هەمیشەش ناکرێت نووسراوە کوردییەکان کە زمانی کوردی پیتی لە پیتەکانی عەرەبی زیاتر یان پێویستی بەپیتی زیادە هەیە، سوودی لێ وەربگیرێت. ئەمەش بۆ خۆی تەگەرەیەکی ترە لەبەردەم چاپخانەی کوردیدا. بۆیە ژمارەیەکی زۆر لە کەسایەتییە سیاسییەکانی کورد، هەروەها نووسەر و شاعیرانی کورد زۆرجار بەدەستنووس بەرهەمەکانی خۆیان بڵاودەکەنەوە. جگە لەوە زۆربەی خوێندەوارە کوردەکان زمانی عەرەبی دەزانن و، لەم ساڵانەی دواییدا بۆ ژیانی سیاسی سوودیان لە زمانی عەرەبی وەرگرتووە. زاراوە سیاسییەکانی عەرەبی کاری باشیان لەسەر کراوە و زۆر ڕێکوپێکن. هاووتوێژەکانم دەیانوت: «نووسین یان ڕێکخستنی دۆکیومێنتی سیاسی بەزمانی عەرەبی بۆ ئێمە ئاسانترە. لە چاو زمانی کوردی، چونکە بەزمانی عەرەبی پێویست بەوە ناکات بیر بکەینەوە چۆن بیر و هەڵوێست داڕێژین، بەڵام بەکوردی زۆرجار وشە پێویستەکان نادۆزرێنەوە». هەروەها دەیانوت: جگە لەوەش جیاوازییەکی زۆر لەنێوان هەندێ دیالێکتی زمانی کوردی عێراقدا هەیە، ئەمە بۆ خۆی گیروگرفتێکە، هەروەها شێوازی نووسینی عەرەبیش بۆ بەکارهێنانی نووسینی کوردی لەبار و گونجاو نییە، بەڵام خۆشەویستی بۆ زمانی زگماک و هەوڵدان بۆ دەربڕینی بیر و هەستی خۆیان لەناو کورددا بەهێزە. بۆیە هەر کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار و، تەنانەت دەستنووسێکیش ئەگەر بەزمانی کوردی بێت لای کوردەکان زۆر پیرۆز و بەنرخە، ئەو بەرهەمەی بەزمانی کوردی نووسرابن، کوردەکان باوەڕی پێ دەکەن، چونکە بەزمانی زگماکی خۆیان نووسراوە و، ئەوەی بەزمانی کوردی نەنووسرابێت ڕەخنەی لێ ناگرن.

هاووتوێژەکانم وێنەیان دەهێنایەوە، دەیانوت: چاپەمەنییە کوردییەکان زۆرجار کون بەکون دەگوازرێنەوە، زۆر بەئاگەدارییەوە لە هەموو ماڵێکدا هەڵیان دەگرن و، زۆرجاریش گرینگ نییە ناوەرۆکەکەی هەرچییەک بێت. کاتێ تەماشای ڕۆژنامەی (کوردستان)یان دەکرد، کە لە مەهاباد بەزمانی کوردی دەردەچوو، هاووتوێژەکانم

دەیانوت: «بۆ هەر ژمارەیەک لە ڕۆژنامەیەکی ئاوەها لە عێراق هەر کوردێک چ هەژار و چ دەوڵەمەند ئامادەیە پارەیەکی زۆر بدات، ئەویش لەبەرئەوەی بەزمانی کوردی نووسراوە».

ئێستە لە عێراقدا ئەم چاپەمەنییە کوردییانە دەردەچن:

١- (دەنگی گێتی تازە) گۆڤارێکی پروپاگەندەی ئینگلیزە و وێنەدارە، سەرنووسەرەکەی سەید حوسێن حوزنی موکریانییە، چۆنیەتی لە چاپدانیشی پێشتر باسمان کرد.

٢- (ژین) ڕۆژنامەیەکی هەفتانەیە و، پیرەمێرد واتە حاجی تۆفیق سەرنووسەریەتی، ئۆرگانێکی لایەنگری ئینگلیزە، چۆنیەتی و ناوەرۆکی پێشتر باس کرا و، تیراژی ٢٠٠ تا ٢٥٠ دانەیە.

٣- (ئازادی) پێشتر بەناوی (یەکێتی تێکۆشین)ەوە دەردەچوو. ئۆرگانی نهێنیی بەشی کوردیی حزبی شیوعی عێراقە، یوسف سەلمان (فەهد) سەرنووسەریەتی و تیراژی ٤٠٠ تا ٥٠٠ دانەیە.

٤- (گەلاوێژ) گۆڤارێکی مانگانەی کۆمەڵایەتی - زانستی- ئەدەبییە. ئیبراهیم ئەحمەد خاوەن ئیمتیاز و عەلائەدین سەجادی سەرنووسەریەتی، لە کاتی شەڕدا هەڵوێستێکی ئاشکرا و پتەوی لەدژی فاشیزم گرتبووەبەر و بەلایەنگری بۆ بەیەکەتیی سۆڤیەت هەڵوێستی گرتبوو. ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی شیوعی عێراق لەم گۆڤارەدا هاوکاری دەکەن و، تیراژەکەی ٥٠٠ تا ٦٠٠ دانەیە.

**لەبارەی بارودۆخی کورد لە عێراق**

بەشێکی زۆری کوردی عێراق تا ئێستە لەژێر دەسەڵاتی سەرکردەی تایفە و خێڵ و سەرۆکە عورفی و ئاینییەکانی خێڵانی خۆیاندان. ئەم دەسەڵاتە تا ئێستەش زۆر بەهێزە و زۆرجاریش ڕێبازی سیاسیی خێڵەکان لەلایەن سەرۆکی ئەو خێڵانەوە دیاری دەکرێت. دەوڵەتی عێراق پشتیوانی تەواو لە بنیاتی تایفە-خێڵی کورد و دەسەڵاتی سەرکردەی خێڵەکان دەکات و، بەشێوەیەکی ڕەسمی لە (هاوسەنگیی خێڵەکاندا) ڕەنگی داوەتەوە کە هەم خێڵە کوردەکان و هەم خێڵە عەرەبەکان دەگرێتەوە. بەپێی ئەم یاسایە سەرکردەی خێڵ لە چوارچێوەی خێڵی خۆیاندا دەسەڵاتی بەڕێوەبردنیان هەیە کە بەکردەوە خاوەنی خێڵی خۆیانن. ئەم یاسایە لە هەمان کاتیشدا هەندێ مافی ئابووریی بەرامبەر بەئەندامانی خێڵ لە ئاست سەرۆکەکانیان دەدات. زۆرجار لە پەرلەمانی عێراقدا کێشەی گۆڕینی (موازینی یاسای خێڵەکان) هێنراوەتە کایەوە. هەروەها لەم بارەیەشەوە کۆمەڵگەی عێراق زۆرجار داوای گۆڕینی ئەو یاسایەیان کردووە. بەڵام لەژێر

پاڵەپەستۆی داروودەستەی کۆنەپەرستان کە لەلایەن ئینگلیزەوە پشتیوانی دەکرێت، ئەم یاسایە تا ئێستە لەجێی خۆی ماوەتەوە و، جێبەجێ دەکرێت. یاسای خێڵات کە زیاتر بۆ خێڵە کوردەکانە تا ئێستەش زۆربەیان ژیانی کۆچەری و نیمچە کۆچەری بەسەر دەبەن و، بەتایبەت لەناو ئاژەڵداران وەکو خاوەن بەشی سەرەکیی ئابووری، بەڕێوەدەچێت. ئەم یاسایە هەل بەسەرۆک خێڵەکان دەدات ئاژەڵدارەکانیان پێ ببەسترێنەوە. هەبوونی ئەم یاسایە بووەتە هۆکارێکی گەورەی ڕاگرتنی پرۆسەی جێبەجێ کردنی کۆچەرە کوردەکان، لەبەرئەوەی گواستنەوەی ئاژەڵدارە کۆچەرەکان بۆ سەر ژیانی کشتوکاڵی، دەبێتە هۆی کەم بوونەوەی ئاژەڵ و، لە ئەنجامدا بەسترانی ئەو کوردانە بەسەرۆک خێڵانی خۆیانەوە، کەمتر و لاوازتر دەبێت، بۆیە سەرۆکی تایفە و خێڵانی کورد پرۆسەی جێگیرکردنی کۆچەرەکان ڕادەگرن و، لەوە دەترسێن لە مافی ئابووریی خۆیان بێبەش بکرێن. سەرۆک خێڵ و هۆزەکانی کورد زۆرجار لەو هەلومەرجەدا هەوڵ دەدەن دەست بەسەر زەویوزاری خێڵەکەدا بگرن و، خۆیان بکەنە خاوەنی مۆڵکەکان، واش لەو کوردانە بکەن کە ژیانی کۆچەرایەتیان جێ هێشتووە، لەسەر زەویوزارەکاندا کار بکەن و، بەخۆیانەوە ببەسترێن، بۆ وێنە لە عێراقدا جوتیارە وەرزێرەکان زەوی لەئاغاکان بەکرێ دەگرن، بەم شێوەیە مافی ئابووریی خۆیان دەپارێزن، واتە شێوازی نوێی موڵکداری (بەستنەوەی جوتیار بەزەوییەوە) دەگۆڕن.

جوتیاری مام ناوەندیی کورد دوای ئەوەی کرێ بەئاغا و پارە بەدەوڵەت دەدات، سێ یەکی بەرهەمەکەی بۆ دەمێنێتەوە، زۆرجاریش لەوە کەمتری بۆ دەمێنێتەوە، ئەوەیش کە بۆی دەمێنێتەوە هێندە کەمە بەشی ئەوە ناکات ژیانی ساڵانەی خێزانەکەی پێ بەڕێوە ببات. ناچار دەبێت لە ئاغا، نان یان گەنم بەقەرز تا بەرهەمی ساڵی داهاتوو وەربگرێت. بەم شێوەیە دەبێتە دیلی تەواوی خاوەن زەوی و لە ئەنجامیشدا ئاغا زەویدارەکان وەک سەرۆکی خێڵ و هۆز دەمێننەوە.

دەوڵەتی عێراق بۆ جێگیرکردنی کۆچەرە کوردەکان، هەروەها بۆ بەرژەوەندیی سەرۆک خێڵ و هۆزەکان هەنگاو هەڵدەگرێت. بۆ وێنە ساڵی ڕابردوو واتە ساڵی ١٩٤٥ دەوڵەتی عێراق بەدروستکردنی ئاوبەند لەسەر ڕووباری زێی گەورە بەشێکی زۆری لە زەوی نێوان موسڵ و کەرکوک واتە دەشتی قەراج کە هی خێڵە کوردەکانە ئاودێرکرد. ئەو زەوییەی لە ڕێگەی ئاوبەندەکەوە ئاودێر دەکرێت لە نێوان شێخە کوردەکاندا دابەش کرد و، ئەوانیش خێڵەکانی خۆیان وەکو کرێگرتە هێنا و لەوێیان جێگیر کردن.

ئەم هەنگاوەی دەوڵەت لە ڕێگەی چاپەمەنییەکانەوە ڕەخنەی لێ گیرا، بەتایبەتی لەلاپەڕەکانی گۆڤاری بەشی کوردیی حزبی شیوعی عێراق. باری ئابووریی جوتیارانی کورد بەکۆچەر و جێگیرەکانەوە خراپتر بووە، چونکە باری گوزەران دە قات گرانتر بووە،

لەکـاتێکدا نرخی بەرهەمی کشـتوکاڵ هەر لەدابەزیندایە، نرخ تەنیـا لەشـاراندا بەرز بووەتەوە. لێـرەش تەنیـا بازرگـان و زەویدار و خـاوەن بەرهەم کـەلوپەلی زیادەیان بۆ فـرۆشتن هەیە، جـوتیـارانی کـورد خـاوەن بەرهەمـێکی ئەوەندە زۆر نین تا بۆ فـرۆشتن بۆ شاری ببەن. بۆیە ناچار دەبن بەنرخێکی هەرزان بەوردە بازرگانەکانی بفرۆشن.

سەختیی باری ژیانی جوتیارە کوردەکان وای کردووە بەکۆمەڵ بەرەو شار بار بکەن تا کارێک بدۆزنەوە پێی بژین. زۆربەشیان بۆ هەمیشە لەوێ دەمێننەوە، لە ژیانی لادێی دەپچڕێن و، کرێکاری هەڵدەبژێرن. کرێکارە کوردەکان زۆرینەی کرێکارانی پیشەسازیی نەوت پێک دێنن. کـوردێکی زۆریش وەک کرێکاری گواستنەوە و لەبەندەرەکاندا وەک کـۆڵکێش بار لە پاپۆڕەکـان بار دەکـەن. باری ژیانی کـرێکارانی کـورد لەچاو جـوتیـارە هەژارەکاندا زۆر باشترە. بەڵام ژیانی ئەوانیش پڕە لە ناخۆشی و سەختەتی. لەبەرئەوەی زۆربەیان زانیـاریی کـارکردنیـان وەرنەگرتووە، مـووچە و داهاتیـان کـەمـە. لە سـاڵەکـانی شەڕدا هەقدەست یان مـووچەی کرێکاران بەشێوەیەکی مام ناوەندی دووقات زیاد کـرا، لەهەمـان کـاتیـشـدا ژیان لە شـارەکـان ١٠ تا ١٣ قـات گـرانتـر بوو و، لە پێـشـەوەی هەمووشیاندا نرخی پێویستییە سەرەتاییەکانی ژیان گران بوو. هاووتووێژەکانم نازانن ژمارەی کرێکارە کوردەکانی عێراق چەندن، بەڵام دەڵێن لە هەموو بارێکدا لە ١٠ هەزار کەمتر نین.

ئەگەرچی زۆربەی کرێکارانی کورد پێوەندییان لەگەڵ کەسوکاری خۆیاندا ڕاگرتووە و، زۆربەیان ژن و بنەمـاڵەیان هەر لەناو خـێـڵـەکـەی خـۆیاندا بەجێ هێـشـتـووە، لەگـەڵ ئەمـەشدا کاریگەرییەتیی پێوەندیی خێڵـەکیی کـرێکارانی کورد زۆر بەهێز نییـە و، بەگشتی لەژێر دەسەڵاتی سەرکردایەتیی خێڵەکی دێنە دەرەوە. کرێکارانی کورد لە شارە گـەورەکـانی وەک کـەرکـوک، سلێـمـانی، هەولێـر، ڕەواندوز... هتـد، کـار دەکـەن. لەو شارانەدا کە زۆربەی دانیشتوانیان کوردن، بازرگان و کاسبکار و دوکاندار، پیشەساز و ئەو کـەسە ڕووناکبیرانەی کـاری سەربەخـۆ دەکـەن یاخـۆ پسپـۆڕن، پێوەندیی خێڵەکییـان زۆر لاوازە و، دەسـەڵاتی دەرەبەگـە گـەورەکـان تـەنیـا بەناو و شـێـوەیەکی ڕواڵەتین.

لەلایەکی ترەوە کـوردە شـارنشینەکان هەرە چالاکترین توێژی کۆمەڵگەی کوردەوارین. بۆیەش لـەم دواییـیـانە لەناو ئەواندا گـرووپ و هێـزە سیـاسـیـیـەکـان سـەریـان هەڵداوە. بیـروباوەڕ و هەڵوێـستی ئەوانە لەناو چین و توێژەکـانی تری کـۆمـەڵگەی کـوردەواریدا، واتە لەناو جوتیاران و بەشێک لە فیـوداڵە پێشکەوتووەکاندا بلاودەبێتەوە، وەک ئەوەی دامـەزرێنەرانی پارتی ژێکاف کردیان و ئەوەبوو لە ساڵی یەکەمدا گرووپێکی کـەم یان بچـووکی سیـاسـیی ڕووناکـبیـرانی کـورد بوو و، لەم دواییـیـانەدا بوو بـەرێکخـراوێکی جەمـاوەری. ئاشکراشـە بەبێ دەسـتێـوەردانی چالاکیی ئینگلیـز نەیانتـوانیـوە ئەم کـارە بکەن. لەلایەکی ترەوە دەتوانین بڵێین کوردێکی زۆر لەناو سوپای عێراقدا هەن، سوپای

عێراق هەر لەسەرەتای دروست بوونیەوە کوردێکی زۆری لەناودابووە کە ڕۆڵی لەشکری یان خوێندنی بەرزی سەربازییان لە تورکیا بینیوە. جگە لەوە کوردێکی زۆریش، نەک تەنیا دەرەبەگ و فیۆداڵ و بۆرژوا بگرە جوتیارە هەژارەکانیش حەز دەکەن، منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە و فێرگە نیزامییەکان بنێرن. بۆیە بەوتەی هاووتووێژەکانم ئێستە لەناو سوپای عێراقدا نێزیکەی ٢٠٠ ئەفسەری کورد هەیە. ئەم ئەفسەرە کوردانە بەشێکی چالاکیی ڕووناکبیرانی کورد پێک دێنن و، زۆربەشیان هاوهەستی بزووتنەوەی کوردن. هەندێ جاریش بەشداری تێیدا دەکەن، بۆ وێنە لە کاتی ڕاپەڕینەکەی دووەمی بارزاندا.

هاووتووێژەکانم دەڵێن: کوردی عێراق بەگشتی لە کوردی ئێران بەکولتوورترن و کوردە ڕووناکبیرەکانی عێراق لەوەکانی ئێران زیاترن... هتد.

هەروەها ژمارەی قوتابیانی ناوەندی، یاخۆ بەرز و پسپۆریش، واتە ڕووناکبیری مام ناوەندیی وەک مامۆستا و مافناس و ئەفسەر و فەرمانبەر و ڕۆژنامەنووس و... هتد، زیاترن. ڕووناکبیرانی کورد لە چین و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری لە دایک بوونە بەڵام زۆربەیان کوڕە بۆرژوا و کوڕە جوتیارن، ژمارەی خوێندەوارانی کورد بەگوێرەی هاووتووێژەکانم لە چاو کوردی ئێران زیاترە. کۆچەرانی کورد لە چاو ئەوانیتر کولتووریان کەمترە، ئەوانە هەروەک ڕابردوو لە خانووبەرەی کۆن دەژین، گەرچی لەم دواییيانەدا گۆڕانکاری ڕووی داوە و زۆربەی کۆچەران منداڵی خۆیان بۆ قوتابخانە دەنێرن.

**هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە عێراقدا**

هاووتووێژەکانم دەڵێن: کوردی عێراق هێز و وزەیەکی زۆریان بۆ پەرەپێدانی بزووتنەوەی کورد هەیە، هەروەها بیانوو و هۆی زۆرتریشیان بۆ ئەم ڕاپەڕینە هەیە لەپێناو ئەوەی کە بزووتنەوەکە کۆمەڵگەی کوردەواری بگرێتە خۆ. جموجۆڵە ڕەمەکییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری لەم دواییيانەدا بووە بەبزووتنەوە و خەریکە پەرە دەستێنێت، گەرچی لە هەموو شوێنێکدا وەکو یەک نییە. بۆیە ئەم بزووتنەوەیە بیرێکی گشتی نییە. بەوتەی هاووتووێژەکانم ئێستە بزووتنەوەی نەتەوایەتی لە عێراقدا لە ئاڵۆزییەکی تەواو دایە و، تیایدا دوو ئۆردوگا، یاخۆ دوو بۆچوونی جیاواز و دژ بەیەک دەیانەوێت سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بگرنە دەست. سەرکردە خێڵەکییەکانی کورد دروشمی خەبات لەپێناو سەربەخۆیی کوردستان بەبێ کاریگەریەتیی کولتووری ئەورووپا بەرزدەکەنەوە. هاوکات ڕووناکبیرانی دیموکرات و بەشێک لە هێزە پێشکەوتووە بۆرژواکان و، بەشێک لە جوتیار و فیۆداڵە پێشکەوتووەکانی عێراق کە بۆ دیموکراتی کردنی ژیانی کۆمەڵگەی وڵات و لەپێناو ڕزگاربوون لە دەست چەوساندنەوەی ئیمپریالیستی خەبات دەکەن، لە ئۆردوگای هێزەکانی تری عێراقدان و، ئێستە لەناو ئەم هێزەدا جموجۆڵی ژێر پەردە و دروشمی بزووتنەوەی نەتەوایەتی دەبیندرێت و،

چالاکییەکانی خۆیان بەژیانی سیاسیی گشتی عێراقەوە گرێ دەدەن.
هاووتوویژەکانم دەڵێن: ئێمە کاروباری عێراقمان بەلاوە زیاتر گرینگە تاکو کاروباری کوردی ئێران و تورکیا. شتێکی سەرسوڕهێن نییە کە ئێستە کوردەکانی عێراق ناتوانن جارێ لە عەرەبەکان دابڕێن. ئێمە لەم دە ساڵەی دواییدا ژیانێکی هاوبەشی ئابووری و کۆمەڵایەتییەکی زۆرمان پێکەوە هەیە. کوردی عێراق هەندێ جار لەناو کوردی ئێران و تورکیادا هەست بەنامۆیی و بێگانەیی دەکەن، لەبەرئەوەیە دروشمی گشتی، واتە سەربەخۆییی بۆ کوردستان ئێستە زۆر کەس تێی ناگات و سەرەکی نییە. کاتێک دەڵێن: کوردستانی عێراق، ئەوا هەموو کوردێک دەزانێ مەبەست ناوچە کوردییەکانی عێراق دەگرێتەوە، نەک تەواوی ئەو ناوچانەی کوردەکانی ئێران و تورکیای تێدا دەژین.
بەڵام ئەوەشیان وتووە کە کەسایەتیی دەرەبەگ و پیاوە ئاینییەکانی کورد تاکو ئێستەش هێزێکی زۆریان لەناو بزووتنەوەی نەتەوەییی عێراقدا هەیە، ئەوانە لەبەرئەوەی دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریی خۆیان پاراستووە و، کۆمەڵانێکی زۆر لە خەڵکی کورد، بەتایبەتیش کۆچەرەکان، چونکە هێزێکی نیمچە نیزامین و خاوەن چەکن و لە بزووتنەوەی نەتەوایەتیدا خاوەن هێزێکی گەورەن، بەدوایان کەوتوون یان لەگەڵیاندان.
لەگەڵ ئەوەشدا فیوداڵەکان لەبەر دواکەوتوویی سیاسی و هەندێ جار لەبەر تێنەگەیشتنی بارودۆخی سیاسی بەگشتی چیتر ناتوانن بەبێ هاوبەندی لەگەڵ هێزە دیموکراتەکاندا بجوولێنەوە. بۆیە ناچارن لەگەڵ هەڵوێست و ڕێبازی تاخمەکانی بزووتنەوەی دیموکراتیکی کورد ڕابێن، (هەر ڕاپەڕینێکی خێڵە کوردییەکانی عێراق ئەگەربێتو دروشمی سیاسی و ئابووریبیان نەبێت و، لەلایەن دانیشتوانی تری کوردەوە ڕوون و ئاشکرا نەبێت، یاخۆ پێویست نەبن، ئەوا لەلایەن دانیشتوانی تری وڵاتەوە پشتیوانییان لێ ناکرێت). بۆیە بەبۆچوونی هاووتوویژەکانم پێویستە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لەلایەن هێزی هۆشیارەوە بەڕێوە ببرێت و، دروشمی گشتی و لەبار بۆ هەموان هەڵبگرێت، تاکو پێش بکەوێت و پەرەبستێنێت و، ئیتر بەرێرەوی ئاساییی خۆیدا بڕوات. لەم بزووتنەوەیەدا وا پێویست دەکات هەموو چین و توێژەکانی گەلی کورد لەپێناو وەدەست خستنی مافی نەتەوایەتیدا خەباتی خۆیان یەک بخەن، بەڵام نەک لە ڕێگەی دژایەتی کردنی عەرەب، بگرە لە ڕێگەی یەکخستنی کورد و عەرەب بۆ ئەنجامدانی چاکسازییە دیموکراتییەکان لە عێراقدا، کورد تەنیا لەم ڕێگەیە و بەم جۆرە خەباتە دەتوانن بەمافە نەتەوایەتییەکانی خۆیان بگەن. بەوتەی هاووتوویژەکانم لەم بارەیەوە پێویستە:
یەکەم: هەوڵی دروستکردنی پارتێکی دیموکرتخوازی کورد بدرێت کە هەموو هێزە پێشکەوتووەکانی ناو بزووتنەوەی کوردی عێراق لە ڕیزەکانی خۆیدا یەک بخات و

سەرکردایەتیی بزووتنەوەکە بکات.

دووەم: بۆ لاوازکردنی هێزی لەشکری فیـوّدالّەکانی کورد پێویسـتـە ئەم پارتیـیـە پێک بێت.

هاووتوویێژەکـانم هەروەها لـەم بارەیەوە دەڵێن: «ئاغـا و شێـخـەکـانی ئێـمـە بەهێـزن، لەبەرئەوەی چەکـدارن، ئینگلیـز ئاغـا و شێـخـەکـانی ئێـمـە و پیـاوەکـانیـانی چەکـدار کـردوون، ئەمـەش بۆ ئەوەی هەمـوو بزووتنەوەیەکی کـوردی، ناوەڕۆک یان مـۆرکێکی ڕاپەڕینی چەکدارانەی لەگـەڵ تاڵان و کوشتن و ئاژاوەدا پێوە بێت، هەروەها ئەوەشیـان دەوت کە: «هەرچی زووتره چەک لە دەستی ئاغـا و شێخەکانی کوردەوە بکەوێتە دەست کوردی ئاسایی، ئەوەندە زووتر دەسەڵاتی فیوّداڵە کۆنەپەرستەکانی کورد لاواز دەبێت» .

سەبارەت بەدروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردیش لە عێراق، هاووتوویێژەکانم وتیـان: «دروستکردنی پارتێکی نیشتـمانپەروەری وا لە عێراق ئاسان نییە، ئەمە کارێکی زۆر و بێ وچان و وردی دەوێت، مرۆڤ یان هێزێکی وا کە بتـوانێت لە پارتێکی وادا کـار بکات لەناو کـوردی عـێـراقـدا هەیە، بەڵام یەکـیـان نەگـرتووە و هێـشـتـا ئەوە تێ نەگەیشتوون کە دەبێ پێکەوە کار بکەن. بۆ ئەم کارەش پێویستە پێشەکی پروپاگەندە و بانگەشـە بکرێت و، گـرینگی و بایەخی یەکگرتن بۆ گـەیشتن بەئامـانجی ڕزگـاریی نەتەوەیی بۆ هێـزە نیـشـتـمانپـەروەرەکـانی ئێـمە ڕوون بکرێـتەوە. هەروەها پێـویسـتـە پرۆگـرامـێکی ئەوتۆ دابنرێت کـە بتـوانێت یارمـەتیی ڕزگـاریی نەتەوەی کـورد و پێشکەوتنی داهاتووی بدات. ئەمەش کارێکی دژوارە و سەرئەنجام وا پێویست دەکات هێـز و کـەسـانی کـۆنەپەرست لەناو بزووتنەوەکـەدا نەمـێنن، لەبەرئەوەی لەهەر کـات و شوێنێکدا ئەوان بەشداری لە بزووتنەوەکەی ئێمەدا بکەن ئەوا تووشی شکان دەبن، لەم بارەیەوە ئێـمـە ئەزمـوونی شکست خـواردن و نسکۆی دوایین ڕاپەڕینی بارزانییـەکـان لەبەرچاو دەگرین کە شێخ ئەحمەد و دۆستەکانی تووشی هاتن» (*).

سـەبارەت بەکـاریگـەریی بزووتنەوەی کـوردی وڵاتانی تر بەسـەر بزووتنەوەی کـوردی عـێـراقـەوە، هاووتوویێژەکانم وتیـان: «ئێمە بەئاگەدارییەکی زۆرەوە ڕوانیـومانەتە ژیانی کوردی وڵاتانی تر، هەرشێوە سەرکەوتنێکی گەلی کورد دەبێتە هۆی هەژاندن و خۆشیی ئێـمـە. وتیـان: ئێـمـە زۆر حـەز دەکەین بزانین کوردەکـانی سۆڤـیـەت چۆن دەژین. دیارە ئەمـانە مـرۆڤی بەخـتـەوەرن کـە دەتوانن لە بارودۆخـێکی هێـمنانەدا هەبوونی خـۆیان بسـەلمێنن و بژین و هەست بەچەوسـاندنەوەی نەتەوەیی نەکـەن. ئێـمـە زۆر حـەز دەکـەین

(*) ڕاپۆرتنووسانی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی، لە تەواوی ئەم ڕاپۆرتانەی ناو ئەم کتێبەدا لە شێواندنی رووی گەشی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کورد و سەرکردەکانی نەکەوتوون. وشەی (کۆنەپەرست) زۆر بەخۆڕایی دەدرێتە پاڵ هەر کەسێکی کە گوێداری خۆیان نەبووبێ. بلاوکەرەوە: ئاراس.

بزانین لەناو کوردەکانی ئێراندا چی ڕوودەدات، ئاخۆ لەوێ ئۆتۆنۆمییان پێ دەدرێت؛ هەموو ئەم دەنگوباسانە بەعێراق دەگەن و، بەشێوەیەکی ئاشکرا و زیندوو لەناو کوردی عێراقدا باس و تاوتوێ دەکرێن، هەروەها ئەم دەنگوباسانە دەبنە هۆی ئەوەی خەڵکی پتر ڕوو لە بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد بکەن. ژمارەیەکی زۆر کەسایەتیی بزووتنەوەی دیموکراتی کوردی عێراق بەدڵ و دڵسۆزییەوە دەیانتوانی بەشداری خەباتی سیاسی برا کوردەکانی خۆیان لە ئێراندا بکەن. چارەسەری کێشەکەش، تەنیا بەدەستی کوردەکانی ئێران خۆیانە. ئێمە زۆر بەباشی لەمە تێ گەیشتووین. بۆیە بەگەشەکردنی بزووتنەوەی کوردی ئێران خۆشحاڵ دەبین و، لە هەمان کاتیشدا بەوە خەمبار و دڵتەنگ دەبین کە ئەم جۆرە سەرکەوتنە لە عێراقدا نییە».

## هەڵوێستی کوردەکانی عێراق بەرامبەر یەکەتیی سۆڤیەت

«لە عێراقدا زۆر بەکەمی خەڵک ئاگای لە بارودۆخی سۆڤیەتە. ئێمە تەنیا لە ڕێگەی سەرچاوەکانی ئینگلیزەوە ئاگەداری پەیدا دەکەین و، خۆشمان باش دەزانین ئەوەی ئینگلیز لەسەر ئێوە بڵاوی دەکەنەوە، ڕاست نین. لە ساڵەکانی شەڕەوە، خۆشەویستی و ناوبانگی یەکەتیی سۆڤیەت لەناو کوردی عێراقدا بێ ئەندازە پەرەی سەندووە. هەروەها ئێمە دەزانین یەکەتیی سۆڤیەت دوژمنێکی وەکو ئەڵمانیای تێک شکاند، ئەگەر یەکەتیی سۆڤیەت و سوپای سوور نەبوایە ئینگلیز لە مێژبوو لەلایەن ئەڵمانیاوە تێک دەشکا. هەروەها ئێمە دەزانین سۆڤیەت دژی فاشیزم و نەهێشتنی چەوساندنەوەی گەلانی بچووک و بۆ بنەما دیموکراتییەکان خەبات دەکات، ئێمە دەزانین گەلانی یەکەتیی سۆڤیەت دۆستانە دەژین و، زەحمەتکێشانی یەکەتیی سۆڤیەت خۆیان ژیانی خۆیان دروست دەکەن و، ئەم ژیانەی ئێستەشیان خراپ نییە، بەڵام ئێمە ئەم شتانە بەشێوەیەکی گشتی دەزانین، ئەوە نازانین ژیان لەیەکەتیی سۆڤیەت چۆنە و، گەلی سۆڤیەت بەشێوەیەکی کۆنکرێتی چۆن دەژین، ئێمە ئەمە نازانین، تەنانەت بەزەحمەت دەتوانین ئەو جۆرە ژیانە بێنینە بەرچاوی خۆمان، بەلای زۆربەی ئێمەوە، یەکەتیی سۆڤیەت ڕاستییە نەک چیرۆک و وڵاتێکی ئەفسانەیی، وەک ئەوەی لە ئەفسانەکانی ئێمەدا باس دەکرێت».

بەم شێوەیە هاووتووێژەکانم هەڵوێستی کوردی عێراقیان بەرامبەر یەکەتیی سۆڤیەت دەربڕی، پاشان وتیان، نیشانە و میدال و ئەستێرەکانی سۆڤیەتی لەناو کوردەکاندا خۆشەویست و بەنرخن و، کوردێکی زۆریش ئەو نیشانە و میدالیا سۆڤیەتییانە بەپارەیەکی زۆر دەکڕن و، وەک شتێکی بەنرخ هەڵیان دەگرن.

هەروەها ئەوەشیان دەوت کە چۆن لە گۆڤارە کوردییەکانی وەک گەلاوێژ هەندێ وتار سەبارەت بە یەکیتیی سۆڤیەت نووسراوە، هەروەها دەیانوت، کتێبێکی یەکجار کەم

لەلایەن کوردەکانی سۆڤیەتەوە چاپکراون و، لەناو کوردەکانی عێراقدا بڵاوکراونەتەوە، بەڵام ئەمە بەس نییە و بەشێکی کەمی ئەو هیوا و حەزەی کورد بەرامبەر بەیەکەتیی سۆڤیەت دێنێتە دی.

هاووتووێژەکانم بەتایبەتی جەختیان لەسەر ناوبانگی هاوڕێ ستالین کرد و، دەیانوت: «ستالین بۆ ئێمە بەرزترین مرۆڤە. کورد هەر هەموو چ دەوڵەمەند چ هەژار لەو باوەڕەدان کە ستالین تاکە کەسێکە لە دنیا دەزانێ بەختەوەریی مرۆڤایەتی لە چی دایە و، چۆن مرۆڤ بەو بەختەوەرییە دەگات و، بەدەستی دێنێت. ئەگەر کورد بیانزانیایە ستالین بیر لە کورد دەکاتەوە. ئەو کات وایان دەزانی داهاتوویان دابین دەبێت».

لەم بارەیەوە هاووتووێژەکانم پێیان دەوتم: ژمارەکانی ڕۆژنامەی کوردستان کە وتار و وێنەی هاوڕێ ستالینیان پێوەیە بەژمارەیەکی زۆر لەلایەن ئەو کوردە عێراقییانەوە کە هاتبوونە مەهاباد کڕاون و بۆ عێراق نێردراون، ئەوان لەو باوەڕدان کە ئەم ژمارانە وەک یادگارییەک هەڵدەگیرێن.

**هەڵسەنگاندنی بزووتنەوەی نیشتمانیی کورد لە ئێران**

لە ماوەی چەند مانگێک دوای هاتنم بۆ ئێران، هاووتووێژەکانم توانیویانە لە نێزیکەوە شارەزای ژیانی سیاسیی برا کوردەکانی خۆیان لە ئێران بن، هەر بۆیە هەڵسەنگاندنی ڕووداوەکانی کوردستان و هەڵسوکەوت و چۆنیەتیی هەندێک لە کەسایەتییە کوردەکانی ئێران لەلایەن ئەوانەوە زۆر سەرنج ڕاکێشە. سەرەڕای ئەوەیش دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێت کە ئەم هەڵسەنگاندنانە دوور و درێژ و ورد نین و زۆریش تەواو نین. دووەم ئەوانە لە بارودۆخی پەنابەریدا دەژین و، بواری ئەوەیان نەبووە ڕاستەوخۆ بەشداریی ژیانی سیاسی کوردەکانی ئێران بکەن. هاووتووێژەکانم ئاشکرایە زۆرجار لە هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی خۆیان بابەتییانە بوون.

**چۆنیەتیی گشتیی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە باکور-ڕۆژئاوای ئێران**

بەپێی بۆچوونی هاووتووێژەکانم بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە باکور- ڕۆژئاوای ئێراندا یەکگرتوو نییە و، بگرە چەند ڕێبازێکی دژ و دوژمن بەیەکی تێدایە:

أ- کۆچەرە کوردەکانی سەرسنووری تورکیا لە ناوچە کوێستانەکان (بەتایبەت کوردەکانی خێڵی شکاک) دەیانەوێت لە دەسەڵاتی دەوڵەت ڕزگاریان بێت. ئەم هەوڵە بزووتنەوەیەکی ڕەمەکییانەی هەیە و مەبەستێکی سیاسی جیدیی بەدواوە نییە.

ب- هەوڵدانێکی لەو بابەتەش لەناو کوردە کۆچەرییەکانی کوردستانی موکری (ناوچەی مەهاباد)دا دەبینرێت. جگە لەوەش ئەگەر دەستەی یەکەم لە سەرکردە کوردەکانی شکاک پێوەندییەکی لەمێژینەیان لەگەڵ تورکیادا هەبێ، ئەوا سەرکردە کوردەکانی موکریانیش بەدرێژاییی مێژوو مەیلی خۆدانە پاڵ ئێرانیان هەبووە و هەیە و

تەنیا هەوڵیان بۆ لاوازکردنی دەوڵەتی ئێران داوە.
پ- بزووتنەوەی نەتەوەییی دیموکراتی کە لەناو دەستەیەکی زۆر بەکولتووری کوردی مەهاباد و ناوچەکانی دەوروبەری و دانیشتوانی ئەو شوێنانەدا سەری هەڵدا، ئەم بزووتنەوەیە کەم یان زۆر مەبەستێکی سیاسی و ئابووریی لە پێش خۆی داناوە و، دەیەویت ئۆتۆنۆمی بۆ ناوچە کوردییەکانی ئێران بەدەست بێنێت و، بەم شێوەیە لەباری کۆمەڵایەتییەوە کوردستانی نوێ دروست بکات و، سەربەخۆیی ئابووریی بۆ بەدەست بهێنێت.
بزووتنەوەی مەهابادییەکان پێوەندیی بەچالاکییەکانی پارتی ژێکاف لەم ناوچەیەدا و پارتی تودە و، پارتە سیاسییەکانی ترەوە هەیە. ئەم حزبانەش لەم ناوچەیەدا چالاکییان دەگێڕا و، تارادەیەکی زۆریش لەگەڵ بزووتنەوەی نەتەوەییی کوردی عێراق و، بگرە پێکەوەش بەرەوپێش چوون. بۆ وێنە لە کاتی چالاکییەکانی ژێکاف لە ساڵی ١٩٤٤دا ئەم بزووتنەوە کوردییە لەلایەن دەستەیەک لە کەسایەتییە کوردەکانی مەهاباد بەسەرۆکایەتیی قازی محەمەد بەڕێوە دەچوو، بزووتنەوەکە لەلایەن ئەندامە چالاکەکانی بەشی ڕێکخراوی ژێکاف لە مەهاباد و بەدەست پێشخەریی حزبی دیموکراتی کوردستان بووە و ڕێک خراوە.
ڕووداوەکانی ئازەربایجانی ئێران یارمەتیدەری هەڵگیرساندنی بزووتنەوەی نەتەوەییی نوێی مەهاباد بوون. لەم بارەیەوە هاووتوویژەکانم گەرچی جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ڕووداوەکانی ئازەربایجانی ئێران تەنیا وەک هۆکارێکی دەرەکیی بزووتنەوەی نەتەوەییی بەهێزکرد، بەڵام ئەم ڕووداوانە ئەگەر لەگەڵ ڕووداوەکانی کوردستاندا بەراورد بکرێن، دەردەکەوێت زۆر کەم کاریان لەسەر ناوەڕۆکی بزووتنەوەکە کردووە. گۆڕینی پرۆگرامی ژێکاف بەپرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستان بەوتەی هاووتوویژەکانم «گۆڕانکارییەکی سروشتییانەی پێشکەوتنخوازانە بوو تیایدا بەڕوونی داخوازییە نوێیەکانی کۆمەڵگەی کوردەواری دەبینرێت» و، لە ئەنجامی وەرگرتن لە پرۆگرامی بزووتنەوەی نەتەوەییی دیموکراتی ئازەربایجانی ئێران نییە، تەنیا داخوازییە گشتییەکانی هەردوو بەرنامەکە نەبێ سەبارەت بەگەشەپێدانی بزووتنەوەکە لە چوارچێوەی یاسای بنچینەییی ئێران و دان پێدانانی ئەوە کە هەم کوردستان و هەم ئازەربایجان وەک دوو بەش لە ئێران بن. بەوتەی هاووتوویژەکانم، تەنانەت لەو باوەڕەدابوون کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییی لە ئازەربایجانی ئێران ئەم تێزانەی لە مەهابادییەکان وەرگرتووە.
هاووتوویژکارەکانم هەڵسەنگاندنێکی بەرزیان لەسەر ڕووداوەکانی ئەمڕۆی مەهاباد هەبوو، دەیانوت: مەهابادییەکان لەلاواز بوونی گشتیی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئێران و

گەشەکردنی بزووتنەوەی دیموکراتی و ئازادیخواز لە ئازەربایجانی ئێران و ناوچەکانی تری ئێران سوودیان وەرگرت، ئەوەبوو لەبەر بەرەسمی نەناسینی مافی کورد لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە نەیانتوانی بگەنە قۆناغی دروستکردنی دەسەڵاتی دەوڵەتیی تایبەتی خۆیان. ئەم ڕووداوانە بەوتەی هاووتوویژەکانم ڕەنگدانەوەیەکی زۆری لە ناوچە کوردییەکانی تر هەم لە ئێران و هەم لەدەرەوەی ئێران (واتە لە بەشەکانی تری کوردستاندا- هەورامی) دەبێت.

بەوتەی هاووتوویژەکانم، گەورەترین دەسکەوتی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە مەهاباد ئەو پێشهاتەیە کە تیایدا حزبی دیموکراتی کوردستان توانیی بەرەیەکی کۆمەڵایەتیی بەربلاو لە نوێنەرانی چین و توێژەکانی دانیشتووە کوردەکان پێک بێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا هاووتوویژەکانم ئاماژەیان بەهەندێ ڕواڵەتی هۆکاری نالەبار کرد، ئەویش ئەوەیە ڕۆڵی سەرەکی لەم بەرە بەربلاو و گشتییەی خەڵک لە دەستی خاوەن زەوی و بازرگانەکانە کە بەوتەی ئەمان گرەوی سەرکەوتنی بزووتنەوەی دیموکراتی ناکەن. بۆیە هاووتوویژەکانم ئەو ڕاستییەیان ڕوون کردەوە کە سەرکردە کۆچەرییەکانی کورد لە ناوچەکانی دەوروبەرەوە هاتوونەتە ڕیزی بزووتنەوەی مەهابادەوە، هۆی ئەم پێشهاتەش بەوتەی هاووتوویژەکانم بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ناوەرۆکێکی ناسیۆنالیستی بە بزووتنەوەکە دراوە، بۆیە دەچنە ڕیزی ئەم حزبەوە و، کاتێکیش کە چوون هەڵوێستیان لە هەڵسوکەوت و کردەوەکانی حزبی دیموکراتی کوردستاندا دەرکەوت. بۆیە سەرکردەکانی ئەم حزبە، دەبێ بۆ بەشداریی چالاکانە لە بزووتنەوەی دیموکراتی کورد ئەوانە ڕابکێشێت، لەم بەشەی هەڵسەنگاندنەکەیاندا هاووتوویژەکانم ڕوانگەیەکی بابەتییانەی تایبەتیان هەبوو، بۆیە پێوەندییان بە مەهابادییەکانەوە لەبەر ئەو چالاکییە هاوبەشە بووە کە لەناو ژێکافدا هەیانبووە و، بەشێک لەوانە لەبەر هۆی جۆراوجۆر ئێستە ڕۆڵی سەرەکی لە مەهابادا نابینن. جگە لەم هەڵسەنگاندنانەش داخ و پەژارەی خۆیان لەسەر کەموکوڕییەکان دەربڕی. بۆ وێنە: ئاگەداری و بایەخدانی مەهابادییەکان بەرامبەر بەبەشدارانی بزووتنەوەی بارزانییەکان بەگوێرەی پێویست نەبووە.

## ناسنامەی هەندێک لە کەسایەتییە ناودارەکانی بزووتنەوەی نەتەوەییی کورد لە ئێران

١- قازی محەمەد: مرۆڤێکی ژیر و دووربینە و، بەباشی لە بارودۆخی سیاسی تێ دەگات، ڕۆشنبیر و خاوەن بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازە و، قسەزانێکی زۆر باشە و لەبارەی ڕێکخستنەوە بەتوانایە. لەگەڵ ئەوەشدا مرۆڤێکی دەسەڵاتخواز و کورسی پەرست و خۆپەرستە، بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆی لە سەرەوەی کۆمەڵگە دادەنێت لە پێناوی گەیشتنی خۆی بەدەسەڵات کە زۆر باشی لێ نازانێت.

بەوتەی هاووتوویژەکانم کە دەڵێن: «نابێ هەمیشە باوەڕ بەقازی محەممەد و قسەکانی بکرێت، لەگەڵ هەموو کەموکوڕییەکانی قازی محەممەد بەوتەی هاووتوویژەکانم "کەسایەتیەکی هەرە پێشکەوتووخواز و زانای بزووتنەوەی کوردە لە ئێران"».

٢- سەدری قازی: برای قازی محەممەد و نوێنەری ئەنجوومەنی ئێرانە، لەچاو براکەی مرۆڤێکی یەکجار کراوە و دڵ ڕاکێشە، مرۆڤێکی تەواو ڕووناکبیرە، بەڵام لە کێشە سیاسییەکاندا لە براکەی لاوازترە و، بەپێچەوانەی ئەو کەمتر بۆ پایەپەرستی هەوڵ دەدات، بەناوبانگە و لای هەموو کەسێک خۆشەویستە، کەموکوڕیی گەورەی ئەوەیە کە: «زۆر نەرمە و یەکجار زۆریش باریک بین و بچووک بینە».

٣- عومەر خان: سەرۆکی خێڵی شکاکە، زانایە و مرۆڤێکی خاوەن ئەزموونی زۆرە لە ژیاندا، بەباشی کورد دەناسێت، کەم خوێندەواری تەگەرە و کۆسپی سەر ڕێگەی عومەرخانە کە بەباشی لە سیاسەت تێ نەگات و، خۆیشی ئەم شتە دەزانێت. هەروەها عومەرخان مرۆڤێکی دەسەڵاتخوازە. بەڵام جیاوازیی لە نێوان ئەو و قازی محەممەددا ئەوەیە کە عومەرخان مرۆڤێکی بچووک بین نییە، بگرە مرۆڤی شانازی و پیاوچاکییە، لە ڕوانگەی سیاسیشەوە، ناوبانگ و ڕێزی نەک تەنیا لەناو کوردەکانی ئێران، بگرە لەناو کوردەکانی تورکیاشدا هەیە.

٤- زێرۆ بەگ: یەکێک لە سەرکردەی هەرکییەکانە، مرۆڤێکی چالاک و شەڕوانە و، سەرکردەیەکی تەواو لێهاتووە، بەڵام سیاسییەکی خراپە، دووربینیش نییە، لایەنگر و ئامادەی ئاژاوەی سیاسییە، هەڵوێستێکی سیاسیی ڕوونی نییە و، بەئاسانی دەکەوێتە ژێر کاریگەریەتی بێگانەوە.

٥- عەلی خوسرەوی: بازرگانێکی دەوڵەمەندی مەهابادە، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حزبی دیموکراتی کوردستانە، مرۆڤێکی زانا و پێشکەوتنخوازە، ڕۆشنبیر و وڵاتپارێزێکی خوێنگەرمی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردە، لەبواری هەڵوێستی سیاسیدا، لە قازی محەممەد چەپترە، لایەنگری ئاژاوە نییە و پێی خۆشە بەئاشکرایی کار بکات.

٦- شێخ عەبدوڵڵا لەتیف نەهری: فیوٚدالێکی ئایینیی گەورەی کوردستانە، کوڕەزای سەرکردەی بەناوبانگی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد شێخ عوبێدوڵلایە کە ڕێبەرایەتیی ڕاپەڕینی ساڵەکانی هەشتای سەدەی نۆزدەیەمی کرد و، کوڕی شێخ قادرە و ئێستە لەمەرگەوەڕ دەژی، دەسەڵاتی ناوبراو بەسەر زۆربەی کوردەکانی تورکیا و ئێران و عێراقدا دەڕوات، مرۆڤێکی چوست و چالاکە، دڵسۆزێکی دڵگەرمی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردە، هەوڵ دەدات چالاکانە تیایدا بەشداری بکات. لەباری سیاسییەوە مرۆڤێکی کۆنەوانە، بەڵام کوڕەکەی واتە شێخ عەزیز کارتێکردنێکی زۆری بەسەریەوە

هەیە. شێخ عەزیز کاپیتان (نەقیب)ی سوپای عێراقە و، بەشداریی ڕاپەڕینی بارزانییەکان بووە و، بیروباوەڕێکی پێشکەوتنخوازانەی هەیە. شێخ عەبدوڵلا لەتیف خوێندەوارییەکی باشی بەشێوەی ڕۆژهەلاتی هەیە و، چەند زمانێک دەزانێت و، زۆریشی خوێندووەتەوە، بەلام دەربارەی ڕۆشنبیریی ئەوروپایی شارەزاییی کەمترە، هەرچەندە زۆریش بەڕێزەوە دەڕوانێتە کولتووری ئەوروپایی. لە کۆنگرەی حزبی دیموکراتی کوردستاندا کە لە مانگی کانوونی دووەمی ئەمساڵ لە مەهاباد بەسترا، بەوتەی هاووتوویژەکانم خەباتێکی توندوتۆڵ لەسەر سەرکردایەتی کردنی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کورد لە نێوان قازی محەمەد کە بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی مەهاباد و بەشێک لە نوێنەرانی خێڵەکانی مامەش و دیبوکری پشتیوانییان لێی دەکرد، لەگەڵ شێخ عەبدوڵلای نەهری کە لەلایەن نوێنەرانی خێلانی شکاک و هەرکی و زەرزا و بەگزادە و بەشێک لە خێلانی مامەش و، هەندێک لە مەهابادییەکانەوە پشتیوانی لێ دەکرا، هەبوو.

ڕاوێژکاری بەشی حەوتەمی بەڕێوەبەرایەتی بەشی پاراستنی ڕۆژهەلات

کاپیتان (نەقیب) ڤیلیچیڤسکی

***

**پرۆگرامی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق – ئازادی**

I لەبواری سیاسیدا

أ: سەربەخۆیی کوردستان بەم ڕێگەیانەی خوارەوە دێتەدی:

١- دەبێ عێراق لە دەوڵەتێکی یەکگرتوودا ڕێک بخرێت و، کوردستانیش لەژێر ناوی (دەوڵەتی یەکگرتووی دیموکراتی کوردستان) بکەوێتە ناویەوە.

٢- بنەمای پێوەندییەکانی نێوان ئەم دەوڵەتە یەکگرتووە دەبێ بەپێی پەیمانێک بێت کە لە نێوان (دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی) و (دەوڵەتی یەکگرتووی عەرەبی عێراق)دا دەبەسترێت.

٣- دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی دەبێ مافی ئەوەی پێ بدرێت کە لەگەڵ دەوڵەتی کوردی لە ئێراندا پێوەندیی هاوپەیمانی ببەستێت.

٤- دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی دەبێ مافی ئەوەی هەبێت سەربەخۆیانە بەپێی دەستووری دەوڵەتی عێراق پەیمان و پێوەندیی دیپلۆماسی ببەستێت.

٥- لە چوارچێوەی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردیدا، دەبێ ئەم شارانەی خوارەوە هەبن: موسڵ، هەولێر، کەرکوک، سلێمانی، خانەقین.

٦- تەواوی دەسەلات لە دەوڵەتی یەکگرتووی کوردیدا، لە دەستی پەرلەمانی

کوردیدایە کە لەلایەن دانیشتوانی کوردستانەوە بەدەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێن و، سەرۆکی دەوڵەتی کوردیش لەلایەن پەرلەمانی کوردییەوە بەدەنگدانی نهێنی هەڵدەبژێردرێت و، یاسای بنەڕەتیی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردستانیش لەلایەن پەرلەمانەوە پەسند دەکرێت.
٧- دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی هەموو شێوە خۆبەستنەوەیەک بەدەوڵەتانی بێگانە لەژێر ڕکێف و چاودێریدا بەڕەسمی ناناسێت و، ڕەتی دەکاتەوە.
٨- دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی هەوڵ دەدات لەگەڵ هەموو دەوڵەتە دیموکراتییەکانی دنیادا پەیمانی سیاسی و ئابووری و کولتووری و... هتد، ببەستێت.

II لەبواری ئابووریدا
١- پارتی بۆ بەدەوڵەتی کردنی تەواوی کارگە و فابریکەکان و پیشەسازیی نیزامی و سیستەمەکانی ئاودێری و هێڵی ئاسن و ئۆتۆمبێل و گواستنەوەی ئاوی و کانزاییی وڵات هەوڵ دەدات.
٢- پارتی بۆ پێکهێنانی بانکێکی ناوەندیی دەوڵەتی و لەناوبردنی هەموو بانکە تایبەتییەکان و داوودەزگا داراییەکان، هەوڵ دەدات.
٣- پارتی بۆ دروستکردنی بازرگانی و کۆمپانیا و پیشەسازیی ئازاد هەوڵ دەدات.
٤- کەرتی تایبەتی دەبێ لە بواری زەوی و داوودەزگا پیشەسازییەکاندا بمێنێتەوە.
٥- پارتی بۆ لەناوبردنی تریست و کارتێلەکان هەوڵ دەدات.

III لەبواری کۆمەڵایەتی و کێشەی کرێکارانەوە
١- پارتی هەوڵ بۆ ڕێکخستنی یاسایەک دەدات کە پێوەندییەکانی نێوان کرێکاران و خاوەن کارەکان ڕێک بخات.
٢- پارتی بۆ دانانی یاسایەک هەوڵ دەدات کە مووچەی (لایەنی کەم)ی گوزەران بۆ کرێکار و جووتیاران دیاری بکات.
٣- پارتی بۆ دروستکردنی سەندیکای ئازاد و تایبەت بەپیشەکان هەوڵ دەدات.
٤- پارتی هەوڵ دەدات یارمەتی و خزمەتە پزیشکییەکان بەخۆڕایی بۆ دانیشتوان دابین بکات، هەروەها هەوڵ دەدات تۆڕێکی بەربلاوی پزیشکی دروست بکات وەکو دروستکردنی نەخۆشخانە و بنکەی تەندروستی و فریاکەوتنی سەرەتایی و دەرمانخانە.
٥- پارتی بۆ گەشەپێدانی سیستەمی هەرەوەزی و بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ، هەوڵ دەدات.
٦- پارتی هەوڵ دەدات لە ڕێگەی دەنگدانی نهێنییەوە بەڕێوەبەرایەتیی شارەوانییەکان هەڵبژێردرێن و، سیستەمێکی خۆ بەڕێوەبردنیان بۆ دابنێت. هەروەها بۆ بەڕێوەبردنی گوندەکانیش سیستەمی دەنگدانی نهێنی پەیڕەو بکات.
٧- پارتی بۆ دابین کردنی مافی یەکسانیی ژن و پیاو هەوڵ دەدات.

IV لەبواری پەروەردە و ڕاهێناندا

١- دابین کردنی خوێندنی خۆڕایی لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا.

٢- دەبێ خوێندن لە قوتابخانەکانی سەرەتایی و ناوەندیدا بۆ هەموان ئیلزامی بێت.

٣- پارتی بۆ پەرەپێدانی تۆڕی فێرگەکانی خوێندنی باڵا، بەتایبەت لەو بوارانەی بۆ بەڕێوەبەرایەتیی ئابووری و کۆمەڵایەتی و هونەری و... هتد، بەسوود و پێویستن، هەوڵ دەدات.

٤- پارتی بۆ پەرەپێدانی وەرزش، یانە وەرزشییەکان و دانانی پرۆگرامی وەرزشی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا هەوڵ دەدات.

٥- پارتی بۆ پەرەپێدانی ناوەند و فێرگەکانی هونەر و مۆسیقا و ئەدەبیات لە هەموو بوارێکدا هەوڵ دەدات.

٦- پارتی بۆ دروستکردنی باخچەی منداڵان و ڕێکخراوی لاوان و پێشخستنی گەشتەوەری هەوڵ دەدات.

V لەبوارەکانی تردا

١- پارتی دیموکرات پارێزگاری لە بەرژەوەندییەکانی کۆمەڵانی خەڵک و ئەندامانی کۆمەڵ، لە کرێکار و جوتیار و ڕووناکبیر و خاوەن پیشەکان دەکات.

٢- پارتی بۆ جیاکردنەوەی مزگەوت لە دەوڵەت و، دابینکردنی ئازادی بۆ پەیڕەوکارانی ئایینی هەوڵ دەدات.

٣- پارتی پرۆگرامی خۆی لە چوارچێوەی یاسای بنەڕەتی بۆ بەرەو پێش چوون، دەگۆڕێت.

وەرگێڕ: کاپیتان (نەقیب) ڤیلچیڤیسکی

١٩٤٦/٤/١٦

***

وەرگێڕاو لە کوردی و عەرەبییەوە

**بەیاننامەی پارتی دیموکراتی کورد لە عێراق – ئازادی**

لەدوای شەڕی یەکەمی جیهانەوە زۆرجار گەلی کورد هەوڵی داوە سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت، چ لە ڕێگەی ئاشتییەوە، چ لە ڕێگەی نوێنەرانییەوە لە کۆنفرانسی پاریس و، هەم لە ڕێگەی ڕێکخستنی ڕاپەڕینی چەکداران لە دەرسیم و دیاربەکر و سلێمانی و ئامێدی و بارزان.

گەلی کورد بەخوێنی خۆی و لە ڕێگەی هەوڵی پاڵەوانانەی خۆیدا بۆ گەیشتن بەسەربەخۆیی، خۆی پیشانی دنیای پێشکەوتنخواز داوە. چارەنووس هەرچییەک بێت ئاخۆ گەلی ئێمە دەتوانێ بژی، یاخۆ مەترسیی نەمانی لێ بکرێت، ئەوا وەکو ڕابردوو

دەیەوێت سەربەخۆیی خۆی مسۆگەر بکات. گەرچی کورد لەو سەردەمەدا داخوازە ڕەواکانی خۆی خستەڕوو، بەڵام کەس گوێی لە هاواری نەگرت، لەبەرئەوەی وڵاتە زلهێزەکان بۆ سەربەخۆیی و ئازادیی گەلانی بچووک هەوڵیان نەدەدا، بگرە بەپێچەوانەوە هەوڵیان بۆ ئەوە دەدا گەلانی بچووک بخەنە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە و، لەنێوان خۆیاندا دابەشیان بکەن، ئەمە لە کاتی شەڕی یەکەمی جیهانیدا بوو، بۆیە بەبیروباوەڕێکی قووڵەوە دەڵێین؛ ئەم شەڕە، شەڕێکی ئیمپریالیستی بووە و، مەبەستی لە ڕزگارکردنی گەلان نەبوو، لەبەرئەمە لەو کاتەوە تائێستە هاوار و دەنگ و داخوازی گەلەکەمان بێ وەڵام ماوەتەوە.

کۆمەڵگەی نەتەوەکان کە لەپاش برانەوەی شەڕ لەسەر بنەمای پەیمانەکانی ئاشتی دروست بوو، نەیتوانی مافی گەلانی بچووک بپارێزێت و، بەیاننامە و بانگەوازەکانی تەنیا قسەی پووچ و بەتاڵ بوون، هەرچەندە کۆمەڵگەی گەلان بڕیاری دابوو لە ویلایەتی موسڵ ئۆتۆنۆمی بەکوردان بدات، ئەمە لە چوارچێوەی پەیمانی سیڤەردا دیاربوو، بەڵام بەداخەوە پاشان لە پەیماننامەی لۆزاندا گۆڕا، گەرچی بەپێی ئەم پەیمانەش دان بەمافی ڕۆشنبیری و ئۆتۆنۆمی بۆ کوردان نرابوو. ساڵەکانی دوای شەڕ کوێرەوەری و سەختییەکی زۆری بۆ گەلە قارەمانەکەی ئێمە پێ بوو. کوردەکانی عێراق زۆر بەباشی ئەوەیان لە بیرە بۆیە بەردەوام بۆ ئازادی و سەربەخۆیی خۆیان و بۆ لابردنی ڕژێمی دیکتاتۆر و کۆلۆنیالی هەوڵ دەدەن و خەبات دەکەن. دەوڵەتی عێراق دوژمنی داخ لە دڵی گەلی ئێمەیە، چونکە ئەو دەوڵەتە بەپێچەوانەی یاسای بنەڕەتی ڕەفتار دەکات.

دەوڵەتی عێراق ئەو یاسا بنەڕەتییەی لەژێر پێ داناوە و وەڵای ناوە کە عەرەبەکانی عێراق بەخوێنی ڕۆڵە قارەمانەکانی خۆیان لە بەسرە و شارەکانی تردا دەستیان خستبوو.

کوردی عێراق بەهەموو دنیای خاوەن شارستانییەت ڕادەگەیەنێت کە تا ئاخیری، دژی دیکتاتۆری و ئیمپریالیزم خەبات دەکات و، هەموو هێز و توانای خۆی بۆ شەڕێکی پیرۆز لە دژی فاشیزمی ڕەش یەک خستووە.

ئەنجامی شەڕی دووەمی جیهان سەرکەوتنی دیموکراتییەت بوو بەسەر ڕژێمی هیتلەری فاشیستدا، ئەم سەرکەوتنە لە ئەنجامی هەوڵی یەکگرتووی تەواوی گەلانی ئازادیخوازی جیهان بوو. هەموویان لە دەوری کۆمەڵگەی نەتەوەکاندا یەکیان گرتبوو. ئەم سەرکەوتنە لە سایەی بوونی یەکەتیی سۆڤیەتدا بەدی هات، کە لەژێر سەرکردایەتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بوو.

لەم خەباتەدا ئێمەی کورد لەگەڵ نەتەوە یەکگرتووەکاندا بووین و، بەخوێنی خۆمان

چالاکانە بەشداریی شەڕمان کرد و یارمەتی ئەو سەرکەوتنەمان دا. بۆیە ئێمەش بەپێی بەیاننامەی (ئەتلانتیک) داوا دەکەین بەڕەسمی مافە ڕەواکانمان بناسرێن و، دانیان پێدابنرێت. ئێمە داوای ساکارترین مافی خۆمان دەکەین کە خۆی لە سەربەخۆییی گەلی کورددا دەنوێنێ.

ئێمە وەک نوێنەری ڕاستەقینەی گەلی کورد بەهەموو دنیای ڕادەگەیەنین کەوا خەبات لەپێناو وەدەست هێنانی مافی ڕەوای خۆمان لە ئازادی و سەربەخۆییدا دەکەین، هەروەها بەڕاشکاوی ئەوەش ڕادەگەیەنین کە ئێمە هیچ کاتێ دوژمنایەتیی گەلانی عەرەب و تورک و ئێران ناکەین، ئەو گەلانە دۆستی ئێمەن و، بەشانازیشەوە ئەوە ڕادەگەیەنین کە هاوبەندی و یەکەتییەکی پیرۆز و ئابڕوودارانە لە نێوان کورد و عەرەبی عێراقدا هەیە و، دەبێ بەردەوامیش بێت. ڕێزیش لە مافەکانی گەلی عەرەب دەگرین کە خەبات لە پێناو ڕزگاربوون لە زوڵم و ستەمی دیکتاتۆریەت و ئیمپریالیزم دەکات و، ئێمەش ئامادەین لەو پێناوەدا خەباتیان لەتەکدا بکەین بۆ ئەوەی پێکەوە بتوانین دەوڵەتێکی یەکگرتوو لە عێراقدا پێک بهێنین.

ئەی برایانی عەرەب، ئێمە سوێندتان بۆ دەخۆین لەپێناو ئازادی ئێوە و خۆماندا ئاڵای خەبات هەڵبکەین، بۆیە پێویستە ئێوەش هیچ کاتێ بیر لەوە نەکەنەوە کە لوولەی چەکەکانتان ئاراستەی سینگی ئێمە بکەن. ئێمە دۆستی ڕاستەقینەی ئێوەین، بۆیە دەبێ ڕووی چەکەکانتان لە دوژمنان و دەسەڵاتدارانی خۆتان بکەن و، دژی ئەو کەسانە بوەستن کە یارمەتیی چەوساندنەوەی گەلی عەرەب دەدەن، بەتایبەتیش خۆفرۆشانی گەلەکەتان. ئێمە لەپێناو پێکهێنانی دەوڵەتێکی یەکگرتووی ئازاددا بۆ عەرەب و کورد خەبات دەکەین.

ئەی برایانی عەرەب ئێوە لەم خەباتەدا هاوڕێی ئێمەن، ئێمەی نوێنەرانی کورد کە ئەم بانگەوازە مێژووییەمان ئیمزا کردووە و، ئەمە پەیمانی نەتەوەیی ئێمەیە، بەشانازییەوە سوێند دەخۆین کە پابەندی ئەم بەڵێنە پیرۆزەبین.

کۆمیتەی ڕێکخستنی پارتی دیموکراتی کوردی عێراق – ئازادی

وەرگێڕ کاپیتان (نەقیب) ڤیلیچیڤسکی

١٩٤٦/٤/١٦(*)

فونەی ١٧ ئوپیسی ١٢٨ دیلای ١٧٥ ل ٤٦–٧١

***

(*) لە زۆر شوێندا مێژووی وا هاتووە کە مایەی سەرسڕمانن، پارتی دیموکراتی کورد (کوردستان) لە ١٦ ئاب ١٩٤٦ دامەزراوە، چۆن پێش ئەم مێژووە بەیان و پرۆگرامی هەبووە. ئاراس

بەناوی خوای مەزن

نهێنی لە کوردییەوە وەرگیراوە

**پرۆگرامی حزبی دیموکراتی کوردستان**

سەرماوەزی: ١٣٢٤ کانوونی یەکەم: ١٩٤٥، مەهاباد، چاپخانەی کوردستان

I بەشی یەکەم

ماددەی یەکەم: ناوی حزب، حزبی دیموکراتی کوردستانە.

ماددەی دووەم: حزبی دیموکراتی کوردستان لەکاروباری خۆیدا ئەم پرەنسیپانەی خوارەوە ڕەچاو دەکات:

> یاسا، عەدالەت، شارستانیەتی، تەواوی دەستوورەکانی حزبی و ئەو یاسایانەی پەسند دەکرێن، لە سەرەتاوە لەلایەن حزبەوە پەسند دەکرێن و، تەنیا پاش ئەوە، ئامادەی جێبەجێ کردن دەبن.

ماددەی سێیەم: بۆ نیشانەی حزب قەڵەم و گوڵەگەنم دیاری کراون.

II بەشی دووەم

ماددەی چوارەم: مەبەستی سەرەکیی حزب لە کوردستان، وەدەست خستنی زۆربەی مافەکانی خۆبەتی لە چوارچێوەی دەوڵەتی ئێران، ئەویش لە ڕێگەی چەسپاندن و ڕێکخستنی بەڕێوەبەرایەتیی ئۆتۆنۆمی لەو هەرێم و ناوچانەی کە لە سەدەکانی ڕابردووەوە گەلی کوردیان تیادا ژیاوە و، کاریان تیادا کردووە.

بەپێی یاسا دیموکراتییەکان تەواوی ئەو شتانەی لە ناوچەکانی کوردستاندا دەکرێت، دەبێ وەڵامدەری بەرژەوەندیی دانیشتوانی ئەو شوێنانەبن، خێڵ و گرووپە ئاینییەکان بەبێ هیچ سنوورێک و، بەبێ ڕەچاوکردنی ژمارەیان، مافیان هەیە نوێنەر بۆ ئەنجوومەن هەڵبژێرن.

ماددەی پێنجەم: حزب لە کاروباری خۆیدا، ڕێگەی دیموکراتییەت ڕەچاو دەکات و، هەوڵی زۆریش بۆ باشترکردنی گوزەرانی خەڵک دەدات.

ماددەی شەشەم: حزب هیچ هەڵوێستێکی دوژمنانەی بەرامبەر بەدەوڵەتی ناوەندی نییە و، بەرهەڵستکاری هیچ دەوڵەتێکیش نییە. کورد کە تا ئێستە لە ژێر چەوساندنەوەی ئیمپریالیزمی داخ لە دڵ و بەهێزدا ژیاون، تەنیا ئاواتیان ئەوەیە ژیانێکی ئاشتی و هێمنانە بەسەر ببەن و، لە ڕێگەی یاساوە دەیانەوێ بگەن بە مافی ئۆتۆنۆمیی نەتەوەییی خۆیان و تەندروستی و کشتوکاڵی دانیشتوان باش بکرێت.

III بەشی سێیەم

ماددەی حەوتەم: دەبێ تەواو داهات و سامانەکان بەپێی بودجە ڕێک بخرێن و،

چەندایەتیی ئەوانە بەپێی پلان دیاری و دابەش دەکرێن.

ماددەی هەشتەم: دەوڵەت لە یەکەم قۆناغەکانی کاری خۆیدا، دەیەوێت گوزەرانی خەڵکی ناوچەکە باشتر بکات و، پەرە بەداوودەزگاکانی ئابووری و سیاسیی ناوچەکە بدات، بۆیە ناتوانێ لە ٣٠ ٪ی زیاتر لە داهاتی خۆی بەدەوڵەتی ناوەندی بدات.

ماددەی نۆیەم: دەبێ تەواوی داوودەزگاکانی حکوومی، سیاسی، کشتوکاڵی و دەزگا زانستییەکان و...هتد، بەفەرمانبەری کورد پڕ بکرێنەوە، ئەگەر هاتوو ڕاوێژکاری بیانییان بانگ کرد، دەبێ تەواوی بانگ کراوەکان بۆ خزمەتی داوودەزگاکانی کۆمەڵایەتی، دەوڵەتی، دادپەروەری، بەڕێوەبەرایەتی، بارەگایی و، دەزگاکانی کڕین و فرۆشتن بن و، پێوەندیی نێوانیان بەزمانی کوردی بێت.

ماددەی دەیەم: حزب هەوڵی پەرەپێدانی بواری کشتوکاڵی و بەکارهێنانی شێوازی نوێ دەدات، هەروەها هەوڵ دەدات بەروبوومی جووتیاران لە بازاڕەکاندا پتر بفرۆشرێت.

ماددەی یازدەیەم: حزب هەوڵ دەدات لە ڕێگەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکانەوە کوردە کۆچەرەکان نیشتەجێ بکات و، ژیانێکی جێگیر و هێمنانەیان بۆ دابین بکات.

ماددەی دوازدەیەم: حزب لە تەواوی کوردستاندا بەرگری و پشتیوانی لە بەرژەوەندییە سیاسی و ئابوورییەکانی کرێکاران دەکات و، لەم بارەیەوە هیچ جیاوازییەکی نەتەوەیی و خێڵایەتی و ئایینی ناکات، هەروەها هەوڵی باشترکردنی گوزەرانی کرێکاران دەدات.

ماددەی سێزدەیەم: بەمەبەستی پەرەپێدان بەکێشەی پەروەردە، دەبێ خوێندن لە قوتابخانە سەرەتایی و ناوەندییەکاندا بۆ هەموان ئیلزامی و بەزۆری بێت و، زمانی کوردیش لە قۆناغەکانی خوێندندا بەکاربهێنرێت.

ماددەی چواردەیەم: بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی ژیانی گشتی و بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاری، حزب هەوڵ دەدات کۆمەڵەی زانایانی کوردستان و کتێبخانە و کۆبوونەوە و شانۆ و بوارەکانی تیاتر و پەروەردەی یاری کردن داوودەزگایان بۆ دروست بکرێت.

ماددەی پازدەیەم: هەموو کوردە فەرمانبەرەکانی خزمەتگوزاریی دەوڵەتی و لەشکری و مەدەنی، لەگەڵ ئەوانەی، لە داوودەزگاکانی دەوڵەت و بوارەکانی تردا لە ناوچە و هەرێمەکانی تری ئێراندا خزمەت و کار دەکەن، بۆ کوردستان بگەڕێنەوە.

ماددەی شازدەیەم: دەسەڵاتدارانی خۆجێیی دەوڵەت مافی ئەوەیان هەیە، بۆ بەرژەوەندیی خۆیان لەگەڵ هەموو دەوڵەتاندا، بەتایبەتیش لە یەکەم هەنگاودا لەگەڵ دەوڵەتی یەکەتیی سۆڤیەتدا پێوەندیی کولتووری و ئابووری ببەستن.

ماددەی حەڤدەیەم: دەوڵەتی ئۆتۆنۆمی مافی پاوانی خۆی بۆ سوود وەرگرتن و دەرهێنانی سەروەت و سامانەکانی ژێر زەوی لە کوردستاندا هەیە و، هەروەها مافی دەرهێنان و سوود وەرگرتنی لەو کانزایانەشدا هەیە کە تا ئێستە دەستیان لێ نەدراوە،

ئەمانە بەو کەسانە بدرێن کە خوازیاری بەرهەمهێنانیانن.

VI بەشی چوارەم:

ماددەی هەژدەیەم: حزب بۆ گەشەپێدانی کاری بازرگانی تێ دەکۆشێت، بۆ ئەوەی تەواوی دانیشتوانی کوردستان بتوانن بەبێ گیروگرفت و بەنرخێکی هەرزان پێویستییەکانی خۆیان بکڕن.

ماددەی نۆزدەیەم: حزب بۆ پێشکەوتنی بارودۆخی ئابووریی کوردستان و، گەشەپێدانی پیشەسازی لە هەموو شارەکانی کوردستاندا هەوڵ دەدات و، بەم شێوەیە شوێنەواری خراپی خۆبەستنەوە بەئیمپریالیزم لە بواری سامانە سروشتییەکانی کوردستاندا لەناو دەچێت و، داهاتی ئەم سامانانە بۆ خۆمان دەبێت و، دەتوانین باری ژیانی هەموان باشتر بکەین.

ماددەی بیستەم: ژن لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیدا مافی لەگەڵ پیاواندا یەکسان دەبێت.

ماددەی بیست و یەکەم: مافی گەلانی کەمینە وەک ئازەربایجانی و ئەرمەنی و ئاسووری کە لە کوردستاندا دەژین، دەپارێزرێت.

حزبی دیموکراتی کوردستان

وەرگێڕ لە کوردییەوە بۆ ڕووسی: کاپیتان (نەقیب) ڤیلچیڤسکی

١٩٤٦/٤/١٦

***

ناوی کتێب: تەجەسوس و کرێملین لە ساڵانی ٣٠ تا ٥٠

نووسینی: پاڤل ئاناتولۆڤیچ سۆداپلاتۆڤ - مۆسکۆ ١٩٩٦

٥١٠ لاپەڕە- ٧ لاپەڕەی تایبەتە بەکورد

ئەم کتێبە یەکێک لەو کتێبە سەرنج ڕاکێش و پڕ تیرێژەی ئەمڕۆی ڕوسیایە کە ناوبانگی دەرکردووە. بیرەوەریی سەرلەشکر (جەنەرال لیتینانت) لیوای کۆمیسیاریای گەلی لە کاروباری ناوخۆی (وەزارەتی ناوخۆی) سۆڤیەت بەناوی (سۆداپلاتۆڤ، پ-ئا)یە کە یەکێک لە سەرکردەکانی دەزگاکانی ئاسایشی یەکەتیی سۆڤیەت بووە و، بەنهێنی لە دەرەوەی وڵاتدا چالاکیی زۆری نواندووە. نووسەر لە مانگی ١١ی ئەمساڵدا حەوت هەشت ڕۆژێک پێش بڵاوبوونەوەی کتێبەکەی چاوی لێک دەنێ و ماڵئاوایی لە ژیان دەکات. ناوبراو شتی زۆری لە دەستنووسی کتێبەکەی خۆیدا نووسیوە، بەڵام هەموویانی بڵاونەکردووەتەوە، هەندێکی کەوتووەتە بەر سانسۆری دەزگاکانی پاراستن و دەوڵەتی ڕوسیاوە، سۆداپلاتۆڤ پێشانیش لە وڵاتانی ڕۆژئاوا شتی لەم بابەتەی بڵاوکردووەتەوە.

سۆداپلاتۆڤ وەک گەورەترین تێکدەر و تیرۆریست یەکەتیی سۆڤیەت ناو دەبرێ و، ٣٢ ساڵ لە




وێنەی بەرگی «تەجەسوس و کرێملین لە ساڵانی ٣٠ تا ٥٠» نووسینی: پاڤل ئاناتولۆڤیچ سۆداپلاتۆڤ - مۆسکۆ ١٩٩٦

دەزگاکانی ئاسایشی یەکەتیی سۆڤیەت کاری کردووە، واتە لەساڵی ١٩٢١ تا ١٩٥٣. ناوبراو ساڵانی ١٩٣٠ جێگری سەرۆکی بەشی دەرەوەی وەزارەتی ناوخۆی سۆڤیەت بووە و، لە کاتی دووەمین شەڕی جیهانیشدا سەرۆکی بەشی چوارەمی بەڕێوەبەرایەتیی جاسووسی و خراپەکاریی کۆمیساریای گەلیی وەزیری ناوخۆی سۆڤیەت بووە، واتە کۆمیساریای ئاسایشی دەوڵەتی لە (کەی. جی. بی.). ١٥ ساڵ لە زیندانەکانی یەکەتیی سۆڤیەت ژیاوە و، تەنیا لەساڵی ١٩٩٣ پاکانەی سەرلەنوێ بەکارهێنانەوەی بۆ کرا. لیۆنید شبیار شین سەرکردەی تەجەسوسی دەرەوەی کۆمیتەی «کەی. جی. بی»ی یەکەتیی سۆڤیەت لەنێوان ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩١دا دەڵێت: ئەگەر لە تەجەسوسدا ئەفسانە ژیابن سۆداپۆلاتۆڤ بەبێ چەند و چوون یەکێکە لەوانە.

لە پێشەکیی کتێبەکەیدا نووسەر دەڵێ:

من هیچ شک و گومانێکم لەوەدا نییە کە تاخمە دەسەڵاتدارەکانی ڕۆژئاوا نەک تەنیا چاوی بینینی دەوڵەتی ئێمەیان نەبووە، بگرە بەدرێژایی مێژووش بۆ لەناوبردنی، ئەوەی لە دەستیان هاتووە، دریغییان نەکردووە. ناچاربوونی هاوپەیمانییەتی ئەمریکا و ئینگلیز و سۆڤیەت لە شەڕی دژی هیتلەریزمیش لە کاتی شەڕی دووەمی جیهاندا، نەبوو بەپشوودانێک لە دژایەتیی نێوانیان.

شەڕی سارد بەردەوام بوو، هەروەها شتێکی ئاسایی بوو کە زووبەزینی سۆڤیەت بەرامبەر ئەڵمان لە بەرژەوەندیی ڕۆژئاوادا نەبوو، ڕۆژئاوا لەوە دەترسا دەسەڵاتداریەتیی خۆی بەسەر دنیادا لە دەست بدات و، تا کانوونی یەکەم ١٩٩١ هەموو هەوڵێکیان بۆ لاوازکردنی یەکەتی سۆڤیەت بەکارهێنا. ئێستە ئێمە لەژێر ئازاری ئەو پەرۆشیەین کە پێی ناوەتە پلەی نوێوە و برێتییە لە بەربەرەکانی و دژایەتی و هاوکاریی ئێمە لەگەڵ ڕۆژئاوا کە هەموویشی لەسەر ڕۆڵی مێژوویی ڕوسیا وەک یەکێک لە زلهێزەکانی سەردەمی ئێستە وەستاوە. کۆمەڵگەی ڕوسیا ئێستە لە تەنگژەیەکی گشتیدایە، ڕێبەرانی ئەمڕۆی وڵات هەوڵ دەدەن سەرکردەکانی پێشووی سۆڤیەت لەم بارەیەوە تاوانبار بکەن، بەڵام سەرەڕای ئەو کەموکوڕیانەی لە سۆڤیەتی پێشوودا هەبوون، سەرکردەکان ڕۆڵێکی دیاریکراویان لە شانازی و بایەخی وڵاتەکەماندا هەبووە، من بەسوێندی سوپاییی خۆم وەفاداربووم و، تا ئەو دەمەی سۆڤیەت هەبوو بێ دەنگ بووم، بەڵام کاتێک ڕۆڵی ژمارەیەکی زۆر لە دەزگاکانی جاسوسیی دەرەوە و، هەندێ لایەنی سیاسەتی دەرەوە نهێنیی خۆیان لە دەست دا و، ئەو شتانەش کە من باوەڕم پێ هەبوون و خزمەتم کردن نەمان، ئیتر نابێ لەم بارەوە منیش بێ دەنگ بم. بۆیە جگە لە نووسینی بیرەوەرییەکان (ئەویش پاش پرس کردن بەدەزگا دەسەڵاتدارەکانی ئێرە) هیچ ڕێگەیەکی ترم لەبەردەمدا بۆ نەماوە.

***

له سالّی ١٩٤٦ و ١٩٤٧دا دەستە چەکدارەکانی کورد بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی کەوتنە شەڕ لەگەڵ سوپای شای ئێران، ئەوەبوو لەسەر سنووری ئێمە و ئێران هاتنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە و، لە ئازەربایجان جێگیربوون. کوردەکان لە عێراق و ئێران و تورکیادا دەژین و بەرەو ڕووی هەموو شێوە زۆرداری و چەوساندنەوەیەک بوونەتەوە و لە کاتی جموجۆڵە گەرمەکەی ڕێبەرایەتیی تاران بۆ لایەنگری لە ئەڵمان لە نێوان سالانی ١٩٣٩-١٩٤١دا هاتنە ناسین. ئەوەبوو لەو ماوەیەدا ئینگلیز دژی ڕەزا شا سوودیان لە کورد وەرگرت بەلام دوای هاتنی سوپای ئینگلیز و سۆڤیەت بۆ ئێران وازیان لە پشتگیریی ئەوان هێنا.

دەستە شەڕوانەکانی بارزانی کە ئاودیوی سنوور ببوون، ژمارەیان دەگەیشتە دوو هەزار شەڕوان و، ئەوەندەیش ئەندامانی بنەماڵەیان لەگەڵدا بوون(*)، کاربەدەستانی سۆڤیەتی لە پێشان گرتیانن و لە ئۆردوگاکاندا جێیان بۆ کردنەوە. بەلام لە سالّی ١٩٤٧دا ئاباکۆمۆڤ فەرمانی بەمن دا لەگەڵ بارزانیدا پێوەندی بکەم و، پێشنیازی دەربەدەری سیاسی بەو و هەڤاڵەکانی و، پاشانیش جێگیربوونیان لە ناوچە گوندنشینەکانی ئۆزبەکستان لە نێزیک تاشقەنددا بکەم، من بەناوی ماتڤیێوە وەک جێگری یەکەمی ئاژانسی تاس و، نوێنەری ڕەسمیی دەوڵەتی سۆڤیەتی بە بارزانی ناسێندرام، یەکەم جار بوو چاوم بە ئەرسیتوکرات - فیوّدالێکی ڕاستەقینە بکەوێ، بەلام وێڕای ئەمەش بارزانی زۆرتر وەک سیاسییەکی هۆشیار و سەرکردەیەکی بەئەزموون هاتە بەرچاوم. ئەو وتی کورد لەم سەد ساڵەی دواییەدا هەشتا جار لە دژی فارس و عێراق و تورکیا و ئینگلیز ڕاپەڕیون و، زیاتر لە شەست جار داوای یارمەتییان لە ڕوسیا کردووە و، بەگوێرەی پێویست وەریان گرتووە. بۆیە بەوتەی ئەو شتێکی زۆر ئاساییە داوای یارمەتی لە ئێمە بکەن، ئەمەش لەکاتێکی زۆر دژواردایە، بەتایبەتی لەو کاتەدا کە دەسەلاتدارانی ئێران کۆمارەکەی ئەوانیان لەناوبردووە.

بۆ ماوەیەکی کەم تا ئەم ڕووداوانە ڕێبەرانی سەرهەڵداوی کورد کەوتنە داوێکەوە کە شای ئێران بۆی نابوونەوە، ئەوانە بۆ وتوویژ بۆ تاران بانگ کرابوون.

هەر لەوێ گرتیانن و، پاشان هەڵیانواسین، تەنیا بارزانی بوو توانیی لەم کارەساتە خۆی ڕزگار بکات(**). کاتێک شا بارزانیی بۆ وتوویژ بانگ کرد، بارزانی لە وەلامدا

(*) مەبەستی نووسەر لەوانەیە ئەو ژمارەیە بێت کاتێ بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەلات هات، ئەگینا بارزانییەکان کە هاتنە ناوخاکی یەکەتی سۆڤیەت ژمارەیان پێنج سەد و چەند کەسێک بوو. د. هەورامی

(**) نووسەر دەڵێ: سەرکردەکانی کوردی ئێران بۆ وتوویژ بانگ کرابوونە تاران و، لەوێ ڕاگیران و هەڵواسران. هەڵبەتە نووسەر تووشی هەڵەبووە، چونکە جگە لە سەدری قازی کە لە تاران گیرا و، بۆ مەهاباد هێنرایەوە،=

وتوبووی، ئەگەر شا هەندێک لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆی وەکو بارمتە hostage بۆ بارەگای ئەو بنێرێت، ئەوکاتە ئەویش ئامادەی وتووێژ دەبێت(*). لە وتووێژە سەرەتاییەکاندا لەگەڵ شای ئێران، بارزانی هێزەکانی خۆی بۆ ناوچەکانی باکوری ئێران، نێزیکی سنووری یەکەتیی سۆڤیەت نارد، ئێمەش خۆمان بۆ سوود وەرگرتن لە کورد لەپێناو سیاسەتی لاوازکردنی ڕۆڵی ئینگلیز و ئەمریکا لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەتدا هاوسنوور بوون، بەرژەوەندیمان هەبوو. من بە بارزانیم گوت: یەکەتیی سۆڤیەت ئامادەیە خۆی و ئەفسەرەکانی مەشقی زانیاریی تایبەتی لە فێرگە و ئەکادیمیاکانی سۆڤیەتدا ببینن و بەڵێنم پێ دا کەوا ناردنی ئەوان بۆ ئاسیای ناوەڕاست تا کاتی هەڵکەوتنی هەلومەرج بۆ گەڕاندنەوەیان بۆ کوردستان پێ دەگات، ئەمە پرسێکی کاتی دەبێت.

ئاباکۆمۆڤ داوای لێ کردم کە نابێ باقرۆڤ و ڕێبەرایەتی پارتی کۆمۆنیستی ئازەربایجان لە ناوەرۆکی ئەم وتووێژانە لەگەڵ بارزانی، بەتایبەتیش پەسندکردنی ستالین لەبارەی سوودوەرگرتنیان لە بەشداریی خولی ئامادەیی لە فێرگەکانی پەروەردەی سوپایی، ئاگەدار بێ. چونکە باقرۆڤ هەوڵی دەدا لەپێناو تێکدانی بارودۆخی ئازەربایجانی ئێران سوود لە بارزانی و هەڤاڵەکانی وەربگرێت(**)، بەڵام بەبیروڕای

= ئیتر قازی محەمەد و سەیفی قازی هەر لە مەهاباد گیران و، هەر لەوێش لەدار دران. د. هەورامی

(*) پێ ناچێت بارزانی داوای لە شا کردبێت ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆی وەک بارمتە بنێرێتە بارەگای شا، تا مەترسیی گرتن و کوشتنی نەمێنێت، لەبەرئەوەی بارزانی دەسەڵاتێکی ئەوتۆی نەبوو مەرجی وا دابنێت. هەرچەندە بارزانی مەترسیشی هەبووبێ بەڵام زۆر ئازایانە و بەتاکتیک و بەبیانووی پرس پێ کردنی شێخ ئەحمەدی برایەوە و بۆ لێکۆڵینەوەی ئەو مەرجانەی ئێران بۆ بارزانییەکانی دانابوو، خۆی و هەڤاڵەکانی بۆ کوردستان گەڕانەوە، بەم شێوەیەش توانی خۆی لە چنگ ئێرانییەکان ڕزگار بکات. د. هەورامی

(**) نیازە گڵاوەکانی باقرۆڤ لەگەڵ کورد لەم نووسراوەشدا دەردەکەوێ کە تەنانەت نەشی ویستووە کورد فێری زانین و خوێندنی سوپایی و... هتد، بێن، بگرە ویستوویەتی لەژێر چاودێری و دەسەڵاتی ئەودابن، نووسەر دەڵێت: باقرۆڤ نیازی وابووە بۆ ئاژاوەنانەوە لە ئێران سوود لەو کوردانە وەربگرێت. بارزانیش دژی ئەو هەڵوێستە بوو و، لە زۆر جێگەشدا ڕەخنە لە سیاسەتی سۆڤیەت بەرامبەر بەپشت تێ کردنە کۆماری مەهاباد و لە نەهێشتنی گەڕاندنەوەیان بۆ کوردستان دەگرێت. واتە بارزانی هەم لەلایەن باقرۆڤەوە و، هەم لەلایەن ڕێبەرانی سۆڤیەتەوە دەخرێتە ژێر پاڵەپەستۆوە و، وەک لە نووسینەکەی سۆداپلاتۆڤدا دەردەکەوێت سەرکردایەتیی سۆڤیەت ئەوانی بۆ کاتی پێویست هەڵگرتبوو، بۆیە فێربوون و زانینی دەورەی سوپا بۆ کوردەکان بەمەبەستی دروستکردنی هێزێکی خراپەکاری بووە، وەک تەقاندنەوەی لوولە نەوتەکانی ئێران و عێراق، یان لابردنی ڕێژیمێکی وەک ڕێژیمی نووری سەعید کە سەر بەئینگلیز بوو، هەروەها لە شەڕ و بەرامبەر وەستانی نەیارەکان. د. هەورامی

مۆسکۆ بارزانی دەتوانێ لەڕووخاندنی ڕێژیمی سەر بە ئینگلیزی عێراق زیاتر ڕۆڵ ببینێت، لەمەش گرینگتر ئەوەیە، ئێمە بەیارمەتیی کوردەکان دەمانتوانی پیشەسازیی نەوتی موسڵ لە عێراق بۆ ماوەیەکی زۆر لەکار بخەین کە ئەو کاتە پیشەسازیی نەوت لە عێراق ڕۆڵێکی تایبەتی و گرینگی لەجێبەجێ کردنی پلانی کاربەدەستانی سوپایی ئینگلیز و ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، دەریای سپی ناوەڕاستدا هەبوو.

دوای وتوویژ لەگەڵ بارزانی، من بەباڵەفڕە بۆ تاشقەند ڕۆیشتم و، سەرکردایەتیی ئۆزبەکستانم لە هاتنی بەو نێزیکانەی بارزانی بۆ ئەوێ ئاگەدار کرد و، پاشان بۆ مۆسکۆ گەڕامەوە.

بارزانی لەگەڵ دەستە چەککراوەکانی و بنەماڵەکانیان بۆ ئۆزبەکستان نێردران، دوای ٥ ساڵ لە ئاداری ١٩٥٢دا بۆ چاوپێکەوتنی بارزانی لە نێزیک تاشقەند منیان نارده ئۆزبەکستان، ئەمەش بۆ چارەسەری ئەو کێشەیەی هاتبووە پێش. بارزانی لەو بارودۆخەی تیایدا دەژیا نارازی بوو، لە چاوەڕوانییەکی پڕ لە دڵەڕاوکەدا بوو، هەروەها پێوەندیی کاربەدەستانی کۆماری ئۆزبەکستانی بەدڵ نەبوو، ئەو داوای لە ستالین کردبوو، ئەو یارمەتی و بەڵێنانە جێبەجێ بکات کە پێشتر پێیان دابوون. بارزانی جەختی لەسەر پێکهێنانی کەرتە چەکدارەکانی کورد دەکردەوە و، دەیویست دەسەڵات و ڕۆڵی خۆی وەکو جاران لەناو هاوخێڵەکانی خۆی کە بەسەر کەلخوزەکانی دەوروبەری تاشقەند دابەشکرابوون، بپارێزێت و کۆنترۆڵیان بکات(*). چاوپێکەوتن لەگەڵ بارزانیدا لە ماڵێکی هاوینەواری دەوڵەتدا پێک هات. جەنەراڵ زیمسکی وەرگێڕی من بوو، ئەویش وەک بارزانی بەئینگلیزی دەئاخاوت. بارزانی باسی ئەوەی کرد چۆن ئینگلیز و ئەمریکاییەکان بۆ پاڵەپەستۆ خستنەسەر دەوڵەتی عێراق و ئێران و تورکیا ویستوویانە فریوی بدەن.

بەدەستووری ئیگناتیڤی وەزیری نوێی پاراستن پلانێک لەلایەن منەوە ئامادە کرابوو و، بەپێی ئەم پلانە دەبوایە دەستەیەکی تایبەتی هەزار و پێنج سەد کەس لە کورد پێک بێنین بۆ چالاکیی خراپەکاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەروەها دەتوانرا بۆ لەناوبردنی دەوڵەتی نوری سەعید لە بەغدا کە بڕیار بوو لابرێت، سوودیان لێ وەربگیرێت، ئەمە زیانێکی گەورەی لە ئینگلیز و ڕۆڵی ئینگلیز لە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەدا. (بەیارمەتیی کوردان ئەم پلانە لە ساڵی ١٩٥٨دا جێبەجێ کرا. ئەو دەمە من لە زیندان بووم).

(*) بارزانی لە ماوەی مانەوەی دوور و درێژی خۆیدا و، پشتگوێ خستنی و بایەخ پێنەدانی بەگوێرەی پێویست لەلایەن سەرکردەکانی سۆڤیەتەوە و، بەجێ نەهێنانی ئەو بەڵێنانەی پێی درابوون، لە چەند بەڵگەنامە و نامەی بارزانیدا بۆ سەرکردەکانی سۆڤیەت و باقرۆف دەردەکەوێت کە لە سۆڤیەت ڕازی نەبووە. هەورامی.

هەروەها بڕیاربوو کوردەکان ڕۆڵێکی دیاریکراو لە پلانەکانی ئێمەدا ببینن، ئەمەش پێوەندیی بەتێکدانی لوولە نەوتەکانی ناو خاکی عێراق و ئێران و سوریاوە هەبوو. ئەمەش ئەگەرهاتوو کاتێک جموجۆڵ و چالاکیی شەڕ دەستی پێ بکردایە یاخۆ مەترسیی ڕاستەوخۆی هێرشی چەکی ناوکەیی بۆ سەر سۆڤیەت هەبوایە.

بارزانی ئامادەبوو لەگەڵ دەوڵەتی سۆڤیەتیدا پەیمانی هاوکاری لە بەرامبەر دابین کردنی یارمەتی بۆ دانانی کۆمارێکی کوردی لە ناوچە کوردنشینەکاندا- واتە لەبەیەک گەیشتنی سنوورەکانی باکوری عێراق و ئێران و تورکیادا، ببەستێ(*).

گوێم لە بارزانی گرت، لە وەڵامدا وتم: دەسەڵاتی ئەوەم نییە لەسەر پەیمانێکی ئەوتۆ وتووێژ بکەم، بەڵام وتم، ئێمە دژی پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی لە دەرەوە نین، لەو سەردانەمدا یارمەتیدەری بەشی پێوەندییەکانی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت (مان چیخ)م لەگەڵدا بوو کە پێشنیازی دروستکردنی پارتی دیموکراتی کوردستانی بەسەرۆکایەتیی بارزانی کرد(**)، بەبیروڕای مان چیخ ئەم پارتییە دەبوایە تەواوی کاری نوێنەرانی دەوڵەتی بارزانی لە هەموو ناوچە کوردنشینەکاندا هاودەنگ بکات. بارەگای ناوەندیی پارتی بەوتەی ئەو دەبێ لەبەڕێوەبەرایەتیی کەڵخۆزدا بێت کە دەکەوێتە ١٥ کیلۆمەتری دوور لە تاشقەندەوە.

من لەم وتووێژەی ئەواندا هیچ خۆ تێکەڵ کردنێکم نەبوو، بەڵام زۆر بەئاگەدارییەوە گوێم لێیان بوو. کاتێک وتووێژەکە تەواوبوو، بارزانی داوای لێ کردم، چاوم بەئەفسەرەکانی ناوەندی ئەو بکەوێت و، سەردانیان بکەم. کاتێک ئێمە دەرکەوتین ٣٠ کەس لە ژوورێکدا بوون و بەڕێکوپێکی و ئارامی بەشێوەیەکی سوپایی وەستابوون، پاشان وەکو بڵێی دەستوورێکی سوپاییان لەسەر بێت لەسەر چۆک دانیشتن و، خۆیان نێزیکی بارزانی کردەوە و، داوای ماچ کردنی جلوبەرگ و چاکەتەکەیان دەکرد(***)،

(*) بارزانی مەرجی بەرامبەر مەرجەکانی سۆڤیەت داناوە و، وتوویەتی: کاتێک ئامادەی هاوکاری لەگەڵ ئەواندا دەبێت کە سۆڤیەت دەستەبەرێک لە یارمەتیدان بۆ دروستکردنی کیانێکی کوردی دابنێت. هەورامی

(**) حزبی دیموکراتی کوردستان و پارتی دیموکراتی کورد کە هێشتا بارزانی بۆ سۆڤیەتیش نەهاتبوو، لە هەردوو بەشەکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات و باشووردا دروست ببوون، بەڵام ئەوەی لێرەدا سۆداپلاتۆف باسی دەکات لەوانەیە سۆڤیەتییەکان ویستبێتیان نوێی بکەنەوە، یاخۆ حزبێکی گشتی بۆ هەموو پارچەکانی کوردستان پێک بێنن. ئەمە شتێکی ترە و لێرەدا ڕوون ناکرێتەوە. بەبیروڕای من بەپێشنیازکردنی دامەزراندنی دەوڵەتی کوردی لە دەرەوە، یان پارتی دیموکراتی کوردستان، جگە لەسەر هاندانی بارزانی بۆ پێکهێنانی کۆمارێکی کوردی، هیچی تر نەبووە. هەورامی.

(***) ئەوەی ویستوویانە جلوبەرگ و چاکەتەکەی ماچ بکەن، لەوانەیە ڕاست بێت، لەبەرئەوەی ویستوویانە لە پێش چاوی کاربەدەستانی سۆڤیەتی وەفاداریی خۆیان بەرامبەر سەرکردەکانیان پیشان بدەن و، بزانن بارزانی=

شتێکی ئاساییبە تەواوی بیروبۆچوونەکانی من سەبارەت بەکوردستانێکی دیموکرات کە تا ئەو کاتە هەمبوون، یەکسەر بوون بەهەڵم. بۆم ڕوون بووەوە ئەویش یەکێکی ترە لە دەستپێشخەرییەکانی ئایدیۆلۆجیی کاروباری ناو کۆمیتەی ناوەندی لە ستارەی پلوشادە (مەیدانی کۆن- بارەگای کۆمیتەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی یەکەتی سۆڤیەت بوو لەناو مۆسکۆ-ئە.ھ).

لە مانگی نیسانی ١٩٥٢دا بارزانی کە خزم و هاوخێڵەکانی لە دەوری بوون، لە کۆڵخۆزێکی گەورەی تاشقەنددا جێنشین ببوو، لە مۆسکۆ بڕیاری جۆرە ئۆتۆنۆمییەکیان لەوێ پێ درابوو. دەستوور بەوەزارەتی پاراستن درابوو کوردەکان لە فێربوونی سوپاییدا مەشق بکەن، هەروەها پێوەندی بەهاوولاتیانی خۆیان لە دەرەوەدا بکەن. هەوڵدانی ئێمە بۆ دەست پەیداکردن لەناو ئەوانەی کە لە دەوروبەری بارزانیدا بوون، بۆ ڕاکێشان و بەکرێ گرتنیان بوو، بەواتایەکی تر پیاوی خۆمان لەناویاندا هەبێت بەردەوام بوو. لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی پاراستنی بارزانییەکانەوە سەرکەوتووانە ڕێگەمان لێ گیرابوو و نەمانتوانی، کەچی زیمۆڤسکی لە تاقیکردنەوەی زۆری خۆیەوە و بەهۆی پێوەندییەکی زۆری کە لەگەڵ کورداندا هەیبوو توانیی یەکێک لە ئەفسەرەکانی پلەی خوار، کە لە ئەکادیمیای سوپای ئێمە دەرسی دەخوێند ڕابکێشێت، بەڵام پاش گەڕانەوەی بۆ تاشقەند بێ سەروشوێن بوو، هەوڵدانمان بۆ دۆزینەوەی بێ سوود بوو و، بەو ئەنجامە گەیشتین کە بەدەستووری بارزانی لەناو براوە(*).

بەبۆنەی کێشەی کوردەوە من بۆ یەکەمین جار لە کاتی ئامادەکردنی دۆکیومێنت بۆ مەکتەبی سیاسی ئاشنای کاروباری بیروکراتیانەیان بووم. ئیگناتیڤ دەستووری پێ دام لە ژوورەکەی مان چیخدا بمێنمەوە تا ئەو کاتەی بڕیار لەبارەی دۆکیومێنتی پێشنیازەکانی ئێمە لەسەر کێشەی کورد دەدرێت.

ئیگناتیڤ هەمیشە ڕێکوپێک و لەسەرەخۆبوو، بەڵام کاتێک من وتم لە ئوتێلی مۆسکۆ چاوپێکەوتنم لەگەڵ بارزانیدا هەیە، دەستووری پێ دام چاوپێکەوتنەکە بگۆڕێت و، لەسەر تێ نەگەیشتنی گرینگی سیاسیی کێشەکە ئاگەداری کردمەوە و، دەستووری پێ دام، پێش هەموو شتێک پێویستە بەزووترین کات بڕیاری مەکتەبی سیاسی لەسەر

= هەرچی بڵێت هەر ئەوەیە. لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی جارێکی تر بارزانییان لێ دوور نەخەنەوە. پێشنیاز کردنی دەوڵەتێکی ئەوتۆش لە وەڵامی نیازی گەڕانەوەی بارزانی و پێکهێنانی کۆمارێکی کوردی بووە و هیچی تر.

(*) سەبارەت بەکوشتن یاخۆ بێ سەروشوێن کردنی ئەو ئەفسەرە لەلایەن بارزانییەوە، دیار نییە تا چ ڕادەیەک ڕاستە، بۆیە پێویستە ڕوون بکرێتەوە(+). هەورامی.

(+) لە پەراوێزێکی تردا ڕوونمان کردووەتەوە کە ئەم بەسەرهاتە هیچ پێوەندییەکی بەڕاستییەوە نییە. ئاراس.

کێشەی کورد هەبێت(*)، مان چیخ و ئیگناتیف و من بۆ لای مۆلەتۆڤ و ڤیشینیسکی بۆ وەرگرتنی گەلاڵەی بڕیارنامەکە ڕۆیشتین، هەر ئەو کاتە بوو بۆ یەکەمین جار مۆڵەتۆڤ و ڤیشینیسکیم پیر و بێ توانا و ماندوو هاتنە بەرچاو، بەڵام ئەوانە هێندە دەسەڵات و جەختیان مابوو بتوانن خەت بەسەر ئەو بەندەی پرۆتۆکۆڵەکەدا بکێشن کە تیایدا فەرمان بەوەزارەتی دەرەوە درابوو، وتوویژ و لێکۆڵینەوە لەمەڕ کێشەی کورددا بکەن. ئەوانە هەروەها جەختیان لەسەر ئەوە دەکرد کە ئەم کێشەیە دەبێ لە ڕێگەی وەزارەتی پاراستنەوە پێشکێش بەمەکتەبی سیاسی بکرێت و، پاشان لێکۆڵینەوە یا باسی لێ بکرێت، نەک تەنیا بەپێشنیازی هاوبەشی وەزارەتی دەرەوە و ئێمە بێت.

کاتێک ئێمە لەگەڵ ئەفسەرە پاسەوانەکاندا ڕۆیشتین و دۆکیومێنتی گەلاڵەنامەکەمان لە جانتادا هەڵگرتبوو، پێشنیازم کرد من و مان چیخ پێکەوە بۆ لۆبیانکا (ناوەندی کەی.جی.بی) بچین، تا لەوێ تەواوی دۆکیومێنتەکان چاپ بکەین و، ڕوونکردنەوە و ئامۆژگارییەکانی مۆڵەتۆڤ و ڤیشینیسکیش لەبەرچاو بگرین، بۆ ئەم مەبەستە ئیگناتیف ئامادەییی خۆی پێشان دا.

ئا لێرە تێ نەگەیشتنی من لە کارەکە دەستی پێ کرد، ئێمە دەقی بڕیارەکەمان وەک خۆی خستە بەر دەستی ئیگناتیف، ئەویش پەسندی کرد، بەڵام نامەیەکی تر بۆ وەزیر لەگەڵ دەقەکەدا هەبوو کە گرینگیی ئەو نامەیە هیچ لە دەقەکە کەمتر نەبوو، ئەویش ڕوونکردنەوەیەک بوو لەبارەی دەقی بڕیارەکە کە بۆ ئەندامانی مەکتەبی سیاسی نێردرابوو. ئیگناتیف سێ جار جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە لیستی ڕیزکردنی ناوی ئەندامانی مەکتەبی سیاسی بگۆڕین، دەبوایە دۆکیومێنتەکانی ئێمەیان بەدەست گەیشتبایە، تەنانەت لەمان چیخ پرسیاری کردبوو ئاخۆ دەبێ بەگوێرەی پیتەکانی (ئەلف و با) ڕێک بخرێت یاخۆ دەبێ سەرەتا بۆ ئەندامانی کۆمیسیۆنی سیاسەتی دەرەوەی مەکتەبی سیاسی بنێردرێت، بەم جۆرە ناوی خرۆشۆف لە لیستەکەدا دەکەوتە پێش ناوی بۆلگانینەوە، بەڵام ئەی چی لە بیریا بکرایە؟ ئاخۆ دەبوو ناوی ئەویش پێش ناوی مالینکۆف بکەوێ؟ ئەم شتە بچووکانە کە من هیچ ئاگەدارییەکم لێ نەبوون و تێیان نەدەگەیشتم، منیان تووشی سەرسوڕمان کردبوو. بەڵام مان چیخ وەک خاوەن ئەزموونێکی لێهاتوو، ئەرکی ڕێکخستن و ناردنی ئەو نامەیەی لە ئەستۆ گرتبوو کە بڕیار بوو لەگەڵ دۆکیومێنتەکەدا بڕوات و، ئامۆژگارییە پێویستییەکانیشی بە

(*) گەلالّە و ئەو بڕیارنامانەی لەلایەن مەکتەبی سیاسی یان کەی.جی.بی، لەبارەی کێشەی کوردەوە ئامادەکراوە، هیچ بەڵگەیەک تا ئێستە بەدەستەوە نییە، ئاخۆ ئەمانە بۆ هەموو لایەک نێردراون، یان بڕیاری زۆربەیان دراوە، یان بۆچی جێبەجێ نەکراون. د. هەورامی.

ئیگناتیڤ دەدا. تایپیستەکان سەریان لەوە دا سوڕمابوو بۆ دەبێ دەقەکە سەرلەنوێ چاپ بکرێتەوە کە ناوەرۆکەکەی هەر وەکو جاران بوو بەڵام ریز یان ناوی ئەندامەکانی کۆمیتەی ناوەندیی دەوڵەت پێش و پاش دەبوون.

بەهاری ساڵی ١٩٥٣ ڕووداوێکی سەرنج ڕاکێشم هاتە پێش کە لادانێک بوو لە شێوە و چۆنیەتیی نهێنیکاری. بارزانی بۆ کۆنفرانسەکانی ئەکادیمیای سوپایی دەهات کە من خەریکیان بووم، بەڵام ناوبراو جارێکیان منی بەجلوبەرگی جەنەراڵ لیتینانت (لیواوە) بینی، زیرەکانە و بەفێڵ چاوێکی لەمن کرد و، لەرێگەی وەرگێڕەکە، کە ملازمێکی گەنج بوو وتی: زۆر شادم کە لەگەڵ نوێنەرێکی سوپایی وا بەرزی سۆڤیەتیدا پێوەندیم هەیە.

منیش لە وەڵامدا هیوای سەرکەوتن و سوود وەرگرتن و فێربوونی دیسیپلینی سوپاییم بۆ خواست.

دوایین جار بەرێکەوت لە شەقامی گۆرکی چاوم بە بارزانی کەوت، دەمەوکاتی گرتنەکەم بوو، من بەجلوبەرگی سوپاییەوە بووم، ئەو منی دیت ویستی بۆ لام بێت، بەڵام من ئەم چاوپێکەوتنەم لەو بار و زرووفەی تێیدا بووم بەبێ سوود دەزانی و، وام بەباشتر زانی خۆم واپیشان بدەم ئەوم نەدیوە، بۆیە بەپەلە خۆم لەناو قەرەباڵغییەکەدا ون کرد.

بارزانی تابڵێی زیرەک و ژیر بوو، تێ دەگەیشت داهاتووی کورد بەوەوە بەستراوە، دەیویست لە دژایەتی و ململانێی زلهێزەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بەرژەوەندییان هەیە سوود وەربگرێت.

ئەگەر لە دوورەوە چاو لە ڕابردوو بکەین، دەبینین زلهێزەکان بەهیچ شێوەیەک هەوڵی چارەسەری دادپەروەرانەی کێشەی کوردیان نەداوە. چارەنووسی کوردستان بەهۆی بەرژەوەندییەوە هیچ کاتێک لە کرێملیندا بەهەمان شێوەی لەندەن و واشنتۆن لە ڕوانگەی باش و مرۆڤانەوە تەماشا نەکراوە.

هەم ڕۆژئاوا و هەم ئێمەش یەک شتمان بەلاوە گرینگ بوو، ئەویش دەست پێ گەیشتن یاخۆ دەست بەسەرداگرتنی چاڵە نەوتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوو، ئەمەش شتێکی بێ شەرمانە دێتە بەرچاو. سوسلۆڤ کە پاشان ئەرکی کێشەی کوردیان پێی سپاردبوو، بەڵێنی بە بارزانی دابوو لە هەموو بارێکەوە لە خەبات کردندا بۆ وەدەست هێنانی ئۆتۆنۆمی یارمەتیی بدات، بەرامبەر ئەمەش دەبێ ئەو یارمەتیی ڕووخاندنی نوری سەعید لە عێراق بدات. ئەمریکاییەکانیش بەنۆرەی خۆیان بەڵێنی یارمەتییان بە بارزانی دابوو تا بەیارمەتیی ئەو، ڕێبەرایەتیی عێراق کە سەر بە ئینگلیز بوو لابدەن

و، لەجیاتی ئەو پیاوی خۆیان دابنێن. بەڵام لە کاتی ئاڵۆزیدا هەڵوێستێکی چاوەڕوان کراویان گرتەبەر، ئەوەبوو لەگەڵ ئینگلیزدا پێک هاتن، بەکورتی تا ئەو جێگەیەی توانییان یارییان بەچارەنووسی کورد کرد.

لە ساڵانی ۱۹٤۰ تا ۱۹٥۰ نیازی ئێمە برێتی بوو لەوەی کە سوود لە بزووتنەوەی کورد لە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆمان لەگەڵ ڕۆژئاواییەکان لە کاتی شەڕی سارددا وەربگرین، بیری دروستکردنی کۆمارێکی کوردی ڕێگەی لەبەردەم ئێمەدا دەکردەوە پەرە بەسیاسەتی خۆمان لە لاوازکردنی جێ پێی ئینگلیز و ئەمریکاییەکان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بدەین. بەڵام توێژێکی زۆر لە دانیشتوانی کورد لەم سیاسەتەدا کە دژی ئینگلیز و ئەمریکا لەناوچەکەدا بەڕێوەدەچوو بێ لایەن بوون و بەلایانەوە گرینگ و سەرنج ڕاکێش نەبوو. تا ناوەڕاستی پەنجاکان، کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیدا تاکە هاوپەیمانی ئێمە بوون، کاتێک ڕێژیمی نوری سەعید لە ئەنجامی کودەتایەکی سوپایی (بەیارمەتیی ئێمە) ڕووخا، ئێمە هاوپەیمانانی وەکو عێراق و سوریا و میسرمان دەست کەوت کە لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەکانی جیۆپۆلیتیکیی یەکەتیی سۆڤیەتەوە زۆر لە کورد گرینگتر بوون. عێراق و سوریا لە سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی ئێمە و دژایەتیی ڕۆژئاوا لەم ناوچە نائارامەدا ڕۆڵێکی گەورەیان بینی(*). تراجیدیای بارزانی خۆی و گەلەکەی لەوەدابوو کە یەکەتیی سۆڤیەت و ڕۆژئاوا (تاڕادەیەکیش دەوڵەتانی عەرەب و ئێران) لە ڕوانگەی بەرژەوەندییەوە، کوردیان وەک بەهێزێکی تۆقێنەر یان بابەتێکی سەودا و مامەڵە لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ دەوڵەتانی تورکیا و ئێران و عێراقدا سەیر دەکرد. چارەسەرکردنی ژیرانەی کێشەی کورد ئۆتۆنۆمییە بەدەستەبەرێکی نێونەتەوەیی، هەرچەندە سنووردداریش بێت.

لەڕاستیدا کەس، نە ڕۆژئاوا، نە وڵاتانی عەرەبی نایانەوێت چاڵە نەوتەکانی مووسڵ بکەونە ناوخاکی دەوڵەتێکی سەربەخۆی کوردەوە یان لەژێر کۆنترۆڵی ئەودا بێت.

(*) ئەو دۆستانەی نووسەر باسیان دەکات وەک عێراق و سوریا و میسر، دەتوانم بڵێم: ڕاستە بەڕواڵەت دۆستی ستراتیجی بوون. (لەڕوانگەی سۆڤیەتەوە نەک لە ڕوانگەی ئەو وڵاتانەوە)، بەڵام لەڕاستیدا ئەوانە هیچ کاتێک دۆستی سۆڤیەت نەبوون. لێرەدا کارم بەوەدا نییە کە چەکی سۆڤیەتیان کڕیبێت یان لە بەرژەوەندیی سۆڤیەت دژی ڕۆژئاواییەکان جوولابنەوە، بەڵام ئەی کوا دروشمەکانی نێونەتەوایەتی و پشتیوانی لە گەلانی چەوساوە! جگە لە کورد، هێزە چەپ و دیموکراتییەکانیش لەو وڵاتانەدا بوونە قوربانیی ئەو سیاسەتە کە تا ڕووخاندنی سۆڤیەتیش بەردەوام بوو. کوردەکەیش بەلاساری هەر سۆڤیەتی بەدۆستی خۆی دەزانی تا دوایین ڕۆژی هەبوونی دەوڵەتی سۆڤیەت. بەڵام سۆڤیەت نەیویستووە ئەو کوردەی تا ساڵانی پەنجا تاکە هاوپەیمان و دۆستی بووە لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ببێتە هاوبەندێکی ستراتیجیو، مخابن پشتگوێی دەخا. هەورامی.

ساڵی ١٩٦٣ کاتێک نێوانی ئێمە و دەوڵەتی قاسم ئاڵۆز بوو و، نەتەوەپەروەرەکانی عێراق هاتنە جێی قاسم، من ئەو کاتە لە زیندان بووم، بەپێی ئەو دەرفەتەی کاتی خۆی لەگەڵ بارزانییدا بۆم هەڵکەوتبوو، پێشنیازی خۆمم نارد، ئاگادار کرامەوە کە پێشنیازەکانی من لەلایەن کاربەدەستانی سۆڤیەتەوە پەسندکراون و، یارمەتیی چەک و تەقەمەنییان بۆ کورد ناردووە، تا بتوانن لە وڵاتی خۆیاندا بەرگریی سوپای سەرکوتکەری عێراقی بکەن، بەڵام هەوڵی ئێمە بۆ ئەوەی کورد بکەین بەهاوپەیمانێکی ستراتیجیی خۆمان و، بتوانین لە ڕووداوەکانی عێراقدا ڕۆڵ بگێڕین، سەرکەوتوو نەبوو.

***

## پاشەکی

بەگشتی نووسەر دان بەوەدا دەنێت کە ئینگلیزیش یاریی بە کورد کردووە، تەنانەت کاتێک بۆیان دەرکەوت ڕەزا شای دۆستیان خەریکە لە ئەڵمانیای نازی نێزیک دەبێتەوە (پێش شەڕی دووەمی جیهان) ئەوەبوو کوردیان لە دژی ڕەزا شا هان دا، بەتایبەتی لە ناوچەی کرماشان و عیلام و لوڕستان و هەورامان و مەریوان، لە ڕێگەی کونسوڵ و پیاوە عەسکەری و جاسووسەکانەوە بەتایبەتیش لە ڕێگەی عێراقەوە هانیان دان پێوەندی بەهەندێ سەرکردەی هۆز و خێڵ و ناودارانی کوردەوە بکەن. بەتایبەتی ئەوانەی پاش ڕاکردنی ڕەزا شا لە زیندان ئازادبوون و پارە و چەکیشی بەهەندێکیان دا و، بەڵێنی زۆریشی پێ دان، بەڵام بەرنامەیەکی گشتی یان سیاسییان بۆ کێشەی کورد، چ لە ئاستی کوردستان بەگشتی و، چ لە ئاستی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا نەبوو. کاتێکیش سوپای ئینگلیز و سۆڤیەت هاتنە ئێرانەوە، لە سنە بەرەوخوار کە لەژێر کۆنترۆڵ و کاریگەرییەتیی ئینگلیزدا بوو، هیچ بەرنامەیەکی ئەوتۆیان بۆ کوردەکان نەبوو، بگرە کوردیان تەنیا بۆ پاڵپشتیی خۆیان و بەهێزکردنی پێگەی خۆیان لە ناوچەکەدا بەکارهێنا و، لەلایەکی ترەوە بۆ ئەوەی نەوەکا بکەونە ژێر کاریگەرییەتیی سۆڤیەت و لەگەڵ کوردەکانی ژێر کۆنترۆڵی ناوچەی سۆڤیەتدا، واتە لە سەقز بەولاوە یەک بگرن، ئەوەبوو پاشی شەڕ ئینگلیز، کە کەین و بەینیان لەگەڵ دەسەڵاتدارانی تاراندا هەبوو، لەژێر ناوی یەکەتیی خێڵانی ڕۆژئاوای ئێراندا، ئەو کوردە چەکدارانەیان ڕێک خست، تا لەگەڵ سوپای ئێراندا بۆ ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد و، سەرکوتکردنی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد سوودیان لێ وەرگرن، هەر واشیان کرد.

لەلایەکی ترەوە، بارزانی و هەڤاڵەکانی بۆ گوندەکانی ئازەربایجانی سۆڤیەت نێردران نەک بۆ شاران و نەک پێدانی دەرفەتی خوێندن و جێگە و ڕێگەی باش و، وەک پەنابەری سیاسی وەرنەگیران. ئەگەر ئەم کردەوە بخەینە ئەستۆی باقرۆڤی

ڕەگەزپەرستەوە، ئەی بۆچی دەسەڵاتدارانی پایەبەرزی سۆڤیەت لە مۆسکۆ نەیانتوانی پێش لە باقرۆڤ بگرن؟

دەگێڕنەوە گوایا جارێک باقرۆڤ، بارزانی بانگهێشتن دەکات و، خوانێکی باشی بۆ دەڕازێنێتەوە، بەڵام بارزانی دەم لە هیچ نادات و، بە باقرۆڤ دەڵێت: چۆن من لێرە میوانداربیەکی وادا نان بخۆم، لە کاتێکدا هەڤاڵەکانم لە برسێتی و نەخۆشی و پرش و بڵاویدا دەژین؟

نووسەر دیارە پاش تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر بەسەر ڕووداوەکاندا، بیرەوەرییەکانی خۆی نووسیوە، لێرە ڕوونکردنەوەیەک هەیە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێت، نووسەر دەڵێ: لە کاتی وتووێژی بارزانی لەگەڵ کاربەدەستانی ئێراندا، توانیی هەندێک لە هێزەکانی خۆی لە سنووری سۆڤیەت نیزیک بکاتەوە. ئەمە ڕاست نییە، بەپێی ئەو ڕاپۆرتانەی کە سۆڤیەتییەکان سەبارەت بەڕووداوەکانی پاش ڕووخاندنی کۆماری مەهاباد نووسیویانە، بارزانی پاش چەندین شەڕی گران و چوونە ناو خاکی عێراق و، گەڕانەوەی و، هەروەها چوونە ناو خاکی تورکیا و دیسان گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات کە هەمووی شەش مانگی پێ چوو، ئینجا توانییان خۆیان لە سنوورەکانی سۆڤیەت نێزیک بکەنەوە.

نووسەر دیسان دان بەوەدادەنێت کە بۆیە دەرفەتی ئەوەیان دا بارزانی بێتە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتەوە تا لە کاتی پێویستدا بۆ بەرژەوەندیی خۆیان دژی ئینگلیز و ئەمریکا بەکاری بێنن نەک بەهۆی لێقەومانی گەلی کورد و، یارمەتیدانیان بۆ درێژەدانی بەخەبات و، ڕزگاریی گەلی کورد. هەروەها لەلایەکی تردا دەڵێت: هەم ئێمە و هەم ڕۆژئاواییەکان سوودمان لە کوردەکان وەک هێزێکی بەکار و تۆقێنەر وەرگرتووە.

د. هەورامی

***

### هەندێک سەرنج لەبارەی کتێبەکەی کوڕی سۆداپۆلاتۆڤ

ناوی کتێب: ژیانی نهێنیی جەنەراڵ سۆداپۆلاتۆڤ.

نووسینی: کوڕە گەورەی سۆداپۆلاتۆڤ- بەناوی ئەندرێ سۆداپۆلاتۆڤ

کتێبەکە دوو بەرگە و، بەگشتی ١٦٠٠ لاپەڕەیە و، ساڵی ١٩٩٨ لە مۆسکۆ چاپ کراوە. نووسەر دەڵێ: "ڕاستی و ناڕاستی لەئەستۆی باوکمە، ئەم نووسراوە و ئەوەی لەسەر باوکم نووسراوە، تا ئەو جێگەیەی توانیومە پەرەم زیاتر پێ داوە و، ڕوونکردنەوەم لەسەر نووسیوە. خوێنەر دەتوانێت لە ڕێگەی دۆکیومێنت و بەڵگەی نوێ و شاهیدی ڕووداوەکان و، هەروەها ئەوانەی لە نێزیکەوە باوکمیان دەناسی، جگە لە بیرەوەرییەکانی خۆم لەگەڵ باوکم و وتووێژەکانم لە ساڵانی ڕابردوو لەبارەی کێشە و بابەتی

هەمەڕەنگ، بەبابەتەکە ئاشنا ببێت". هەروەها نووسەر لەم کتێبەدا سوودی لە بەڵگە و دۆکیومێنتی ئەرشیفەکانی یەکەتیی سۆڤیەتی پێشوو و، ئەرشیفی بنەماڵەی خۆیان لەگەڵ ژمارەیەک وێنە وەرگرتووە.

وەرگێڕ بەبێ دەستکاری ئەوەی پێوەندیی بە بارزانی و کورد هەبووە پێشکێش خوێنەرانی کوردی دەکات، گرینگیی ئەم نووسراوە لەوەدایە کە سیاسەت و هەڵوێستی سۆڤیەت بەرامبەر بەکێشەی کورد و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتیان لەگەڵ ئەو کوردانەی بەسەرۆکایەتیی بارزانی هاتنە سۆڤیەت، دەردەخات. ئەم بابەتە پێویستی بەشیکردنەوەیە و، خوێنەرانی بەڕێز دەتوانن بەنووسراوەکەی باوکی، واتە پاڤیل ئاناتولیڤیچ سۆداپڵاتۆڤ لە پێشدا ئاشنا ببن و، ئەم وەرگێراوەش درێژەدەر یاخۆ تەواوکەری وەرگێڕاوی پێشووە، جگە لەوەش جارێکی تر هەڵوێستی دەوڵەتی سۆڤیەت وەک لە بەڵگەنامەکانی تردا هاتووە، بەرامبەر بەکێشەی کورد و کەسایەتیی بارزانی دووپات دەکاتەوە، یاخۆ دەربڕینێکی ترە بۆ سەلماندنی سیاسەتی نامرۆڤییانەی کرێملین لە ئاست کێشەی کورددا.

چاپکردنی ئەم دوو بەرهەمە زیاتر لە دوو ساڵیان لە نێواندا هەیە، هەلێکی باش بوو تا ئەم دوو نووسراوەش لەگەڵ بەڵگەکانی تردا بڵاوببنەوە، دیارە خوێنەر بەناسینی نووسەری بەرهەمی یەکەم زۆرتر لە مەبەست دەگات، ئەویش دان پێدانانی کاربەدەستێکی بەرز و گەورەی پێشووی سۆڤیەتە کە ئاگای لە زۆر شتی کورد هەیە و، دەستی لە داڕشتنی سیاسەتی سۆڤیەت لەبارەی کوردەوە هەبووە. ئەوەی جارێکی تر سەرنجی منیان ڕاکێشا، چەند خاڵی گرینگ بوون کە نووسەر یان کاربەدەستانی سۆڤیەت هەموویان باسی مەبەستی بارزانی لە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی و، ڕێکخستنی کورد دەکەن. دیارە بارزانیش ئەم ئامانجە پیرۆزەی لە کەس نەشاردووەتەوە، لەلایەکی ترەوە باسی هۆشیاری و دیسپلینی بارزانییەکان دەکات و دەڵێ فەرمانگەلی کاربەدەستانی سۆڤیەتیان بەبێ پرس یان مۆڵەت لە بارزانی یان هاوکارەکانی جێبەجێ نەدەکرد. وا دەردەکەوێ کاربەدەستان تووشی هەڵەی زۆر گەورە هاتوون و، پاشان تێ گەیشتوون کەوا بەخۆڕایی هەوڵیان داوە خۆیان بەخاوەنیان بکەن و لەیەکیان جیا بکەنەوە و بارزانی لەوان دابڕن. یان تووشی ئەو هەڵە یان تاوانە بوون کە کۆنترۆڵ و جاسوسیان لەسەر داناون، بەتایبەتی لەسەر بارزانی.

ئەوەیش پێویستە ڕوون بکەمەوە کە باقرۆڤ لە سەرەتادا ویستبووی بارزانییەکان لەژێر دەستی خۆیدابن و، بۆ ئاژاوەنانەوە لە ئازەربایجانی ئێران سوودیان لێ وەربگرێت، (ئەم کارەشی بەبێ مۆڵەتی مۆسکۆ دەکرد یاخۆ دەیوست لەم بارەیەوە بڕوا بەمۆسکۆش بهێنێت)، بەڵام بۆی نەچووە سەر، چونکە باقرۆڤ هیوای یەکگرتنی هەردوو ئازەربایجانی سۆڤیەت و ئێرانی هەبوو تا کوردستانیش بەشێک بێت لە ئازەربایجانی یەکگرتوو، بەڵام سۆڤیەت بەکشانەوەی خۆی لە ئێران و پشت بەردانی ئازەربایجانی ئێران ئەم پلانەی باقرۆڤی پووچەڵ کردەوە. باقرۆڤ دەرسی لەو پلانە وەرنەگرت، دیارە بارزانی و مۆسکۆش لە مەبەستی باقرۆڤی تێ گەیشتبوون، جگە لەمە مۆسکۆش دەیویست بارزانییەکان لە ژێر دەستی باقرۆڤ دەربهێنێت و، بۆ پلانێکی گەورەتر لەوەی باقرۆڤ بەکاریان بهێنێت، وەک کە جاری یەکەم ویستیان لە ڕێگەی تودە و هەندێ لایەنی تر پشتی موسەدیق بگرن کە نەوتی خۆماڵی کرد و، دەسەڵاتی ئەمریکا و ئینگلیزی لە ئێران کەم کردەوە. بەهەمان شێوە بارزانیشیان بۆ پاڵپشت و، هەم بۆ

دژایەتیی شا لە ئێران پێویست بوو. ئەوەبوو کە دەڵێ بۆ ئەم مەبەستە بارزانیمان بیرهاتەوە و، بەڕای من بارزانییەکان کە پەرش و بڵاو کرابوون و، پاشان لە تاشقەند کۆکرانەوە، بۆ ئەو مەبەستە بووە، نەک وەڵامدانەوەی ئەو نامە و مانگرتنانەی هەر لە سەرەتای هاتنیاندا بۆ سۆڤیەت بەرامبەر بەکاربەدەستاندا دەریان بڕیبوو. ئەگەر سۆڤیەت نیازی بەرامبەر بە کورد یان بارزانی باش بوایە ئەوا لەساڵی ١٩٤٧ تا ١٩٥١ هەڵوێستی مرۆڤانەی خۆی نیشان دەدا، بەڵام ناردنی بارزانی بۆ ئێران لەبەر هەندێ هۆ کە لە تاقەتی ئەم وتارەدا نییە، سەری نەگرت، وەک هەڵەی حزبی تودە بەرامبەر بە موسەدیق، هەڵوێستی موسەدیق خۆیشی بەرامبەر بە سۆڤیەت باش نەبوو، هەروەها بەهێزبوونی سیاسەتی هاوبەشی ئینگلیز و ئەمریکا لە ئاستی سۆڤیەت لە ئێراندا.

بەڵام کاتی ستالین مرد و خرۆشۆف دەسەڵاتی وەرگرت، ئاڵوگۆڕێکی گشتی لە بارودۆخی سۆڤیت کرا کە بارزانییەکانیشی گرتەوە و، پاڵەپەستۆ و ڕەفتاری نامرۆڤانەی دەزگا سەرکوتکەرەکانی سۆڤیەتیان لەسەر کەم بووەوە. بەڵام سیاسەتیان بەرامبەر کورد نەگۆڕا و، هەڵوێستیان بەرامبەر بەکێشەی کورد نەبوو. هەروەک لە نووسراوەکەی سوداپلاتۆڤدا دەرکەوت، دەتوانین بڵێین: ئەم جارە بارزانی و بارزانییەکانیان بۆ بەربەرەکانێ لە دژی ئینگلیز و ڕۆژئاوا لە ڕۆژهەڵات پێویست بوو، بۆ ئەوەی- بەقسەی خۆیان- خراپەکارییان پێ بکەن و لوولە نەوتەکانی کۆمپانیاکانی نەوت بتەقێنێتەوە و، سەرئەنجامیش بۆ لابردنی ڕێژیمی سەر بە ئینگلیز لە عێراق بەکاریان بێنن. خاڵی تر ئەوەیە دەزگا پۆلیسیە سەرکوتکەرەکانی پاراستنی سۆڤیەت جگە لەوەی هەوڵی زۆریان دا لەناو بارزانییەکاندا سیخوڕ و دەستکێش دروست بکەن و نەیانتوانی، ئاخۆ کە بارزانی یان بارزانییەکانیان بۆ شوێنە دوورەکان دوورخستەوە و، هێندە دوور بوون کە دەستی کەسیان پێ نەدەگەیشت و ٢٤ ساتیش لەژێر چاودێری و کۆنترۆڵی ئەواندا بوون، چۆن پێوەندییان بەپیاوانی ئینگلیزەوە بەست. ئەویش بەتایبەتی لە سۆڤخۆزێکی دەرەوەی شاری تاشقەند کە ڕێگەی هاتوچۆیان بۆ ئەم شار و ئەو شار نییە و، ڕەنگە بەدەگمەنیش لەگەڵ پیاوانی خۆشیاندا هاتوچۆیان کردبێ.

نووسەر دان بەدڵپاکی و دڵسۆزیی کوردەکاندا دەنێت و، دەڵێت: زۆرجار لەم بارەوە تاقیمان کردنەوە، بەتایبەتی هەڵسوکەوتی مرۆڤانەیان لەگەڵ دراوسێ و ئافرەتاندا، سەرئەنجام دەڵێت: بیرەوەریی گەرم و خۆشیان بۆ بەجێ هێشتم.

***

باوکم ئەناتولی سۆداپۆلاتۆڤ لەگەڵ ئەیتینگندا(*) کە ئەوکاتە لە زیندان بوون نامەیەکیان بۆ خرۆشۆڤ نووسیبوو و، پێشنیازیان کردبوو تا پێوەندی لەگەڵ مستەفا بارزانیی ڕێبەری کورد ببەسترێتەوە و، لە دژی دیکتاتۆری عێراق (قاسم) کە خەریک بوو لەژێر کۆنترۆڵی یەکەتیی سۆڤیەت دەردەچوو، سوودی لێ وەربگیرێت. (ل:٤٠٣- بەرگی دووەم)

## خەباتی کورد بۆ ئازادی و ڕزگاری

جەنەراڵ مایۆر ڤادیم نیکۆلایڤیچ ئۆدیلۆڤ نێزیکەی چل ساڵ لە دەزگاکانی پاراستنی دەوڵەتی سۆڤیەت کاری کردووە، لە فەرمانبەرێکی ئاسایی دەزگای پاراستنی ئۆزبەکستانەوە بگرە تا جێگری وەزیری پاراستنی دەوڵەتی یەکەتی سۆڤیەت (کەی. گی. بی) لە بواری دژە زانیاری، ڤ.ن. ئۆدیلۆڤ دەیان چالاکیی سەرکەوتووی ئەنجام دا و کە زۆربەی خەڵک لەم بارەوە ئاگەدار نین و، تەنیا بەڕاگەیاندنی کورتی پەیامنێری تاسی سۆڤیەتی یاخۆ لە یادداشتەکانی ڕەسمیی وەزارەتی دەرەوەی سۆڤیەتەوە زانیویانە. ڤ.ن. ئۆدیلۆڤ لە بیرەوەییەکانی خۆیدا هەندێ لەم نهێنیانە بەنیوەچڵی دەردەخات:

بەپێی ئەو تاقیکردنەوانەی هەمبوون و، بەهۆی ئەو گەرم و گوڕییەی لە بەرەی شەڕ نواندبووم، ڕێبەرایەتیی وەزارەتی پاراستنی دەوڵەتی سۆڤیەتی بڕیاری دا بمکەن بە بەرپرسی گرووپی کردەوەگەلی ناو ئەو کوردانەی عێراق کە بەسەرۆکایەتیی مستەفا بارزانی لە یەکەتیی سۆڤیەت دەستبەسەربوون.

لە ساڵانی ١٩٣٠-١٩٤٠دا ناوبانگی بارزانیی سەرکردەی خێڵی گەورەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێزیکدا دەرکەوتبوو و، زۆر بڵاوبوو، دەوڵەتە ئیمپریالیستەکان ئەم خێڵەیان دەناسی و ئاگەداری بوون. ئینگلیز ئەو کاتە هەڵوێست و دەستێکی باڵایان لە سیاسەتی گەلانی ڕۆژهەڵات و ناوەڕاستدا هەبوو. چاویان لەهەر هەنگاوێکی بنەماڵەی بارزانی بوو و بە دوایەوە بوون. ئەوانە دەیانزانی بزووتنەوەکەیان دەیەوێت

(*) ئەیتینگن نائوم ئیساکۆڤیچ ١٨٩٩-١٩٨١ لە سەرەتادا فەرمانبەرێکی دەزگاکانی پاراستنی یەکەتیی سۆڤیەت بووە و، بەرەبەرە پلەی بەرز کراوەتەوە. لە دەزگاکانی پاراستن و دەوڵەت و پارتی کۆمۆنیستی یەکەتیی سۆڤیەت کاربەدەست بووە. لەنێوان ساڵانی ١٩٢٥ تا ١٩٣٣ لە چین و تورکیا و فەرەنسا و بەلجیک کاری کردووە. ڕێکخستن و کوشتنی ترۆتسکیی لە ١٩٣٩-١٩٤١ لە مەکسیک جێبەجێ کردووە. لە ١٩٤١ ڕەوانەی تورکیا کراوە بۆ ئەوەی فۆن پاپێن باڵیۆزی ئەڵمانیای فاشی لە تورکیا کە یەکێک بووە لە بەڕێوەبەرانی شەڕی پارتیزانیی پشتەوەی بەرەی فاشیستەکان لەناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت و پۆڵەندا و چیکۆسلۆڤاکیا و بولغاریا و ڕۆمانیا، لەناو ببات. لە ساڵی ١٩٥١ بەتاوانی بەشداری لە ڕێکخراوێکی زایۆنیزمی لەناو «کەی. گی. بی»ی یەکەتیی سۆڤیەتدا گیراوە و، لە ساڵی ١٩٥٣ ئازاد کراوە و، ساڵی ١٩٥٧ جارێکی تر گیراوەتەوە و لە ١٩٦٤ ئازاد کراوە. هەورامی

تەواوی هۆز و خێڵەکانی کورد یەک بخات و، دەوڵەتێکی یەکگرتووی کورد دابمەزرێنێ و، زیانێکی گەورە لە بەرژەوەندیی ئەوان بدات. بۆیە نەک تەنیا دوایان کەوتبوون بگرە بەنهێنی لە هەموو لایەکەوە دژی کوردیش دەجوولانەوە. بەڕواڵەت لەگەڵ بارزانیدا تێکەڵاوییان باش بوو و سیاسەت و هەنگاوەکانی بارزانییان لاپەسند بوو، ئەویش ئەگەر لە بەرژەوەندیی خۆیان بوایە.

سیاسییەکانی ڕایشتاکی ئەڵمانیای فاشیست بەسیخوڕەکانیانەوە بۆ ڕاکێشانی کورد و فارس و عەرەب و گەلانی تری بچووکی دانیشتووی ئێران و عێراق و تورکیا و سوریا بەلای خۆیاندا دەستبەکار بوون، هەروەها لەگەڵ ڕێکخستنی ڕاپەڕینی میرنشینە عەرەبەکان دژی ئینگلیز خەریک بوون و، هەندێ جار و لەهەندێ شوێن لەم بارەوە دەسکەوتیان هەبوو. (ل٤٢٠)

ساڵی ١٩٤٣ کاتێک کە ماوەی مانەوەی سوپای ئینگلیز لە عێراق بەسەرچوو، دەوڵەتی پاشایەتیی عێراق نەیدەویست ماوەی مانەوەکەی سوپای ئینگلیز درێژ بکاتەوە، ئاشکرایە ئەمە دەبوو بەهۆی لاوازبوونی جێ پێی ئینگلیز لە ناوچەکەدا، جگە لەوەش زیانێکی گەورەی بۆ سوپای ئینگلیز هەبوو کە ئەو دەمە لەگەڵ سوپای سووری سۆڤیەتی پێکەوە لە ئێراندا بوون.

لەم کاتەدا سەرکردەی خێڵی بارزان شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفای برای دوور خرابوونەوە و لە سلێمانی بوون، ئەم دوورخستنەوەشیان بەهۆی هەوڵی ڕاپەڕینی خێڵەکەیان بوو لە ١٩٣٢دا کە نیازیان دروستکردنی دەوڵەتێکی نوێ، واتە کوردستان بوو. ئەوەبوو ڕاپەڕینەکە زۆر بێ بەزەییانە سەرکوت کرا و، سەرکردەکانی لەلایەن نوێنەرانی کاربەدەستی دەزگای سیخوڕیی ئینگلیزەوە دوورخرانەوە، لەبەرئەوەی دەیانزانی سەرکردەکانی کورد لەوانەیە بۆ داهاتوویش سوودیان لێ ببینن. ئەوەبوو ساڵی ١٩٤٣ ئەمە ڕووی دا و، جۆنسونی سیخوڕی ئینگلیز دەستبەجێ بەباڵەفڕە بۆ سلێمانی چوو و، پێشنیازێکی بۆ بارزانی برد.

جۆنسون بارودۆخی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست و نێزیکی بۆ بارزانی باس کرد و، بەناوی دەوڵەتی بەریتانیاوە پێی ڕادەگەینێ کەوا ئێستە کاتی ئەوە هاتووە کورد بەیارمەتیی ئینگلیز بۆ پێکهێنانی دەوڵەتی یەکگرتووی کوردی ڕاپەڕن.

– ئێمە، ئێوە دەنێرین بۆ ئەو ناوچەیەی ئێران کە لەلایەن هێزەکانی سۆڤیەتەوە داگیرکراوە، لەوێ ئێوە دەستەیەکی چەکداری بچووک پێک دێنن و، ئێمە چەکتان بۆ دابین دەکەین، پاشان ئێوە بەرەو عێراق و ناوچەی بارزان دەڕۆن و، لەوێ کە کوردە یەکگرتووەکان جێگیربوونە، دێنە ڕیزی ئێوەوە. دووریش نییە خێڵەکانی تری وەکو شەمزینی، شێروانی پشتیوانیتان لێ بکەن، ئەمەش واتای ئەوەیە بەو مەبەست و

ئامانجە دەگەن کە لە مێشکتاندایە(*).

ڕاپەڕینی کورد لەژێر ئالآی بارزانیدا دەستی پێ کرد، نەک تەنیا خەڵکی هەژار و بێ بەشی لێ کۆبوونەوە، بگرە پیاوی گەورە و دەوڵەمەند و، تەنانەت ئەوانەیشی لێ کۆبوونەوە کە لە سەردەمی مەلیک فەیسەڵدا لەستادی (ئەرکانی) هێزەکانی عێراقدا خزمەتیان دەکرد. ئینگلیز وەک بەڵێنیان دابوو سێ هەزار تفەنگیان بەشۆڕشگێڕەکان دا و، ئەو کوردانەی لە ڕیزی هێزی پۆلیس و پاسەوان و سوپای عێراقدا بوون، بەچەکەوە هاتنە ڕیزی بارزانییەکانەوە. زانین و تاقیکردنەوەی سوپاییی ئەمانە کە خاوەن دیسپیلین بوون و بێ چەند و چۆن فەرمانەکانیان جێبەجێ دەکرد، بناخەی ڕێکوپێکی و دیسپیلینی سوپاییان داڕشت و بەهێز و پتەویان کردن (ل ٤٢١). بەم شێوەیە

(*) کاتێک مەلا مستەفا و هاوڕێکانی لەگەڵ ژن و منداڵ لە کوردستانی گەرمێنەوە (عێراق) ئاودیوی کوردستانی ڕۆژهەلآت دەبن، باڵەفڕە شەڕکەرەکانی ئینگلیز تا ناو خاکی کوردستانی ئێران بۆمبابارانیان دەکەن و، زیانێکی گیانیی زۆریان پێ دەگەیێن، تەنانەت مەڕ و ماڵاتیشیان بەردەکەون. هەر لەو دەمەدا دوای هاتنی بارزانی بۆ کوردستانی ڕۆژهەلآت، ئینگلیز خۆیان و دەسەلآتدارانی بەکرێگیراویان بەغدا و ڕژێمەکانی تاران و ئەنقەرە وایان بلاوکردبووەوە کە ئینگلیز بارزانیی بۆ شێواندنی بارودۆخی کوردستانی ڕۆژهەلآت، یاخۆ بۆ ڕاکێشانی کوردی ئێران بۆ لای ئینگلیز ناردووە، هەروەها بۆ دابڕینیشیان لە سۆڤیەت و... هتد. لەلایەکی تریشەوە داوای دەرکردنی بارزانییان لە ئێران و لە سۆڤیەتیش کرد. لە ئاستی بەرزیشدا ئینگلیز داوای لە سۆڤیەت کرد بارزانی دەربکات. ئەم پیلانەی دەزگای سیخوڕی کاری خۆی کرد و، سەرئەنجام ڕێبەرانی سۆڤیەتی فریو دا و، تەنانەت لەژێر کارتێکردنی ئەم پرۆپاگەندەیەدا فەرمانبەرێکی سۆڤیەت مۆسکۆ ئاگادار دەکاتەوە کە بارزانی دەستکێشی ئینگلیزە و نابێ دەرفەتی پێ بدرێت دەست لە کاروباری کوردی ئێران بدات و، پێویستە دوور بخرێتەوە. بەلآم ڕاپۆرتەکانی باڵیۆزی سۆڤیەت و سیخوڕەکانیان لە عێراق و ئێران ئەم بۆچوونەیان بەدرۆ خستەوە و، لەم بارەیەوە چەند ڕاپۆرتێکیان ئاراستەی کاربەدەستانی مۆسکۆ کرد و گوتیان هێزی ئینگلیز و عێراق ناوچەی بارزانیان کاول کردووە و، بارزانی بەساڵان دژی ئینگلیز شەڕی کردووە. ئێستەش کە هاتووە بۆ کوردستانی ڕۆژهەلآت ترسیان لێ نیشتووە، بۆیە لە هیچ شتێک درێغی ناکەن بۆ بەدناوکردنی بارزانی و یەک نەگرتنی کورد کە ئێستە لە سۆڤیەتەوە نێزیکن. دەڵێن: ئەم پروپاگەندەیە تارادەیەک شک و گومانی خستووەتە دڵی ڕێبەرانی کوردی ئێران و، کاربەدەستانی سۆڤیەت. ئەوەی لە بەڵگەنامەکان و لەم کتێبەدا دەردەکەوێت ئەوەیە نووسەر بەوردی لەمەی نەکۆڵیوەتەوە و، لە نووسینەکەیدا پشتی بەو بەڵگانە بەستووە کە بینیونی. خۆ بۆ ئینگلیز و کاربەدەستانی ئینگلیز لە عێراق زۆر ئاسانتر بوو لەوێ لەگەڵ بارزانیدا پێک بێن و لە ڕێگەی ئەوەوە کوردی پارچەکانی تری کوردستانی بەرەو لای خۆیان ڕاکێشن و، سوودیان لێ وەربگرن. دووریش نییە ئینگلیز پێش ئەوەی بارزانی لە ساڵی ١٩٤٣دا بەڕێگەی کوردستانی ئێراندا لە سلێمانییەوە خۆی بگەیەنێتەوە ناوچەی بارزان، ئەم پێشنیازەیان بە بارزانی دابێت، ئەگەر کردبێتیشیان دیارە ڕەت کراوەتەوە، هەر بۆیە دوای دەرچوونی لە سلێمانی ئەم درۆ و دەلەسانەیان بلاوکردەوە. د.هەورامی

ڕاپەڕینەکە لە چوارچێوەی ناوچەییـیـەوە پەرەی سـەند و هێندەی پێ نـەچوو بـایەخـێکی دەوڵەتی و نێونەتەوەییی بەخۆوە گرت.

دەوڵەتی پاشـایەتیی عـێـراق ئیـتـر لە توانای ئەوەدا نەبوو ئەو ڕاپەڕینە پەرەسـەندووە سەرکوت بکات، بۆیە ناچار چۆکی دا و، پەنای بۆ ئینگلیز برد.

یەکێک لە مەرجەکانی ئینگلیز بۆ دەوڵەتی عێراق ئەوەبوو مانەوەی هێزەکەی خۆی لە عێراق درێژ بکاتەوە. ئەمە و وێڕای هەندێ پاشەکشەی تر لە بواری سیاسی و ئابووریدا کە پێوەندیی بەسوود لێ بینینی بەندەر و ڕێگەکانەوە هەبوو لەپێناو دابین کردنی چەک و تفاق بۆ لەشکر، ئینگلیز ڕاپەڕینی بارزانی بەیارمەتیی باڵەفڕەی شەڕوان و تانک و تۆپ سەرکوت کرد.

ئینگلیز بە مەلا مستەفایان وت ئەوە نەخشەی سوپای عێراقە و پێشتر کراوە. ئینگلیز تا ئەو جـێگەیەی توانـیـیـان بە ناوبژیکاری و هێمنی لەگەڵ سـوپادا جـووڵانەوە و پێش هێرشی سوپای عێراقیان گرت، بەڵام بەداخەوە سەر نەکەوتن.

ئینگلیز توانییـان باوەڕ بە مەلا مستەفا بهێنن کە هیچ تاوانێکیـان نییە لەم بارەیەوە، تەنانەت هەڵوێستی باشیـشیـان لە ئاسـتیـدا هەیە. هەر ئەو کاتە بوو بەشێکی خاکی ئێران لە لایەن سوپای سوورەوە داگیرکرا و، بەیارمەتیی هێزە نیشتمانی و دیموکراتەکان کۆماری ئازربایجان و کۆماری کوردستانی ئێران پێک هات.

سەرۆکی ئەو دوو کۆمارە قـازی محەمـەدی کورد و پیشەوەریی ئازەری بوون. ئینگلیز ئامـۆژگـاریی بـارزانیـیـان کـرد، گـوایە بۆ مـەبەسـتی پـاراسـتنی جـووڵانەوەکـەی خـۆی و شۆڕشگێڕان بڕواتە ئێران و، ئامادەییی هاوکاریی خۆی بۆ قـازی محەمەد و پیشەوەری دەربـبـڕێت. بەم شـێـوەیە ئەوانە بەگـوللەیەک دوو نیـشـانیـان دەپێکا، بەدەرکـردنی یان ڕۆیشـتنی کوردە ڕاپەڕیوەکان لە عـێراق پێوەندیی خۆیان لەگەڵ مەلیک فەیسـەڵدا باش کردەوە و، لەهەمـان کاتیشدا تۆڕی سیخوڕیی خۆیان لەناو کۆمارەکانی ئازەربایجان و کوردستاندا بەهێزکرد. مـەلا مسـتەفا بـارزانی لەگەڵ هێزە چەکدارەکەی خۆیدا چووە ناو کۆمارە نوێیەکەی کوردستانەوە، شۆڕشی بارزانی کە بۆ ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و نێزیکدا ناوبانگی دەرکرد بوو، لەوێ بەگەرمی و بەدڵەوە پێشوازی لە بارزانییـەکـان کرا. هێـزگەلی بارزانی بوون بەبەشێک لە سـوپای کۆماری نوێی کوردستان. فەرماندەکانی هێزە چەکدارەکانی بارزانی لەوێ پلە و پایەی نوێیان وەرگرت و، پلەی ئەفسەری تا پاڵکۆڤنیک (عەمید)یان پێ درا.

مەلا مسـتەفا بارزانی کرا بەفەرماندەی سوپا و پلەی جەنەراڵی پێ درا، بەڵام کۆمار ئەوەندە نەژیا و، هەمووی چەند مانگێک بوو ئیتر دوای شەڕی دووەمی جیهان تێک

چوو، قـازی محـەمـەد و پیشـەوەرییـان بەبیـانووی وتوویژ بۆ تاران بانگ کـرد و، لەوێ کوشتیانن(ل ٤٢٢).(*)

ڕووخاندنی سەرخانی دەوڵەتی کوردی کاری کردە سەر سوپای ئەو کۆمارە کە بارزانی ڕێبەرایەتیی دەکرد، جگە لە هێزە چەکدارەکانی بارزانی، بەرە بەرە بنەماڵەکانیشیان لە عێراقـەوە بۆ لایان هاتبوون. ئەو سـوپایە ناچاربوو شـتێک بکات و خۆی بۆ شـوێنێک دەرباز بکات، لە کۆبوونەوەی فەرماندە و شێخەکاندا بڕیار درا هەموو بۆ وڵاتی عێراق و ناوچەی بارزان بگەڕێنەوە، لە شکرەکـەی بارزانی لەگـەڵ کـەس و کـارەکـانیـاندا بەشڵەژاوی و نیگەرانی لە ئێرانەوە بەرەو عێراق بەڕێ کەوتن، سوپای ئێران دوایان کەوتبوو. لەسەر سنوور سوپای عێراقیش خۆی بۆ شەڕێکی تەواو ئامادە کردبوو و، بەرەو ڕووی یەکتر بوونەوە. بارزانییەکان کەوتبوونە تەنگەبەری نێوان لەشکری تورک و ئێران و عێراق. لێرەدا مەلا مستەفا بڕیارێکی ڕاستی دا، ئازاترین و مێرخاسترین شەڕکەرەکانی خۆی هەڵبژارد و لە هەڵمەتێکی چالاکانەدا خۆی لەو شوێنە ڕزگار کرد و چوونە ناو خاکی تورکیاوە. بەم هەڵمەتە گورج و گۆڵانەیە کە بەشەو و لە کاتێکی گونجاودا ئەنجام درا، جارێکی تر هاتنەوە ناو خاکی ئێران، بەڵام ئەم جارە بۆ پشتەوەی بەرەی لەشکری ئێران و لەوێشەوە بەرەو باکور بۆ سەر سنووری یەکەتیی سۆڤیەت ڕۆیشتن.

سنووروانانی سۆڤیەتی دوو شەو و دوو ڕۆژ گوێیان لە بۆمبابارانی ناو خاکی ئێران بوو، پاشان لەوبەری ڕووباری ئاراسەوە مۆڵبوونی دەستەیەکی چەکداریان بینیبوو، کوردەکان کەسێکیان بۆ ئەم بەری ڕووباری ئاراس بۆ لای ئێمە ناردبوو و، بەزمانێکی ناتەواوی ڕوسی پێیانی گوتبوو:

- من لە لای جەنەراڵ بارزانییەوە هاتووم و، ناوم داوود یوحان دەیخنا لاڤۆکە و، هێزی چەکداری مەلا مستەفا دەیەوێ خۆی لە داوی سوپای ئێران کە دوایان کەوتوون و یەکجار زۆرن، دەرباز بکات. هەروەها ئەوانە داوا دەکەن پەنایان بدەن، تا لە فەوتانێکی تەواوی گیانەکی ڕزگاریان بێت.

نێزیکەی شەو و ڕۆژێک مۆسکۆ وەڵامی نەبوو، بۆردمانیش تا دەهات زۆرتر و زیاتر دەبوو، بارزانی لەوبەری ڕووباری ئاراس دەرکەوت و بەفەرمانی ئەو دەستیان

(*) ئۆدیلۆڤ یان نووسەر کە ئەم باسەی گێڕاوەتەوە تووشی هەڵە بووە، چونکە هەروەک ئاشکرایە پاش ڕووخاندنی کۆماری کوردستان و، لێک بڵاوبوونی دەوڵەتی ئازەربایجانی ئێران، قازی محەمەد و پیشەوەری چیتر بۆ وتوویژ بانگ نەکراونەتە تاران و، لەوێ نەگیران. بگرە پیشەوەری بۆ سۆڤیەت هەڵاتووە و، هەر لەوێ بەڕووداوێکی دڵتەزێن لەناوچووە کە تائێستەش تەواو ئاشکرا نەبووە، قازی محەمەدیش لە مەهاباد گیرا و، هەر لەوێش لەداردرا. هەورامی.

بەپەڕینەوە بۆ ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەتی کرد، بەم شێوەیە کوردەکانی عێراق بەسەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی هاتنە ناو خاکی یەکەتیی سۆڤیەت و، دەستبەسەر کران.

لە سەرەتادا دەستە چەکدارەکانی بارزانی لە ئازەربایجان جێگیرکران، کوردەکان زۆر وریایانە خۆیان دەنواند و، هیچ فەرمانێکی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتیان بەبێ فەرمانی مستەفا بارزانی، یان هاوکارە نێزیکەکانی جێبەجێ نەدەکرد. (ل٤٢٣). وەک بێگانە دەهاتنە بەرچاو، لەناو دانیشتوانی ناوچەکە و سەربازانی خەڵکی ڕۆژهەڵات، سوپای سۆڤیەت وەک شتێکی نائاسایی دەهاتنە بەرچاو. لە مرۆڤی سۆڤیەتی نەدەچوون، هەستی موسڵمانەتی لە سۆڤیەت باو نەبوو، دابونەریتی ئەو کوردانەی هاتبوون لەگەڵ شێخەکانیاندا کە بڵاوکەرەوەی ئیسلامەتی بوون، ئەمانە کارێکی ئەوتۆیان لە دەسەڵاتداریەتیی باڵای سۆڤیەت کردبوو و، بڕیاری دابوو هێزەکانی بارزانی هەڵوەشێنێتەوە، ئەوەبوو بەبیانووی جێگۆڕکێ و گواستنەوەیان بۆ شوێنێکی تر، بەش بەش کران و بۆ ئۆزبەکستان ڕەوانەکران. لەوێش کوردەکان زیاتر بەگرووپی بچووک دابەش کران، بگرە گەیشتە ئەوەی وەک تاکە کەسیش بەسەر هەموو ناوچەکانی ئۆزبەکستاندا پەرت و بڵاو بکرێنەوە.

مەلا مستەفایان بۆ ئیناک لە ناوچەی قەرەکەلپاک گواستەوە و، لەژێر چاودێرییەکی توند و وردی دەزگاکانی وەزارەتی ناوخۆی یەکەتی سۆڤیەتدا لە یەکێک لە سۆڤخۆزەکانی بەرهەمی پەموو وەک قەپاندار دامەزراند.

هەر لە سەرەتای ساڵانی پەنجا بوو کاتێک کە جموجۆڵ دژی پاشایەتیی ئێران بەسەرۆکایەتیی موسەدیقی سەرۆک وەزیرانی ئەوکات دەستی پێ کرد، لە سۆڤیەت بارزانیمان بەبیر هاتەوە و، بەفەرمانی ستالین مرۆڤەکانی بارزانییان دووبارە لەیەک شوێن کۆکردەوە و، باخی سەفخۆز ساد-سەفخوزیای ژمارە نۆیان لە ناوچەی یانگی یۆلسک لە دەوروبەری تاشقەند بۆ هەڵبژاردن و، لەوێیان کۆ کردنەوە، لە گوندی کیبرای ١٥ کم دوور لە تاشقەند ڤیللایەکیان بە مەلا مستەفا دا کە سەر بە ئەنجوومەنی وەزیرانی ئۆزبەکستان بوو، بۆ ئەوەی وەک بارەگایەک سوودی لێ وەربگرێت. بۆ گوزەران و مانەوە و ژیانی بارزانییەکانیش دەوڵەت چوار ملیۆن ڕۆبڵی تەرخان کرد. دەبێ ئەوەیش بوترێت کە یاسایەک لەناو بارزانییەکاندا هەبوو، بەپێی ئەو یاسایە هەر یەکەیان مانگانە ٥٠ ڕۆبڵی بەخەزێنەی مەلا مستەفا دەدا.(*) ئێستە پێویستە

(*) ئەمە خەزێنەی بارزانی نەبووە وەک کە نووسەر باسی دەکات. بارزانییەکان لە نێوانی خۆیاندا جۆرێک هاوکارییان هەبووە بۆ کاتی پێویستی و نەخۆشی. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

کەسانی وا لەناویاندا بدۆزرێتەوە کە دەزگاکانی پاراستنی سۆڤیەت کەی. گی. بی لە پلانەکانی مەلا مستەفا ئاگادار بکاتەوە. وا دەرکەوت مرۆڤی لەو جۆرە زۆرن، لەناو هاوکارەکانیدا فەرمانبەری کاری سیخوڕی هەبوو کە زۆر جار پاسەوانی مەلا مستەفا بوون لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ سیخوڕەکانی ئینگلیز و فەرماندەی بەتالیۆنەکەی و فەرماندەی گرووپەکانی، ئەمانە شاهیدی زیندووی زۆر ڕووداو بوون کە بۆ ئێمە زۆر گرینگ بوو. چاوپێکەوتن لەگەڵیاندا زۆر زەحمەت بوو، هەندێ جار بۆ ئامادەبوون و دیتن دەبوایە بەسینگەخشێ و زگەخشێ بەناو کشتوکاڵدا بڕۆی و سیخوڕیش لە پەنجەرەی کراوەدا بەدەنگی نزم و ئاستەمەوە باسی ڕووداو و، چالاکیی بارزانییەکانیان بەکابرای (کەی. جی.بی) بگەینێ. خافلان و بێباکیی نهێنیکارەکان، هەندێ جار ئەنجامی خەمباری بەدواوە بوو، پیاوێکی کەی.جی.بیی ئێمە کە لەژێر ناوی بەرپرس یان سەرۆک یان فەرمانبەری ئیدارەی سەفخۆز خۆی دەنواند، زۆرجار لە کاتی چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەو کەسەی بارزانیدا کە دەبوایە دەنگوباسمان بۆ بێنێت، نهێنیی کاری نەدەپاراست. لە چاوپێکەوتنی ئەم کەسە لەگەڵ بەرپرسی سەفخۆزدا، شێخەکانی کورد ئاگادار ببوون و، گەیاندبوویانە مەلا مستەفا. بەفەرمانی مەلا مستەفا کابرای کورد ڕووت دەکەنەوە و، بەقەنەفەیەکی ئاسنینی دەبەستنەوە، دەست بەئەشکەنجە و ئازاردانی دەکەن، بۆ ئەوەی بزانن کابرا لە چاوپێکەوتنی نوێنەرانی ڕووسدا چی وتووە، وازیان لە سووکایەتی پێ کردنی هێنا و لەسەر داخوازی خۆی کابرای قوربانییان جیاکردبووەوە و بۆ ئەو شوێنەیان بردەوە کە پێشتر لێی دوور خرابوونەوە. پاش سێ هەفتە ئەم کوردەیان بەکوژراوی دۆزییەوە کە سەریان لەم گوێ بۆ ئەو گوێ بڕیبوو، بەم شێوەیە شێخەکان بۆ پەند و دەرس وەرگرتنی ئەوانیتر بەم جۆرە سەرکوتیان دەکرد(*).

زۆربەی ئەو کوردانە شەڕوانی نەترسن، ئامادەبوون بەفەرمانی سەرۆکی خۆیان واتە بارزانی خۆیان فڕێ بدەنە ناو ئاو و ئاگرەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەم کوردانە مرۆڤی زۆر دڵپاک و دڵسۆزن. لەم بارەیەوە ئێمە زۆر جار بەم ئەنجامە گەیشتووین، بەتایبەتی پێوەندی و نێوانیان لەگەڵ دراوسێ و، هەروەها ئافرەتدا.

سەرکردە گەورەکانی ئەم کوردانە لەو شێخە ژیان باشانەن کە مەبەستی سیاسییان لە

(*) ئەم بەسەرهاتەی کە نووسەر دەیگێڕێتەوە، لەسەر تا بنی خەیاڵی و دروست کراوە. پرسیارمان لە هەڤاڵانی بارزانی کرد ئەوانەی کە ماون، نکووڵییان لە ڕووداوێکی وا کرد. وەکو تریش ڕووداوەکە ناچێتە مێشکەوە. بەرپرسێکی (کەی گی بی) چۆن قسەی وا دەکات. بارزانی لە وڵاتێکدا کە خۆی و هەڤاڵەکانی پەنابەر بن (یان وەک خۆی دەڵێ دەستبەسەر بن) چۆن دەتوانێ فەرمانی ئەشکەنجەدان و کوشتنی خەڵک بدات. ئەی هەڵوێستی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەت چی بوو ئەگەر کارێکی وا ڕووی دابوو. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

خەباتی چەکداری نەک تەنیا بۆ وەرگرتنی ئۆتۆنۆمی بووە، بگرە بۆ چارەسەری کێشە تایبەتەکان و، بەرژەوەندیی خۆیانیش. لەم بارەیەوە بۆ وێنە ئەسعەد خۆشەویی جێگری مەلا مستەفا بارزانی بەوانەی دەوروبەری خۆی وتبوو: «ئەگەر نەوتی ئابادان و کەرکووک بکەوێتە دەستمان بۆ ماوەیەکی زۆر بەشی هەموومان دەکات» (*).

بەم شێوەیە کوردە ساکارەکان بیرەوەریی گەرم و خۆشیان بۆ من بەجێ هێشت، بەڵام ڕێبەرەکانیان جێی باوەڕ نەبوون. پاشان مێژوو ئەم بۆچوونەی ئێمەی دەرخست. دوای ڕووخاندنی پاشایەتی و سەرکەوتنی شۆڕش لە عێراقدا، کوردەکان بۆ وڵاتی خۆیان گەڕانەوە و، دیسانەوە دەستیان دایەوە خەباتی چەکدارانە. دیسانەوە چەوساندنەوە و زوڵم و زۆر لە ئاست کوردەکاندا دەستی پێ کردەوە و، مەلا مستەفاش هەروا لە ئاوارەیی، وا بزانم لە ئەمریکا کۆچی دوایی کرد کە ئەوکاتە لە ژێر باڵی (باز شەهێنەکانی) ئەمریکادا پەنای گرتبوو، بەڵام پشتیوانیان لێی نەکرد. (ل٤٢٠-٤٢٥).

***

(*) مرۆڤ سەری سڕدەمێنێ کە سەیر دەکات ڕاپۆرتنووسانی کۆمۆنیستی سۆڤیەتی و پیاوانی (ئەی گی بی) هێندەیان زانیاریی چەوت بەبەرپرسانی خۆیان گەیاندووە. ئەمە چ سوودێکی هەبووە کەس نازانێ! ئەسعەد خۆشەوی زۆر لەوە ڕۆشنبیرتر و نیشتمانپەروەرتر بووە کە قسەی وا بکات. خوێنەر لەم شوێنانەدا بۆی دەردەکەوێ کە بەرپرسیارانی وڵاتانی زلهێز چەند بەچاوی سووکەوە سەیری کێشەی نەتەوەیەکی وەکو کوردیان کردووە. بڵاوکەرەوە: ئاراس.

# وێنەی هەندێک لە بەڵگەنامەکان

48

турецкой территории имело несколько столкновений с турецкими властями и были значительные потери с обеих сторон.

[illegible] отрицал факт о появлении второго отряда барзанцев, говоря, что распространившиеся среди населения слухи по этому поводу являются не верными. Он заметил, что брат Муллы Мустафы - Шейх Ахмед и видный курдский главарь Зеро [illegible] правительством.

На мой вопрос, как он реагирует на сообщения радио и печати некоторых стран о том, что иранская армия охраняет свою границу с СССР, [illegible] ответил:

« Я в прошлой беседе с Вами заявил, что никогда не допустим быть нарушена дружба Ирана с СССР. Другие страны сообщают по радио и пишут в печати то, что им нужно, а мы будем делать то, что нам нужно. Нам необходимо иметь дружеские отношения со своим соседом. Будет не лишним мне повторить, что наши страны будут существовать по соседству вечно и дружба между нами должна быть вечной.

Скопление наших войск в [illegible] губернии связано только с операциями против отряда Муллы Мустафы и по окончании этих операций наши войска будут возвращаться на свои прежние места.

Только я хочу отметить, что наша граница с [illegible], как Вам известно, до сих пор открыта и мы должны все [illegible] охрану своей границы. Охрана нашей границы будет поставлена так, как охраняется Ваша граница с нами».

МИД СССР

ВИЦЕ-КОНСУЛЬСТВО СССР В МАКУ

Секретно
Экз.№1.

«11» июня 1947 года.
№XV

СПРАВКА

О прибытии Молла Мустафы Барзани
в Макинский район

В беседах с авторитетными лицами стало мне известным, что Молла Мустафа Барзани из Ирака перешел в Иран через турецкую территорию с 500 человек вооруженными.

После нескольких столкновений с преследовавшими их иранскими войсками Молла Мустафа пробрался в район Котур Хойской губернии к курдам в первых числах сего месяца с целью прорваться в Маку для объединения с курдами племени "Джалали".

Иранские власти в течении последней недели продвинули в Макинский район около 5000 войск для пресечения перехода Молла Мустафы к макинским курдам.

Несмотря на это, неожиданно кавалеристы отряд Молла Мустафы 5-го июня появился в районе между селами Пот и Мулур на расстоянии 25-ти километров от Маку, и 10-го июня произошло небольшое столкновение между иранскими войсками и отрядом Молла Мустафы.

10-го июня в 19 часов меня посетил командующий войсками Курдистана и Резайе генерал Хумаюн в сопровождении другого генерала и своего адъютанта, специально по вопросу появления Молла Мустафы в Макинском районе.

В беседе Хумаюн сообщил, что Молла Мустафа намерен пробраться

В конце беседы я поставил в известность Далая о допущенных неправильных действиях со стороны некоторых военнослужащих в Хое и Маку по отношению к работнику советской метео-станции в Маку Хмырову, о чем сообщено Вам при письме № от июня 1947 года.

И.О. Вице-Консула СССР
в Маку / ШИРАДЗЕ /

Секретарь в/консульства / МАГЕРАМОВ /

Отп. в 5-ти экз.,вн.

экз. № 1- СВО МИД СССР
экз. № 2- МИД АзССР
экз. № 3- Посольство
экз. № 4- Генконсульство
экз. № 5- в дело

ся из окружения и присоединится к джалалийским курдам, сделать некоторые неприятности иранским войскам, после чего перейти в Турцию или Советский Союз.

По заявлению Хумали, последний через Эзерчи связался с турецкими властями и договорился о недопущении Молла Мустафы в Турцию.

Хумали просил, чтобы я поставил в известность командование Советских войск о возможном переходе Молла Мустафы в СССР, с целью не пропускать отряд Молла Мустафы на Советскую территорию. Хумали изъявил готовность при необходимости войти в переговоры с представителями Советского Командования на любом пункте ирано-советской границы.

Я ответил Хумали, что с командованием советских войск не имею связи, но о его просьбе доложу Советскому Правительству.

И.О. Вице-Консула СССР
в Маку /МУРАДЯН/

Отп. в 5-ти экз.экз.
Экз. № 1 - СВО МИД СССР
Экз. № 2 - [illegible] МИД СССР
Экз. № 3 - Посольство
Экз. № 4 - Генконсульство
Экз. № 5 - В дело

МИД СССР

ВИЦЕ-КОНСУЛЬСТВО СССР В МАКУ

Секретно
Экз.№ 2

41

№ 100 17 июня 1947 года.
г. Маку

СПРАВКА

О проведенных иранскими войсками операциях против отряда Молла Мустафы.

В дополнение к справке от ..-го июня сего года сообщаем следующее:

При столкновении между иранскими войсками и отрядом Молла Мустафы, имевшем место 9-го июня в горах селения Зор /в 25-ти километрах от Маку/, по предварительным данным убито 30 и ранено 60 солдат, убито также три человека из местных курдов и два человека из крестьян, принимавших участие в наступлении на барзанцев курдов. После указанной потери войска отступили.

Точное количество убитых со стороны барзанцев неизвестно, но по доходящим до нас сведениям, барзанцы потеряли несколько человек.

Ночью на 10-е июня отряд Молла Мустафы спустился с гор и подошел к цепи иранских войск, расположенных вдоль шоссейной дороги в районе селения Кызыл-Даг /14 километров от Маку/, с целью прорваться из окружения.

Перед выходом из окружения барзанцы незаметно для войск [illegible] [illegible] провод [illegible] патрулями с военными

42

через мост селения [illegible], чтобы лишить войска, окружающих их, получать подкрепление в момент столкновения.

После этого барзанинцы залпами и ручными гранатами атаковали войска, прорвали цепь и вышли из окружения. При столкновении убито около 15 солдат на подорванной автомашине, а барзанинцы потеряли одного убитым. После выхода из окружения барзанинцы по селениям [illegible], [illegible] и [illegible] поднялись на горы в районе селения [illegible], в 20-ти километрах северо-восточнее Маку.

На пути продвижения отряд Молла Мустафы по возможности брал продукты питания и скот у крестьян, не допуская при этом убийства крестьян. Крестьяне нескольких сел, боясь барзанинцев, ушли из своих сел.

Для преследования отряда Молла Мустафы командование в течение трех дней с большими затруднениями перебрасывало войска с техникой в направлении погран-зоны с Советским Союзом.

В течение последней недели прибыли в Маку новые войсковые части - несколько тысяч человек. Общее число войск, принимающих участие в операциях против барзанинских курдов в районе Маку составляет около 10 тысяч. Кроме этого, вооружены около 3-4 тысяч крестьян, которые используются в операциях против отряда Молла Мустафы.

Войска и вооруженные крестьяне расположены по пограничной с нами зоне от селения [illegible] до турецкой границы.

Несколько дней тому назад, при вооружении крестьян [illegible] района, курды из рода " [illegible] ", находящиеся на кочевках этого района, подозревая, что крестьяне вооружаются правительством для нападения на них, стали совершать нападения на несколько сел района.

В связи с этим правительство вынуждены были собрать оружие от находящихся крестьян обратно и успокоить местных курдов.

В первые дни операций / с 7 -10 июня / правительством были вооружены так-же некоторые из иракских курдов из родов "Гайдеранлы" и "Шекраншы" для участия в операциях против барзанцев, однако после того как отряд барзанцев ушел из окружения, правительство боясь возможного присоединения местных курдов к барзанцам, отобрали выданное оружие.

В настоящее время иракские курды ведут себя нейтрально и обещают правительству не оказывать Молла Мустафе помощи.

С появлением барзанцев на иранской территории предполагалось, что при их приходе в Джелалийский район к ним присоединятся курды племени "Джелали", которые не хотели сдаться правительству. Однако в силу того, что с приходом Шаха в Маку, один из руководителей джелалийских курдов - Амир Ага Халид прибыл в Маку и сдался властям, а второй руководитель Шейх [illegible] Шейх [illegible] с 70-ю хозяйствами перешел в Турцию, произошло расслоение среди джелалийских курдов, которые не проявляют признаков присоединения к отряду Молла Мустафы.

Правительство предъявляет обвинение главарю рода "Гиси" племени "Джелали" Амо Ага Гиси в том, что последний оказал содействие Молла Мустафе, снабдил его отряд продуктами питания, транспортом /верблюдами/ и предоставил им проводников из своих курдов. Амо Ага не признавая предъявленного ему обвинения, заявляет, что барзанцы на пути своего продвижения насильно отобрали у него продукты, как и у других крестьян.

Бюро Ата пока не проверено, но есть предположение, что он будет передан военно-полевому суду.

По заявлению некоторых военных и местных лиц, второй отряд барзанинских курдов с численностью 1800 человек в последние дни перешел из Ирака в Турцию и продвигается в направлении Маку по маршруту Молла Мустафы.

В связи с этим в районах Шахпур-Салмас, Мирза-Айан, Хой, Котур сосредоточено большое количество войск для пресечения перехода второго отряда барзанинцев в Маку.

Таким образом, количество войск Макинской и Хойской губерний насчитывается около [illegible] тысяч человек.

Из руководителей операциями против барзанинцев нам известны следующие представители командования иранской армии:

В Маку:

1. Инспектор генерального штаба бригадный генерал-[illegible].
2. Командующий войсками Курдистана и Резайского округа генерал-лейтенант - [illegible].
3. Командующий дивизией в Резайе генерал-майор [illegible].
4. Начальник гарнизона Маку - полковник [illegible].
5. Погранкомиссар-полковник САТРАП и еще несколько других генералов и полковников, фамилии которых нам неизвестны.

В Хое: полковник [illegible], подполковник РАТЕЙ и другие.

Среди купцов, помещиков и других слоев населения есть опасения о том, что скопление большого количества войск на ирано-советской гра-

ниде может привести к плохим результатам - нарушения дружбы с СССР.

Некоторые утверждают, что после окончания операций против барзанидов для охраны иранской границы с Советским Союзом будет оставлено большое количество войск, именно с этой целью в настоящее время сосредотачиваются войска на границе под предлогом операций против курдов.

По словам авторитетных лиц, отряд Молла Мустафы после перехода из Ирака, при продвижении по турецкой границе ликвидировал три турецких пограничных поста. Поэтому турки в свою очередь предпринимают меры и оказывают помощь иранцам для ликвидации отряда Молла Мустафы и недопущения перехода в Иран второго отряда барзанидов.

Отряд Молла Мустафы в настоящее время находится в горах [illegible] и под преследованием иранских войск продвигается в район [illegible] ближе к нашей границе.

И.О. ВИЦЕ-КОНСУЛА СССР
в Маку /МУРАДЯН/

СЕКРЕТАРЬ в/консульства /[illegible]/

Отп. в 5-ти экз.ям.

экз. № 1 - СЗС МИД СССР
экз. № 2 - [illegible] МИД СССР
экз. № 3 - посольство
экз. № 4 - генконсульство
экз. № 5 - в дело в/к

... 1946 или 1947 году вооруженные отряды курдов под командованием муллы Мустафы Барзани вступили в бои с шахскими войсками, перешли нашу границу с Ираном и оказались на территории Азербайджана.

Курды, проживавшие в Ираке, Иране и Турции, испытывали всяческие притеснения, а представители английских властей, которые заигрывали с курдами в период оживления прогерманских настроений в руководящих кругах Тегерана в 1939–1941 годах, после ввода английских и советских войск в Иран отказали им в поддержке.

Прорвавшиеся через границу боевые отряды Барзани насчитывали до двух тысяч бойцов, с ними находилось столько же членов их семей. Советские власти сначала интернировали курдов и поместили в лагерь, а в 1947 году Абакумов приказал мне провести переговоры с Барзани и предложить ему и прибывшим с ним людям политическое убежище с последующим временным расселением в сельских районах Узбекистана поблизости от Ташкента.

Барзани я был представлен как Матвеев, заместитель генерального директора ТАСС и официальный представитель советского правительства. Впервые в своей жизни встречался я с настоящим вельможей-феодалом. Вместе с тем Барзани произвел на меня впечатление весьма проницательного политика и опытного военного руководителя. Он сказал, что за последние сто лет курды поднимали восемьдесят восстаний против персов, иракцев, турок и англичан и более чем в шестидесяти случаях обращались за помощью к России и, как правило, ее получали. Поэтому, по его словам, с их стороны вполне естественно обратиться к нам за помощью в тяжелое для них время, когда иранские власти ликвидировали Курдскую республику.

Незадолго до этих событий руководители иранских курдов-повстанцев попали в устроенную шахом ловушку: они были приглашены в Тегеран для переговоров, схвачены там и повешены. Лишь Барзани избежал этой участи. Когда шах пригласил на переговоры самого Барзани, тот ответил, что приедет только в том случае, если шах пришлет членов своей семьи в качестве заложников в его штаб-квартиру. Пока проходили предварительные переговоры с шахом, Барзани перебросил большую часть своих сил в северные районы Ирана, ближе к советской границе. Мы же, со своей стороны, были заинтересованы в использовании курдов в проводимой нами линии по ослаблению английского и американского влияния в странах Ближнего Востока, граничащих с Советским Союзом. Я объявил Барзани, что советская сторона согласилась, чтобы Барзани и часть его офицеров прошли спецобучение в наших военных училищах и академиях. Я также заверил его, что расселение в Средней Азии будет временным, пока не созданы условия для их возвращения в Курдистан.

Абакумов запретил мне сообщать руководителю компартии Азербайджана Багирову о содержании переговоров с Барзани и особенно о согласии Сталина предоставить возможность курдским офицерам пройти подготовку в наших военных учебных заведениях.

Дело в том, что Багиров стремился использовать Барзани и его людей для дестабилизации обстановки в Иранском Азербайджане. Однако в Москве полагали, что Барзани сможет сыграть более важную роль в свержении проанглийского режима в Ираке. И кроме того, что особенно важно, с помощью курдов мы могли бы легко вывести из строя нефтепромыслы в Ираке (Мосул), имевшие тогда исключительно важное значение в снабжении нефте-

Рад иметь дело с представителем советского правительства в столь высоком воинском звании.

Я, со своей стороны, в ответ пожелал ему успехов в освоении военных дисциплин.

В последний раз я случайно встретил Барзани накануне своего ареста на улице Горького. Я был в штатском. Он заметил меня и хотел, по-видимому, подойти, но мне эта встреча при моем положении была ни к чему, и я предпочел сделать вид, что не увидел его, и поскорее затерялся в толпе.

Барзани был достаточно умен, чтобы понять: будущее курдов зависит от того, как удастся сыграть на противоречиях между сверхдержавами, имеющими свои интересы на Ближнем Востоке. Бросая ретроспективный взгляд, видишь, что сверхдержавы вовсе не стремились к справедливому решению курдской проблемы. Судьбу Курдистана с точки зрения его интересов никогда не рассматривали в Кремле, как, впрочем, и в Лондоне, и Вашингтоне. И Запад, и нас интересовало одно — доступ к месторождениям нефти в странах Ближнего Востока, как ни цинично это выглядит. Суслов, которому позднее поручили заниматься курдским вопросом, обещал Барзани всестороннюю поддержку в борьбе за автономию только ради того, чтобы с помощью курдов свергнуть Нури Саида в Ираке. Американцы, со своей стороны, также обещали Барзани поддержку, чтобы с его помощью свергнуть проанглийское руководство в Ираке и заменить его своими ставленниками, но в критический момент заняли выжидательную позицию, договорившись с англичанами. Словом, судьбой курдов играли как могли.

В 40—50-х годах наша цель заключалась в том, чтобы использовать движение курдов в конфронтации с Западом в обстановке "холодной войны". Идея создания Курдской республики позволила нам проводить политику, направленную на ослабление британских и американских позиций на Ближнем Востоке, но широкие слои курдского населения были безразличны к действиям, направленным против англичан и американцев в этом регионе.

До второй половины 50-х годов курды были единственными нашими союзниками на Ближнем Востоке. Когда режим Нури Саида был свергнут в результате военного переворота при нашей поддержке, мы приобрели таких союзников, как Ирак, Сирия, Египет, которые с точки зрения геополитических интересов Советского Союза были куда

всего нам необходимо как можно скорее получить решение Политбюро по курдскому вопросу. Вместе со мной и Маньчхой Игнатьев побывал у Молотова и Вышинского, чтобы получить их визы на проект решения. Кстати, тогда впервые Молотов и Вышинский казались мне постаревшими, безвольными и крайне усталыми. Однако у них хватило настойчивости вычеркивать из проекта документа один и тот же пункт, в котором содержалось поручение Министерству иностранных дел провести переговоры и консультации по курдской проблеме. Они также настаивали на том, что этот вопрос должен быть рассмотрен в Политбюро по представлению Министерства госбезопасности, а не как совместное предложение Министерства иностранных дел и нашего. Когда мы вышли в сопровождении офицера охраны, в портфеле которого был проект документа, я предложил Маньчхе поехать ко мне на Лубянку и там напечатать окончательный текст документа, приняв во внимание комментарии Молотова и Вышинского. Игнатьев согласился.

И тут началось совсем непонятное для меня. Мы представили окончательный текст решения Игнатьеву, и он одобрил его. Но для министра было не менее важным сопроводительное письмо – пояснительная записка к тексту решения, рассылаемому членам Политбюро. Игнатьев трижды заставлял менять порядок в списке членов Политбюро, которым должен был поступить наш документ. Он даже спросил Маньчху, должна ли рассылка соответствовать алфавитному порядку или сначала перечислить членов комиссии Политбюро по внешней политике. В этом случае Хрущев должен был идти в списке перед Булганиным. А как быть с Берией? Должен ли он быть впереди Маленкова? Эти нюансы, о которых я не имел ни малейшего понятия, просто ошарашили меня. Зато Маньчха оказался настоящим экспертом по части составления сопроводительных писем и давал соответствующие советы Игнатьеву. Машинистки недоумевали, зачем перепечатывать документ, в котором все осталось прежним, кроме порядка перечисления членов ЦК и правительства.

Весной 1953 года со мной произошел курьезный случай, нарушивший правила конспирации. Барсани посещал лекции в военной академии, в которой занимался и я. Однажды он увидел меня там в форме генерал-лейтенанта. Хитро подмигнув мне, он через своего переводчика, молодого лейтенанта, сказал:

продуктами всей англо-американской военной группировки на Ближнем Востоке и в Средиземноморье.

После переговоров с Барзани я вылетел в Ташкент и проинформировал узбекское руководство о его предстоящем приезде. Затем возвратился в Москву.

Барзани вместе со своими разоруженными отрядами и членами их семей был отправлен в Узбекистан. Через пять лет, в марте 1952 года, меня послали в Узбекистан для встречи с Барзани под Ташкентом, чтобы разрешить возникшие проблемы. Барзани не устраивало положение пассивного ожидания и отношение местных властей. Он обратился к Сталину за помощью и потребовал выполнения ранее данных ему обещаний. Он настаивал на формировании курдских боевых частей. Барзани хотел также сохранить свое влияние на соплеменников, расселенных по колхозам вокруг Ташкента, и контроль над ними.

Встреча с Барзани состоялась на правительственной даче. Моим переводчиком был майор Земсков, он так же, как и Барзани, бегло говорил по-английски. Барзани рассказал мне, как американцы и англичане хотели подкупить его для проведения акции давления на иракское, иранское и турецкое правительства.

Разработанный мною по поручению нового министра госбезопасности Игнатьева план заключался в том, чтобы сформировать из курдов специальную бригаду — полторы тысячи человек — для диверсионных операций на Ближнем Востоке. Ее можно было использовать и для намечавшегося свержения правительства Нури Саида в Багдаде, что серьезно подорвало бы влияние англичан во всем ближневосточном регионе. (При помощи курдов это удалось осуществить в 1958 году, когда я уже сидел в тюрьме.) Курды также должны были играть определенную роль в наших планах, связанных с выведением из строя нефтепроводов на территории Ирака, Ирана и Сирии в случае вспышки военных действий или прямой угрозы ядерного нападения на СССР.

Барзани выразил согласие подписать соглашение о сотрудничестве с советским правительством в обмен на наши гарантии содействия в создании Курдской республики, которую Барзани видел прежде всего в районе компактного проживания курдов на стыке границ Северного Ирака, Ирана и Турции.

Выслушав Барзани, я ответил, что не имею полномочий обсуждать соглашение такого рода. Однако мы не возражаем против создания курдского [illegible]

изгнании. Сопровождавший меня ответственный сотрудник Международного отдела ЦК партии Маньчха, участвовавший в переговорах, предложил создать демократическую партию Курдистана во главе с Барзани. По замыслу Маньчхи, партия должна была координировать деятельность представителей правительства Барзани во всех районах проживания курдского населения. Штаб-квартира партии могла бы, по его словам, разместиться в правлении колхоза, находившегося в километрах в пятнадцати от Ташкента.

Я не вмешивался в этот разговор, но слушал внимательно. Когда беседа закончилась, Барзани пригласил меня на встречу с офицерами своего штаба. При нашем появлении человек тридцать, находившихся в комнате, вытянулись по стойке "смирно". Затем как по команде все они упали на колени и поползли к Барзани, моля позволить им поцеловать край его одежды и сапоги. Естественно, что все иллюзии насчет демократического Курдистана, которые я до тех пор мог питать, тотчас испарились. Мне стало совершенно ясно, что это еще одна идеологическая инициатива, возникшая в недрах ЦК на Старой площади.

В апреле 1952 года Барзани, окруженный членами своей семьи и соплеменниками, обосновался в большом колхозе под Ташкентом. В Москве было решено, что курдам предоставят статус автономного района. Министерству госбезопасности предписывалось организовать для курдов военное обучение и оказывать содействие в установлении связей с зарубежными соотечественниками. Наши попытки внедрить в окружение Барзани своих людей и завербовать кого-либо из курдов были успешно блокированы их службой безопасности. Правда, Земскову, имевшему немалый опыт общения с курдами, удалось завербовать одного младшего офицера, учившегося в нашей военной академии, но после возвращения в Ташкент он вскоре бесследно исчез. Отыскать его мы так и не смогли и пришли к выводу, что его ликвидировали по приказу Барзани.

Благодаря курдскому вопросу я впервые познакомился с бюрократическими порядками в подготовке документов для Политбюро. Игнатьев приказал мне оставаться в кабинете Маньчхи, пока будет согласован документ с нашими предложениями по курдской проблеме. Игнатьев всегда был неизменно вежлив и корректен, но когда я сказал, что у меня в московской гостинице назначена встреча с Барзани, он резко отчитал меня за непонимание политической важности вопроса и приказал мне отменить встречу: прежде




وێنەی بەرگی کتێبەکە بەرووسی

ËuÐ Ë«ËWð